# بۆچوون
# و
# ڕەخنە

**کۆمەڵە وتارێکی هەمەجۆرە لە بوارەکانی هزردا.**

فاتح ئارەش

ستوکهلم پێتەختی وڵاتی سوئد ساڵی ٢٠١٦م
Stockholm, Sweden 2016

# بۆچوون و ڕەخنە

**کۆمەڵە وتارێکی هەمەجۆرە لە بوارەکانی هزردا.**
**فاتح ئارەش.**
**بابەت: رەخنەی ڕامیاری**
**تایپ: نووسەر**
**دیزاین: نووسەر**
**تیراژ: (٥٠٠) دانە**
**نرخ: (٥٠٠٠) دینار**
**شوێنی چاپ: چاپخانەی رۆژهەڵات/هەولێر**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان ژمارەی (٥٥٩) ساڵی (٢٠١٦)ی پێدراوە.

ڕیزبەندی بابەتەکان

پێشەکی .......................................................... ٥
دەستپێک ........................................................... ٦
دیموکراسی .......................................................... ٨
زمانی زگماک .................................................. ٣٧
مێژووی هەمەوەندەکان........................................... ٤٦
کورد و تاراوگە. ................................................... ٥٩
کێشەی ئابووری، کۆڵبەر و مادده هۆشبەرەکان................... ٧٢
بەرە یان پەیڤێک بۆ گەمەی سیاسیی.............................. ٩٠
حیزبەکان و هەڵبژاردنی سەرکۆمار لە ئێران دا.................. ٩٦
پروفیشیونالیتێت لە کار و ماف لە ڕێکخراو دا...................... ١١٩
حکومەتی کوردی و کۆمەڵانی خەڵک.............................. ١٢٥
کاکی گەندەڵ لە سەرەوەی یاسایە................................. ١٣١
کورد و دیپلۆماسی ئێران.......................................... ١٥٩
سیاسەت و بەرژەوەندی سیاسیی.................................. ١٦٥
پسپۆڕانی خۆرئاوای وڵات یان کۆڵبەرانی ڕامیاری کورد.......... ١٩٥
بەرخودان لە کۆبانی و وردەشیشە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.... ٢١٦
جوانڕۆ و سەلەفی.................................................. ٢٣٠
هەڤاڵی دۆژ (جەهەنمی)............................................ ٢٤٢
داخۆ ئاریل شارونیش دەکەین بە پەپوولەی ئاشتی؟............. ٢٤٨
ئۆپۆرتۆنیست و شۆڕش........................................... ٢٥٣
دەستکاری کردنی ڕەوتی سرووشت و کێشەکانی دوارۆژ.......... ٢٥٨
کۆتایی و پێزانین................................................... ٢٦١

لەبەرییدا.

سڵاو لە قەڵەمی ڕاستگۆ، لە ئەراکۆوە زۆریش بە تەح و تامەزرۆوە خۆم خزاندە نێو قولایی جاندرەکانە، کە باس لە بزافی خەباتی هەر چوارپارچەی کوردستان بەتایبەتیش کێشە و گرفتەکان لە هەژگ و ناکۆکی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، چۆنیەتی چارەسەر کردنیان بە شێوەیەکی زانستیانەی سەردەم و بە بیروبۆچوون و تێڕوانی جیهانی ئەمرۆکە دوور لە لاقرتێ دا، زۆرم شەن و کەن و سەروبن کرد، زانیارییەکی تژی لە بەهای ڕادەبەدەرم وەدەستهێنا کە بوونە هۆی ئاودانی تەژنەی ڕێژگاوی تامەزرۆم و هەر لەم کانییە سازگارەدا جامم لێ هەڵهێنا، کە بەخامەی عاقلمەندو خەفەتباری دوورە وڵات کاک فاتیح ئارەش ئەدگار و نەقشسازی بۆ کراوە لە دۆزو بزاوی خەباتی پچڕپچڕی هەنۆکەی تێکۆشاندا تا هەتوان بخاتە سەر زامەکانی جەستەی شەکەتی مرۆڤی کوردی ستەمدیدە بۆ سارێژ بوونیان لە چوارچێوەی ئامانی لۆژیکدا. هەر بۆیەش تا تاقەتتم لە بەربوو مەلەیەکی پەلەقاژانەم کرد بۆ ئەوەی خۆمی لێ قوتار بکەم بگەمە لێوارەی حەوانەوە و لە تەنۆکەی جاڵجاڵوکە ئاسادا رزگارم بێت. ئەم کتێبە شایانی تێڕامان و خوێندنەوەیە.

ئەبوبەکر شوان ١٣- ٩- ٢٠١٦

## پێشەکی

زۆر بابەت و نووسراوم هەبوونە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوم کردبوونەوە، ئەو بابەت و نووسراوانە زۆرن و لە ڕوانگەی خۆمەوە هەموویان بەکەڵکن و باس لە خاڵ یان بابەتێکی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و دەروونی دەکەن کە لە کاتی نووسینیاندا جێگای سەرنج و تێڕامان بوون هەر بۆیەش باسم لێوە کردوون.
ئەوەی کە دەبێت لێرەدا ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە بیرم لە داهاتوودا کردەوە و وام بەباش زانی کە هێندێک لەو بابەت و بۆچوونانەیی خۆم بەشێوەی کتێبێک دەربێنم بەڵکو لەم ڕێگایەوە سەرنجی هێندێک کەس لە نەوەی داهاتوو بۆ شێوەی بیرکردنەوە و تێڕامانی تاکی جیلی ڕابردوویی خۆیان لە سەر ناتەبایی و گرفتەکان ڕاکێشم، هەروەها ئەگەری هەیە کە هێندێک لە تاکەکانی بەرەی داهاتوو لە ڕێگای ئەم شێوە نووسراوانەوە ئاگادار ببنەوە کە زۆرکەس لە جیلی ڕابردوو لە سەر زۆر بابەت و ناتەبایی بەشێوەی جۆراوجۆر هەڵوێستیان گرتووە، کە کەم یان زۆر هەرکامە بە گوێرەی قورسایی و توانای خۆیان لەو سەردەمەدا کارتێکردنیان لە سەر ئەو گۆمەڵگایە کە ئەوان لە داهاتوودا خاوەنداریەتی دەکەن هەبووە.
هێندێک بابەت لەم سەردەمەدا لە ڕوانگەی زۆر کەسەوە بە بابەتی ڕۆژ چاویان لێ دەکرێت و پێیانوایە کە باسکردنیان گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە، بەندە بۆ مانەوەی ئەم بەشە لە بابەتەکانم کە لێرەدا جێگایان دەبێتەوە هەوڵدەدەم تا بەشێوەی کتێبێک بیگەیەنمە دەستی خوێنەری گەنج یان نەوەی داهاتوو چونکە پێموایە ئەم جۆرە بۆچوون و بیرکردنەوانە لە داهاتووشدا بێ سوود نابن و بەشێوەیەک لە شێوەکان دەکەونە بەر ڕاوبۆچوونی هێندێک کەس لەو سەردەمەدا.

وێرای داوای سەرکەوتن بۆ خوێنەر، هیوادارم کە کاتی خوێندنەوە و هەڵوێست گرتن لە ئاست ناوەڕۆکی بابەتەکان ئەو خاڵانەی کە ئەم بابەتانە لە چ سەردەم و قۆناغێکدا نووسراون ژبیر نەکەن.

## دەستپێک

بەگوێرەی بیرکردنەوەی خۆم ژیان قۆناغێکە ئەگەر بە ڕاستیی و دروستی لەگەڵی کەویت وێرای هەموو کەموکوڕی و ناتەباییەکان دیسان زۆر بەلەزەت و هەستێکی سەربەرزی و تەندروستی لە دەروون و مێشکدا دروستدەکات کە هۆکاری سلامەتی ڕۆحی و فیزیکی لێدەکەوێتەوە چونکە ئەوەی کە بەباشت زانیەوەو پێت دروست بووە باست لێوە کردووە و وەک ئەرکێکی مرۆیی و ڕەوشتی زانستی سەردەم هێناوتە ئاراوە، ئەم هێنانە ئاراوە دەتوانێت کاریگەری باش و خراپی هەبێت بەڵام مادام بەهەست و بیرێکی باش و دوور لە هەستی نەرێنی و لە پێناو هەستێکی ئەرێنی دا باست لێوەکردووە لە ئاستی فکریەوە ئارام و لە سەرخۆیت.
دوو وشە هەن بە ناوەکانی نەرێنینیسم و ئەرێنینیسم، ئەوەی کە ئاکاری نەرێنینیسمی بڵاو دەکاتەوە لە ڕاستیدا کێشەی هەیە و کێشەکەی خۆی لەگەڵ دەرەو دەراوسێکانی دابەش دەکات، ئەوە لەلایەک، ئەوەیان کە باس لە ئەرێنیسم دەکات بەشێوەیەک هەوڵدەدات بۆ دابینکردنی بابەتی لەبار کە ئامانجکەی خۆشی و سەربەستی کۆمەلانی خەڵکە، ئێمەیش لە سەردەم و کاتی خۆماندا، لە دیدو بۆچوونی خۆمانەوە هەوڵمانداوە تا لە بەرژەوەندی کۆمەڵ و کۆمەڵگادا ئەرێنینیسم بڵاو بکەینەوە و لەو پێناوەشدا زۆر نرخمان داوە و ئیمکانی بۆ دەڕوات کە دوای خۆشمان هەر ئاسەواری نەرێنی ئەو نرخانە کە لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئەرێنیسم دا داومانە لە سەر نەوەکانمان (منداڵەکانمان) هەر

بەردەوام بێت بەڵام خۆشحاڵین مادام تا توانامان هەبوو هەولمانداوه لە پێناو بە ئامانج گەیاندنی بابەتی ئەرێنینیسمی دا خەبات کۆشش بکەین.
وەک سەرەتایەکی باسەکەمان بابەتێک لە ژێر ناوی دیموکراسی کە لە زمانی سوێدیەوە وەرمگێڕاوەتەوە بۆ سەر کوردی دەست پێدەکەم.
بۆیە وشەی دیموکراسی دەکەمە سەرەتای باسەکانی کتێبەکە چونکە ڕاستی ئەوەیە کە کێشەی ئێمەو نەیارانمان لە سەر مافە، لەسەر داوخوازییە دیموکراتییەکانی گەلەو هەوڵدەدەین کە وڵاتەکەمان ڕوو لە دیموکراسی بەرین کە سەرچاوەیەکە بۆ دابین بوونی کۆمەڵگایەکی باش و گونجاو.
زانایەک بە ناوی ئالبرت ئینشتاین دەلێت" ئەوەی وا کاریگەری دەبێت ڕاستە، ئەوەی کە ناکرێت بەشێوەی ساف و سادقانە حاشایی لێ بکەین ڕاستییە" مەبەست ئەوەیە کە ڕابردووەکان و دامەرزێنەرانی کۆمەڵگا و حیزبەکانی سەردەمی ئێمە کە ژێرخانی کۆمەلایەتی و سیاسییان ماوەتەوە ڕاستن و کارتێکردنی خۆیان هەبووە، لە ڕاستیدا ئەوە تێڕوانینی ئێمە نییە کە بڕیاردەرە بە سەر تیئۆریدا، ئەوە تیئۆری ئێمەیە کە بڕیاردەرە کە ئێمە چ جێگای سەرنجمان بێت، ئێمە هەرکامەمان جیهانێکی تایبەت بەخۆمان بووە و هەیە، هەرکامەمان ئەرکێکی تایبەت بە دیرۆک و مێژووی خۆمان هەبوو و هەیە، دەتوانم بڵێم کە نەوەی ڕابردوو بارهێنەری ئێمەن کە ئێستاکە لە ژیانداین و وەک دادوەر لە سەر چاکە و خراپە، ڕاستی و نا دروستی ئەوان هەلسەنگاندن دەکەین، بەگوێرەی ئەم شیکردنەوەیە پێموایە ئێمە ئەو نەوەیە کە سووتا و فەوتاوین هەوڵمانداوە تا چاکە بکەین بۆ جیلی داهاتووی خۆمان.

ڕوونە ئەوەی کە ئەمڕۆکە جێگای سەرنجمانەو بۆ ئاڵوگۆڕ باسی لێوە دەکەین سەرچاوەیەک بێت بۆ هەڵسەنگاندنی نەوەی داهاتوو لە سەر ئێمە.
با ئەوەشی لێرە پێ زیاد بکەم بڵێم کە نێوەڕۆکی نووسراوەکانی ئەم کتێبە تەواکەری یەکترن.

دیموکراسی

ئەم بابەتە بەشێکی کورتە لە وانەی هێندێک قوتابی بێگانەو تازە هاتوو بۆوڵاتی سوێد، بابەتەکە شیکردنەوەیەکی ساکارانەیە لە هێندێک واژەی ئایدیۆلۆژی، سیستمی بەڕێوەبردن یان سیاسیی کە بۆ من هێندێک خاڵی بەکەڵکی تێدایە وام بەباش زانی وەریگبێڕم و بەرچەڤەی بکەم بۆ سەر زمانی کوردی، لەوانەیە مفایەکەی هەندێ زەحمەت بێ بەڵام بێ سوودیش نییە.



ئەم وێنەیە لەئینتەرنێت وەرگیراوەو هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ ئەم بابەتەنییە.

## دیموکراسی

ئەم بابەتە باس لەم خاڵانەی خوارەوە دەکات.

◄ دیموکراسی چییە؟

◄ دیموکراسی لەڕابردوو و ئێستادا.

◄چۆن بڕیارێک بەشێوەیەکی دیموکراتییانە بڕیاری لەسەر دە دڕێت.

◄ ئادیۆلۆژی و حیزبەسیاسییەکان.

◄ سیاسەت لەدەرەوەی حیزبەکاندا.

دیموکراسی وشەیەکە کە لەزۆر بواردا کەڵکی لێوەردەگیرێت، ئەم بەشە باس لەوە دەکات کە چۆن کۆمەڵکایەک بەشێوەی دیموکراتیانە ئیدارە دەکرێت و چۆن بڕیارەگرنگەکان بڕیاریان لەسەر دەدڕێت.

بۆ ئەوەی کۆمەڵگا وەگەڕکەوێت شێوەی بەڕێوەبەرایەتی لە دیموکراتیکی دا وەک یاسای یاری وایە و دەڕواتە پێش.

لە دیموکراسی دا هەمووکەس لەبەهایی مرۆڤایەتی و شیاوکاریی دا وەک یەک بۆ کارتێکردن لەکۆمەڵگادا بە رخودارن، بڕیاری خەڵک دیاری دەکات کە چۆن وڵات بەڕێوە بچێت.

دیموکراسی باس لە دەسەڵات و شێوەی دابەشکردنی دەکات، هەروەها دیموکراسی باس لەوە دەکات کە ئێمە(مرۆڤەکان) چۆن چاو لەیەک دەکەین و چۆن لەگەڵ یەک هەڵسوکەوت دەکە ین، هەموو مرۆڤێک لە دیموکراسی دا لەمافی ئازادی و مافە مرۆڤایەتییەکان بەشدارن.

مافی خۆمانە کە بیروبۆچوونی خۆمان بەئازادی دەربڕین، کۆبوونەوە ئەنجام بدەین و  خۆپیشاندان ساز بکەین، حیزب و

ڕێکخراو دروست بکەین. هەروەها ئێمەیش لەئاست کۆمەڵگای دیموکراسی دا بەرپرسایەتیمان هەیە، ئێمەیش بۆمان نییە لە سەربەستی دا کەڵکی بەپێچەوانە وەرگرین و هۆکارێک بین بۆ زیانگەیاندن بەکەسانی دیکە. ئەو بڕیارانەی کە بەگوێرەی دیموکراسی بڕیاری لەسەر دراوە دەبێت قبووڵی بکەین و گوێڕایەڵی بڕیارەکان بین.
بڕیارێکی دیموکراتی لەیەکێتی ئەوروپادا کارتێکردنی لەسەر هەمووشتێک دەبێت لە مەسەلەی بوودجەی شارستانەکانەوە تا دەگاتە یاسای ژینگە، بەڵام دیموکراسی لە هەمووکات و ساتێکدا کارێکی ساکار نییە.
جاروبار کێشەو گرفتی دژوار دێتە پێش، داخۆ ڕەگەزپەرستە کان لەشەقامەکانماندا خۆپیشاندان بکەن؟ دەکرێت مرۆڤ لە پەیوەنرییەکانیدا لەگەڵ مەسەلەی کۆمەڵکوژی شۆخی و گاڵتە بکات؟ داخۆ مرۆڤ دەتوانێت کاریکاتۆر عیسی یان محەمەد بکێشێت؟ وەڵامی هیچکام لەم پرسیارانە ساکار نییە، بەڵام زۆر گرنگە کە هەڵوێستمان لەسەر ئەم چەشنە پرسیارانە هەبێت.

## دیموکراسی لەڕابردوو و ئێستادا.

ئەوە ڕوون و ئاشکرا نییە کە چۆن بناخەی کۆمەڵگایەک بنیات دەنرێت و کێ بڕیار دەدات و چۆن دەسەڵات بەکار دەهێنرێت!
چۆن سەروەت و سامانی وڵات دابەش دەکرێت؟ بۆ ئەوەی کە ئێمەی مرۆڤ بتوانین پێکەوە بحەسێنەوە دەبێت وڵات ڕێکخستنێکی لەبار و بەڕێوەبەرایەتییەکی کارامەی هەبێت.
ئەزموون پیشانی داوە ئەو وڵاتانەی کەوا لەلایەن دەسەڵاتی خەڵکەوە بەڕێوە دەچن زۆرباشن و جێگای ڕەزامەندین.

دیموکراسی زیاتر لە٢٠٠٠ ساڵی پێش لەوڵاتی یونانـدا لـەدایک بووە، وشەی دیموکراسیش هەر لـەیونانـەوەهـاتووەو واتاکـەی دە سەلاتی خـەڵک دەگەیەنێت. ئەوکات هەموو پیاوانی پێگـەیشتوو و سەربەخۆ لەشاری دێرینی ئاتین بەشداریان لە بڕیارە گرنگ و هاوبەشەکاندا دەکرد، پیاوەکان لەسەر بابەتەگشتییەکان دە دوان و دەنگی خۆیان بۆدەدا، ئەو بۆچوونە کە دەنگی زۆرینـەی هێنابا دەبووە بڕیار، لێرەدا کۆیلـەکان، ژنـان و منداڵان بۆیـان نەبوو شتێک بڵێین، واتە ئەم دیموکراسییە بۆ هەمـووان نـەبوو، ئەم شێوەدیموکراسییە تا سەردەمێکیش زۆر کاریگـەری ئـەوتۆی نەبوو.

ساڵی ١٧٠٠ زایینی بیرۆکەی هەموو مرۆڤێک لە بەهای مرۆڤایە تی وەک یەک شیاویان هەیە بناخـەی دانـرا و دەستڕۆیشتوان و پیـاوانی کلێسا و پاشایەتـی ڕووبـەڕووی ڕەخنـە بوونـەوەو ئـەو بیرۆکەیە کە دەسەلاتی ئەندامانی کلیسا و بنەماڵەی شایان دە گێڕایەوە بۆ کاری خوداو دەیـانوت خوداوەنـد دەسـەلاتی پێ بـە خشیوون چووە ژێر پرسیارەوە، ئەو پرسـیارە دروست بـوو کـە بۆ دەبێت تەنیا گرووپێک یان تاقمێک دەسەلاتدار و بڕیاردەر بن؟

ئـازادی بیروبۆچـوون و دەربڕینـی بـاوەڕی ڕامیـاری، ئـەوەی کـە پێیان دەگوت ڕۆشنبیری فکری بۆ هـەمـوان گرنگ بـوو، ئـەوانـەی کـە لـەدەسـەلاتـدا نـەبـوون و ئیمکـانی هـەڵسـوڕاندن و کارتێکردنیان لە کۆمەڵگادا نەبوو دانەرانی بـەناخـەی شۆڕشـی ١٧٨٩ی فـەرانسە بوون، دروشمەکـانی شۆڕشـی فـەرانسـە بریتـی بوون لە ئازادی، یەکسانی و برایـەتـی، شۆڕشـی پیشـەسـازی فـە رانسە بوو بەهۆکارێک بۆ پێشکەوتن و گەشە کردنی ئایدیۆلۆژی سیاسیی، سوسیالیزم، لیبرالیزم، کۆنـەپارێزی (کۆنسیرڤاتیزم) یانی چەند شێوەبیری جیاوازە لە کۆمەڵگادا گـەشـەیانکرد. هـە

موو حیزبە سیاسییەکانی ئەم جیهانە بیروبۆچوونی خۆیان لەم ئایدیۆلۆژیانەوە وەرگرتووە.
کاتی سەرهەڵدانی حیزبە سیاسیی و پێشکەوتووەکان لەسوێددا دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە سەد ساڵی ڕابردوو، سەنعەتی پیشە سازی ئاڵوگۆڕی بەسەر کۆمەڵگای سوێددا هێنا و
هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا وەک چینی خانەدان و پیاوماقولەکان، سیاسییەکان، کرێکاران و جوتیاران، ڕێبەرانی ئایینی و هتد... لە سەر پێشکەوتنی گۆمەڵگا کاریگەری خۆیان هەبووە، دەستەو تاقمی تازەهاتنە ئاراوەو داوای مافی دەنگدان و بڕیاردانیان کرد بۆنموونە کرێکارانی پیشەسازی، چینێک پێیانوابوو دەبێت وڵاتەکە بەو شێوەیە کە هەیە بپارێزن تاقمێک پێیان وابوو دەبێت لەسەرخۆ ئاڵوگۆڕ لەوڵاتدا پێکبێنن.
حیزبە سیاسییەکان کە لەقۆناخی پێشچووندا بوون هەرکام لەوانە دەمڕاستی چین و تاقمێکی تایبەتیان دەکردو بۆچوونی جیاوازیان لەسەر کۆمەڵگاکە هەبوو، ساڵی ١٩٢١ بۆ یەکەم جار ژنان توانیان لەهەڵبژاردندا بەشداری بکەن، ئەوە بەو مانایە بوو کەهەموو تاکێک کەتەمەنی لەسەرەوەی ٢٣ ساڵ بوو بۆی هەبوو کە لە دەنگداندا بەشداری بکات و مافی دەنگدانی هەبێت.
لەئاکام دا حیزب زۆر بوون و خەڵکیش مافی دەربڕینی بیروبۆچوونی خۆیان وەرگرت. دەتوانین بڵێین کە دیموکراسی لەسوێد دا هێشتاکە گەنجە و هێندە بەتەمەن نییە.



خۆپیشاندانی ژنان لەسوێددا لەشاری یوتوبۆری شەقامی لینی گاتان لەمانگی ژووئەنی ساڵی ١٩١٩ زۆری نەمابوو کەبەئاکام بگات، بڕیاری مافی دەنگدان بۆ ژنان لەلایەن پارلەمانی سوێدە وە لە هەمان ساڵدا جێبەجێکرا و ساڵی ١٩٢١ ژنان بۆ یەکەم جار ڕۆیشتنە بەردەم سەندوقە کانی دەنگدان و پێنج (٥) ژن توانیان بڕۆنە پارلەمانەوە.

لە ساڵەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ دا دیموکراسی لە قەیراندا بوو، ئە و دیموکراتییە ناسک و شکەنندەیی کەلەئەلمانیادا هەبوو دوای شەڕی دووهەمی جیهانی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوو جێگای خۆیدا بە دیکتاتۆریەتی نازییەکان، حیزبی کۆمۆنیست وەک تاکە دەسەڵات یەکێتی سۆڤیەتی ئیدارە دەکرد، ئەزیەت و ئازار، ئەشکنەجە، کوشتاری بیر جیاجیا و ئەوانەی کە وەک ئە وان بیریان نەدەکردەوە یان سەر بەتاقم و ڕەگەزێکی تایبەت بوون لەوپەڕی خۆیدابوو، کوشتار و ماف پێشێلکردن لەسۆڤیەتدا وەک مەسەلەیەکی ئاسایی لێهاتبوو و بەملیۆن قوربانی ڕشت. دوای شەڕی دووهەمی جیهانی نازیسم و فاشیسم نەیانتوانی بۆشاییەکی زیاتر پەیدا بکەن، لەساڵی ١٩٨٩ دا دوای ڕووخانی

دیواری برلین زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا کەسەر بە سۆڤیەتی ڕابردوو بوون وازیان لە بیروبۆچوونی کۆمۆنیستی هێنا و لەو ڕێبازەو ڕێرەوە دوورکەوتنەوە.
ئەو وڵاتانە ئێستاکە زۆربەیان دیموکراتین، ڕادەی وڵاتانی دیموکرات ڕوو لەزیاد بوونەو نیوەی زیاتری وڵاتانی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا لە دیموکراسی کارامە بەرخودارن، وڵاتانی دیموکراتی لەباری ئابووری و وەزعی ژیان، خۆشگوزەرانی، ئاسایش و ئاشتیەوە زۆر لەپێشی ئەو وڵاتانەن کە دیموکراسیان لێ نییە.
هەر وەک بۆ خۆت دەتوانی لەنەخشە خوارەوە چاوی لێ بکەیت لەم سەردەمەدا هێشتانەکینێ زۆرکەس هەن کە بۆ سەربەستی سیاسیی خەبات دەکەن و لە سەر بیروبۆچوونی جیاواز ڕاویان دەنێن.



---

The non-profit organization Freedom House

هەر ساڵە ڕێکخراوەی غەیرەناحکومی ماڵی ئازاد دەستنیشانی دەکات کە لە وڵاتانی جیهاندا چەندە ئازادی بۆ دانیشتوانی ئەو وڵاتانە هەیە. بناخەی لێکۆڵینەوەکە لە سەر بوون یان نە

بوونی ئازادی سیاسیی و دیموکراتییەکان، مافەکانی مرۆڤ، مافی دامەرزاندنی حیزب و ڕێکخراوە، مافی دەنگدان، ئاسایشی دادگەری و ئازادی ڕادەربڕینە.

## دیموکراسی چییە؟

بێشک تۆ لەزۆر بواردا باسی دیموکراسیت خوێندەوەتەوە یا بیستووە.

بەکورتی وشەی دیموکراسی یانی دەسەڵاتی خەڵک یان گەلسالاری، بەڵام واتای ئەم وشەیە لە پراکتیکدا چییە؟

دیموکراسی باس لەوە دەکات کە چۆن کۆمەڵگا ئیدارە دەکرێت (بەڕێوە دەچێت) هەروەها ئێمەمانان چۆن چاو لە یەکتر دەکەین و چۆن لەگەڵ یەکتریدا مامەڵە دەکەین. لەڕاستیدا یانی هەموو مرۆڤێک بێ جیاوازی ڕەگەزی، ئایینی، بنەچەو بیروڕا لەبایی و مافی وەک یەک بەرخودارن، هەر لەم ڕوانگەیەوەیە کە هەموو مرۆڤێک مافی خۆیەتی کە دەنگی خۆی بدات و بتوانێت کارتێکردنی لە کۆمەڵگادا هەبێت. بەندی (س ٢٢٤)"ی" مافی مرۆڤ بەناخەی دیموکراسی کۆمەڵگاکەمانە.

بۆ ئەوەی کە دیموکراسی بتوانێت کاریگەری خۆی هەبێت دە بێت هاووڵاتی لە دەربڕینی بیروڕای خۆیدا ئازاد بێت، ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی چاپەمەنی بەشێکن لە مافەبنچینەیەکانی ئێمە، لەبیری نەکەین کە سنوورێک هەیە ئەویش ئەوەیە کە بۆمان نییە سووکایەتی بەکەس بەکەین یان مافی کەسێک پێشێل بکەین، دەنگدان لە هەڵبژاردنکی ئازاد دا مافی سرووشتی و دیموکراتییە، هەڵبژاردن دەبێت لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت و حیزب و ڕێکخراوەی جۆراوجۆر بەشداربن تا خەڵک ئیمکانی هەڵبژاردنی ڕێکخراوی جێگا بڕوای خۆی هە بێت. هەروەها ئازادی ئایین و ئاسایشی دادیی هەرکامە بە

گوێرەی خۆی بەشێکی سەرەکین لەدیموکراسی دا، ئەوەش بەو مانایە کە هیچ کەس بێ بڕیاری دادگا (مەحکەمە) بۆی نییە کەسێک بەتاوانێک تاوانبار بکات. ئەو کەسەی کە بەتاوانێک تاوانبار دەکرێت مافی بوونی یاساناسێکی هەیە بۆ پاراستن و بەرگری لێکردن و دەبێت بەڵگە هەبێت بۆ سەلماندنی تاوانە کەی تا بەتاوانبار بناسرێتن.

دیموکراسی تەنیا بەواتای ئازادی و مافداریەتی نییە، هەموو کەس لە ئاست کۆمەڵگایەکی دیموکراسی دا ئەرک و بە رپرسیاری هەیە، هەست بەبەرپرسیاری و چالاکی کۆمەڵانی خە ڵک لە کۆمەڵگادایە کە دەبێتە بەردی بناخەی دیموکراسی، ئێمە دەبێت لەکۆمەڵگادا لە ئاست یەکتردا بەرگەمان(تەحە مول) هەبێت و بەو قەناعەتە بگەین کە بۆمان نییە ماف و ئازادی کەسانی دیکە پێشێل بکەین، هیچ کەس بەهیچ بیانوویەک بۆی نییە کە ماف و ئازادی کەسێکی دیکە سنووردار بکاتەوە، بۆ نموونە کەس بۆی نییە پروپاگەندەی ڕەگەزپە رستانە دژی تاقمێک خەڵکی تایبەت وەگەر بەخات، ئەگەر شتێکی وا ڕووبدات واتە دروستکردنی دژایەتی بۆ خەڵک و تاوان دژی ئازادی ڕادەربڕینە.



ئازادی ئایینی بەو مانایە کە مرۆڤ بۆ خۆی بڕیاردەدات کەچ ئایینێک هەڵبژێرێت. لەسوێددا کلیسایی ئایینە جۆراوجۆرەکانی مەسیحی، مزگەوتی موسلمانان، پەرستگای یەهودی، مەعبەدی هیندو و بوودایی هەیە. وێنەی سەرەوە مزگەوتی موسلمانان و کلیسای کاتارینایە لەتەنشت یەکدا لە ناوچەی سۆدرمالم لە ستوکۆلمی پایتەختی سوێددا.

## بڕیارێکی دیموکراتیانە چۆن جێبەجێ دەبێت؟

لە دیموکراسی دا بڕیار بڕیاری زۆرینەیە، یانی ئەو پێشنیارەی کە دەنگی زۆرینە وەدەست دێنێ سەرکەوتووە، وەکوو یاساو ڕێسای یارییە، کاتێک کە قوتابخانەیەک دەیەوێت لەسەر بابەتێک بڕیاری قوتابییەکان وەرگرێت زۆر جار شێوازی دەنگدانە کە بەشێوەی دەست هەڵهێنانەوەیە، ئەوە ڕێبازێکی ساکارە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارێکی دیموکراتیانە، هەموو ئەوانەی کە پێوەندیان بەبڕیارەکەوە هەیە دەتوانن بەشداری بکەن، بەم شێوە دەنگدانە دەڵێن دیموکراسی ڕاستەوخۆ.

ڕاپرسی گشتی(ڕێفراندوم) نموونەیەکی دیکەی دیموکراسی ڕاستەوخۆیە، پرسیاری وا هەیە کە هێندێک زیاتر هەستیارە و واباشە هەموو ئەوانەیی وا مافی دەنگدانیان هەیە بەشداربن و ڕای خۆیان دەربڕن، لەسوێددا زۆر پێویست ناکات کە پەرلەمان وەدوای ڕاپرسی گشتی بکەوێت.

بەڵگە (فاکتا)، ڕاپرسیی گشتی لە سوێددا.
٢٠٠٣ – لە سەر گۆڕینی دراوی سوێد بە یورۆ.
١٩٩٤ – لە سەر مەسەلەی بوون بە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا.
١٩٨٠ – لە سەر بنەکەی بەرهەمهێنانی وزە.
١٩٥٧ – لە سەر مەسەلەی مووچەی خانەنشینی.

١٩٥٤ – لە سەر مەسەلەی گواستنەوەی تەرافیک بۆ دەستی ڕاست.
١٩٢٢ – لە سەر قەدەغە کردنی ماددەکانی هۆشبەر.

---

دەتوانین بڵێین کە ڕاپرسی گشتی ئێمە کارێکی بڕیاردەرانە نییە بەڵکوو بزافێکی ڕاوێژکارانەیە. ڕاپرسی گشتی لەسوێددا زۆر باو نییەو ئێمەبەگشتی ٦ ڕاپرسی گشتیمان هەبووە، دوایین ڕاپرسی ساڵی ٢٠٠٣ لەپێوەندی لەگەڵ گۆڕینی دراوی سوێد بەیورۆ بووە. بەکردار ئیمکانی ئە وە نییە کە هەمووکەس لە هەموو بابەتێکدا بەشداری بکات و بڕیار بدات، کاتێک کە ئێمە لە هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان، شووڕای پارێزگا و شارەوانی بەشداری دەکەین دەنگی خۆمان بەو کە سانە دەدەین کە نوێنەرایەتی ئێمە دەکەن.

ئەو کەسانەی کە ئێمە هەڵیاندەبژێرین کە سانێکن کە هەڵگری بیروبۆچوونی باش و وردبینی سیاسیی تایبەتین لە پێوەندی لەگەڵ داهاتووی کۆمەڵگادا، ئێمە ئەوانە وەک کەسانی جێگای باوەڕی خۆمان دیاری دەکەین تا بڕیار بدەن، بەو کەسانە دەڵێین هە لبژێردراونی جێگای متمانە، هەروەها ئەگەر ئەو دەستنیشانکراوانە نەتوانن ئەرکەکانی خۆیان بەباشی بەڕێووەبەرن و لە کردوەکانیان ناڕازی بین لەهەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگیان پێنادەین، ئەم شێوە هەڵبژاردنە کە بۆ هەلبژاردنی کەسانی سیاسییە بۆ بڕیاردان پێی دەڵێن هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ یان دیموکراتی نوێنەرایەتیانە.
لە دیموکراسی دا بۆ بە بڕیار کردنی پرسیارێک پێویست بەکاتی زۆر زیاتر هەیە، هۆی ئەم کارەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەسەر هەر خاڵێک چەندها بیروبۆچوونی جیاواز دێتە ئاراوەو باسیان لێوە دەکرێت و کات دەبات تا بەقبوولی زۆرینە بگات و ڕەزامەندی لە سەر بدرێت.
دیموکراسی هەمووکات لە کورتخایاندا کاریگەری نابێت، زۆر ڕوونە ئەگەر چەند کەسانێک یان تاکێک بڕیار بدات ئەوندە نابات، بەڵام

داخۆ ئەگەر تاکێک یان تاقمێکی بچووک لەسەر پرسیارێک بڕیار بدەن ئەو بڕیارە ئەنجامی چاکی لێ دەکەوێتەوەو جێگای ڕەزامە ندیمان دەبێت؟

دیکتاتۆری و دیموکراسی

پێچەوانەی دیموکراسی دیکتاتۆرییە، دیکتاتۆری بەو مانایە کە ڕابەرێک یان تاقمێکی بچووک دەسەلاتی سیاسیی کۆمەڵگایەک لە دەستی خۆیدا ڕادەگرێت، ئەم دیکتاتۆرە دەتوانێت پادشایەک، حیزبێک، ڕابەرێکی ئایینی یان دەسەلاتدارێکی سەربازی بێت. لە دیکتاتۆریدا مرۆڤەکان لەمافی سیاسیی، ئازادی ڕادەربڕین و مافی دەنگدان بێبەشن، لە زۆر ولاتدا هێندێک نەتەوەو کەمایەتی تایبە ت سەرکوت و مافیان پێشێل دەکرێت، ئەگەر خەڵک لە دەسەلات رە خنەبگرن بەشێوەهای جۆراوجۆر سەرکوت دەکرێن، خەڵک زیندان یان ناچاریان دەکەن کەولات بەجێهێلن، بەزۆری ئەشکەنجەو لە سێدارە دەدرێن.

هیتلەر یەکێک لەو دیکتاتۆرانەیە کە لەیەکەم جاردا وەبیرمان دێتەوە، دەتوانین ئەلمانیا لەسەردەمی دەسەلاتداری نازیدا چ لە پێش و چ لەکاتی شەڕ دووهەمی جیهانی دا وەک نموونەیە کی مێژوویی لە دیکتاتۆری ناوبەرین، سەدام حوسێن ڕابەری پێشووی عێراق وەک نموونەی هاوچەرخ لەدیکتاتۆرییە، لەم سە ردەمەدا چین بەحەشیمەت ترین و شکۆی ولاتی جیهانە بەلام خەڵک لە سەر بڕوای سیاسیی ڕاو دەنرێت و مافە دیموکراسییە کان پێشێل دەبن، حیزبی کۆمۆنیست تاکە حیزبی دەسەلاتدارەو هەرکەس ڕەخنە لە حیزبی کۆمۆنیست بگرێت تووشی کێشە دە بێت.

## دیموکراسی بەکردار

لەسوێددا شا سەرۆکی حکومەتەو هیچ دەسەڵاتێکی سیاسیی نییە تەنیا ئەرکی نوێنەرایەتی کردنی لەسەر شانە، لە ئە ڵمانیادا سەرۆک کۆمار سەرۆکی حکومەتە بەڵام دەسەڵاتی نییە، لە سوێد و ئەلمانیادا دەسەڵات لەدەستی پارلەماندایە.
لە فەرانسەدا سەرۆک کۆمار بۆخۆی سەرۆکی دەولەتەو حکومە تی لە دەستدایەو دەسەڵاتی سیاسیی زۆرە، بەکورتی لەوڵاتێکی دیموکراسی دا شێوەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن دەتوانێت جیاواز بێت، ڕووخسارو شێوەی جۆراوجۆری حکومەتی دیموکراسی هەیە .

## پاشایەتی یان کۆماری.

وڵاتانی جیهان یان پاشایەتین یان کۆماری، ئێمە دەبێ ئەوە بزانین کە وڵات دەبێت پاشایەتی بێت یان سەرکۆمارێک سە رۆکایەتی حکومەت بکات. مەبەستی ئەم تێگەیشتنە ئەوە نییە کە وڵات دیموکراسی بێت یان نا.
وڵاتی سوێد پاشایەتییە، ئەوەش بەو مانایە کە پۆستی سەرۆکایە تی حکومەت بەشێوەی میراتی دەڕوات بۆ بنەماڵەیەک. پاشایەتی لەسوێددا شێوە ڕێکەوتنێکە، بەکورتی سوێد وڵاتێکە کە بنەماڵەی پاشایەتی هەیە، زیاتر لە هەزار ساڵە کە ئەم وڵاتە پاشایەتییە و بنەماڵە **بێرنادووتێ** لە ساڵی ١٨٠٠"وە"لە سەرتەختی پاشایەتین، لە حالی حازردا سەرۆکی حکومەت لە سوێد **کارل گۆستاف** شانزدهەم"ە" و کچی گەورەی بەناوی **ویکتوریا** کە ئێستاکە جێنشینی باوکێیەتی دوای ئەو دەبێتە شاژنی وڵات و دەربار بە ڕێوە دەبات.




ئەو وڵاتە ئەوروپایانە کە پادشایەتین هەموویان دیمکراتین، بەڵام لە وڵاتانی دیکەدا وڵاتی پادشایەتی هەن کە دیموکراتی بوونی نییە.

لەم وڵاتانەدا پادشا، شازادە، سولتان یان هەر ناوێکی دیکەی پادشایەتی بێت دەسەڵاتی سیاسیی زۆریان هەیەو بۆ خۆیان وڵات بەرێوە دەبەن، نموونەیەکی باش دەتوانێت شا عەبدووڵا پادشایی سعودیە بێت کە لە سەروەت، سامان و دەسەڵاتی سیاسیی زۆر بە رخودارە.

لە کۆماریدا لە جێگای پادشا سەرۆک کۆمارێک دەسەڵاتدارە، لە یاسای وڵاتی سوێددا هاتووە کە حکومەت وڵات بەرێوە دەبات و لە بەرانبەر پارلەماندا بەرپرسە. حکومەت دەبێت لەلایەن زۆرینەی پارلەمانەوە قبووڵ بکرێت تا بتوانێت وڵات بەڕێوەبەرێت، بەم شێوە بەڕێوە بردنە دەڵێن پارلەمانتاریسم، یانی سەرچاوەی دەسە ڵات پارلەمانە، لەسوێددا پارلەمانە کە دەولەت دیاری دەکات کە پێی دەڵێن سەرۆک وەزیر.

حکومەتی سەرۆک کۆمار بەو مانایەکەخەڵک لەهەڵبژاردنێکی تایبەتدا کەسێک وەک سەرۆک کۆمار دیاری دەکەن و سەرۆک کۆمار دووایی بۆ خۆی دەوڵەت هەڵدەبژێرێت و پێویستی بەوەرگرتنی دە نگی زۆرینەی پارلەمان نییە، نموونە وڵاتی ئەمریکایە کە لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە بەڕێوە دەچێت.

ولاتێکی کۆماری،
ئەمریکا



ولآتێکی پارلـەمانتاریسم، سوئێد




---

ئەمریکا ولآتێکی پارلەمانتاریسم نییە چونکە کابینە یان ئەنجوومەنی وەزیران پیویستی بەپاڵپشتی گونگرە نییە. بەلآم کاتێک کە سەرکۆمار و بەشی زۆرینەی کۆنگرە لـە حیزبـی جۆراوجـۆر پێکبێت کاری سەرکۆمار بۆ بەڕێوەبردنی ولآت زۆر سـەخت دەبێت. لـەسوێدا سـەرۆک وەزیـر و دەوڵـەت دەبێت لەلآیەن پارلمانەوە قەبووڵ بکرێن.

## شێوەی هەڵبژاردن

شـێوەی جۆراوجـۆر هــەن بـۆ هــەڵبژاردنــی نوێنــەرانــی رێکخـراوە دیموکراسییـەکان، هەر وڵاتێک شێوەی هەڵبژاردنـی تایبـەت بـەخۆی هەیەو شێوەکان دەتوانن لـەیەک جیاوازبن. دوو شێوەی هـەڵبـژاردن زۆر باون کە بریتین لە هەڵبژاردن بەشێوەی رێژەیی (ئەندازەیی) و زۆرینـەیی.







شێوەی هەڵبژاردن لـە سوێددا بـەگوێرەی نیسبییـە، وەک شێوەی هـە لبـژاردن لــە بــاقی وڵاتــانی دیکـەی بـاکووری ئـەوروپـادا، ئـەوە بـەو واتایـە کە حیزبـەکان بـەئەندازەی ئەو دەنگانە کـە لـە هـەڵبژاردنـدا وەبـەریان دەکەوێت لە پارلـەمانـدا کورسی بـەدەست دێنن. ئـەگـەر حیزبێک لە هەڵبژاردندا ١٠ لـەسـەدی (١٠%) دەنگـەکـان بێنێتـەوە یـانـی دە لــە سـەدی کورسیـەکـانـی پارلــەمـانـی دەستدەکـەوێت، بـە کـورتـی ئـەوە شـێوەی هــەڵبژاردنــی خــەڵکــە کــە شـێوازی (پـێکـەوە گرێدراوی) پارلـەمان دیاری دەکات، ئەمە شێوەیـەکە بـۆ هـەموو هـە ڵبژاردنـەکان لـەوڵاتـی سوێددا. بـۆ ئـەوەی حیزبێک بتوانێت بڕواتـە پارلـەمانـەوە دەبێت لانیکـەم ٤ لـەسەدی دەنگـەکـان لــە سـەرتاسـەری وڵاتدا یان ١٢ لـە سەدی دەنگەکان لـە مـەلبـەندی هـەرێمی بێنێتـەوە.

لەڕاستیدا ئەمە بەربەستێکە بۆ ئەوەی کە حیزب و ڕێکخراوە بچووکان نەتوانن بێنە پارلەمانەوەو کێشە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان دروست بکەن.
شێوەی هەڵبژاردنی ڕێژەیی شێوەیەکی زۆر باش و دادمەندانەیە چونکە زۆربەی پارتەکان ئیمکانی بەشدار بوونیان لە پارلەماندا هەیە، تەنیا خاڵێک کە دەکرێت وەک خاڵێکی نەرێنی (سەلبی) ناودێری بکەین ئەوەیە کە سەرەڕای کۆسپی ٤ لە سەدی دەنگەکان حیزبێکی زۆر دەچنە پارلەمانەوە، زۆر سەختە بۆ تاکە حیزبێک کە بتوانێت بەتەنیایی دەوڵەت پێکبهێنێت و دەبێت چەند حیزب پێکە وە دەوڵەت پێکبێنن، یانی حکومەتێکی هاوپەیمانی، ئەمە دە توانێت هۆکارێک بێت کە حکومەتی پێکهاتوو لاواز یان ناچار بێت کەسەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی بکات.

لە وڵاتانی دیکەدا بۆ نموونە بریتانیا و ئەمریکا هەڵبژاردن بە شێوەی زۆرینەو هەرێمییە، هەر هەرمێک نەفەرێک دەنێرێت بۆ پارلەمان، ئەم شێوە هەڵبژاردنە زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوە کە دوو حیزبی گەورە بکەونە ململانێ (پێشبرکێ) بۆ بەدەستهێنانی دەنگە کان، شێوەکە وایە کە هەر حیزبێک کە ٥١ لە سەدی یان زیاتری دە نگەکانی هەرێمی هێنایەوە دەبێتە ساحیبی تاکە کورسی ئەو هە رێمە، ئەو حیزبەی کە ٤٩ لە سەدی دەنگەکان دێنێتەوە هیچ کورسییەکی پارلەمانی دەست ناکەوێت (ناتوانێت نوێنەری بڕواتە پارلەمانەوە)، دەتوانین بڵێین کە ئەو ٤٩ لە سەدەی دەنگەکان بە فیڕۆ دەچن. ئەگەر بمانەوێت وردتر بابەتەکە هەڵسەنگێنین دەبێت بڵێین کەشێوەی دەنگدانی ڕێژەیی زۆر دادمەندانەترە تا دەنگدان بەشێوەی زۆرینەیی، بەڵام شێوە دەنگدانی زۆرینەیی ڕێگا خۆشکە رە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی بەهێز و حیزبێکی گەورە دەتوانێت بێ

ڕێکەوتن (سازشکردن) لەگەڵ حیزبێکی دیکە بە تەنیا بۆ خۆی دە وڵەت پێکبێنێت.

ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەکان.

ڕێکخراوە سیاسییەکان هەر یەکەو پێرەویی لەئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت دەکەن، دەمەوێت بڵێم کەهەر حیزبێک بەرنامەیەکی هەیە بۆ بەڕێوە بردن وئیدارە کردنی وڵات، پێوەندییەک لە نێوان وشەی ئایدیۆلۆژی و بیرکردنەوە(ئایدیا) دا هەیە، ئایدیۆلۆژی پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵێک ئایدیا (بیرۆکە) کەباس لەوە دەکات کە چۆن وڵاتێک بەڕێوەبچێت، چۆن سەرچاوەکانی داهات بەدەست بهێنیت و دابەش بکرێت. هەروەها ئایدیۆلۆژی باس لەوە دەکات کە چۆن چاو لە مرۆڤ و یاسای سرووشتی مرۆڤ دەکرێت. لێرەدا هە وڵدەدەین تا بەشێوەیەکی کورت هێندێک خاڵی گرنگی ئایدیۆلۆژیایی بناسێنین و بیخەینە ڕوو.

کۆنەپارێزی

وشەی کۆنەپارێزی وەرگیراوە لە وشەی لاتینی "کۆنسرواریێ" کە بە واتای پاراستنە، کۆنەپارێزی لە ساڵی ١٨٠٠ دا وەک کاردانەوەیەک بەئایدیای شۆڕشی فەرانسە بۆ ئاڵوگۆڕی بنچینەیی لەو کۆمەڵگادا گەشەی کرد، کۆنەپارێزەکان ڕەخنەیان لەوە بوو کە نابێت وا بە گورجی ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگادا پێکبێت، ئەوان پێیان وابوو دەبێت ئاڵوگۆڕەکان لەسەرخۆ و بەبیرکردنەوە بڕواتە پێش، کۆنەپارێزە کان لەسەر ئەو باوەڕەدابوون کە ئەو بەهاو نەریتانە کە لە کۆمە ڵگادا هەیە



زۆر کەس پێیان وابوو کە داب و نەریتەکانی ئایینی مەسیحییەت دەبێت بگواسترێنەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو، ئەمە بۆچوونێک بوو کە زۆرکەسی کۆنەپارێز پشتیبانی لێدەکەن. لەحیزبەکانی سوێددا دە توانین بڵێین حیزبی مۆدیرات و حیزبی دیموکرات مەسیحیی لەبۆچوونی کۆنەپارێزییەوە لێکنزیکن.

زۆربەهان و دەبێت بپارێزرێن و نابێت جێگایان بەبیروبۆچوونی تازەو تاقی نەکراوە بگۆڕدرێت. ئەوان هۆشداریان دەدا لەسەر پاراستنی ڕۆڵی کلیسا و داب و نەریتی کۆن. دەتوانین بڵێین کە کۆنەپارێزی ئایدیۆلۆژی سیاسیی چینی سەردەست بوو چونکە بە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ دەسەڵاتیان لەدەست دەچوو.
کۆنەپارێزەکان لەسەرەتاوە دژی مافی دەنگدان بوون بۆ هەمووان و دەیانگوت خەڵک بەئەندازەی پێویست ئاگادار نییە لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا.



بەگوێرەی بیرکردنەوەی لیبراڵی ئازادی تجارەت و بازرگانی هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە بەربەرەکانێ لە نێوان فرۆشیارەکاندا دروست بێت و ئێمەیش بتوانین باشتر بژین. کاتێک کە دەڕۆین بۆ ناوەندی شار بۆ کڕینی پێداویستییەکان زۆر دووکانی جۆراوجۆر هەن کە دەتوانین هەڵبژێرین، دووکانەکان لە سەر پارە و پووڵەکەی ئێمە کێبڕکێ دەکەن.

## لیبراڵیزم

لیبراڵیزم لە وشەی لاتینی لیبێر کەواتاکەی دەبێتە ئازاد وە رگیراوە، لیبراڵەکان پێیان وایە کە سەربەستی ڕامیاری بۆ هەموو تاکێک لە کۆمەڵگادا گرنگە، ئێمەی مرۆڤیش پێویستی زۆرمان بە ئازادی هەیە تا بتوانین ڕاوبۆچوونی خۆمان دەربڕین "بیر بکەینەوە و باوەڕت هەبێت". هەروەها ئازادی هەڵبژاردن دەبێت خوێندن بۆ فیربوونی پیشەو کار، کار و شوێنی دانیشتن بگرێتەوە. دەوڵەت نابێت زۆر لە کاروباری خەڵکدا خۆ تێهەڵقورتێنێ (دەست تێوەردان)، کاروباری ئابووری وەک بازرگانی سەربەخۆ بۆ پێکهێنانی بەربەرە کانێ لەنێوان دووکاندارەکان و بەدەستهێنانی سەرمایەی تایبەت گرنگەو واباشە کە بەشێوەی ئاسایی بڕواتەپێش، ئادام سمیت(خەڵکی ئیرلاندە) هزرڤانێکی بواری گەلالەکردنی زۆر بیرۆکەی ئابووری سەربەخۆ بووە، ئەو پێی وابووە کە دەوڵەت نابێت زۆر دەست لەکاروباری ئابووری بدات و ئەگەر بازاری ئابووری بەشێوەی ئاسایی و بێ بوونی یاسای دەوڵەت پێش بڕوات زۆر باشتر دەبێت. ئادام سمیت باسی تئیۆریەکەی خۆی وەک دە ستێکی نەبینراو کردووە کە هەمووشتێک بەباشی بەرەو پێش دە چوو و بەئەنجام دەگەیشت، ئەو دەیوت ئەگەر هاووڵاتی و کاسبکارەکان بەشێوەی ئاسایی لەگەڵ یەک هەڵسوکەوت بکەن ئاکامەکەی دەبێتە ئەوە کە هەمووان دەستکەوتی باشیان هەبێت و ڕازی بن.

بیرکردنەوەیەکی دیکەی لیبراڵی دەڵێت دەولەت دەبێت لەهێندێک بوواردا پشتگیری لاوازانی کۆمەڵگا بکات، بەم شێوە لیبرالانە دە ڵێن لیبراڵی کۆمەلایەتی (سوسیال لیبراڵ). کۆمەڵگا دەبێت لەباری ئابوورییەوە بە هەموو شێوەیەک یارمەتی ئەو کەسانە بدات کە ناتوانن کاربکەن و خۆیان بەڕێوەبەرن.

لەکۆتایی ساڵی ١٩٠٠دا ئەوەی کەپێیان دەوت نئولیبراڵیزم سەری هەڵدا، لە ڕاستیدا نئولیبراڵیزم کاردانەوەیەکە لە بەرانبەر ئەو ره فاهیەتە کۆمەلایەتیی کە دەوڵەت بەرپرسیاریەتی زۆری بەئەستۆ گرتووە، نئولیبراڵەکان دەیانەوێت دەوڵەت کەمتر خۆی لەکاروباری بازار بدات بەتایبەت لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلەی ئابووریدا، واتا ئەوان خوازیاری ئازادی زیاترن بۆ تاکی کڕیار و کاسبکاران، داواکاری نئولیبرالەکان ئەوەیە کە دەوڵەت خەرجێکی کەمتر بۆ بازار بکات و لەبەرانبەردا باجی کەمتر (دەخل) وەرگرێت، نئولیبراڵیزمەکان دەڵێن گرنگترین ئەرکی دەوڵەت هەمان بە رپرسایەتی بەرگریی و چاودێری کاروباری دادوەری لەگەڵ پۆلیس و دادگاکانە، بەگوێرەی بیروبۆچوونی نئولیبراڵەکان تەنانەت قوتابخانەکان و شوێنەکانی چاودێری نەخۆشی و تیمارکاری دەبێت لەلایەن بەشی تایبەتییەوە(غیرەحکەمی) بەڕیوەبچێت، دەتوانین بەڕوونی قامک بخەینەسەر پارتی لیبراڵی گەڵ (فولک پارتی) وەک حیزبێکی لیبراڵ، هەروەها حیزبی مودیرات لەسەر بەشی ئابووری زۆر بیرۆکەی لیبراڵیانەی هەیە. بیروبۆچوونی لیبراڵی لە زۆربەی حیزبە سیاسییەکاندا بوونی هەیە.

سوسیالیزم.

وشـەی سوسـیالیزم وەرگیـراوە لـە وشـەی لاتینـی سۆچووس بـەواتـای هـاوڕێیی. سـەرهـەڵـدانی سوسـیالیزم دەگـەرێتـەوە بـۆ بـارودۆخی دژواری کرێکـاران لـەسـەردەمـی کۆمـەڵگـای پیشـەسـازی ڕابـردوودا، پیشـەسـازی قـازانجی لـەڕادەبـەدەری هـەبـوو بـۆ خـاوەن پیشـەو کارگاکان و لەبەرانبەردا کرێکاران زۆر بەسەختی دەچەوسانەوە.
کرێکارەکان خوازیاری مافی سیاسیی و بەشی خۆیان لەسەرمایە و داهاتدا بوون، بناخەی بیرۆکەکە ئەوە بوو کە هەمووکەس بگوێرەی توان و لێهاتوویی خۆی یارمەتـی بـە بـەرەوپێشـەو چوونی کۆمـەڵگا بکات و کاتێک کە ئەوانیش پێویستیان بەیارمەتی بوو کۆمەڵگا ئـە وان لـەبیـر نـەکـات، چونکە دادمەنـدی وشـەیـەکـی زۆر گرنگـە لـە چەمکی سوسیالیزم دا.
کارڵ مارکس"ی" ئەلمانی یەکێک لە داڕێژەرانی بیری سوسیالیزمی بووە، کارڵ هەستی بەناتەبایی نیوان کرێکاران و کارخانەدارەکان( سەرمایە دارەکان) دەکرد و ئـەو کێشـەکەی بـەکێشـەی دوو چین دە زانـی. هـەرڕۆژە سـەرمایـەدارەکـان سـەرمایـەدارتـر و لـەبـەرانبـەردا کرێکاران زیاتر دەچـەوسانەوەو ڕوو لـەداماوی و بەرەو فـەقیری دە چوون، کـارڵ مـارکس پێـی وابـوو ئـەگـەر بـارو دۆخەکـە ئـاوا بـرواتـە پـێش ئاکامـەکـەی دەبێتـە ئـەوە کـە چینـی کرێکـار ڕاپـەرن بـۆ پێکهێنانـی ئاڵوگوڕ لەکۆمەڵگادا و لە ڕێگای توندوتیژیەوە دەسەڵات بگرنـە دەست، هـەروەهـا ئـەو پێـی وابـوو کـە کرێکـاران لـەقۆنـاخی کواستنەوەی دەسەڵاتدا کۆمەڵگا لـەڕێگـای دیکتـاتۆری پرولیتـاریـاوە بـەرێوە دەبـەن و ئامـانجی ئـەم شۆڕشـە دەبیتـە پێکهێنـانی کۆمـە ڵگایەکی یەکسان و هاوچەرخ.

لێوەشاوەکانی دیکەی سوسیالیستی پێیان وابووەکە ئاڵوگۆڕەکان دە بێت بـەپێـوەری دیـموکراتی ڕووبـدات نـەک لـە ڕێگـای شـۆڕش یـان توندوتیژیەوە، دەتوانین بڵێین کـە بناخـەی ئایـدیۆلۆژیایی سوسیال

دیموکراتەکان دەگەڕێتەوە سەر ئەم سوسیال دیموکراتانە، بناخەی فکری حیزبی چەپی سوێد دەگەڕێتەوە سەری ئەو سوسیالیزمانە کە بڕوایان بەپێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ڕێگای شۆڕشەوەبوو (سوسیالیزمی شۆڕشگێر)، بەڵام ئەمڕۆکە حیزبی چەپی سوێد حیزبێکی سوسیالیستی دیموکراتییە(یان دیموکرات سوسیالیزمە).



پکینگ ساڵی ٢٠٠٦ ژنێک بەلاچاوەوە وردی وێنەی کارڵ مارکس دەبێتەوە. وڵاتی چین یەکێک لەو وڵاتانەی ئەم جیهانەیە کە پێی دەڵێن کۆمۆنیستی. ئابووری گەشەی کردووەو لانیکەم هێندێک خەڵک دەوڵەمەند بوون بەڵام ئەوان هێشتاکە لە دیموکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بێبەشن. حیزبی کۆمۆنیست تاکە حیزبی ڕێگاپێدراوی ئەو وڵاتەیەو هەر چەشنە دەنگ بەرزکردنەوەو هاوارێکی ئازادیخوازانە بەتووندترین شێوە سەرکووت دەکرێت.

کۆمۆنیزم شاخەیەکە(پەل) لەسوسیالیزم و پێیانوایە بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لەکۆمەڵگادا شۆڕش پێویستە. سەرەتای کۆمۆنیستی هاچەرخ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی ڕووسیە لە ساڵی ١٩١٧ دا، ڕابەری شۆڕشەکە ڤلادمێر لینین بوو. دوای شۆڕش بناخەی یەکێتی سۆڤیەتی کۆمۆنیستی دانرا، بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی پێش

شۆڕش نەتوانن دیسان دەسەڵات بگرنەوە دەست لینین پێی وابوو کە دەبێت بۆ ماوەیەک وڵات لە ڕێگای دەسەڵاتی دیکتاتۆری پرولیتاریاوە بەڕێوەبچێت، لەو سەردەمەدا وڵات لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستەوە بەڕێوەدەچوو و لینین دەیویست شێوە کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی دابین بکات کە سامانی (دارایی) وڵات هی هەمووان و وڵاتێکی کۆمۆنیستی یەکسان و دادمەند بێت، بەڵام لە کردەوەدا لە و وڵاتە کۆمۆنیستییەدا دیکتاتۆری حاکم بوو کە هەرچەشنە ڕەخنە یەک لە حیزبی کۆمۆنیست کە هەموو دەسەڵاتی وڵاتی بەدەستەوە بوو سەرکوت دەکرا.

لیبراڵیزم، کۆنەپارێزی (کۆنسەرڤاتیزم) و سوسیالیزم سێ ئایدیۆلۆژیایی مەزن بوون کە لەمەودای ساڵی ١٨٠٠دا گەشە یانکرد، ئەم سێ ئایدیۆلۆژیایە هێشتاکە بۆ حیزبەکانی سەردەم گرنگن، لە ماوەی ساڵی ١٩٠٠دا دیسان هێندێک ئایدیۆلۆژیایی دیکە گەشەیانکرد.

حیزبەسیاسییەکان.

بناخەی سیاسەتی هەموو ڕێکخراوەیەکی سیاسیی لەسەر ئایدیۆلۆژیایەک دانرواە، بەڵام ڕێژەی ئەو بیروبۆچوونانە یان لە شۆێنەجۆراوجۆرەکانەوە وەرگرتووە. مرۆڤ ناتوانێت بێ ئەملاوئەولا بڵێت حیزبێک لە حیزبەکانی سەردەمی سوێد کۆنەپارێزە، لیبراڵ یان سۆسیالیستییە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئایدیۆلۆژیایی کە بناخەی سیاسەتی ئەوانی لەسەر دامەرزاوە بابەتێکی گرنگە. بە رنامەو ئەساسنامەی هەر ڕێکخراوەیەکی سیاسیی پیشاندەری سیاسەتی ئەو حیزبە یان ئەو ڕێکخراوەیە، بەرنامەو ئەساسنامەی حیزبێکی سیاسیی زۆرجار ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت بەڵام ئایدە گرنگ و بنچینەیەکان هەر وەک خۆیان دەمێننەوە.

زۆرجار حیزبەکانی سوێد بەدوو بلۆک (دەستە) دابەش دەبن، پێکهێنەری بلۆکی بورژوازی حیزبی مودراتە بەهاوکاری حیزبی دیموکرات مەسیحی، فۆلک پارتی (پارتی لیبراڵ، پارتی گەل) و پارتی سەنتر.

دەستەی دیکە کە پێیان دەڵێن بلۆکی سوسیالیستی بریتین لە حیزبی چەپ، سوسیال دیموکراتەکان و حیزبی سەوز (پارتی ژینگە )، تێبینی ناتوانین حیزبی سەوز لە بەرەیەکی تایبەتدا ببینینەوە بەڵام ئەو حیزبە لەگەڵ حیزبی سوسیال دیموکرات و حیزبی چەپدا هاوکاری یەکترن.

زۆر ئاسان نییە کە بتوانین بەشێوەیەکی دروست حیزبەکان دابەش بکەین بەسەر بلۆکی چەپ و ڕاستدا، زۆر بیروبۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر دابەشکردنی حیزبەکان بەسەر دوو بلۆک دا. ناتوانین حیزبی سەوز بەشێوەی سوونەتی بەسەر بلۆکی سوسیالیستی یان بورژوازیی دا دابەش بکەین چونکە سەرچاوەی سیاسەتی حیزبی سەوز بریتییە لەو بڕیارانەیی کە پێوەندیان هەیە بە ژینگەو گەشەی ئابوورییەوە. ئەگەر ئێمە هەڵسەنگاندنێکی نێونەتەوەیی بەکەین هەموو حیزبەکانی پارلەمانی سوێد تا ڕادەیەک لەناوەڕاستەوە نزیکن.

زۆر جار ئێمە حیزبە سیاسییەکانی سوێد بەدوو دەستە دابەش دەکەین وەک ڕاست و چەپ، ئەم تێگەیشتنە لە بناخەدا دوای شۆڕشی فەرانسە لە ئەنجوومەنی نەتەوەیی ئەو وڵاتە وەرگیراوە. حیزبە ڕادیکاڵەکان کە پێیان وابوو وڵات دەبێت ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت بە چەپ حیساب دەکران و کۆنەپارێزەکان کەسەر ئەو بڕوابوون کە وڵات دەبێت وەک خۆی بمێنێتەوە لە بەرەی ڕاستدا دادەنران.

ئەمڕۆکە دەتوانین بڵێین حیزبی سوسیال دیموکرات و حیزبی چەپ لە بەرەی چەپدان و دەیانەوێت پێکەوە خاوەندارییەتییەکی گەورە یان هەبێت بۆ ئەوەی کۆمەڵکا لە ئاست هاووڵاتی دا بەرپرسیاری گەورە بەئەستۆ بگرێت، بۆ ئەوەی کە بتوانین چاودێریی نەخۆشی، پەرستیاریی منداڵان، قووتابخانەکان بین دەبێت حکومەتماڵیات (باج، زەریبە) وەرگرێت، ئەو پووڵانەیی (پارە) کە لە ڕێگای ماڵیاتەوە دەستی حکومەت دەکەوێت خەرجی کاروباری حکومەتی، ئەنجوومەنی هەرێمی (لاندستینگ) و شارەوانییەکان دەبێت.
ئەو حیزبانەیی کە لە بەرەی ڕاستدا حیساب دەکرێن دەیانەوێت باج وەرگرتن هەرچی کەمتر بێت و هاووڵاتی بتوانێت بۆ خۆی بە رپرسیاری زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ کاروباری خۆیدا بەئەستۆ بگرێت.

سیاسەت لەدەرەوەی حیزبەکاندا.

زۆر مرۆڤی سیاسیی لە دەرەوەی حیزبە سیاسییەکاندا خۆیان بە کاروباری کۆمەڵگاوە خەریک دەکەن، حیزبە سوونەتییەکان (تە رادیسیونەل) کێشەی ئەندامگیری تازەیان هەیە چونکە هەرکات خەڵکێکی کەمتر دەیانەوێت لە کاری ڕامیاریدا بەشداری بکەن، بە لام لە هەمانکاتدا خەڵک زۆر بەگەرمی لەو پرسیارانەدا کە پێوە ندیان لەگەڵ مافی ئاژەڵ (حەیوان)، ئاشتی سەوز، ئەمنستی ئینتە رنەشناڵ (ڕێکخراویکی نێونەتەوەیی) و هتد...هەیانە بەشداری دە کەن و بەشێوەی جۆراوجۆر هەوڵدەدەن تا کارتێکردنیان لەسەر ڕای گشتی هەبێت، هێندێک کۆمەڵەو ڕێکخراو پێیانوایە بەکارهێنانی هێندێک شێوازی غەیرە یاسایی خراپ نییە، بۆ نموونە **پلوگ بیلس رۆریلسین** کار بۆ ئاشتی و ئاسوودەیی دەکات کە تا ئێستاکە چەند جار بەشێوەی سەرنج ڕاکێش چالاکی لەخراپ کردنی فرۆکەی یاس و کەرەستەی چەک و تەقە مەنی دا هەبووە. هەروەها ڕێکخراوەی

ئاشتی سەوز بەکردار چەند جار چاوپۆشی لە یاسا کردووە، بەم کردەوانە دەڵێن نافەرمانی مەدەنی، ئایدیاکە لێرەدا ئەوە دە سەلمێنێت کە ئێمە بەرپرسایەتی ئەخلاقیمان لەسەرەوەی یاساوە یە.

ئەوە زۆر گرنگە کە هیچ مرۆڤێک لەباری فیزیکییەوە زەرەرمەند نە بێت و بەرپرسیاربین لەو کردەوەیی کە ئەنجامی دەدین. بەکورتی ئەو کەسەیی کە لە کردەوەی وەهادا بەشداری دەکات دەبێت ئامادەگی ئەوەشی هەبێت کەسزا بدرێت.

هەروەها لە گۆمەڵگای سوێددا ڕێکخراوی ئارەزوویی هەن کە کارتێکردنیان لەسەر ڕاوبۆچوونی سیاسەتمەداران هەیە وەک سە ندیکاکان، خاوەنکارەکان و کەرتی پیشەیی.

کاتێک کە ڕێکخراوەی جۆراوجۆرەکان هەوڵدەدەن تا کارتێکردنیان لەسەر بڕیارە ڕامیارییەکان هەبێت بەمەدەڵێن چالاکی لۆبی (دە ستەبازی) و بەڕابەری (نوێنەر) ئەم جۆرە ڕێکخراوانە دەڵێن لۆبیستر. کۆتایی بابەتی وەرگێڕدراو.

لە وڵاتێکی دیموکراتیک دا زمان و خوێندن بە زمانی دایک وەک مافێکی بێ ئەملاوئەولای تاک پێناسە دەکرێت بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا ئەو مافە تەنیا بۆ ئەو کۆمەڵە خەڵکە کە دەسەڵاتی وڵاتیان بەدەستەوەیە بوونی هەیە، ئێستاکە بابزانین ئەو بێ مافییە لە ڕوانگەی زانستییەوە چەندە زیان بە کولتوور و مێژووی گەلانی ژێردەست دەگەیەنێت.

با ئەوەش لێرەدا باسی لێوە بکەم کە بەداخەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زۆر بنەماڵە هەن کە خۆیان بە پێشکەوتوو دەزانن و شانازی بەوەوە دەکەن کە منداڵەکەیان زمانی بێگانە باش دەزانێت بەڵام سەد وشەیی کوردی (زگماکی) نازانێت، لێرە لەم

باسەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو بنەماڵانە نەک پێشکەوتوو نین بەڵکو زۆر دواکەوتوون کە کارتیکردنی نەرێنیان لەسەر بارهێنانی کەسایەتی منداڵ یان منداڵەکانی خۆیان هەبووە ولەوان کۆیلەیان ساز کردووە یان دەکەن.
بۆ ئەوەی زۆر لە بابەتەکە دوورنەکەومەوە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشم بۆ باسە زانستیانەکەی دکتۆر صدیقە عەداڵەتی کە من بەهێندێک دەستکارییەوە وەرمگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی.

## زمانی دایک چییەو بۆچی گرنگە؟

ئەم بابەتە لەلایەن کەسێکەوە بەناوی دکتۆر صدیقە عەدالتی نووسراوەو هەواڵێکی ئێنتەرنێتی لەڕێگای فەیسبووکەوە بۆمی ناردووە، لە ڕوانگەی خۆمەوە ناوەڕۆکی بابەتەکە زۆر گرنگ و زانستیانەیەو وام بەباش زانی کە وەریگێڕمەوە بۆ کوردی وێڕای سوپاس بۆ خانمی عەدالەتی لەپێکهاتنی ئاڵوگۆڕی ساکار لەوە رگێڕاندا داوای لێبوردن دەکەم.
زمانی زگماکی ( دایک) زمانێکەکە لە دایک، باب و نزیکانەوە فێری بووین، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی توێژەران منداڵ لە کاتێکدا کە لە زگی دایکی دایە لەگەڵ زمانی دایکی ئاشنا دەبێت و دەستپێکی هاتنە دونیایەوە بەگریان دەست پێدەکات و ئەگەر بەزمانی دایکی لەگەڵی بدوێت هێمن دەبێتەوەو گوێ بیس دەبێت و گوێ قوڵاغی دەکات.
منداڵ بەتێپەربوونی کات و بیستنی هەمیشەیی زمانی دایکی فێر دەبێت و دەستدەکات بەدووپات کردنەوەی و هێدی هێدی هەوڵی ڕێزکردنی ڕستەی کورت کورت دەدات و لە ئاکامدا دەست دەکات بە قسەکردن بەزمانی دایک.

لە ماوەیەکی کورتدا فێر دەبێت تا بەزمانی دایکی خۆی هەستی دە
روونی و پێداویستییەکانی لەگەڵ دەوروبەری خۆی باس بکات و بە
زمانی دایکی پێوەندی لە کۆمەڵگادا دادەمەرزێنێت، هەر بەم
زمانە کایەدەکات، پێدەکەنێ، دەگرێت و کێشەو ململانێ دەکات.
تەنیا بەزمانی دایکیەتی کە دەتوانێت دونیایی دەوروبەری خۆی
بەناسێت و باسی لێوە بکات، قسەکردن بەزمانی دایکی دەتوانێت
لە تەنیایی دەربازی بکات و خۆی سەربەتاقمێکی دیاری (تایبەت)
لە کۆمەڵگادا بزانێت، هەستی خۆ بەگرێدراوی، خۆشەویستی و ئە
وین، دڵنیایی و بڕوا بەخۆبوونی تێدا پەیدا دەبێت و بەو هیوایەوە
دەژیت.
ئەگەر بمانەوێت ڕوونکردنەوەیەکی زانستیانەمان هەبێت، دەبێ
بڵێین کە قسەکردن لەشێوەی بیرکردنەوەی دەروونییەوە (بیرگەریی
- زاکیرە) سەرچاوە دەگرێت. ئێمەی (مرۆڤ) لەکاتی بیرگەریی دا
سەرەتا بەشێوەی بێدەنگ لە دەروونەوە لەگەڵ خۆمان باس دەکە
ین لە دووایی دا دەست دەکەین بە قسەکردن، لە ڕاستیدا لەکاتی
دەمکردنەوەدا (کاتی قسەکردن) تەنیا بیر لەشێوەی دەنگەکەمان
(تۆن) دەکەینەوە.

کاتێکیش کە ئێمە بەزمانی زگماکی قسە دەکەین پێوەندییەکی
ڕاستەوخۆ لە نێوان زاکیرەو گۆڕەپانی زوباندا پێکدێت، لێرەدا دە
مەوێت هێندێک زیاتر لەم پێوەندیەدا ڕوونکردنەوەم هەبێت و
بڵێم، کاتێک کە مرۆڤ بەزمانی دایک قسەدەکات لەڕاستی دا پێوە
ندییەکی نەپچڕاو لەنێوان دڵ، زاکیرەو زارماندا (دەم) پێکدێت،
یانی ئەم لێدوانە ئەزموون و پێوەستکردنەوەی بیر سەردەمی
ڕابردوومان زیندوو دەکاتەوە، بەگوتنی هەر وشەیەک هەستێکی دە
روونی زیندوو دەکەینەوە، خوشحال دەبین یان ناڕەحەت، تامەزرۆ
دەبین یان چاوەڕوان دەمێنینەوە، بەپێکهاتنی هەر ڕستەیەک لە

زاکیرەماندا ژیانەوەی دووبارەی هزرێکی دڵ دەست پێدەکاتەوەو لە ڕێگای دەم و زمانەوە هەست و ئارەزووەکانی خۆمان بۆ خەڵکانی دیکە دووپات دەکەینەوە، هەر لەم ڕوانگەوەیە کاتێک کە بەزمانی دایک قسە دەکەین میکانیزمێکی سێ لایەنی لەنێوان دەم، دڵ و زاکیرەماندا پێکدێت کە لەگەڵ یاسای سرووشتی مرۆڤ یەک دە گرێتەوە، دەتوانین بڵێین کە زمانی زگماکی کلیلێکە کە لە کردنە وەو پیشاندانی جیهانی دەروونیماندا رۆلێکی سەرەکی هەیە.

شورەیی و خەوش، بەهرە، حەیا و هونەر هەموو نهێنییەکانی دە روونیمان لە کاتێکدا دیاری دەکات کە ئێمە بەزمانی دایکمان قسە دەکەین.

منداڵ لە تەمەنی پێنجساڵیدا هەفتا لەسەدی ئەو زانیاریانە کە لە ژیانیدا پێویستی پێیەتی لە ماڵدا لەنێو بنەماڵەکەیدا فێریان دەبێت و لەتەمەنی ٦ تا ٧ ساڵەیدا کە سەردەمی ڕۆیشتن بۆ قووتابخانە دوو ڕێگای جیاواز لە بەردەمی دا سەر هەڵدەدەن کە بۆ باس لێوەکردن وهەڵسەنگاندن بەکەڵکن.

١- منداڵیک کە دەڕوات بۆ قووتانخانەی زمانی زگماکی (زمانی خۆی).

٢- منداڵێک کە دەڕوات بۆ قووتابخانەیەک کە بەتەواویی لەگەڵ زمانی دایکی جیاوازی هەیە.

قوتابخانە زۆر کاریگەری لە سەر دروست بوونی کەسایەتی منداڵ هەیە و پردێکە لە نێوان بنەماڵەو کۆمەڵگادا، یانی قوتابخانە تە واوکەری زانیارییەکانی منداڵ لە ئامێزی بنەماڵەکەیدایەو ئەو زانیاریانە زانستیانە دەکاتەوە، هەروەها ئەو لە باری جەستەیی و رۆحیەوە پەروەردەو ئامادە دەکات بۆ کار و ژیان لە کۆمەڵگادا.

هەستێکی خۆناسی(ناسنامەیی) کە منداڵ لە باوەشی بنەماڵەکە یدا پەیدای دەکات دەبێتە هۆکارێک کە ئەو منداڵە زیاتر خۆی بە بنەماڵەو نەتەوەکەیەوە گرێدراو بزانێت، لە هەمان کاتدا ئەو خۆناسییەکە هەستی نیشتمانپەروەری و خۆ بە لێپرسراوەیی لە پێوەندی دەگەڵ کۆمەڵگاکەی لە هەناویدا دەستەبەر دەکات.

لێرەوە لە سەرەتادا باس لە ئاکام و کارتێکردنی دۆخێک دەکەین کە منداڵ لە قووتابخانەی زمانی دایک لەگەڵی بەرەوڕوو دەبێتەوە ، هەرچەند بەداخەوە کە ئێمە شارەزایمان لە سەر ئەم حاڵەتە نییە، بەڵام ئەوە شتێک بووە کە ئێمە هەمیشە تامەزرۆی بووین، لە سەرەتاوە کە منداڵ دەچێتە قووتابخانە، ئەم سەردەمە سەردە مێکە کە منداڵ بۆ جاری یەکەم لە بنەماڵەو نزیکانی خۆی دوور دە کەوێتەوە، شێوە هەستێکی تەنیایی لێ پەیدا دەبێت و بەو دۆخە رۆحییەوە دەڕواتە ژوری قووتابخانەیەک کە کەسێک لەوێدا نا ناسێتەوە، دوای ماوەیەک مامۆستای قووتابخانەکە دێتە ژورەوە و دەست دەکات بەقسەکردن، مامۆستا شوێنی تایبەتی خۆی هەیەو منداڵیش هێندێک لێی دەترسێن و ئەو منداڵەش لەو دەترسێت.

ئەو منداڵە لەو حاڵەتەدا لەگەڵ زۆر کێشەی تەنیایی و نارەحەتی دووری لە بنەماڵەکەی بەرەوڕوو دەبێتەوە، بەڵام هێزێکی یارمە تیدەری لەگەڵە کە دەبێتە هۆی پێوەندی ئەو لەگەڵ ئەو نە ناسراوانەو هۆکاری دابین کردنی وەزەو توانا لە ئەودا، ئەم هێزە یارمەتیدەرە زمانی دایکیی منداڵەکەیە کە وەک ئامرازێکی زۆر کاریگەر لەژیانی ئەودا لەو سەردەمەدا کارتێکردنی تایبەتی بەخۆی هەیە و بەزمانی دایک لە گەڵ ئەو خەڵکە نەناسراوانەپێوە ندی دروستدەکات.

مامۆستاکە ناناسێت بەڵام زمانێک کە مامۆستا قسەی پێدەکات بۆ منداڵەکە ناسراوەو زۆر بەباشی لێی تێدەگات و لە ژێر کارتێکەری ئەو زمانەیە کە ئەو منداڵەهەست دەکات کە مامۆستاکەش تاکێکە

لە تاکی نەتەوەکەی خۆی و لە دەرسەکەش بەباشی تێدەگات چونکە بەزمانی دایکێتی.
زمانێک کە مامۆستاکە بەکاری دێنێت زمانێکە کە بۆ منداڵەکە ناسراوە، زۆر بەگورجی دەتوانێت جوابی پرسیارەکانی مامۆستا بداتەوەو خۆی لەگەڵ دۆخەکە ڕێکخات و دەبێتە هۆی ئامادە بوونی زاکیرەی منداڵەکە، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆکارێک بۆ یارمەتی ڕۆحی منداڵەکەو کردنەوەی دەرگای تێکۆشان بەڕوویدا.
منداڵەکە ئەو ئیمکانەی هەیە کە لە سەر قسەکانی مامۆستا شیکاری هەبێت و لێیان بکۆڵێتەوەو پرسیاری بەجێ بکات، لەم قۆناخەدایە کە منداڵ هێزی لێکۆڵینەوەو ژێر و ڕووکردنی گەشەدەکات و توانایی دەگاتە قۆناخی پێویست.
چونکە فێرکردن بەزمانی زگماکییە هەستی خۆباوەڕیی، هەستی بە هەند گرتنی بنەماڵەو بەهای نەتەوایەتی لەودا زیاتر دەستەبەر دەکات و لەسەر ئەو بناخانە کەسایەتی خۆی دادەمەرزێنێت.

ئێستاشبا بزانین ئەگەر فێرکردن بەزمانی دایکی نەبێت چ ڕوودە دات.
لە سەرەتادا بۆ دەبێت فێرکردن(خوێندن) بەزمانی زگماکی نەبێت؟
لە هەر وڵاتێکدا کە مرۆڤەکان لە بارهێنان و فێرکردن بەزمانی دایکیی خۆیان بێ بەش دەبن ئەوە بەو مانایەکە بناخەی ئەو وڵاتە لە سەر چەوسانەوەی سیاسیی، زوڵم، زۆر و سەرکوت دانراوە، لەو وڵاتە چەوسانەوە هەیە، لەو وڵاتەدا زمانێک، کۆمەڵێک خەڵک بەسەر زمانەکانی دیکەو خەڵکانی دیکەدا باڵادەستیان هەیەو هەر ئەوانیش بڕیاردەرن.
ئەوە بەو مانایە کە لە لاپەڕەکانی مێژووی ئەو وڵاتانەدا لە درێژخایانەوە بڕیاری "استثماری" تاواندەنەوەی ئەو مرۆڤانە کە لە دەسەڵاتدانین گلاڵە کراوە.

بۆ تاواندەنەوەو لەنێو بردنی کۆمەڵێک خەڵک سێ ڕێگای گرنگ هە ن:

١. لەنێو بردنی نەوەی ئەوان لە ڕێگای فیزیکییەوە بەبۆمبێکی ژە هراوی کە ئەو کارە لە وڵاتی ئێمەدا ئیمکانی نییە چونکە نتەوە کانی ژێردەست لە هەموو وڵاتاندا بلاو بوونەتەوە.

٢. لەناو بردنی ئەگەری (هیپۆتێزم) گۆڕینی ژێنی بێخەوش (ژێن-شتێکە کە لە سلوکی مرۆڤەکاندایە) و خوێنی خاوێن. ئەو ڕێبازە لە هێندێک وڵاتدا کاری لەسەر کراوە بەڵام ئێستاکە جێگای سەرنج نە ماوەبەو هۆیەوە کە مرۆڤەکان بەدرێژایی مێژوو لە هاتووچۆدا بوون و ئەم تێکەلاویی هۆکارێک بووە بۆ نەمانی ژێن خاوێن و ئەگەر ژێنی خاوێنیش مابێت ئەوە ژێنی نەرێنییە و زانایان و ژێن ناسە کان سەلماندویانە کە ئەوانە وا هەڵگری ژێنی خاوێنن ڕادەی بیرکردنەوەو توانایان زۆر لە خوارەو لە هەمبەر نەخۆشیە جۆراوجۆرەکاندا ناتوانن زۆر خۆڕاگر بن.

٣. لەنێو بردن لە ڕیگای ژێنەکانی مەدەنی(موڵکی) و کولتوورییە وە.

ژێنەکانی کولتووری کامەن؟

ژێنی کولتووری و مەدەنی بەو شارستانیەت و کەلەپوورانە دەڵێن کە مرۆڤەکان لە ڕابردووی خۆیانەوە وەک بەهای نەتەوەیی یان بنەماڵەیی بەمیرات بۆیان ماوەتەوە، ئەمەش ئەو شتەیە کە ڕامیاریکارانی نەتەوەو زمانی دەسەڵاتدار بڕیارو هەوڵی لە ناوبردنیان بۆداوەو پرۆسەی تێکپێچانەوەیان بۆی هەبووەو هەشە.
نەتەوەی دەسەڵاتدار بۆ سڕینەوەی نەتەوەی ژێردەستی خۆی دەیە وێت لە ڕێگای قەدەغە کردنی زماننناسی ئەو نەتەوەوە مێژوو،

کولتوور و ناسنامەی لەنێو بەرێت و ئەوان بەشێوەی کۆیلەو مرۆڤی پلەی دووهەم دەربێنێت و لە کۆتایی دا ناسنامەی نەتەوایەتیان لەمێژوو بسڕێتەوە، تەنها نەتەوەیەک لە نێو دەچێت کەزمانی دایکیی خۆی لەبیر بکات و نەتوانێت بەزمانی زگماکی قسەبکات.
لەڕاستیدا لە ڕۆژی یەکەمی قووتابخانەی تاکە زمانییەوە پرۆسەی تواندەنەوەی نەتەوەو زمانی ژێردەست دەست پێدەکات و هەرچەند ئەو پرۆسەیە بەردەوام بێت مەترسی تواندەوەی فیزیکی نەتەوەی ژێردەست زیاتر و زیاتر دەبێت.
منداڵ کە ڕۆژی یەکەم دەڕوات بۆ قووتابخانە مامۆستا دێتە ژورەوە و دەست دەکات بەقسەکردن، بەڵام منداڵەکە بەهۆی ئەوەوە کە زمانی مامۆستاکە زمانی دایکی نییە هیچی لێ تێناگات، حالە تێکی زۆر نالەبار ڕووی لێدەکات وگیرۆدە دەبێت، زمانێک کە لە دایک و بابیەوە فێری بووەو جێگای شانازیەتی لێرەدا بەکارنایەت و نرخی نییە، پێیان وتبوو بڕۆ بۆ قووتابخانە تا ببیت بەمرۆڤێکی حیسابی و ڕێزدار، بەڵام بۆ بوون بەمرۆڤێکی حیسابی زمانی ئەو بێ کەڵکەو دەبێت بەزمانێکی بێگانە دەرس بخوێنێت، بۆ بوون بە مرۆڤێکی ڕێزدار دەبێت بەزمانی دەسەڵاتدار قسەبکات، ئەمە یانی چی؟ یانی ئەوانە کە توانای فێربوونی زمانی دەسەڵاتداریان نییە وەک مرۆڤ حیسابیان بۆ ناکرێت یان مرۆڤ نین!
ئاکامی ئەم کارە بۆ منداڵ دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەموو ئەو کە سانە کە وا بەزمانی دایکیی ئەو قسە دەکەن لە دەروونیدا بەهاو ڕێزیان نەمێنێت، ئەم شێوە بیرکردنەوە تاڵە هەر سات و کاتێک منداڵەکە ئازار دەدات و ئاکامەکەی دەبێت بەوە کە هەر سات و زە مان بڕواو هەستێک کە بەزمان، بنەماڵەو کولتووری هەی بووە لە دەروونیدا بمرێت، هەر ڕۆژە زیاتر و زیاتر سووکایەتی پێ دەکرێت و وردەوردە دوای ماوەیەکی کورت ناسنامەیەک کە لە بنەماڵەکەیە

وەوەرگرتبوو لەنێو دەچێت، لە ئاکامدا پێوەندی و بڕوای بەبنەماڵە و نەتەوەکەی نامێنێت.

لەو ڕووەوە کە منداڵ زمانی مامۆستاکەی نازانێت ناتوانێت ئەو بابەتانە کە ئەو دەرسیان دەدات بەباشی وەرگرێت، لە مامۆستا باش تێناگات و ناتوانێت شیکاریی لە سەر قسەکانی ئەو هەبێت، ناتوانێت پرسیاری بەکەڵک بکات، ئەگەر شتێک حاڵی بێت ناتوانێت بەزمان دەری ببڕێت و بۆ کەسانی دیکە شیکاریان لە سەر بکات چونکە زاکیرەو زمانی دەربڕینی لێک جودا کراونەتەوەو شێوە تێکەڵاویەکی تێدا دروست بووە، بەزمانی دایکیی تێدەگات بە ڵام توانای بەیانی تێگەیشتنەکەی نەماوە بەکورتی پێوەندی نێوان زاکیرە، دڵ (دەروون) و زمان (دەم) دەپچڕێت و ئەمە زیانێکی قە ربوو نەکراوەیە بۆ پێگەیشتنی مرۆڤەو ئاسەواری زۆر خراپی لە سەر دەروون، هەست و کەسایەتی ئەو دەبێت.

هەموو ئەم ڕاستیانە ئەوەمان پیشاندەدات کە بێبەش کردنی منداڵ لە خوێندن بەزمانی زگماکی ئاکامەکەی دەبێت بەوە کە:
زۆربەی ئەو منداڵانە کە لە قووتابخانەی بەزمانی دایکیی دەرس ناخوێنن هێزی بڕوا بەخۆ بوون لە دەست بدەن و هەر لە سەرەتاوە مەیلی ڕۆیشتنیان بۆ قووتابخانە زۆر کەمەو ڕادەیی سەرپێچی کردن زۆرە، ئەم حاڵەتانە دەبنە هۆکارگەلێک بۆ ئەوەی کە ژمارە ی نەخوێندەوار لەو وڵاتانەدا کە خوێندن بەزمانی زگماکی ئیمکانی نییە زۆر لە سەرتر بێت تا ئەو وڵاتانەی کە خوێندن بە زمانی زگماکییە.
بەو هۆیەوەوە کە منداڵ زمانی مامۆستاکەی نازانێت بەشێکی زۆرکەمی دەرسەکە تێدەگات و ئەمە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە ئەم جۆرەمنداڵانە هێواش هێواش هێزی بڕوا بەخۆبوون لە دەست

بـدەن، چونکـە ئـەم تاقمـەمندالانـە هێـزی بـڕوا بـەخـۆ، بنـەماڵـەو گرێدراویی کۆمەڵایەتیان بەنەتەوەکەیان لاواز دەبێت و بەناچاری دەکەونە دوای پەیداکردنی ناسنامەیەکی دیکەوە.
چونکە زمانی تێگەیشتنی ئەم منداڵانە لەگەڵ زمانێک کە لە قووتابخانەدا قسەی پێدەکەن(زمانی دەربڕین) بێگانەیە ناتوانن ئەو وتار و بابەتانەیی کەوا لێی تێدەگەن بەشێوەی ئاسایی شیکاریی و توێژنەوەیان لە سەری هەبێت یان پرسیاری لێ دروست بکەن، دەبێت بڵێین لە ئاکامدا ئەم منداڵانە دەبنە گاڵتەجار و مرۆڤێکی لاسایی کەرەوە، بەکورتی وەک تووتیان لێدێت.
ئەگەر بمانەوێت بەکورت و کراوە باس بکەین دەبێت بڵێین منداڵی ئەم چەشنە نەتەوانە لە ئاکامدا لەگەڵ کەلەپوور و میراتی کولتووری، بیرو و کردار، زمان و ناسنامەی ڕابردووانی خۆیان بیگانە دەبنەوەو بەگوێرەی پرۆسەیەک کە بۆیان گڵاڵە کراوە دە یانکەن بەنەسلێکی(بەرەیەک) ئامادە بۆ قبوولی کۆیلایەتی، نە وەیەک تەنیا کاتێک دەگۆڕێت بەکۆیلە کە لە زمانی دایکیی، کولتوور و مێژووی خۆی جودا کرێتەوە.

کورتە باسێک لە سەر ژیان و مێژووی هەمەوەندەکان.

پێشەکی: لەم سەردەمەدا کە من ئەم بابەتە دەنووسم سەردەمێکە کە زۆر باس و بابەت لە سەر چین توێژەکانی کورد دەنووسرێتەوە، زۆر بابەت و ڕووداوی مێژوویی زیندوو دەکرێتەوە منیش ویستم لە ڕێگای نووسینی ئەم بابەتەوە ئەو بەڕێزانەی کەوا زانیاری ئە

وتۆیان لە بەسەرهاتی هەمەوەندەکان نییە بتوانن لەڕێگای ئەم چەشنە نووسراونەوە هێندێک زانیاریان دەست بکەوێت، هەروەها هۆکارێکی بچووک بم بۆ وەبیر هێنانەوەی باسی ئەو کۆمەڵە خەڵکە، من بۆ خۆم ئەوە لە بەرچاو ناگرم داخۆ خەڵک یان خوینەر ناوی شۆڕشگێر یان هەر ناوێکی دیکە لە سەر هەمەوەندەکان دانێن و ئەو بەشەیان دەهێڵمەوە بۆ ڕاوبۆچوونی خوێنەران.
مێژووی هەمەوەندەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی دوور، هەمەوەندەکان لە قارەمانی و بەرخوداندا زۆر بەناوبانگ بوون.
بەپێویستی دەزانم ئەوەش بڵێم کە هەر ناو و ناتۆرەیەک ئەرێنی یان نەرینی لە سەر هەمەوەندەکان خۆمی لێ بەرپرس نازانم، بڵکو سەرچاوەکان یان ئەو کەسانە کە بەشێوەی زارەکی باسەکە یان بۆ من گێڕاوەتەوە دەبێت وەڵامدەرەوە بن.
هەروەها زۆر سوپاسی بەڕێز کاک محمەدعەلی سولتانی نووسەری بە توانای کورد دەکەم کە وێرای پرسیاری ڕاستەوخۆ لە بەڕێزیان، کتێب و نووسراوەکانی ئەو یەکێک لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی ئەم نووسینەوەی من بووە، دەبێت سوپاسی ئەو بەڕێزانش بکەم کە بەشیوەی زارەکی هێندێک زانیاریان پێ بەخشیم.
زۆر بابەت هەن بۆ باسکردن و نووسین لە سەر هەمەوەندەکان بە لام من هەوڵدەدەم بۆ نووسینی بابەتێکی زۆر کورت، هەروەها داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر لەلایەن منەوە هەڵەیەک هەبێت.
ئیمکانی هەڵە لە ڕێکەوتی سالەکاندا هەیەو لەو بارەیەوەخۆم لێپرساو نازانم.

هەمەوەندەکان.

بەگۆێرەی زۆر نووسراوو بابەتی مێژوویی و باسەزارەکییەکان هەمەوەندەکان بنەماڵەیەک یان عەشیرەتێک بوون لەناودەروەن لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە هێندێک نووسراودا باس لە سنە کراوە، دەڵێین کە لەدوای چەندەها جیابوونەوەو لێک ترازانی سازکراوی دەستی نەیاران و پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی ئایینی و فکری، پێنج تیرەیان کە ناوبانگ بوون بە"چەلەبییەکان، سێتەبەسەرە کان، ڕەشەوەند، ڕەمەوەند و سەفەرەوەندەکان خۆیان جودا دەکەنە وەو لە ساڵی ١٧٠٠ز دا ناوچەی "بازیان" سەر بەسلێمانی بۆ شوێنی ژیانی خۆیان هەڵبژاردووە و لە چوارچێوەیەکی جوگرافیایی کە لەلای باکوورەوە دەبسترێتەوە بە شوانی بازیان، لە باشوورەوە بە ئاوی تاوغە، لە ڕۆژهەلاتەوە بە زەنجیرە چیاکانی تاسوجەو بن زەرد، لە ڕۆژئاواوە بە قەرەحەسەن و شوانی خاسەوە، هێندێک سەرچاوە باس لەوە دەکات سێتەبەسەرەکان جافن کە تێکلاو بە هەمەوەندەکان بوونە.

کاتێک کە مرۆڤ بەوردی کردەوەی هەمەوەندەکان بخوێنێتەوە ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت کە بەشی هەرەزۆری کردەوەو شەرەکانی هەمەوەندەکان لە پێناو پاراستن و مانی خۆیان و ئەو چوارچێوە جوگرافیاییە بووە کە تێدا ژیاون. ناوچەی نیشتەجێ بوونی ئەوان لەو سەردەمەدا لە نێوان دوو دەسەڵاتی دژی گەلی و ناسیونالیزمی کوێردا هەڵکەوتووە، کە بریتی بووە لە دەسەڵاتی قاجارەکان (ئێران) و عوسمانییەکان (تورکیا)، لە هەمان کاتیش ئەو دوو دەسە ڵاتە هەمووکات لە فکری زیاد کردنی دەسەڵاتی ڕەشی خۆیاندا بوون.

هەڵسوڕاویی و چالاکی هەمەوەندەکان بوونەتە هۆکارێک تا ئەو تاقمە کوردە لە هەموو هۆز و تاقم و دەستەیی ئەو سەردەمەی کوردەواری زیاتر بە ناوبانگ بن، دەتوانین بڵێین کە چقڵی چاوی داگیرکاران و دابەشکارانی کورستان بوون.

لە زۆر نووسراودا هاتووەو زۆرکەس کە ئیستاش لەژیاندا ماون دە لێن هەمەوەندەکان بەتێرە کوردێکی شۆڕشگێڕو چاونەترس و بە ناوبانگ ناسراو بوون، هەروەها مێژووی خۆێناویی و پر لە تێکۆشانی ئەوان شاهیدی زۆر ململانێ لەگەڵ داگیرکارانی کوردستانە.
لە کاتی شەڕدا مەسەلەی پیاو و ژن بۆ هەمەوەندەکان زۆر گرنگ نەبووەو هەموویان شەڕەوڤان و قارەمانانە پێکەوە شەڕیان کردووە و کاتێک کە گیراون یان دوورخراونەتەوە پێکەوەگیراون پێکەوە دوورخراونەتەوە. لە نێو هەمەوەندەکاندا هێندێک ئافرەت هەبوون کە بەچاکی ڕابەری شەڕی دژی داگیرکارانیان کردەوەو بۆ خۆشیان لە سەنگەری پێشەوی گۆڕەپانی شەڕکەدا بوون.

زۆرکات هەوڵدراوە تا کردەوەی هەمەوەندەکان بەرنە نێو مەبەستێکی نەرێنییەوە بەلام بۆ من کە تا ڕادەیەکی زۆر لە پرنسیپ و ستراتیژیی ناحەزان ئاگاداریم هەیە ئەو خاڵە نەرێنیانە ڕەت دەکەمەوەو لێرەدا باسیان ناکەم، بەلام بەگوێرەی مێژووی سەردەم ناشکرێت بڵێم هەموو کردەوەکانی ئەوان بەپێی پرۆژەیەکی سیاسیی دارێژراوە.
بابەت و باسە مێژوویەکان واپیشان دەدەن کە دوو بۆچوونی دژ بە یەک لەئارادا بوون و هەمیشە پێکەوە پێکدادانیان کردەوە، یەکەم ئەوەی کەهەوڵی ژێردەستەکردنی داوە، دووهەم ئەوەیان کە هە وڵیداوە تا مانو بوونی خۆی بەسەلمێنێت و ژێردەستی قبوول نە کات، بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم دووخاڵە زۆرەو بەبڕوای خۆم باشترین بەڵگە ئەوەیە کە هەمەوەندەکان هەرگیز بۆماوەیەکی زۆر دەسەلاتی داگیرکارانیان قبوول نەکردووەو هەمووکات هەوڵیانداوە تا دەسەلاتی ناوچەی خۆیان بەدەست خۆیانەوە بێت، هەروەها هە

مووکات لەفکری زیاد کردنی دەسەڵاتی خۆیاندا بوون بەتایبەتی لە سەردەمی بەدەسەڵات گەیشتنی جوانمیرخانی هەمەوەند دا.
ساڵی ١٧٨٧ز بە هاوکاری دەسەڵاتداری ئەوکاتی قەڵاچۆلان دژی دەسەڵاتی والی عوسمانی هەستانەوە کە ئەو بەرهەڵستکاریە بوو بەهۆی سەربەرزی و ڕێزلێنان لە هەمەوەندەکان لە هەموو کوردستاندا. ساڵی ١٨١٩زایینی بەهاوکاری عەبدولرحمان پاشای بابان والی دیاریکراوی ئێران دژ بەنەجیب پاشا والی بەغدا ڕاپەرین و لەساڵی ١٨٣٤ز دا یارمەتی ئەحمەد پاشا دواین میری بابانیاندا بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، لەساڵی ١٨٣٦ز دا بەیارمەتی عەزیز بەگی بابان دژی عوسمانییەکان ڕاپەرین و دوای تێکشانی عەزیز بەگ هەمەوەندەکان شکان و بەڵاوەیان لێکرد، بەڵام بەشێوە ی شەڕی پارتیزانی کاتی و کورت مانو مەوجودیەتی خۆیان بە دە ولەتی عوسمانی پیشاندەدا و لە ئاکامدا ناچاربوون کە ڕوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن، حکومەتی ئەوکاتی ئێران لە زۆر مەڵبەندی ئەو بەشەی کوردستاندا لاواز بوو. هەمەوەندەکان بۆ ماوەی ٧ ساڵ لە ناوچەی" زەهاو" دا مانەوە(زەهاو ئێستاکە سەر بە هەرێمی (پارێزگا) کرماشانەو لە نێوان کێوەکانی بەمۆ و داڵە هۆدا هەڵکەوتووە).
لەساڵی ١٨٦٢ز دا دەسەڵاتدارانی عوسمانی بەو ڕاستییە گەیشتن کە ناتوانن هەمەوەندەکان لەنێو بەرن و ڕێگای ئاشتیان وەپێشگرت و هەمەوەندەکان گڕانەوە بۆ بازیان.
ساڵی ١٨٦٧ز دیسان دەستیان دایە ڕاپەرین دژ بەنامیق پاشا والی عوسمانی لەبەغدا و شەڕێکی توند و بەرین لەنێوان دەولەتی عوسمانی و هەمەوەندەکان دەستی پێکرد و هەمەوەندەکان هێزی شەڕ نەکەری خۆیان ناردەوە بۆ ناوچەی زەهاو کە ئێستاکە کەوتووەتە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەمەوەندکان بۆ ماوەیەک ناوچەی زەهاویان وەک مەکۆو بارەگای کاتی خۆیان

دەستنیشانکرد، بەڵام هەر ئەو ساڵ دیسان دەولەتی تورکیا مەسەلەی ئاشتی لەگەڵیان هێنایەوەگۆڕێ.

لە سەردەمی دەسەڵاتداری محەمەد پاشا لەبەغدا دەستیان دایە ڕاپەرین و محەمەد پاشا هێزێکی پۆشتەو پەرداخی لە گەڵ ٥٠٠ سوارچالاک بە ڕابەرایەتی کەسێک بەناوی چرکس نارد بۆ شەڕ لە گەڵ هەمەوەندەکان کە ئاکامەکەی بوو بەتێکشکانی ئەو هێزەو ڕووخانی دەسەڵاتی مەدحەد پاشا و هاتنە سەرکاری جێگرەکەی بەناوی رەئوف پاشا، رەئوف پاشا بۆ مانەوەی خۆی لەگەڵ هەمەوە ندەکان ڕێگای ئاشتی هەڵبژارد و هەمەوەندەکان دەسەڵاتی ناوچە ی خۆیان بەدەسەتەوە گرت، ناوچەکە تا ساڵی ١٨٧٨ز لە ئاسایش و هێمنی دا مایەوە، بەڵام لە کۆتایی هەمان ساڵدا کێشەیەکیان لە نێوان زەنگنەکان و هەمەوەندەکاندا دروستکرد کە ئاکامەکەی بوو بە شەڕو تێکشکانی زەنگنەکان، زەنگنەکان داوای یارمەتیان لە دە ولەتی تورک(عوسمانییەکان) کرد و حکومەتی عوسمانی هێزێکی زۆر کە بریتی بوو لە ٧٥٠ سوارچاک بەسەرپەرشتی حاکمی کفری و یارمەتی عەشیرەکانی زەند، پاڵان، تالەبان و باجەلان لەگەڵ چە ک و تەقەمەنی زۆر لە ڕێگای خانەقینەوە نارد بۆ یارمەتی زەنگنە کان، بەڵام ئەو هێزە زۆر و پۆشتەو پەرداخەیی دەولەتی عوسمانی و لایەنگرانی خۆماڵیان بەشێوەیەکی زۆر خراپ تێکشکێندران و بە شێکی زۆریان بەدیل گیران کە لە کۆتایی دا دیلەکانیان ئازاد کردبوو.

حکومەتی تورکیا کە لەو سەردەمەدا خۆی بە تاکە هێز ناوچەکە دەزانی ئەم شکستەی زۆر لاگران هاتبوو، لە کاتێکدا کە هەمەوەندە کان سەرقاڵی ناردنی پیر و بەساڵداچووان لەگەڵ منداڵەکانیان بۆ ناوچەی زەهاو بوون، حکومەتی عوسمانی بەمەبەستی لەنێو بردنی

هەمەوەندەکان هەستایەوە بە ناردنی ستونێکی عەمەلیاتی (هێزێکی جەنگی) بە سەرکردایەتی ئەدهەم پاشا، ئەو هێزەبریتی بوون لە ٨ بەتالیۆنی پیادەنیزام بەئالای تورکیاوە لەگەڵ هێزی سوارەنیزام و تۆپخانەی قورس، لە ئاکامدا هەمەوەندەکان لە ناوچەی گۆتەپە ڕێگایان بەو هێزە گرت و توانیان بەشێوەیەکی قارەمانانە ئەو هێزەی تورکیا گەمارۆ بدەن، تێکیانبشکێنن و ئالاکان بەسووتێنن و ئەدهەم پاشا بەدیلی بگرن و لەگەڵ خۆیان ببیەن بۆ زەهاو، (لەکۆتایی دا ئەدهەم پاشایان ئازاد کرد).

هەمەوەندەکان لە فکری دابین و بەرین کردنی دام و دەزگای خۆیان لە زەهاودا بوون کەحکومەتی ئێران و تورکیا وەک کردەوەی هەمیشەیان ڕێککەوتننامەی لە نێوبردنی هەمەوەندەکان واژۆ دە کەن و لە ئاکامدا ئێران هێزێکی پانزدە هەزار (١٥٠٠٠) کەسی لە گەڵ هێندێکی زۆر لە کەسانی ناحاڵی خۆجەیی ناردبوو بۆ شەڕی هەمەوەندەکان و لە لایەن تورکیاوە هێزیکی زۆر هاتنە کێوەکانی دڕۆلە، گۆزیل و بەمۆ لەنزیک دەربەندیخان.
هەمەوەندەکان منداڵ و پیرو پەککەوتووی خۆیان لەناوچەی عەلیپە کان و دۆڵی هەواسان حەشاردا و ژنان و پیاوانی شەڕکەری هەمە وەند لەناوچەی حاجی لەر ڕێگایان بەهێزەکانی ئێران گرت و دوای شەڕێکی نابەرابەر بەڵام بێوێنە دەتوانن ئەو هێزە تێکشکێنن و هە تا دەشتی ماهیدەشت ڕاویان بنێنن، لەو شەڕەدا هەمەوەندەکان چەک و تەقەمەنی زۆریان دەسکەوت و دەتوانیان ناوچەی دەسە ڵاتی خۆیان زیاد بکەن و بگۆێزنەوە بۆ قەسری شیرین، سەرپێڵی زە هاو تا قورەتوو.
ساڵی ١٨٨٠زایینی ڕێکەوت لەگەڵ ١٢٩٨هجری جوانمێر هەمەوە ندی(جوانمێرخان) لە بنەماڵەی بەگزادە سەرهەلدێنێت و زۆر بە ناوبانگ دەبێت و قەسری شیرین وەک بنکەی تایبەتی خۆی دیاری

دەکات و بەدژایەتی لەگەل سیاسەتەکانی حکومەتی عوسمانی (تورکیا) بەردەوام دەبێت، هەروەها سیاسەتی نەدۆست و نەدژمن لەگەل حکومەتی ئێران(قاجارەکان) پەیرەو دەکات.
لە ئاکامدا هەر دوو نەیاری هەمەوەند پیلانێکی دیکەی سەربازی دادەڕێژن و ئێران هێزێکی زۆر بەفرماندەهی حسام الملک (ئەمیر شەوری، محەمەد حوسین خان ) و عوسمانییەکان هێزێکی زۆر بە سەرکرایەتی قودرەت ئیسماعیل پاشای دیاربکر و بەهاوکاری هێزێک لە بەغداوە قەسری شیرین وەک ئامانجی خۆیان دیاری دە کەن، حسام الملک کە پیلانی لە پێش داڕێژراوی دەبێت داوای وتووێژ دەکات و لە ئاکامدا جوانمیرخان لە سەر سفرەی خواردن دە کوژن و هەمەوەندەکان لەگەڵ شەرێکی بێ بەرنامەو بێ سەرکردەو مال وێرانکەر ڕووبەڕوو دەبنەوە و ژن و کچی جوانمیرخان هەرکام سەرکردایەتی هیزێک دەکەن بەڵام لەئاکامدا هەمەوەندەکان تێکدە شکێن و پرش و بڵاو دەبن و حکومەتی تورکیا کە هەستی تۆڵە ئە ستاندنەوەی بەهێز دەبێت دەتوانێت ئەزیت و ئازاری زۆر بە هەمە وەندەکان بگەینێت. هێندێک سەرچاوە ئەم ڕووداوە دەگێرێتەوە بۆ ساڵی ١٨٨٥ یان ١٨٨٧زایینی.
ڕۆژنامەی صوراسرافیل سەرکووت و مەرگی جوانمیر هەمەوەندی بە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢١ی جەمادی الاخر ١٣٢٥ هیجری ٢٠ی ئەسفەندی ساڵی ١٢٧٦ یزدگردی پارسی و بەدستور و پیلانی ئینگلیس و چلکاو خۆری بێکارەی کورد و لایەنگری ئینگلیس زانیوەو ئەو کردەوەیە ڕیسوا کردووە. عەلاالدین سجادی ١٨٨٥زایینی (١٨٨٧ ز) نووسیووە.
کاتێک کە محەمەد پاشای داغستانی دێت بۆ خانەقین داوا دەکات کە حکومەتی تورکیا دەست لە ئەشکەنجەو ئازاری هەمەوەندەکان هەڵگرێت وبەرهەمی ئەو داواکاریە دەبێتە هۆی دەست بەسە رداگرتنی هێندێکی زۆر لە هەمەوەندەکان و دوورخستنەوەیان بۆ

دوو مەڵبەند لەقارەی ئەفریقا لەساڵی ١٨٩٦ز ١٣١٤ ق دا. بەشێک بۆ " اطنە" دوورخرانەوە، بەشێک بۆ " طرابلس"ی لیبیا.

ئەو بەشەی کە لە دەشتەکانی طرابلس دەبن پاش ماوەیەک بە پێ ڕێگای کوردستان لەم شاخ بۆ ئەو شاخ دەگرنە بەر و دوای ماوەیەک دەگەنەوە کوردستان و زۆر نابات کە ١٥٠ سوار لە دەستەی دوورخراوەی اطنە لەگەڵ ئەوانی دیکە لە کوردستان لە بازیاندا یەکدەگرنەوەو هێزێکی ٤٠٠ سوارە پێک دێنن و بەناردەنی پەیامێک بۆ حکومەتی تورکیا ڕوو لە موسڵ دەڕۆن و دەڵێن ئەگر حکومەتی عوسمانی بە زووترین کات ئەو ژن و منداڵانە کە لە هەندەرانن نەگەڕێنێتەوە ناوچەکە دەکەن بەپارچەیەک ئاگر، حکومەتی تورکیا ناچار دەبێت کە ژن و منداڵەکانیان بەگەڕێنێتەوە بۆ کوردستان بۆ بازیان.
حکومەتی ئەو سەردەمەی ئیران و تورکیا پێش لە کوشتی جوانمیر هەمەوەندی و دوورخستنەوەی بنەماڵەکانیان بەنهێنی بڕیاری دوورخستنەوەو زۆر بابەتی دیکەیان لە سەر ئەوان دابوو، سەرنجدان بەبەڵگەکانی نێوان سەفارەتی ئێران و عوسمانی کە لە کۆتایی دا باسیان دەکەم ڕوونکەرەوەی زۆر بابەتن.

هێشتا هەمەوەندەکان بەتەواویی لاواز نەبووبن کە هەوڵی پێکهێنانی شێوە دەسەڵاتێکی دیکە لە بەشێک لە کوردستانی ئێستاکە هەڵکەوتوو لە ئێراندا دێتەگۆڕێ، لە ساڵەکانی ١٢٩١ ق(١٢٥٢ ش) دا حبیب الاخان باوەجانی (نظام الایالە) لە دەست زلم و زۆرداری حکومەتی ناوەندی و نۆێنەرانی دەولەتی کاتی ئێران، بەتایبەتی لە کاتی کوشتاری سەرانی هەورامی و ... لە لایەن عەلی ئەکبر خان شرف الملک بەفەرمانی فەرهاد میرزا

معتمدالدولە لە قەلای جونرۆدا نارەحت دەبێت و دەکەوێتە فکری دروستکردنی شێوە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ.
بەکورتی دوای ئەو ڕووداوەی هەورامان حبیب اللەخان توانی شێوە حکومەتێکی تارادەیەکی زۆر سەربەخۆی کوردی لە بەشێکی زۆر گرنگی کوردستانی ئێستاکە بندەستی ئێران و عێراقدا پێکبێنێت کە هەموو عەشیرەت و هۆزە کوردەکانی (جاف) ئەو دەوەرانە لە خۆ بگرێتەوە، بەڵام ئەوەی کە گرنگە لێرەدا باسکرێت بوونی شێوە بۆچوونێکە کە هەڵگری دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانی و ئێران بووە.
ئەو دەسەڵاتە دوو خاڵی زۆر گرنگی تێدا بیندراوە، یەکەم گوێ نەدان بەدەستووری دەرباری ئێران و عوسمانی، دووهەم و لە هە موو گرنگتر ئەوەیە کە بەتوندی دژی دابەشکردنی کوردستان بووە، دەتوانین وەک بەڵگە ئەوە باس بکەین کە ئەرک و بەرپرسیاری یە کێک لەعەشیرەتە گەورەکانی (جاف) کورد بەناوی وەلەدبەگی ئە وە بووە کە ئەو میلە مەرزییانە ( هێمای نیوان دوو دەولەت) کە دە ولەتی عوسمانی دایاندەنا لەنیوی بەرن وئەم کارە لە تەواوی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەو شێوەدە سەلاتە کوردیەدا شتێکی باس هەڵنەگر بووە.
پاش حبیب اللەخان (نظام الایالە) کوڕێکی بەناوی مستەفا خان کە لەدووایی دا بەمسعودالسلطنە ناوبانگ دەردەکات حکومەت بە دە ستەوە دەگرێت، لە هەمانکاتدا هەمەوەندەکان لە ناوچەی چەمچە ماڵ و بازیاندا دەبن کە دیسان لەگەڵ حکومەتی تورکیا کێشەیان لێ پەیدا دەبێت و دەکەونە دەژایەتی لەگەل لایەنگرانی دەسەڵاتی عوسمانی و دەولەتی عوسمانی و کێشەکە دەگاتە شەڕو پێکدادان، لە نێوان ساڵەکانی ١٣٢٢ - ١٣٢٤ق دا کێشەکە بەزیانی هەمەوە ندەکان تەواو دەبێت و بە سەدان بنەماڵەی هەمەوەندی کە ڕادە یان پترلەهەزار (١٠٠٠) کەس دەبێت بەسەرکردایەتی مەجید

چگنی و زۆراب وانکە ڕوو لە دەسەڵاتی ئەوکات ناسراو بەحکومەتی جاف بەڕابەرایەتی مستەفا خان دەکەن کە بە حکومەتی خۆیانی دەزانن و لەگەڵ پێشوازی زۆرگەرمی مستەفا خانو دەسەڵاتدارانی ئەو دەسەڵاتە ڕووبەڕوو دەبنەوە. بەڵام حکومەتی عوسمانی بە ڕاونانی هەمەوەندەکان ڕازی نابێت و بەرەسمی لە دەولەتی ئێران داوا دەکات کە بەزووترین کات هەمەوەندەکان ڕادەستی دەولەتی عوسمانی بکەنەوە، دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێران کە بۆخۆیان لە کردەوەی پێشووی هەمەوەندەکان نیگەران دەبن، هەروەها لە فکری پیلان دانان بۆ ئەو دەسەڵاتە ناوچەیە بەناو جاف دەبن، بە خێرایی نامەیەک بۆ مستەفا خان دەنووسن و داوا دەکەن کە بە زووترین کات هەمەوەندەکان ڕادەستی دەولەتی عوسمانی بکەنەوە بەڵام مستەفا خان لە وەڵامدا دەنووسێت، هەمەوەندەکان پەنابەر نین و دەولەت وڵاتی خۆیانەو برای ئێمەن و ئێمەش ناتوانین سە رشۆڕی وا بۆخۆمان لە مێژوودا تۆمار بکەین و ئامادەین هەر نە هامەتی و کارەساتێک کە لەم ڕێگادا بۆمان بێتەپێش قبووڵی بکە ین.

دەولەتی ئێران کە لەو سەردەمەدا توانای ئەوەی نابێت لە ڕێگای سەربازییەوە کارێک بکات بە ناچاری قبووڵ دەکات و ناوبانگی مسعودالسلطنە بەخەڵات بۆ مستەفا خان دەنێرێت بەڵام لە لایە کیترەوە لەگەڵ دەولەتی عوسمانی، نۆێنەرایەتی دەولەتی ئینگلیس لە کرماشان و حکومەتێکی تازە کیانگرتوو لە عێراق دە ست دەدەنە پیلانگێری و چەند جار وەک عێراقیش داوای هەمەوە ندەکان دەکەنەوەو دەنگۆی ئەوەی کە هێرەشیان بۆ دەکەن لە زاراندا بەڵاو دەبێتەوە، هەمەوەندەکان بۆ خۆیان لە سیاسەتی دە ولەتی عوسمانی دڵنیا نابن بەڵام مستەفا خان دەڵێت جا لۆتییەک لە تاران و دەرۆێشێک لە ئەستانبۆل چیان لە دەست دێت، مەبە

ستی لە شای ئێران (مظفرالدین شای قاجار) و خەلیفەی عوسمانی بووە.
بەکورتی پیلانی سێ قۆلی ئێران، ئینگلیس وعوسمانی بەمەبەستی لە نێوبردنی ئەو دەسەلاتە ناوچەیی و لە نێوبردنی هەمەوەندە کان دەستپێدەکات، پیلانی پیلانگێران کە بریتی دەبێت لە: یەکەم دروستکردنی تەفرەقەو دووهەم دروستکردنی شێوە شەرێکی نیوە ڕاست و نیوە درۆ دەستپێدەکات و دەتوانن سیاسەتی خۆیان پێش بەرەن.

لە چاوپێکەوتنێکی نیوان جوانمیر خانی زرقام کوری داود خان و محمەد عەلی شای قاجار لە ساڵی ١٣٢٦ ق دا بەگوێرەی پلانێکی پێشتر داڕێژراو محەمەد عەلی شا ناوبانگی "صارم الممالک " لەگە ڵ حوکمی پێشکەش کردنی بەشێکی گرنگ لەخاکی دەسەلاتی جاف یانی جەگیران دەنێرێت بۆ فەتاح بەگی وەلەدبەگی (فەتاح بەگی گەورە) کە یەکێک لە گەورە پیاوانی ئەوکاتی حکومەتی حبیب الله خان و دوایش بە یەکێک لە گەورەپیاوانی دەسەلاتی مستەفا خان دەناسرێت، مستەفا خان لەو کردەوە ئاگادار دەکەنەوە کە بەداخە وە بەگورجی حوکمی گرتنی فەتاح بەگ و هێندێکی تر لە سەرانی وەلەدبەگی دەردەکات وئەونیش لە ترسا ژن ومندالەکانیان دەنێرن بۆ لای جافر سولتانی هەورامان، جافر سولتان بۆ خۆی یەکێک لە گەورە پیاوانی دەسەلاتی حبیب الله خان یان جاف بووە. بەلام پیاوەکانیان بۆ خۆیان ناچن بۆ هەورامان و بەگوێرە پلانی دیاریکراو پەنا دەبەنە داود خانی کەڵهور (ئەمیرئەعزم).
(تێبینی: باس لە هێنێدک کەموکوریی لە ڕابەرایەتی ئەوکاتی جافەکاندا کراوە کە توانیویەتی یارمەتی بە سەرکەوتنی پیلانی پیلانگێڕان لە سیاسەتەکانیاندا بکات).

لە کۆتایی دا شەڕێک لە نێوان داود خان (ئەمیرئەعزم) و سنجاوییەکان دروست دەکەن و مستەفا خان هێرەش دەکات بۆ سەرداود خانی کەلهور (ئەمیرئەعزم) و لە چەند قەدەمی کرماشاندا مسعودالسلطنە دەکوژرێت و لە شکری جاف و گۆڕان و ..... تێکدە شکێت و هەمەوەندەکان بەوپەری فیداکار و لێبوردیەوە، قارەمانانە ڕاوەستاویەکی زۆر بێوێنە لە خۆیان پیشان دەدەن بەڵام هیچیان پێناکرێت هەموو لشکری مسعودالسلطنە پرش و بڵاو دەبن کە هەمەوەندەکانیش بەشێک لەوان بوون.

دەکرێت بڵێین دوای ئەو تێکشکانە کە بەپێی نووسراوەکانی کنسولگەری ئینگلیس لە کرماشاندا ساڵی ١٣٢٧ق، ١٢٨٨ش، ١٩٠٩ز هاتووە، زۆر ئاڵوگۆڕ لە ناوچەکاندا پێکدێت و چ دیکە باسێکی ئەو تۆ لە هەمەوەندەکان نامێنێت، دەبێت بڵێین بەداخەوە هەمان ساڵ دەبێتە کۆتایی کێشەی حکومەتی تورکیا، ئێران و هەمەوەندەکان.

هەروەها دوای کوژرانی مستەفا خان (مسعودالسلطنە) کوڕی حەبیب اللە خانی باوەجانی حکومەتی جاف بە پیلان و کارگێڕی ڕەز شا پەهلەوی یەکگرتوویی خۆی لە دەست دەدات و دەسەڵات بەشێوەی بنەماڵە و عەشیرەت لە نێو دەسەڵاتدارانی جافدا دابەش دەبێت، لەم پێوەندییەدا لە باسێکی دیکەدا هێندێک شیکردنەوەمان دەبێت.

بۆ زانیاری زیاتر هەمەوەندەکان ئێستاکە بە زۆری لە ناوچەی چەمچەماڵ، بازیان و ئەو چوارچێوە جوگرافیایی کە لە سەرەوە نووسراوە دەژین و لە سەر ئاستی سەقامگیری و دابین کردنی دەسەڵاتی خۆماڵی لە باشووری کوردستاندا چالاک و هەڵسوڕاون.




**لە ساڵی ٢٠١٣ی زاینی توانیمان بە خزمەت ڕێزدار بەهشتی کەریم ئاغایی هەمەوەند بگەین.**

---

بۆ زانیاری زیاتر لە سەر هەمەوەندەکان یان باسەکەی من دەتوانن چاو لە بەڵگەو سەرچاوەکانی کۆتایی ئەم کتێبە بکەن:

## کورد و تاراوگە.

کاتێک کە باس لە دوورخستنەوەی هەمەوەندەکان دەکەین وا باشە ئەوەش لە بیر نەکەین کە سەرچاوەی بیرۆکەی دوورخستنەوەو ڕاگوێزکردنی کورد لە زێدی باوباپیرانی خویان وڵاتی ئێران بووە، وڵاتی ئێران سەردەمێکی زۆرە کە ئەو سیاسەتەیی ڕاچاو کردەوە،

پرۆژەی دوورخستنەوەی کورد مەسەلەیەکی تازە نییە، ئەو پرۆژە زۆر لە مێژتر دارێژاوەو کوردیان بە بیانووی جۆراوجۆر لە ئێراندا دوورخستەوەتەوە بۆ نموونە بۆ مەڵبەندی فارس (خۆراسان) و شوێنەکانی دیکەی ئێران کە لەم سەردەمدا ئاڵوگۆڕی بەرین لە کولتوور و زمانی زۆربەی ئەو کوردە ڕاگوێزراوانەدا پێکهاتووە.

لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی هەروەها دواتریش حکومەتی عێراق جنوب کە شاری ڕۆمادییە بۆ دوورخستنەوە هەڵبژاردووە، بۆ جێبەجێکردنی پلانی دژی مرۆڤی خۆیان لە یەک تاکتیک یان یەک سیاسەت کەڵکیان وەرگرتووەو کوردانی دانیشتووی باشووری کوردستان (کوردانی بەناو عێراقی) بەشێوەی جۆراوجۆر ناچار کراون تارِوو لەو مەڵبەندە بکەن کە هەڵکەوتووە لە سنووری نێوان عێراق، ئوردوون و عەربستانی سعودیدا، لە ڕۆمادییەو فەلوجەدا زۆر کورد هەبوون کە سەردەمێکی زۆر لەو مەڵبەندەدا جێگیر ببوون.
تا ئەو جێگایە کە پێوەندی بە مەسەلە کوردی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە وا بەباش دەزانم کە دوو کار پێکەوە بکەین یانی بگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو، مەبەست لە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ئەوەیە کە بتوانین بە کورتی چاوێک بەسەر ڕابردووی ڕابردووانی هەمان خەڵکدا بکێشین کە پێکهێنەرانی زۆرینەی ڕاگوێزراوان بوون بۆ ڕۆمادییە و منیش بۆ ماوەیەک لەو ئۆردووگادا ژیاوم، کاتی باسکردن لە ڕابردووی ڕابردووانی ئەو خەڵکە مێژووی ڕاگواستنەوە بۆ ڕۆمادیمان دەست دەکەوێت.
من لە باسێکی تایبەت بەهەمەوەندەکان لە سەرەوە بەشێوەیەکی ڕوون و بە هێنانەوەی بەڵگەو سەرچاوەی زۆر ڕوونم کردووەتەوە کە چۆن و لە سەر چ هەمەوەندەکان دوورخرانەوە بۆ جنوبی عێراق کە ئەو مەڵبەندەش زۆر لە ڕۆمادییە دوور نییە هەر بۆیە لێرەدا لە

چۆنیەتی دوورخستنەوەی هەمەوەندەکان وەک بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ سەلماندنی باسەکەم چاوپۆشی دەکەم و ڕوو لە برگە یەکی دیکەی باسی ڕاگواستنەوە دەکەم و هەوڵدەدەم تا مێژووی دوورخستنەوەی کورد وەک پرۆژەیەکی سیاسیی بێنمەگۆڕێ بەڵام بە هێنانەوەی سەرچاوەی کەمترەوە، لە واقعدا ئەو کەسانە کە بابەتەکەی پێشوویی منیان لەسەر هەمەوەندەکان خوێندەوەتەوە دەتوانن کەڵکی زیاتر لەم باسە وەرگرن. بەکورتی دوای هەمەوەندەکان نۆرە دەگاتە هەورامییەکان و دووایش جافەکانی جوانڕۆ، باوەجانی، یارسان، قوایی، تاوگۆزی، زەهاو، تایشەیی و هتد...

دوای کوژرانی مستەفا خان بەرەبەرە تەبایی و یەکێتی دەسەڵاتی جافی جوانڕۆ تێکدەچێت و کاتی بەدەسەڵات گەیشتنی ڕەزا شای پەهلەوی و هاتنی بۆ ناوچەکە، سیاسەتی نانەوەی دووبەرەکی و هەرچی زیاتر بزواندنی هەستی پلە و بەرژەوەندی خوازی لەنێو دە سەڵاتدارانی ناوچەکەدا پەرەپێدەدن و لەم ڕێگایەوە دەتوانن دە سەڵاتی خۆیان زیاتر داسەپێنن، نەیاران کە لە ڕێگای هێزی نیزامییەوە لە بەرانبەر هێزی هەورامی، جوانرۆیی، وەلەدبەگی، سنجاوی، قوایی گۆران، تفەنگچی (یارسانەکان)، قادرمیروەسی، تایشەیی، ئێناخی، ئیمامی، تاوگۆزی، کلاشی و باوەجانی داماو بووەن بەسیاسەتی نانەوەی دووبەرەکێ دەتوانن سەرکەوتن بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و دەسەلات لە نێو دەسەڵاتدارانی ناوچەکاندا دابەش بێت و چیدەیکە کەس نەتوانێت دەسەڵاتی گشتی ناوچەکە بە دەستەوە بگرێت، بەکورتی وێرای چەند هەوڵ و بەرخودان لە ناوندی جوانڕۆدا دوای تێکچوونی دەسەڵاتی دواین دەسەڵاتداری جاف مستەفا خانی گەورە هیچ کەس وەک تاکە دەسەڵاتی

ناوچەکە نەبووە بەڵکو هەرکەس بەشێوەی خان، بەگ و کوێخا دەسەڵاتی بە سەر ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا هەبووە.
دوای ئەم ئاڵوگۆڕە لە سالی ١٣١٠ ش (١٩٣١ز) دا بە دەستوری ڕەزا شا هێرش دەکرێتە سەر جافرسولتان( سولتانی هەورامان) کە دوای شەڕو پێکدانێکی زۆر هێزی دەوڵەتی نەیتوانیبوو کارێکی ئەوتۆ بکەن و ترسابوون کە دیسان ئەو خەڵکە بەخۆدا بێنەوەو یەک بگرنەوە کە لە ئاکامدا دەستیان داوەتە پیلانێکی دیکەی دژی مرۆڤایەتی و هەموو کە سەسیاسیی، ناسراو و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکەیان بانگێش کردبوو بۆ تاران و لە کاتی دەعوەتدا هە موویان بەتاوانی ئەوەی کە ویستوویانە ئێران دابەش (تجزیه) بکە ن دەستبەسەر دەکەن و بۆ ماوەدە (١٠) ساڵ لە زیندانەکانی ئێراندا زیندانی دەکرێن.
لە کۆتاییی دا جافر سولتان و هێندێک کەسی دیکە ناچار بوون کە داوای پەنابەری لە حکومەتی ئەو سەردەمەی عێراق بکەن کە دوای قبووڵکردنی داواکەیان بە گوێرەی ڕێکەوتنی ڕامیاری هەر دوو وڵات ئەوانیان ڕاگوێزی ڕۆمادی کردبوو و بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لە ڕۆمادیەیی چەند ماڵی و کۆچبەری ئەوکات مابوونەوە.
ماوەیەکی کورت دوای دەستپێکردنی کێشەی حکومەتی ئێران و هە ورامییەکان سۆفی بەگ (ببروالسلطنه) کە کێشەی لەگەڵ دەسەڵاتی ڕەزا شا هەبووە لەگەڵ حکومەتی ئێران نیوانیان تێکدەچێت و بنکەی خۆی بۆ بەربەرکانێ لەگەڵ حکومەتی ئەو کاتی ئێران دەگوازێتەوە بۆکێوی بەمۆ و زۆریش قارەمانانە لە بەرانبەر هێرشەکانی دەوڵەتیدا ڕاوەستاوە، تا چەند ساڵ پێش لە نووسینی ئەم کتێبە شوێنەواری قەڵای سۆفی بەگ لەسەختی بەمۆدا لە پەنای قەڵاگەوری مابووەوە بەڵام بەداخەوە لەوە دەچێت ئەو ئاسەوارە کە باس لە شێوەی خەبات و ڕاوەستاویی مرۆڤێکی کورد دەکات ئێستاکە بەتەواوی لە نێو چووبێت.

بەگوێرەی گێرانەوەی خودی بەهشتی محەمەد ئەمین بەگی لهۆنی (سولتانی دووهەمی هەورامان) کوڕی جافر سولتان کە ساڵی ١٣٥٠ش (١٩٧١ز) پێکەوە لە زینداندا بووین و بۆمنی گێڕاوەتەوە هێندێک چەکداری هەورامی لەگەڵ برایەکی ئەو بەمەبەستی بەهێز کردنی ئەو بەرە دژ بە حکومەتی ڕەزا شا دەڕۆن بۆ لای سۆفی بەگ لە بناری بەمۆ، وێرای ئەوەیی کە لە پلانەکەیاندا سەرکەوتوو نابن بەڵام هێندێک ئەزموون و زانیاریی زیاتریان لەو سەفەرەدا دەست دەکەوێت و سۆفی بەگ بە هاتوانی هەورامی وتبووی کە ئەوان بۆ ئەوەی لە کاتی تەنگانەدا بتوانن پەنابەرنە عێراق، پێشتر لەگەڵ حکومەتی ئەو وڵاتە پێوەندیان کردووە بەڵام بەرپرسانی عێراقی پێشنیاری ڕۆمادێیان هێناوەتە ئاراوەکە ببووە هۆی ترسانی سۆفی بەگ و کۆمەلە چەکدارەکەی.

لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕەزا شادا چەند کەسێک لەو کوردە بە دیلگیراوانە لە زیندانەکانی ئێراندا مردن و بەشێکیان لە کاتی ئازاد بوونیاندا بۆیان نەبوو بگەڕێنەوە بۆ زێدی باوباپیرانی خۆیان و لە ناوچەکانی دیکەی ئێراندا لە ژێر چاودێریدا ماونەتەوە، من لێرەدا سلێمان بەگی حەبیبی (ئارەش) کە باپیرەی خۆمە وەک نموونەیەک لەو کوردانە کە لە ژێر چاودێردا ماونەتەوە بۆ باسەکەم هەڵدەبژێرم، سەرچاوەی هەڵبژاردنەکەم ناگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە سلێمان بەگ حەبیبی باپیرەمە بەڵکو لە کات و سەردەمی خۆیدا وێرای ئەوەی کە مرۆڤێکی ماقول و زۆر تێگەیشوو و سیاسیی بووە باوەڕی بە سیستمی دەربەگایەتیش نەبووە و ڕێگایەکی دیکەی بۆخۆی هەڵبژاردەوە.

هیچ بەڵگە یان کەسێک کە زانیاری شیاوی لە سەر هۆکاری لە ژێرچاودێریدا مانەوەی باپیرەم هەبێت دەست نەکەوتووە، وێرای

ئەوەی کە دەڵێن سلێمان بەگ مرۆڤێکی خوێندەوار و لە لایەنەکانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەوە جێکەوتوو بووە شتێکی زۆرتر و لەبارتر وەک بەڵگە لە دەستدا نییە، بەو شێوەیە کە من لە تەمەنی منداڵیدا لە زاری خەڵکەوە بیستوومە دەیانگێراوە کە یەکێک لە تاوانەکانی باپیرەم ئەوە بووە کە وتویانە پێوەندیەکی سیاسیی لەگەڵ کەسێکی ناسراوی ڕووسی(عروس) یان ئینگلیسی هەبووە، بەکورتی دوای ئازاد بوونی لە زیندان فەرمانی پێدەکەن و دەڵێن دەبێت بۆ ماوەیەک لە تاراندا بمێنێتەوە و پلەیەکی ئیداری زۆر شیاوی ئەو سەردمە لە شارەوانی تاراندا پێ دەبەخشن، کاتێک کە باپیرەم دەگرن ساڵی ١٣١٠ش (١٩٣١ز) دەبێت و کاتی ئازاد بوونی لە بەندیخانە ساڵی ١٣٢٠ش (١٩٤١ز) بووە، باپیرەم پێش لە گیرانی ماڵی لە سەقی ئاوایی جوانرۆ دەبێت، کاتی گیرانی کچێکی دوو ساڵە و هاوژینی چەند مانگە بە بابی منەوە دووگیان (حامیلە) بووە، پاش گیرانی زۆر ناخەیەنێ کە داپیرەم بابم دێنێتە دونیاوە بەڵام بەداخەوە هەر ئەو ڕۆژە بۆ خۆی کۆچی دووایی دەکات و ئەرکی بە خێوکردنی بابم و خۆشکەکەیی دەکەوێتە ئەستۆوی خۆشکی باپیرەم بە ناوی سەلما خانم کە یەکێک لە ژنە ناودارەکانی کورد لەو سەردەمە لە ناوچەی خۆیدا بووە، باپیرەم کاتی ئازاد بوونی بابم بۆ ماوەیەک دەبات بۆ لای خۆی بۆ تاران بەڵام دوای ماوەیەک ناچار دەبێت تا بابم بگەڕێنێتەوە بۆ کوردستان و بۆ جاری دووهەم ژیانی هاوبەش لەگەڵ ژنێکی تارانی لە تاران پێکدێنێت و پێنج (٥) منداڵی لەو ژنە تارانییە دەبێت.

لە سەردەمی کۆماردا (کۆماری مهاباد) لە ڕابەرایەتی کۆمارەوە نامەیەکی بۆچووە بۆ تاران بەڵام ئیمکانی پەیدا کردن یان بەدەستهێنانی زانیاری کۆنکرێت لە سەر نێوەڕۆکی ئەو نامەیە لە دەست چووە، هەروەها ئەو گیران و مانەوە و نەبوونی ئیمکاناتی پێوەندی بەردەوام هێندێک ناتەبایی دروست کردەوە کە هێشتاکە

هەر ئاسەواری ماوەتەوە بۆ نموونە ئێمە ناوبانگمان وەک یەک نییە! پاش دەستبەسەر کردنی باپیرەم و لە دایک بوونی بابم ڕۆژێک کە سەلما خانم لە ماڵ نابێت کاربەدەستێکی ناسنامە دێتە ئاوایی و دەیبەن بۆ ماڵی سەلما خانم تا کاری ناسنامە بۆ بابم جێبەجێ بکەن، لەو کاتەدا سەلما خانم لە ماڵدا نابێت و پیاوانی ماڵی سەلما خانم کە فارسی نازانن دەستبەکاری دروستکردنی ناسنامە بۆ بابم دەبن، کاربەدەستی ناسنامە چاوی بە وێنەی کەسێک کە سواری ئەسپێکەو عابایەکی (عاوا یان عابا قۆماشێکی بەتایبەتی دروستکراو بووە لە مووی ئاژەڵ) ڕەشی لە سەرکردووە دەکەوێت و سەرنجی ڕادەکێشێت و پرسیار دەکات ئەو ئەسپ سوارە کێیە، دەڵێن بابی ئەم منداڵەنەیە، دەڵێت جا منیش ناوبانگی منداڵەکان دەکەم بە ئاوارەش

(عەبا رەش) بەڵام بەتێپەڕ بوونی کات وشەی عاوارەش وردە وردە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەگۆڕێت بە ئارەش.

کاتێک باپیرەم لە ژێر چاو دێری دەردەچێت ناوبانگی ئەو کە حەبیبیە پاشکۆیی ئازاد"ی" پێ زیاد دەبێت کە هۆکارەکەی ڕوون نییە.

ئێستاکە زۆرکەس نازانێت ناوبانگی ئێمە ئارەش، حەبیبی یان حەبیبی ئازادە، تەنانەت مام و میمکەکانم کە لەو ژنە تارانییەن بە دروستی نازانن ناوبانگی بابیان چ بووە، چونکە لە ناسنامەی باپیرەم دا نووسراوە ناوباگی گۆڕدراوە منداڵەکانی پێیان وایە کە ئارەش بووە بەڵام گۆڕاوە بۆ حەبیبی ئازاد، لە ڕاستیدا ئەو ئیدەعایە بۆ من کە لەگەڵ بابم و پیاوانی ماڵی باپیرەم لە سەفی ئاوایی جوانڕۆ ڕاستەوخۆ قسەم کردووە یان بۆیان گێڕاومەتەوە بە ڕاست نازانم و چاوپۆشیی لێدەکەم.

لە ڕاستیدا ناوبانگی ئێمە حەبیبی بووە کە دوای ئازاد بوونی باپیرەم بە هەر هۆیەکەوە بووبێت وشەی ئازاد"یان" پێ زیاد

کردەوە و لەو ڕوانگەوە لە ناسنامەکەیدا نووساویانە کە ناوبانگی گۆردراوە.
ئاکامی دووهەمی ئەوەیە کە ئەو مندالانە کە باپیرەم لەو ژنە تارانییە هەیەتی وێرای بوونی ژنێنی بەهێزی کولتووری و مەدەنی لەواندا، ناهید خانم حەبیبی چەند کتێبێکی لە سەر کورد، ناوی کوردی و کولتووری کورد نووسیوە و هەمووان بە وشەی کورد شانازی دەکەن بەڵام ناتوانن بەکوردی بدوێن و زۆر لە کەسوکاری خۆیان ناناسن یان کەسوکار ئەوان ناناسن، بەکورتی شێوە مەودایەک دروست بووە کە لەوە دەچێت لە دواڕۆژدا نەرخەکەی ببێت بەوە کە منداڵی هێندێک لەو خزمانەی من لە کولتوور و نەتەوەی خۆیان بێگانە ببنەوە، شتێک کە ئیمکانی هەیە لە جیلی دواڕۆژی ئێمە ئەو کەسانە کە ناچار کراوین یان ناچار بووین تا تاراوگە نشین بین ڕووبدات، لەم پێوەندیەدا لە کۆتایی دا زیاتر دەنووسم.

سلێمان بەگی حەبیبی وەک کوردێکی ڕامیارکار لە تاراندا لە کاتی لە ژێرچاودێردا بوونی تا دەگاتە تەمەنی پیری و ئازاد بوونی هەڵسوڕاویی سیاسیی هەبووە و چەند جار هاتووەتەوە بۆ کوردستان و بەشێوەی نهێنی پێوەندی لەگەڵ کەسێک لە گۆران (یارسانی) و هەروەها هێندێک کەسایەتی ئەو سەردەمە لە پارێزگای کرماشان گرتووە کە هێندێک کەس ئەو پێوەندیانە بە پێوەندیەکی ڕامیاری تەشکیلاتی زانیووە بەڵام باسێکی دروست و ڕوون دەستی هیچ کەس نەکەوتووە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نهێنیکاری سەردەمی دەسەڵاتی شا و ساواک و نەمانی ئەو مرۆڤانە کە پێوەندیان پێکەوە هەبووە، سەردەمێک دوای ڕوخانی دەسەڵاتی شا هەوڵدراوە تا لەو پێوەندیەدا هێنێدێک زانیاری دەستکەوێت کە بەداخەوە بە هۆی لەبارچوونی کاتی لەبار ئەو هەوڵانە بێ ئاکام بوون بەڵام هێندێک خاڵ و بابەت لەم دوایانەدا کەوتوونەتە نێو

زاری خەڵکەوە کە بریتین لە باسی هاتنی نامەیەک لە لایەن کۆماری کوردستانەوە بۆ سلێمان بەگ، هەروەها دکتۆر کەریم سنجاوی لە کتێبی بیرەوەریی خۆیدا نووسیویەتی کاتێک کە خۆمم هەڵبژارد بۆ نوێنەری پەرلەمان ساواک (دەستگایی زانیاری سەردەمی شا) بانگیان کردم و وێرای ئەوەی کە وتیان ئەوان یانی ساواک دەستتێوەردان لە کاری هەلبژاردندا ناکەن بەلام دەزانن کە سەرکەوتوو نابێت و پرسیاریان لێ کردەوە و وتویانە کاتێک کە هاتی بۆ ئێرە چیت بە رەشیدوالسلتەنەیی گۆران (یارسان) وتووە لەگەڵ سلێمان بەگ ئارەش (حەبیبی) لە جافەکانی جوانڕۆ و سەر بە عەشیرەتی باوەجانی چ جۆرە پێوەندییەکت هەیە.
لە وەڵامدا دکتۆر کەریم سنجاوی دەڵێت کە ئەو هیچکام لەوانی بەم زوانە نەبینیوە و نازانێت سلێمان بەگ کە دانیشتووی تارانە ئێستاکە لە تارانە یان لە کرماشان، بەلام کارمەندەکەی ساواک دەڵێت تۆ باش دەزانیت، ئێمەیش باش دەزانین و هەڵدەستێتە سەرپێی و کتێبێک لە سەندوقێک دەردێنێت و دەڵێت ئەم کتێبە باس لە سەردەمی شەڕی ڕابردوویی جیهانی و کردەوەی باوباپیرانی ئێوە دەکات و تۆ و بنەماڵەی تۆ، عەشرەتی ئێوەش هەر لەم قوماشەن و نابێت لە کرماشاندا بمێنیتەوە کە لە کۆتایی دا دکتۆر کەریم لە گەڵ ئەسکەرخانی سنجاوی (ئەسکەرخان برای دکتۆر کەریمە) و چەند کەسی دیکە لە کرماشان دووردەخەنەوە.
هێندێک لە مرۆڤە بە تەمەن و تێگەیشتووەکانی ئەو سەردەمە پێیان وابووە کە یەکێک لەو دۆستە یان ئەو دۆستە ڕامیارییانەیی باپیرەم هەمان ڕەشیدوالسلتەنەیی گۆران بووە، چونکە دوای ماوەیەک ڕەشیدوالسلتەنەش دووردەخەنەوە بۆ هەمەدان.

محمدعەلی سولتانی لە کتێبی حیزبە سیاسیی و ڕێکخراوە نهێنییەکانی کرماشان (احزاب سیاسی و انجمن های سری در

کرمانشــاه) دا وێــرای گێــڕانەوەکەی دکتــۆر کەریــم ســنجاوی و ناوهێنانی چەند لاپەڕەیەک لە دوو کتێبی خۆی وەک سەرچاوە بۆ زانیاری زیار دەنووسێت سلێمان بەگ ئارەش (حەبیبی) ( ١٣٤٦ش ١٩٦٧ز) کوڕی مەرحومی حەبیب الاخان نظام الایالە لە سەردەمی خۆیدا یەکێک لە کەسایەتییە دلێرەکانی (ڕەشید) جافی جوانڕۆ دوای تێپەڕکردنــی دە ســاڵ دیلیەتــی لە زنــدانی قەسری قەجەری تارانــدا کاتێک کە لە ســەرماوەزی ســاڵی ١٣٢٠ش( ١٩٤١ز) ئــازاد بــووە لە تارانــدا مــایەوە، دژی سیاســەتی کۆلــۆنی ئینگلــیس و مــاڵەکەی لە تــاران ســەنگەری عەشــایەری جــافی جــوانڕۆ و حەشارگای ئازادیخوازان لە کاتی خۆشاردنەوەدا بووە کە لە ساڵی ١٣٤٦ش (١٩٤١ز) دا کـۆچی دوایـی کـردەوە و لە گۆرسـتانی ئبنـی بابوویە لە تاران نێژراوە، ڕۆحی شاد بێت.



**وێنەی سلێمان بەگی حەبیبی (ئارەش) پاش ئازادکردنی لە زیندانی قەسری قەجەری تاران ئەم وێنەیە گیراوە.**

لە ڕاستەوە. سلێمان بەگ حەبیبی (ئارەش)، سەید قادر نعلەنی و کەسێک بە ناوی مەهدی خان (لوڕ)؟ ڕێکەوتی ٣- ١-١٣٤٥ش (١٩٦٦ز) لە تاقوەسان لە کرماشان.

---

سەرچاوەکانی ئەم بابەتە بریتین لە:
١- گێرانەوەزارەکییەکانی مەرحومی محەمەد ئەمین بەگی لهۆنی (سولتانی دووهەمی هەورامان)
٢- گێرانەوەزارەکییەکانی مەرحومی خەلیل بەگ کوری سۆفی بەگی وەلەدبەگی.
٣- پەرتووکی "مێژووی گشتی کرماشان لە نووسینی محمدعەلی سولتانی بەرگی دووهەم لاپەرەکانی٢٤٣،٢٤٢،١٨٣،١٨٢،١٨١،٨١،٨٠،٧٩
٤- کتێبی حزبە سیاسیی و ڕێکخراوە نهێنیەکانی کرماشان (احزاب سیاسی و انجمن های سری در کرمانشاه) بەرهەمی نووسەر محمدعلی سولتانی.
٥- بیرەوەیەکانی دکتۆر کەریم سنجابی.

لە سەردەمی کۆندا لە وڵاتانی نادیموکرات و سەرەڕەودا بەشێوەی ڕاستەوخۆ مرۆڤە سیاسیی و ناڕازیەکانیان دەکوشت یان دووریان دەخستەوەو ئەوانیان لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆدا ڕادەگرت بەڵام کاتێک بابەتە سیاسیی و پێوەندییە نێونەتەوەییەکان سەردەمیانە (مۆدیرنیزە، هاوچەرخ) بوونەتەوە شێوەی دوورخستنەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و لەم سەردەمەدا بەشێوەی جۆراوجۆر ناڕازییەکان ناچار دەکەن تا بەشێکیان بۆ خۆیان بە شێوەیەک دوورە وڵاتی هەڵبژێرن کە لە باری ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەوە کەمتر زیان دەگەیەنێت بە دەسەڵاتدار و ئاکامەکانی زیاتر لە سەر دوارۆژی کولتووری و نەتەوەیی ئەو بنەماڵانە دەکەوێت کە ناچار دەبن تا تاراوگە نشینی قبووڵ بکەن، ئەو بنەماڵانە کە لە سەردەمی ڕەزا شادا لە کوردستان دوورخرانەوە وێرای ئەوی کە لە ئێراندا ژیاون بەڵام بەشێکیان بە تەواویی لە مێژوو و کولتووری خۆیان بڕاون یان دوورکەوتوونەتەوە، لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین پرۆژەی دوورخستنەوە لە پێناو گۆڕینی ژێنی مەدەنی و کولتووریدا بناخەکەی دانرواوەو ئەو کەسانەش کە بەهەر شێوەیەک ناچار دەبن یان ناچار کراون کە تاراوگە وەک شوێنی ژیان و مانەوەی خۆیان هەڵبژێرن دەبێت نرخی بۆ بدەن و چاوەڕوانی ئەوەش بن کە گۆڕانگاری لە ناسنامە و ژێنی کولتووری و مەدەنی نەوەی داهاتووی ئەواندا ڕووبدات بابەتێک کە ویستی نەیارانە، هەروەها ئیمکانی هەیە نادادپەروەریی ڕامیاری و نەتەوەیی لە لایەن نەسلی داهاتووی نەتەوەکەیانەوە لە ناوخۆ لە ئاست ئەو جیلە کە بێ پێخۆش بوون و ویستی خۆیان بوون بە فەرەنگ نشین بکرێت!

لەم دوایانەدا، دوای ڕووخانی حکومەتی پادشاهی لە ئێراندا و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ ش (١٩٧٩ز) دا بە تایبەت لە سەردەمی شەڕی دوو وڵاتی خۆ بەزلزانی

ئێران و عێراقدا خەڵكێكی زۆر كە ڕادەیان زیاتر لە سی و نۆ هەزار (٣٩٠٠٠) كەس دەبوو لە ناوچە سنوورییەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستانەوە (جاف) بە هۆكاری جۆراوجۆرەوە ڕوویان لە باشووری كوردستان (عێراق) كرد كە دوای ماوەیەكی كورت مانەوە لە باشووری كوردستان لە لایەن حكومەتی "بعث" ەوە بە شێوەی زۆرەملێ ڕاپێچی ڕۆمادی لە باشووری عێراق كران، سەرەتایی ڕاگوێزانی كوردانی ڕۆژهەڵاتی (ئێران) لە باشووری كوردستانەوە بۆ ڕۆمادی لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٩٨٢ز دەستیپێكردو تا دوو ساڵ دوای ڕوخانی حكومەتی سەدام حسین یانی تا ساڵی ٢٠٠٥ز بەشیكی زۆر لەو خەڵكە لەو ئۆردووگادا كە هەڵكەوتبوو لە سنووری وڵاتی ئوردوون مانەوە، هەموو ئەو بنەماڵانە كە لەو سەردەمدا بە هۆكاری جۆراوجۆرەوە بەتایبەتی بە هۆی سیاسەتی هەڵەی كۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ڕوویان لە عێراق كرد كوردانی سەر بە هەرێمی كرماشان یان ئەو ناوچانەی كە لە سەرەوە ناویان هاتووە بوون، وێرای خارج كردنی ڕادەیەک لەو بنەماڵانەیی ئۆردووگای ڕۆمادی لە لایەن خاجی سووری نێونەتەوەیی و یو ان اچ سی آرەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپا و هتد ...، بەڵام بەشێكی زۆریان كاتێک كە ئۆردووگای ڕۆمادییان بەجێهێشت دیسان بە ناچاری لە باشووری كوردستاندا (كوردستانی عێراق) مانەوە و ئێستاكەش وێرای ئەوەی كە كوردن و لە كوردستاندا دەژین بەداخەوە مافی كوردێكی باشووریان نییە و هێندێكیان دەڵێن كە وەک هاووڵاتی پلە دوو یان سێ چاویان لێ دەكرێت، بەڵام بە خۆشییەوە چونكە توانیوویەتیان بگەنەوە كوردستان سیاسەتی گۆڕینی ژێنی كولتووری و مەدەنی ناتوانێت كاریگەری هەبێت و بەگوێرەی لۆژیک دەبێت ژێنی كولتووری لە نەوەی ئەواندا بەهێزتر بێت.

لێرەدا بە ڕوونی بۆمان دەردەكەوێت كە دوورخستنەوە پیلانێكی ڕامیارییە كە ڕژیمە چەوسێنەرەوەكان هیواو ئومێدیان پێ بەستووە

و کاریان لە سەر کردەوە بەڵام لەم سەردەمەدا ئاڵوگۆڕێکی زۆر گرنگی فکری، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری و نێونەتەوەیی پێکهاتووە و لەوە دەچێت کە چ دیکە ئەو کارە بە شێوەی ڕابردوو بۆ وڵاتانی داگیرکاری کوردستان ئیمکانی نەبێت، بەڵام نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە بەداخەوە ناداد پەروەریی ڕامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و هتد... لەگەڵ داوخوازی سەردەمی خەڵک هۆکارێکن تا ڕادەی خۆ دوورخستنەوەو ڕووکردنە ئەوروپا بەشێوەی پەنابەری ڕوو لە زیادبوون بکات و...

## کێشەی ئابووری، کوشتنی کۆڵبەران و فرەوانی ماددە هۆشبەرەکان.

هەروەک هەمووان ئاگادارن لە کوردستاندا بەشی هەرەزۆری خەڵک بێکارن یان بەکاری سادەی وەک کڕین و فرۆشتن و کشتوکاڵ دەژین و هێندێک کەسیش لەناچاریدا دەستیانکردەوە بەگۆڕینەوەی شت و مەکی ساکار لە نێوان دوو بەشی دابەشکراوی کوردستاندا و کۆماری ئیسلامی ئێران"یش" ماوەیەکی زۆرە کە بەشێوەیەکی زۆر چالاک تر لەوەی کە واقعیتی ڕوون و نا دیاری کوردستان پیشانی دەدات لەگەڵ ئەو کۆڵبەرانە دەجووڵێتەوە.
من بۆخۆم پێموایە کە هەر چەشنەجووڵانەوەیەکی بەپێچەوانەی یاسا کارێکی هەڵەیەو مرۆڤ دەبێت بتوانێت یاسا قبووڵ بکات و یاسا بپارێزبێت تا بێ بەرنامەیی و بێ یاسایی لە کۆمەڵگادا باڵ بەسەر ژیانی خەڵکدا نەکێشێت، لە ڕاستیدا مرۆڤ دەتوانێت لە ژێر سێبەری یاسادا باشتر بژیت، بەڵام ئەوەی کە هۆکار بووە تا منیش بەو بڕوایەوە وەک زۆرکەسی دیکە ئەم باسە لێرەدا بێنمە گۆڕێ پێویست بەوە دەکات کە هەندێ هۆکار بخەینە ڕوو.
بۆ ئەوەی بتوانین هەڵسەنگاندنێکی لەبار لە نێوان کاسبکاران، کۆڵبەر و ڕژیم دا بکەین وا باشە کە لە سەرفاکتەرەکانی دروست

بوونی کۆڵبەر، هەروەها ئەرکەکان یان ناتەباییەکانی ڕژیم لە ئێراندا بەگشتی و لە کوردستان بەتابەتی شیکردنەوەیەکمان هەبێت.
ئەگەر سەرنج بدەینە شێوەی کاڵای هاوردە و ڕادەکەی ئەو کاڵانە کە کۆڵبەران دەتوانن لە ساڵدا جێبەجێی بکەن یان بیهێننە نێوخۆی وڵاتەوە، جۆر و زیانی کاڵاکان، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هۆکاری سەرەکی کێشەکە لە دەسەڵاتدا خۆی دەردەخات چونکە مەسەلەکە باس لە ژیان دەکات و ناتوانین بەکارێکی زۆر بەپێچەوانەی یاسا چاوی لێ بکەین، لەراستیدا پێویست بەوە ناکات کە ڕژیم لەم حالەتەدا بەو شێوەیە لەگەڵ ئەو خەڵکە داماوانە هەڵسوکوت بکات.
کاری کۆڵبەری کارێکی ئاسان نییەو لەگەڵ پێشکەوتن و فکریەتی مرۆڤی ئەم سەردەمە کە سەدەی بیست و یەکەمە نارێکە، لەم ڕوانگەوە لە خوارەوە لە سەر هۆکارە نەرێنیەکانی زیاتر دەنووسم.

ئەو هۆکارانەی کە هێندێک مرۆڤیان هانداوە تا لەم سەردەمەدا ئە و کارە وەک پیشەیەک هەڵبژێرن زۆرن و گرنگترین فاکتەر نەبوونی سەرچاوەیەکی دروست و لەباری ژیانە.
لەو ولاتەدا کە ئاخوندەکان بەڕێوەبەر و بەقەوڵی خۆیان عەدالەتی ئیلاهیان دابین کردەوە خەڵکێکی زۆر لە ژێر هێلی هەژاریدا دەژین و زۆر کێشەی ئابووری، سایکۆلوژی و کۆمەڵایەتی لە ئارادایە.



کۆڵبەرانی کورد ساڵی ١٣٩٢ش (٢٠١٣)



منداڵێکی کورد ساڵی ١٣٩١(٢٠١٢)

کۆڵبەران هێندێک کالآی ساکار لە باشووری کوردستانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگوازنەوە ئەوەش لە ڕادەیەکی زۆر کەمدا، لە لاکەی دیکەوە هێندێک کالآی ساکاری دیکە لەگەڵ خۆیان دێننە وە کە نایاسایی ترینیان بریتیە لە خواردنەوەی مەستی هێنەر (خواردنەوەیی ئەلکهوولی) و ئانتینی تەلەفزیۆن، ئەم دوو کالآش نەزیانیان بۆ کۆمەڵگا هەیەو نە زیان بەبازاڕی بەرهەمهێنان لەو وڵاتدا دەگەیەنن، هیچکام لەم دوو کالا ساکار و پێویستانە لە ئێراندا بەشێوەی یاسایی بەرهەم ناهێندرێن. بەکورتی ئەو شتانە یی کە کۆڵبەران دەیگەیەنە بازاڕەکانی وڵات لە هیچ وەلاتێکدا قە دغەنین و وەک پێداویستییەکی کۆمەلانی خەڵک چاویان لێدەکرێت.

یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی هەر حکومەتێکی بەرپرس ئەوەیە کەپرۆژەی گونجاو و دروستی هەبێت بۆ هەرچی زیاتر دابین کردنی کار و سەرچاوەی لەباری ژیان بۆ کۆمەلانی خەڵک تا بتوانێت لە ژیانی خەڵکدا ئالوگۆڕی پێویست و سەردەمیانە دەستەبەر بکات.
هەرچەندە باری ژیانی خەڵک زیاتر ئالوگۆڕی ئەرێنی بەسەردا بێت ئەوندەش ڕادەی تاوان و جەنایەت لە کۆمەڵگادا دێتەخوارو خەڵک یاسا پەسەندتر و یاساش سەقامگیرتر دەبێت، هەڵبەت فاکتەرێکی دیکەی سەرەکی هەیە کە دەتوانێت کارتێکردنی زۆر ئەرێنی لە پێگەیاندنی کۆمەڵ وجێگیربوونی یاسا لە کۆمەڵگادا هە بێت، ئەوەش بردنە سەری ئاستی تێگەیشتن و زانستی خەڵکە لە کۆمەڵگادایە بەلام ئەم بەشەیان جێگای باسی من نییە.
ڕژیم بەهۆکاری ڕەنگاوڕەنگەوە لەوەی سەرەوەدا داماوە چونکە گەشەی زانستی، مەبەست گەشەی زانستی بە شێوەی دروست و لەبارە کە لەگەڵ باشی ژیان دەتوانێت کێشەی بۆ دەسەڵات بەدواوە بێت یان با بڵێین کاری بۆ نەکردەوە چونکە بەزیانییەتی، کاتێک وا دەڵێم ئەوە بەو مانایە نییە کە وەک نەیارێکی ڕژیم

هەرچۆنێک کە خۆم پێم خۆشە لە سەری دەنووسم، ئەوە واقعیتی کۆمەڵگایە کە ئەو راستییە پێشاندەدات، ڕژیم بەشی هەرە زۆری وەزەو توانای خۆی بۆ بەدەستهێنانی کەرەستەتی سەربازی، ئاژاوە گێری و ئایین تەرخان کردەوە، بەپووڵ و سەرمایەی مەردمی ئێران حیزبوڵای پرچەک و وێرانییەکانی لوبنان دوای ماوەیەکی کورت بە باشترین شێوە دروست دەکاتەوە، لە لوبناندا حەوزی مەلەیی گشتیی دروست دەکات بەڵام لە ئێراندا ئوتوبووسی ژن و پیاو لە یەک جیا دەکاتەوە، هێشا زۆربەی وێرانەکانی شەڕی پاوانخوازی ئاخوندەکان و سەدام حوسێن هەر لە جێگای خۆیەتی، جا بۆ بینینی نەنجامی کاری کۆماری ئیسلامی ئێران و پیشاندانی بارودۆخی ژیانی خەڵک لە سەدەی بیست و یەکەمدا چاو لەچەند وێنەیەکی دیکە دەکەین.



قوتابخانەیەک لە بلوچستانی ئێران ساڵی ( ٢٠١٢) ١٣٩



وێنە خوزستان سەرچاوەی نەوت ساڵی (٢٠١٠) ١٣٨٩

خاشەبڕ کردنی هەژاری فاکتەرێکی سەرەکییە و زۆر کاریگەری لە سەر هێنانە خوارەوەی ڕادەی کاری نایاسایی لە کۆمەڵگادا هەیە، بەڵام چۆن دەتوانین هەژاری لە ولاتدا خاشەبڕ بکەین لە کاتێکدا مرۆڤەکان وەک وەسیلە یان کەسانێک کە پێویستیان بەسەرپەرە شت هەیە چاویان لێ دەکرێت.

لە ئێرانی ئەمرۆکەدا ڕادەیەکی زۆرکەم لە مرۆڤەزیندووکان جێگای بایەخن و کۆمەڵانی هەراوی خەڵک جێگای سەرنج نین، بەڵام هەروەک هێندێک زندوو جێگای سەرنجن هێندێک مردووش هەن کە وێرای ئەوەی کە بە سەدان ساڵە لێرەوبەر مردوون و کەس نازانێ چ بوون و چۆن بوون دیسان جێگای سەرنجەن.

لە وڵاتی ئێراندا بە میلیاردەها لە سەرمایەی وڵات خەرجی گۆڕی خومەینی و لەچەشنی ئەو دەکرێت ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بە هەزاران مرۆڤی بێ دەرەتان بۆ دابین کردنی ژیانێکی نەخوازراو ناچار دەبن تا دەست بدەنە هێندێک کار کە بۆ خۆیان بێزیان لە خۆیان دێتەوە. ئەگەر بە هەستێکی مرۆڤییەوە چاو لە ڕاستییەکان بکەین دەبینین کە گۆڕی زۆر مردوویەک بە سەدان کیلۆ زێڕو (تەلا) گەوهەر ڕازاوەتەوە لە حاڵێکدا کە هەژاری لە ئێراندا لەو پەڕی خۆیی دایە. نوێنەرێکی مەجلس دان بە جەرگی خۆیدا دەنێت و ڕەخنە لە زیاد بوونی لە ڕادەبەدەری ئیمام و ئیمامزادە دەگرێت و دەڵێت ئیدارەی (دایەرە) حەج و ئەوقاف هیچ زانیارییەکی دروست و ڕوون لە سەر داهاتوو و خەرجی ئیمام و ئیمامزادەکان ناداتە دەست.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی مهر ئاغای غولامعەلی جافرزادە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بەرمنامەو بووجە دەڵێت وتاری بەرپرسی ئەوقاف لە سەر داهاتی ئیمامزادەکان بە تەواوی دوور لە ڕاستییە.

لەم بارەیەوە زۆر بابەت هەن بۆ باسکردن بەڵام من بە سەریاندا باز دەدەم چونکە خوێنەران لە من باشتر ئاگاداری بارودۆخی ئیمام و ئیمامزادەکانن، ئەوەی کە لێرەدا دەمەوێت باسی لێوە بکەم دروستکردنی ئەم هەموو ئیمام و ئیمامزادەیە کە بە شتێکی ئاسایی نازانم، یانی بابەتێکە کە بەگوێرەی پلانی دیاری کراو

هەنگاوی بۆ هەڵدەگرن و سەرچاوەیەکی باشە بۆ دزی و سەرکووتی ڕاسیونالیسم لە کۆمەڵگادا.
ڕاستی ئەوەیە وێرای دزینی داهاتی ئەم ئیمام و ئیمامزادانە بەشێوەیەک و لە پێناو بەرژەوەندی ئاخوندەکان ڕادەیەکی زۆر لە داهاتی نەوت بۆ ئەم هەموو سەرچاوەی دزیانە تەرخان دەکەن، هەروەها کۆسپی باشن بۆ دواخستنی ئاستی گەشەیی کۆمەڵگا لەگەڵ ڕەوتی مێژوو.
بەگوێرەی ڕاپۆرتێک کە لە مانگی گەلاوێزی ساڵی ١٣٩٠ش لە ماڵپەڕی کۆنسەروڤاتیفەکانی ئێرانی بە ناوی سیاسەتنامە بڵاو کرایەوە لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا بەشێوەی مامناوەندی هەر ساڵە سێ سەد (٣٠٠ ) ئیمام و ئیمامزادە بە ڕادەی هەشت هەزار ئیمام و ئیمامزادە تۆمار کراوەکانی پێشوو زیاد بووە.
یانی دەبێت ئێستاکە ڕادەی ئیمام و ئیمامزادەی تۆمار کراو و ناسراو لە ئێراندا گەیشتبێتە نزیک ٢٠٠٠٠ (بیست هەزار) دانە، بەڵام ڕاپۆرت و بۆچوونەکانی دیکە باس لە بوونی ٤٠٠٠٠ (چل هەزار) دەکات.
بەگوێرەی هێندێک زانیاری ڕادەی ئیمام و ئیمامزادە لە سەردەمی ڕژیمی شادا ١٥٠٠ (هەزاروپانسەد) دانە بوون.
لێرەدا بەو نەتیجە دەگەین کە ئەم حکومەتە وێرای ئەوەی کە حکومەتێکە کە بە شێوەی پلان و پرۆژەی دیاریکراو دژایەتی لەگەڵ بەعەقلانی کردنی کۆمەڵگا دەکات، بەشێوەیەکی زۆر ڕوون ڕژیمێکی دیماگەوجە و لە هەستی ئایینی خەڵک کەڵکی بەپێچەوانە وەردەگرێت، لە وڵاتێکی وەهادا کە ئانتێنی تەلەفیزیون قەدغەیە بەڵام ئیمام و ئیمامزادە هەر ڕۆژە زاوزێ دەکەن قەت باری دەروونی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕامیاری خەڵک ناتوانێت بەشێوەی ئاسایی و سەردەمی پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت.




نموونەیەک لە هەزاران نموونە لە ئێران، عێراق و سووریەدا، مشهد، مەزارو ئارامگای امام ڕەزا (ع)

ڕژێم لەحاڵێکدا کە بۆ بەرگری لە هاتنەژورەوەی چەند ئانتێنی تە لەفیزیۆن یان چەند شیشە ویسکی بەدەیان کەس دەکوژێت، بنە ماڵە بێ سەرپەرەشت دەکات لە ئێراندا بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی بەفرەوانی و بێ هیچ چەشنە کەندوکۆسپێک دەتوانی مادده هۆشبەرەکان بەقیمەتی زۆر هەرزان بەکڕیت، بە هەزاران لاوی کورد بەهۆی نەبوونی کار و کاسبیەوە، نەبوونی سەرگەرمی لەبار و هەرزانی و فرەوانی ئەو مادده ماڵ وێرانکارانە دووچاری کێشە بوون، لە کوردستاندا کێشەی ئیعتیاد کێشەیەکە کە هەرەشە لە هەر بنەماڵەیەک دەکات و زۆر گەنجی کورد گرفتاری ئەو مادده ماڵ وێرانکەرە بوون.

لە کوردستاندا بە شێوەی ئاشکرا ئەو مادده کڕین و فرۆشتنی پێ دەکرێت، بۆ ئەوەی کە کۆڵبەرێک نەتوانێت شیشەیەک ویسکی

بێنێتە ناخۆی وڵات حازرن هەر کارێک بکەن بەڵام بۆ خۆیان بەتۆن ماددەی هۆشبەرەکان لە ئێران و کوردستاندا بەڵاو دەکەنەوە. مادده هۆشبەرەکان گەورەترین هەرەشەن بۆ سەر وڵات کە حکومەت حازر نییە هەنگاوێکی ئەوتۆیی بۆ هەڵگرێتەوە، بەلام بەپێچەوانەی لۆژیک و ڕەوشتی یاسای مرۆڤی لەگەڵ کۆڵبەران دەجوڵێنەوە.

یاسای ڕەوشتی لە هێندێک بواردا هێندێک بابەتی یاسایی ڕەت دەکاتەوە و قبووڵی نییە و ڕوانگە مرۆڤییەکەی لە بەرچاو دەگرێت. هەوڵدەدەم تا باسی دزی بە میلیارد و تریلیون نەکەم، باسی سەرمایەی ئاغای خامنەیی و دەوروبەرەکەی نکەم، باسی موچەی لە پەنجا میلیونەوە تا میلیاردیی بەرپرسانی باڵای ڕژیم نەکەم، بەڵام بە گوێرەی یاسا ئەو کۆڵبەرانە وەک هەموو تاکەکانی دیکەی بەشێوەیەک بەشیان هەیە لە داهاتی ئەو وڵاتەدا، ئەمەیان خاڵێکی یاسایی کە نە لایەنگری هەیە و نە ڕاچاو دەکرێت، ئەگەر مافی یاسایی هاووڵاتی ڕاچاو کرێت کەس کۆڵبەری ناکات و پێویستیش بە دانانەوەی کەمین و کوشتنی خەڵک نییە! بەشێوەیەکی دیکە خۆ دەڵێن لە ئیسلامدا ئیسراف یاساغە (حەرامە) ئەگەر وایە داخۆ چ ناوێک بۆ ئەم کردەوەی ئیسلامی ئێرانی دادەنێن؟

هەروەک هەموومان ئاگادارین پاراستن و بایەخدان بە سەروەت وسامانی هاووڵاتیان لە بەشی هەرە زۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێگای سەرنج نەبووە بەتایبەت لە ئێراندا، هەر بۆیە منیش لە سەر شتێک بە ناوی سامانی گەشتی باسێکم نییە و سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ لای وشەی ئیسراف حەرامە، لەڕاستیدا ڕابەران و دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەمان حەیف و مەیلی سەروەت و سامانەگشتییەکان بەمافی خۆیان دەزانن و کۆمەڵگاش بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەو پێناوەدا یارمەتیان پێدەکات.

وشەی ئیسراف حەرامە لە مێژە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتانی ئیسلامیدا باو بووە و ئەو وشەیە تا ئەو جێگایە کە لە توانا و زانیاری من دا هەیە لە زەمانی موحەمەدی پێغەمبەرەوە بایخی زۆری پێدراوە، بە تایبەت لە کاتی داگیرکردنی وڵاتانی دیکە بەدەستی هێزەکانی عەرەب و دابەشکردنی سەروەت و سامانە دەستکەوتییەکان، لەم وشەیە زیاتر وەک شتێکی ڕەبانی کەڵک وەرگیراوە، کاتێک چاو لە هەڵسوکەوتی ڕابەرانی ئەم سەردەمە و دەست و پێوەندەکانیان بکەین ئەوەمان بەمێشکدا دێت کە لەوە دەچێت مەبەست لە ئیسراف حەرامە لە پێناو پاشکەوت کردنی هێندێکی زیاتر لە دستکەوتەکان بووبێت لە بەرژەوەندی ڕابەرانی ئایینی ئەو سەردەمە نەک بۆ دادمەندی کۆمەڵایەتی یان ئاوەدانی وڵات.

ئەو وشە دوای تاڵان و برۆکان ئیدی لایەنگری ئەوتۆیی نەما و بێ بایەخ بووە بەڵام بە سەرهەڵدانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو وشەیە کە باوی نەمابوو دیسان سەری هەڵدایەوەو بایخی پەیداکرد و وەک پێشوو بگرە هێندێکیش زیاتر باسی لێدەکرا، ئەگەر ئیمکانی هەبا بە کۆمەڵانی خەڵکیان دەوت لە جێگای بەرق لە چرا فانۆز و لە جێگای چراتۆر لە چرا موشی کەڵک وەرگرن.

ئەم وشەیە بیرکردنەوەیەکی باش بووە بەڵام لە بناغەدا دروستکراوەی دەستی گەورە پیاوانی ئایینی لە پێناو باشکردنی ژیان و خۆشگوزەرانی خۆیاندا گڵاڵە کراوە و لە چەند لایەنەوە بەزیانی چەوساوەکانی کۆمەڵگا بووە کە ئەم بەشەیان بۆ خۆی باسێکی دیکەیە بەڵام لێرەدا مەبەستی من باس لە سەر وشەی ئیسراف حەرامە.

کۆماری ئێسلامی ئێران یەکێک لەو دەسەڵاتانەیە کە زۆر بە شان و باڵی ئیسراف و سامانی گشتی دا دەڵێت و هەر لەو وڵاتەشدا باری

گـوزەرانـی زۆر لـه کـۆمەڵانی خەڵـک لـەوپەڕی خـەراپـی دایـه، بـەڵام ئـەگـەر بـاش سـەرنج بـدەینه وەزعـی هـەژارانـی ئـەو وڵاتـه و بـاری ئـابووری دەسـەڵاتداران و وێڵخـەرجـی کاربـەدەسـتانی لایـەنگـری بـەقـەوڵـی خۆیـان هـەژاران (موسـتـەزعـەفین) چـاکتر بـەو قـەنـاعـەتـه دەگـەین کـه وشـەی ئـیسراف حـەرامـه تـەنیا بـۆ پاشـەدەسـت خسـتـەنی ئیمکاناتی وڵات بـەمەبەستی جۆراوجۆر بـۆ داهێنەرانـی ئـەو وشـەیه بووه نـەک بۆ مـەبـەستـەکانی دیکه.
مـاوەیـەک لێرەو پێش ڕادیـو پێژواک وتـووێژێکی لـەگـەڵ ئـافرەتێکی گـەنجـی ئێرانـی سـاز کردبـوو کـه بـۆ تێرکردەنـی سـکی خـۆی و منـدالـەکانی دەسـتی دابـووه کـردەوەی لـەش فرۆشـی، بـەسـەرهـاتی ژیـانی ئـەو ئـافرەتـه و سـەدان ئـافرەتی دیـکەی وەک خـۆی هـەر مرۆڤێکی بەئینسافی نیگـەران دەکرد، من لێرەدا کورتـەی بـابـەتێکی لـه سایتی بازتـاب، کـه سـایتێکی سـەر بـه ڕژیمـه وەردەگێرمـەوه بـۆ کوردی تا بزانین بازتاب چ نووسیوه.

سـەفـەری یـەک میلیارد تمـەنی ئاغـەی معاون

سـەفـەری بەکـۆمـەڵی کـار بـەدەسـتانی ئێرانـی لـه چـەنـد سـاڵی ڕابـردوودا لـەگـەڵ کـردەوەی ساردی هێنـدێک لـه وڵاتـانی مێوانـدار ڕووبەڕوو بـووەتـەوه بـه شـێوەیەک کـه وڵاتێکـی گرنگـی ئـەوروپـایی خـەرجی خواردنی مێوانانی زیادی لـەگـەڵ شاندی ئێرانی ناردبوو بۆ سفارەتی ئێران لـه وڵاتەکەی خۆیاندا.
هـەواڵنێری بازتـاب لـه ڕێکـەوتـی ٢٩ی خـاکـەلێوەی سـالی ١٣٨٤ی ڕۆژێـدا لـه پێوەنـدی لـەگـەڵ سـەفـەری پـڕلـه تـەشـریفاتی معـاون یـەکـەمـی رئـێس جمهـور بـۆ وڵاتـی ئـەنـدوونیزی دەنووسـێت کـه ئـەو سـەفـەره بـه تـەیـارەیـەکی بـۆینگی ٧٤٧ کـه توانـای هـەڵگرتنـی ٤٠٠ کـەسی هـەیه جێبـەجێکراوه.

پەیامنێرەکە دیسان دەنووسێت کە تەنیا پێج کەس بانگهێشتن (دەعوت) کرابوون بۆ کۆبوونەوەکەی ئەندوونیزی و ئاوا براووردی خەرجی ئەو سەفەرە دەکات و دەنووسێت کە لەو سەفەرەدا خەرجی مەشروباتی یەکێک لە پیاوە گەورەکانی کۆماری ئێسلامی ٨٠ میلیون تمەن بووە، هەروەها خەرجی یاوەرانی خانمی دکتۆر عارف ٢٠٠ میلیون تمەن، ٦٠ میلیون تمەن خەرجی چارتر کردنی بۆینگی ٧٤٧ و باقی مەسروفاتەکانی دیکە کە کۆیەکەی کردبوویە یەک میلیارد تمەن.

ئەوەی سەرەوە کورتکراوەیەک بوو لە بابەتێکی بازتاب کە بەحیسابی من دەکرا بەو رادە پارەیە ئاڵوگۆڕ بەسەر ژیانی بیست (٢٠) بنەماڵەی وەک ئەو ئافرەتەی کە لەگەڵ ڕادیۆ پێژواک لێدوانی هەبوو پێکبێنێت و نەهێڵێت لەش فرۆشی بکات.
هەروەها ڕادەی کارمندانی بەناو سفارەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی دەرەوەدا شتێکی سەرنج ڕاکێش و جێگای لێکۆڵینەوەیە. کۆماری ئیسلامی ئێران بە حەفتا (٧٠) میلیون حەشیمەتەوە پانزدە هەزار(١٥٠٠٠) کارمەند و کارداری هەیە لە دەرەوەی وڵات کە بەشی هەرە زۆریان زیادن و پێوویست بەبوونیان نییە، ئەمەش یانی تالان کردنی سەرمایەی گەلانی ئێران و بێ بناغەیی وشەی ئیسراف حەرامە دەسەلمێنێت، ڕادەی کارمەندان وکارگێرانی وڵاتانی وەک هیندوستان، چین و بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپایی هێشتاکە ناگاتە ڕادەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەرەوەی وڵاتدا، لام وابێت وڵاتی هیند بەو هەموو حەشیمەتەوە هەزارو شەش سەد( ١٦٠٠) کاربەدەست و کارداری لە وڵاتانی دەرەوەدا هەیە، هەر بۆیە بیر لەوە دەکەمەوە کە وشەی ئیسراف حەرامە لەکاتی خۆیدا بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتداران هاتووەتەکایەوە.

جا سەردەمدارانێک کە لە باری سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە وەک ئەرکێک هاووڵاتییانی خۆیان دەچەوسێنەوە، لە باری ئابوور و ژیانەوە ئاوا حیساب بۆ خۆیان دەکەن، هەموومان لە شێوەی وەزعی ژیانی زۆر لە هاووڵاتییان ئاگادارین و دەزانن کە چۆن دەچەوسێنەوە، بە گوێرەی کام ڕەوشتی یاسای مرۆڤی دەبێت ئەو کەسانە کە بۆمان و ژیان کۆڵبەری دەکەن بە گوللە ببەستن!

لەم ڕوانگەوە وەک کەسێکی دژ بە کاری نایاسایی و قاچاخچییەتی پێمووایە بەگوێرەی یاسای ڕەوشتی مرۆڤیی چونکە خەڵک بەزاڵەهاتوون و حکومەت نایەوێت یان ناتوانێت بە ئەرکی کۆمەڵداری خۆی هەستێتەوە یان جێگرەوەی هەبێت بۆی نییە لە هێندێک بواری وەک ئەوەی کە کۆڵبەرانی کورد دەیکەن ڕەوشتی یاسایی بەشێوەی کۆنکرێت بەکار بێنێت، یانی ڕەوشتی یاسای مرۆڤی پێشتریەتی هەیە بە سەر ڕەوشتی یاسایی یاسادا.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە قاچاخچی کورد دەبێت دەست ڕاگرێت و ڕوو لە مافی سەرەکی و مرۆڤی خۆی بکات، وێرای ئەوەی کە دەبێت بۆ وەرگرتنی ماف نرخ بدات بەڵام واباشە ئاگاداربێت کە نرخی کۆڵبەری زیاترە لە نرخی وەرگرتنی ماف، باشتروایە بزانێت کە بەو کردەوەی خۆی هۆکاری زۆر ناتەبایی و دووکەڵی هەڵبژاردنی ڕەوشتی کۆیلەیی یان پیشەی کۆڵبەری بەشێوەی جۆراوجۆر دەڕواتە چاوی کەسانی دیکەو منداڵەکانی خۆی لە کۆمەڵگادا.

زۆر بابەت هەن کە هۆکاری نیگەرانی دەستەبەر دەکات و زۆر کەسیش لە سەر ئەو بڕوایەن کە چاوپۆشیکردن لە هێندێک بابەت هۆکاری ژیانێکی ئاسوودەترە بەڵام من بەپێچەوانەی ئەو جۆرە مرۆڤانە بیر دەکەمەوە و پێموایە لە هێندێک بواردا بەرژەوەندی خۆت دەبێت قوربانی بەرژەوەندی گشتی یان کۆمەڵ بەکەیت و

نابێت ڕاستییەکان لە پێناو ئاسایشی فکری یان ترس لە ڕەخنە لە دەروونی خۆتدا زیندانی بکەیت، لەم پێناوەدا بوو کە بڕیارم دا تا بەشی دووهەمی ئەم بابەتە بنووسم چونکە پێم وابوو کە باسکردنی بە قازانج ترە لە شاردنەوەکەی.

بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین ئەم باسە وەک هەستی دەروونی تاکی نەتەوەیەکی چەوساوە چاوی لێ بکەین کە لە پێناو بەرژەوەندی چەوساوەیی گەلەکەیدا بە سەر هەستی دەروونی خۆیدا زاڵ دەبێت و هەوڵدەدات تا ڕاستییەکان وەک ئەوەی کە خۆی پێی دروستە باس بکات.

کورد نەتەوەیەکە کە لە هەموو بووارەکاندا چەوساوەتەوە و بێشک ئەو چەوسانەوە کارتێکردنی خۆی هەبووە، لە سەدەی ٢١یەکەم دا شێوەی ژیان و کار ئاڵوگۆڕی زۆر بەرینی تێدا پێکهاتووە بەڵام لە کوردستاندا نالەباری ژیان وای لە خەڵک کردەوە کە کەس یان کەسانێک کاری وا بکەن کە لە زۆر بووارەوە جێگای سەرنج و لێکۆڵینەوەیە بۆ نموونە کاری کۆڵبەری کە وەک کێشەی کومەڵایەتی چاوی لێدەکەم و پێموایە کە هەموو تاکێکی کورد پێویستە هەوڵبدات بۆ ئەوەی کە ئەو شێوە ژیانە ڕەت بکاتەوە نەک پەرەی پێبدرێت، زۆر تاکی مرۆڤدۆست و نیشتمانپەروەری کورد بەدڵسۆزیەوە لە سەر مەسەلەی کۆڵبەری کە پێکهاتەیەکە لە ئاکامە جۆراوجۆرەکانی ناتەبایی و چەوسانەوە بابەتیان نووسیوە و بەشێوەیەک لە بابەتەکەیاندا هەستی مرۆڤدۆستی قووڵکراوەتەوە و بایخ بەو کارە دراوە کە لە ڕاستیدا دەبێت ڕەت کرێتەوە.

من لە پێوەندی لەگەڵ کاری کۆڵبەری و هتد... بە شێوەی تایبەت لە هێندێک کەسو تاک داوام کردووە کە هەوڵبدەن بۆ بێ مانا کردنی ئەو شێوە ژیانە و بۆ ئەم هەڵوێستەم هێندێک تیئۆری و هێندێک بەڵگەم هەیە.

لەڕاستیدا ئەم باسە باسێکی زۆر گرنگ و هەستیارە و ئەگەر زانایەک لە ڕوانگەی زانستییەوە شیکاری مەسەلەکە بکات زۆر پەلوپۆی هەیە بەڵام دیری غەیرە زانستیانەی من دەڵێت کە هەموو کارێک بە گوێرەی کات، حەل و مەرج ئاڵوگۆڕی بە سەردا دێت و لە قۆناخێکەوە دەڕوات بۆ قۆناخێکی دیکە بەکورتی دەبێت بڵێین زۆربەی ڕەفتارو کرداری مرۆڤ گەشە دەکات، تۆ هەرچۆنێک بیر دەکەیتەوە مافی خۆتە بەڵام ئێستاکە ئێمە لە قۆناخێکی تایبەت و پڕ لە ئاڵوگۆڕی لەباردا دەژین و باری فکری مرۆڤەکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە کۆڵبەری بۆ هیچ مرۆڤێک بە کارێکی لەبار و سەردمیانە پێناسە ناکرێت، ئەو کۆڵبەرانە وەک هەموو مرۆڤەکانی دیکە حق و حقوقی تایبەتی خۆیان هەیە بە قبووڵکردنی کاری کۆڵبەری ئەو مافە ڕامیاری و کۆمەڵایەتیانەیی خۆیان ژێرپێ دەکەن و دبنە هۆکارێکیش بۆ بێ مافکردن و دروستکردنی ئەو هەستە لە کەسانی دیکەدا، مرۆڤەکان لە زۆر بوواردا دەبنە ئیدیالی یەکتر، لە ناوەوە لە وڵاتانی دیکتاتۆر و دواکەوتوودا کاری کۆڵبەری زۆرە و بێ خەتەرە، داخۆ بۆ ئەو بەڕێزان بە شێوەی یاسایی و لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا کاری کۆڵبەری ناکەن؟ چونکە ئەم کۆڵبەریە قازانجی زیاتری تێدایە، کەوابێت هۆکار قازانجی زیاترە و هەر کاڵایەک، هەر شێوە کارێک قازانجی زیاتری هەبێت ئەوەیان جێبەجێ دەکەن و ئیمکانی بۆ دەڕوات لەم ئاڵوگۆر کردنەدا زۆرکەس یان کۆمەڵگایەک لەگەڵ کێشە و گرفت ڕووبەڕوو بکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەم بڕگەی باسەکەم کورت بکەمەوە سەرنجتان بۆ تێڕوانینی زانایەک ڕادەکێشم، **کارل گۆستاویوونگ** دەروونناسی بەناوبانگ و یەکێک لە قوتابیە ناسراوەکانی **فرووید** ئەخلاقی مرۆڤەکان بە دوو دەستە دابەش دەکات" ڕەوشتی بەرز و ڕەوشتی نزم" لەم ڕوانگەوە من پێموایە کاری کۆڵبەری بەو شێوەیە

و لەم سەردەمەدا بە نزمی ڕەوشتی مرۆڤ چاوی لێدەکرێت و بە کارێکی گونجاو بۆ کەسایەتی ئەوانی نازانم و دەڵێم هەڵەیە.

دووهەم، هەموو ئەو کۆڵبەرانە مرۆڤی لێقۆماو نین بەڵکو بەشێکیان باری ئابووریان ئەوندە جێگای نیگەرانی نییە بەڵام سیاسەتی هەڵەی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ مانەوەی خۆی زۆر کێشەی ناوەتەوە، یەکێک لەو کێشانە دروستکردنی هەست و فکری بەرزی سەرمایە کۆکردنەوەیە بە هەر شێوەیەکە، ئامانجەیش دروستکردنی ڕێژەی چینایەتی و سازکردنی کێبڕکێیەکی نەخۆشی ئابووری لە کۆمەڵگادا بووە، لەم پێوەندیەدا پەنا دەبەمە لێکۆڵینەوەیەکی **پرۆفیسۆر هارون نەهیا** مامۆستای زانکۆ لە سەر کارتێکردنی مەسەلەی ئابووری لە سەر دەروونی مرۆڤەکان و دەڵێت" ئێمەی مرۆڤ هەرکات بەدوای داهاتدا دەگەرێن چونکە پلەو پایەی خۆمان لە دراو دا دەبینینەوە و هەمووکات لە فکری داهات و دەستکەوتی زیاتر لە خەڵکانی چواردەوری خۆمانین و خەڵک دەکەین بە ئیدیال (نموونە) بۆ خۆمان و دەمانەوێت بەوانە بگەین کە سەرمایەدارترن، ئەم شێوە بیرکردنەوە وا لە ئێمە دەکات کە بە شێوەی جۆراوجۆر لە شکاری پارە کۆکردنەوەی زیاتردا بێن" کەوابێت شێوەی کاری کۆڵبەرانیش دەتوانێت ئاڵوگۆری بەسەردابێت. وێرای باسەکانی سەرەوە نابێت ئەوەش لە بیر بکەین هێندێک یاسا هەن کە دەبێت ڕێزیان بۆ دانرێت جا دانەری ئەو یاسانە کۆماری ئیسلامی بێت یان وڵاتێکی دیموکراتیک، ئەو مرۆڤانە کە ناتوانن مل بۆ هێندێک یاسا ڕاکێشن یانی سەرەڕۆن و پێویستیان بە یارمەتی کۆمەڵایەتی هەیە.

بەداخەوە دەبێت بڵێین پتر لە دوو ساڵ دەبێت کە شێوە کاسبییەکی دیکە لە سنووردا لە کوردستان دا گەشەی زیاتری کردووە ئەوەش قاچاخی مرۆڤ بەشێوەی هەراو لە هێندێک لە ناوچە سنووریەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بۆ تورکیا و یوونان و

هتد...، هۆکاری ئەم شێوە کاسبییە دژی مرۆڤیی و دوور لە ڕەوشتی ئینسانییە دەبێت بەشێک لەو کۆڵبەرانە بن کە ئاڵوگۆڕیان لەشێوەی کاسبییەکەیاندا پێکهێناوە یان دەبێت کۆڵبەرەکان بوونەتە مۆدێل بۆ هێندێک کەس بۆ ئەم شێوە کارە نایاسایە. سەردەمێک کورد لە هێندێک لەو وڵاتانە کە ڕێکەوتنامەی ژینەڤیان واژۆ کردەوە ڕێزو جێگای تایبەتی خۆیان هەبوو بەڵام ئەگەر کورد نەتوانێت لە بووارە جۆراوجۆرەکاندا خۆی ڕێکبخات بۆی دەچێت ئەو هەڵسەنگاندنە بە لای نەرێنی دا بکەوێتەوە، لەو ڕوانگەوە کە من ناوی ڕێنماییکاری کۆمەڵایەتیم لە سەرە و سەروکارم لەگەڵ مرۆڤە چەندها خاڵ دەزانم بۆ باسکردن بەڵام لێرەدا مەبەستی من قاچاخچی و قاچاخە، قاچاخچی کورد هەرنەبێت هۆکارێکەن بۆ گەیشتنی لانیکەم بیست کەس لە ڕۆژدا بۆ ئەو وڵاتانە کە بڕوای قوڵیان بەمافی مرۆڤ هەیە، ئەم بیست کەسە کە لە باری ناسنامەوە سەر بە وڵاتێکی جیا لە ئێرانن بەڵام لەباری فکریەوە هەرنەبێت دە (١٠) کەسیان کۆماری ئیسلامی ئێرانیان پێ باشە و شێوە هاوبیری، ئایدئۆلوژیی و جیهانبینیان پێکەوە هەیە هۆکارێک دەبێت بۆ پێکهێنانی مەودا لەگەڵ کورد، ئەم ١٠ کەسە فەرزیە لەگەڵ دە کەسەکەیی دیکە کاتێک هەڵسوکەوتی نادروست و دوور لە ڕەوشتی قاچاخچی کورد دەبینن شێوە هەستێکی دژی کوردیان تێدا پەیدا دەبێت، بەکورتی دەتوانم بڵێم کە لە ڕۆژدا بیست نەیار یان بە نەیار کراوی کورد لە زۆر شوێن و مەکاندا سەنگەر لە کورد دەگرن و هەر نەبێت دەرسەدێک لەم سەنگەرگرتوانە لە داهاتوودا دەتوانن پلەو مەقامێکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری پەیدا بکەن.

لە لایەکی دیکەوە ئەو کۆمەڵگانە دەزانن کە قاچاخچی کورد لە زۆر بوواردا کێشەیان بۆ دروستدەکات و هۆکارێکە بۆ هاتنی هەر چەشنە مرۆڤێک بۆ وڵاتەکانیان و کاتێک ئەو(گ...) بەسەرهاتی

سەرفەری خۆیان بۆ ئیدارە (دایەرە) جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتانە باس دەکەن شێوە ڕق لێ بوونێک بە نیسبەت کورد دروست دەبێت و پێکەوە لەگەڵ ناتەباییەکانی دیکە دژ بە کورد یەکدەگرن و...

هەر ئەوندە لێرەدا دەتوانم بڵێم کە کورد نەتەوەیەک بووە کە هێندێک تایبەتمەندی خۆی هەبووە و بە هیچ شێوەیەک ئەو تایبەتمەندییە باشانەی خۆی نەفرۆشتەوە بەڵام قاچاخچی کورد هەوڵدەدات تا هەرزان فرۆشی بکات، لەم پێوەندیەدا زۆرشت هەن بۆ باسکردن بەڵام بە داواکاریەک کۆتایی بەم بابەتە دێنم تاکاتی لەبار. داواکارم لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوایەتی دا هەموو کوردێکی نەتەوە پەروەر و تێگەیشتوو کردەوەی نالەباری قاچاخچی کورد ڕیسوا بکات و تێکۆشێت بۆ دەستەبەرکردنی کوردستانێکی سەردەمیانە.

لێرەدا کۆتایی بەو بەشەی سەرەوە دێنم و ڕوو لە بابەتێکی دیکە دەکەم کە ئەویش بە پێی خۆی دەتوانێت کارتێکردنی لە سەر ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگادا هەبێت.

بەرە ڕاستییەکە بۆ پێکهێنانی ئالوگۆڕ یان وشەیەکە بۆ گەمەی سیاسیی؟

لە وڵاتی ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی چەوسانەوە هەیە و بەردەوامی دەبێت، لە لایەکی دیکەوە حیزب و ڕێکخراوی زۆر بە دروشمی ڕەنگاوڕەنگەوە هەرکەس بەشێوەیەک باس لە دژایەتی لەگەڵ چەوسانەوەو دابێن کردنی دادمەندی کۆمەلایەتی دەکەن، چەوسێنەرەوە یەکگرتوو و بەهێزەوە کارەکانی خۆی پێش دەبات، بەڵام لایەنی دژبەر یەک نەگرتوو و لاوازە.
هەروەک هەمووماااان ئاگاادارین وشەی بەرە ( پێکهاتە) لەو سەردەمەوە کە مرۆڤەکان خۆیان ناسیووە جێگای سەرنج بووە بەڵام لە سەردەمی کۆمەڵگای پێشکەوتوودا هێندێک ئاڵوگۆڕ لە ئاست نێوەڕۆک و شێوەکەیدا پێکهاتووە.
یەکبوون هێز دروست دەکات، ئەکتەری ئەمریکایی ئەرنۆلد دەڵێت، "هێزت لەوەدا دەستەبەر نابێت کە بڵێت دەیبەمەوە بەڵام تێکۆشانت هۆکارێکە بۆ چوونە سەرەوەیی ئاستی هێزت، سەردەمێک کە بە قۆناغی دژواردا تێدەپەریت و بڕیار دەدەیت کە تەسلیم نەبیت ئەوە هێزی تۆیە". لە ڕوانگەی خۆمەوە یەکگرتن شێوە تێکۆشانێکی گرنگە بۆ بوون بە هێز یان پارسەنگ لە ئاست نەیاردا.

لە کۆندا یەکگرتن بەهاسانی و بە بێ لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی درێژخایان بە مەبەستی تایبەتی وەک پاراستنی لەوەرگاکان، هەروەها مەبەستی خراپ وەک تاڵان و برۆ دەستەبەر دەبوو، ئەو چەند مرۆڤە یان تاقمە کە یەکیان دەگرت پێکەوە دەبوونە هێزێک و بەو ئامانجە کە لە پێناویدا یەکیان بۆی دەگرت دەگەیشتن و لە کۆتاییدا هەرکەس یان لایەنێک بەدوای کاری ڕۆژانەی خۆیاندا دەرۆیشت، بە تێپەڕ بوونی کات و سەرهەڵدانی شارەستانیەت و پێش چوونی باری فکری کۆمەلانی خەڵک هێندێک

ئـــاڵوگۆڕ لـه بـــاری میتـــۆدی و فکـــریەوه لـه شـــێوەو جـــۆری بـەرەدا پێکهـــاتووه بـەڵام لـه زۆر بـــواردا بـەره و کـــارتێکردنی هـەر وەک پێویستێک ماوەتەوه.
بەره دەتوانێـــت بـــۆ مەبەســـتێکی دژی گەلـــی و دژی دیمـــوکراتی پێکبێت و ئێستاکەش ئیمکـانی هەیه لـه زۆر مێشکی دواکەوتـوودا یـــان ئەو مێشـــکانه که هێشـــتاکه هەر ئاســـەواری دیکتـــاتۆری وئیمپراتۆری خوازیان تێداماوه هەبێت، بۆ نموونه هەرکـات باسـی مەســەلەی کـورد دەڕوات تـا ڕوو لـه قۆنـاخێکی دیکـه بکـات چـوار حکومەتی داگیرکاری کوردستان کێشەکانی خۆیان لـه بیـردەکەن و هەســتی ئیمپراتۆرخـــوازی و داگیرکاریـــان دێـتە کوڵـــدان و دەسـت دەکەن بە کۆبـــوونەوه و پیلانـــدانان بـــۆ ســـەرکووت و ترســـاندنی نەتەوەی داگیرکـــراو، بەخۆشـــییەوه دەبێـــت بڵێـــین بـــاری فکـــری کۆمەڵانی خەڵک لـەم سـەردەمەدا چ دیکـه لـه ئاست ڕابـردوو لـەگەڵ بەرەیەکی دژی گەلی نییه هەر بۆیه بیری پاوەنخوازان ناتوانێت بەشێوەی تۆکمه سەرکەوتوو بێت.

بـۆ ئەوەی لـه باســەکەدا درێـژەدادڕی نەکەم دەگەڕێـمەوه بـۆ ســەر وشـــەی بەره و ئەم ســـەردەمە، لێـــرەدا وێـــرای لـه بەرچـــاوگرتنی هۆکـــاری ڕامیـــاری و نێـــوونەتەوەیی ســـەردەم، بەتـــایبەتی هۆکـــاری جیوپلـۆتیکی کوردسـتان لـه باسـکردن لـه سـەر پێویسـتی بەرەیەکـی یەکگرتـووی کوردسـتانی بۆرزگـاری لـه ژێردەسـتی و چارەڕەشـی لـه بەرانـبەر یەکگرتـوویی داگیرکـاران که بە ئامـانجی بـێ مـافکردنی کـورد و بەمەبەسـتی ئەوەی که کـورد نەتـوانی وەک نەتەوەیەک بە ئـازادی و مـافی نەتەوایەتـی خـۆی بگـات چاوپۆشـی دەکەم و ڕووی باســەکەم که ئامـــانج حیزبەکـــانی ئێـــرانه بەگشـــتی و بەتـــایبەت حیزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕژیمێکە دژ بە ئازادیی سیاسیی، فە رهەنگی و کۆمەلایەتییەکانە و زۆر هێزی سیاسیی ئێرانیش هەبوون کە خۆیان بە هێزێکی پێشکەوتوو دەزانی بەلام نەیانتوانی یان نەیان ویست دەست لە مەزنخوازی و خۆبە تاکەسواری گۆڕەپانی خەبات زانین هەلگرن و بەرەیەک بۆ پێکهێنانی ئالوگۆڕ بەقازانجی کۆمەلانی خەلک پێکبێنن، ئاکامی ئەو هەلە بوو بەوە کە کۆماری ئیسلامی هێزبگرێت و بەشێکی زۆری ئەو حیزبانە لە ڕەوتی گەشەی مێژودا لەگەل کۆسپ پێکدادان بکەن و پرش و بەلاو بن، تەنیا ناوێک لە هێندێک لەو حیزبانە ماوەتەوە و ناتوانن لە سەر ڕەوتی گەشەی کۆمەلگا کارتێکردنیان هەبێت مەگەر هەلومەرجێکی تابەتیان بۆ پێش بێت ئەوەش بە شەرتێک کە جێگرەوەیەکی دیکە لە ئارادا نەبێت.
هێندک یاسای کۆمەلایەتی و سایکۆلۆژی باس لەوە دەکات کە مرۆڤی کارزان و کارامە بە کەسێک دەلێن کە وێرای بوونی دژبەر و شکست خۆڕاگر و ماندوونەناس هەولبدات بۆ بەئەنجامگەیاندنی کارێک، هەروەها هەولبدات تا جیاوازی لە بیروبۆچووندا وەک تایبەتمەندییەکی مرۆڤ قبوول بکات و ڕێز لە لێهاتوویی کەسانی دیکە بگرێت و شتی لێ فێربێت، کەسێک کە بەم شێوە کارەکانی ڕاپەڕێنێت بەبراوە چاوی لێدەکەن، بەلام ئەگەر هەولبدات تا بۆ پێکهێنانی ئالوگۆڕی ڕەفتاری کات تێپەڕێنێت لە حالێکدا کە بەفیرۆدانی کات نرخی هەیە و پێویست ناکات کە پێداگیری لە سەر ویستێک کە گرنگی ئەوتۆیی نییە هەلوێست وەرگرێ و بەمەبەستی ڕخنەگرتن بەدوای لاوازی لایەنی دیکەدا بگەڕێت و هەولبدات تا لێهاتوویی و جیاوازی کەسانی دیکە بەرێتە ژێر پرسیارەوە بە دۆڕاو چاوی لێ دەکەن.

بەخۆشییەوە هێشتاکە هێزە کوردستانییەکان هەر لە گۆڕەپانی خەبات دان، بەڵام دەبێت ئەوەش باس بکەین کە هۆی ئەو مانەوەی حیزبە کوردستانییەکان ناگەڕێتەوە بۆ بێ کەموکوڕی ئەوان لە ڕەوتی خەباتدا، ئەو پرش و بڵاویی حیزبە کوردییەکان زۆر قازانجی بۆ داگیرکار هەبووە و زۆریش زیانی بە گەلی کورد لەو پارچەی کوردستاندا گەیاندووە، هۆی مانەوەی حیزبە کوردییەکان ئەوەیە کە ئەو حیزبانە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگایەکەن کە هێشتاکە هەر بێ ماف و بەشخوراون، ئەگەر گەلەکەمان کەمترین مافی نەتەوایەتی خۆیان هەبایە بەدڵنیاییەوە حیزبەکانی ئێمەش دۆخێکی باشتر لەوەی هێزە سەرتاسەرییەکانیان نەدەبوو.

بەرە پێویستییەکی مێژوویی بووە و ئێستاکەش دەبێت وەک پێویستییەکی زۆر گرنگ چاوی لێ بکەین، بەرە لە بەرژەوەندی گەل دایە و هۆکارێکی گرنگە بۆ گەیشتن بە ئامانج، لە سەردەمی ئێمەدا بەرە لە پێناو ئامانجێکی پێشکەوتووانە و بەمەبەستی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی باش و بەقازانجی کۆمەڵانی خەڵک یان بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی دیموکراتی دەتوانێت کاریگەری خۆی هەبێت، هەڵبەتە نێوەڕۆکی یەکبوون لە وڵاتانی پێشکەوتوو و ئازاددا تەنیا لە پێناو باشترکردنی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکدا باوە.

لە جێگای ئەوەی کە بە وردی چاوێک بە هەڵە و ناتەبایەکانی ڕابردوودا بەخشێنینەوە و هەوڵ بدەین بۆ چارەسەر کردنی ئەو هەڵانە کە هۆکاری پێکنەهاتنی بەرە وەک پێویستییەکی مێژوویی بووە، بەداخەوە بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە وشەی بەرە لە ڕوانگەی حیزبە سیاسییەکانی ئێرانی و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە تەنیا وەسیلەیەک بووە بۆ خۆ بەرز کردنەوە یان بۆ چەواشە کردنی شێوازی بیرکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک یان وەک

مکانیزمێکی بەرگری و شێوە شەکاندەنێکی یەکتر بەکاریان هێناوە، نموونە هێزی وامان هەیە کە بانگهێشت کراوە بۆ دانیشتن و باسکردن لە سەر پێکهێنانی بەرە بەڵام ئامادە نەبووە لە کۆبوونەوەکەدا بەشداری بکات، بەڵام دوای چەند ڕۆژ هەمان حیزب کە ئامادە نەبووە بەشداری ئەو پێویستییە بکات وەک ئەوەی لە بیری چووبێتەوە دەستی داوەتە پروپاگەندە بۆ پێویستی پێکهێنانی بەرەی هاوبەش!

لە ڕاستیدا ئەو ڕێکخراوە کە بەشداری ناکات بەڵام دوای ماوەیەکی کورت پروپاگەندەی پێویستی پێکهێنانی بەرە دەکات دەبێت وەڵامی ئەم چەند پرسیارەی خوارەوە کە لەوە دەچێت پرسیاری زۆر کەسی دیکە بێت بداتەوە.

١، ئێمە وەک گەل زۆر سوپاسی هەر تاکە کەس و هێزێک دەکەین کە بەڕاستی و دروستی باس لە بەرە و یەکبوونی نەتەوەکەمان دەکات و بێزارین لەوەی کە کێشەی بەزییان سازدەکات، بەڵام داخۆ ئەگەر تۆ ڕاست دەکەیت و باوەڕت بە بەرە و یەکبوون هەیە بۆ بەشداریت نەکرد؟

٢، ئاخۆ لەم ساتو سەردەمەدا ئەگەر تۆ بتەوێت بەرە پێکبێنیت لەو حیزب یان حیزبانە زیاتر حیزب و ڕێکخراوی دیکەت پێ شک دێت تا بەرەی لەگەڵ پێکبێنی؟ وەڵامی دروست دەبێت بە نەخێر! بۆنموونە جارێک کابرایەک بە پیرەژنێکی وت جێگات بەهەشت بێت، پیرەژن لە وەڵامدا وتی جا شوێنێکی دیکەم پێ شک نایەت.

ئەمڕۆکە لەم سەردەمەدا گلوبالیزم جیهانی کردووە بە شارۆچکەیەک و شتێک کە تۆ لە سەر کێوێکی کوردستان باسی

دەکەیت لە جیهاندا دەبستری و دەبیندرێت، پێت وانەبێت کەم کەس ئاگای لێ دەبێت!

ئەگەر وابیرکەینەوە کە دەتوانین ڕاستییەکان بە لاڕێدا بەرین دەبێت ئەوە بزانین کە ئەوە مێشک و بیرکردنەوەی ئێمەیە کە لەگەڵ ڕەوتی گەشەی فکری کۆمڵگا و کۆمەڵانی خەڵک یەک ناگرێتەوە و بیرمان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ڕابردوو، دەبێت ئاگاداربیت و بزانی کە کۆمەڵانی خەڵک گلوباڵەن هەنگاو بەهەنگاو لە ژێر زەڕەبینیان ناویت و کردەوەی بەپێچەوانە زیانی زۆرە.

زانایان وتویانە ٩٥% لە سەدی بڕیارەکان کە ئێمە بڕیاری لە سەر دەدەین پێوەندی بە ڕەنگدانەوەی بیری کۆنی ئێمەوە هەیە، بە پێوەری بایۆلۆژی (زیندەوەرناسی) ٥% لە سەدی بڕیارەکانی ئێمە سەرچاوەیی تازە و سەردەمیانەیی هەیە و دەڵێن مرۆڤ لە شەو و ڕۆژێکدا چل هەزار (٤٠٠٠٠) بیرو ١٥ میلیون بیرۆکە بە مێشکیدا دێت، ئەگەر بتوانین لێیان تێ بگەین و لێهاتوویی ئەوەمان هەبێت کە ئاڵوگۆڕی لەو بیرۆکانەدا کە باش نین پێکبێنین ڕێگایەکی زۆرمان بڕیوە، بەکورتی مەبەست ئەوەیە کە ڕێبەرێکی کارامە دەبێت بتوانێت لە نێو ئەو هەموو بیرو بیرۆکە کۆنانەندا بڕیاری ئاگایانە ببینێتەوە، هاوکات پۆتانسیێلی (شیاوکاری) خۆی بەرێتە سەر تا لە پرۆژەکەدا سەرکەوتوو بێت، هەروەها ئەزموونی ڕابردوو دەتوانێت سەرچاوەیەکی باش و یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەیی کە بتوانین بەبڕیارەکانی خۆماندا بچینەوە و پێوەندییەکی سەردەمیان بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەکان و چارەسەری کەموکوڕییەکان پەیدا بکەین.

کاتی ئەوە هاتووە کە هێزە سیاسییەکان بەگشتی و حیزبە کوردستانییەکان بەتایبەتی بەو ڕاستییە گەیشتبن کە خۆ بە

پێشره و دەسەڵاتی ڕەها (موتلەق) زانین ئاکامی نەرێنی لێ دەکەوێتەوە، هەروەک ئەوەی کە من لە باسەکانی پێوەندیدار بە کێشەوە لە خوارەوە دەینووسم، خۆ بە ئەرێنی (+) زانین و خەڵکانی دیکە بە (-) نەرێنی پێناسەکردن نرخی تایبەت بە خۆی هەیە و ئاکامەکەی دەبێتە شتێکی بە پێچەوانە.

نەیارانی کورد بەگشتی بودجەیەکی زۆریان تەرخان کردەوە و هێندێک خاڵیان وەک ستراتیژیەک لە چوارچێوەیەکدا داناوە تا بەو پارە و ئێمکاناتەوە لە نێوتان بەرن یان لە گۆڕەپانی خەبات وەلاتان نێن، باوەڕ بکە کە تۆش هەر لە نێوو ئەو بازنەو چوارچێوەدا دانراویت.
ئەگەر وەک هێزێک بتەوێت ئاڵوگۆڕ بەقازانجی کۆمەڵانی خەڵک پێکبهێنی دەبێت بزانیت کە لە باری ئابووری و سەربازیەوە لەگەڵ نەیاری گشتی زۆر جیاوازیتان هەیە و بۆ ئەوەی کە بتوانی ئەو پیلانانەی نەیارانت تێکشکێنی دەبێت بەرنامە و سیاسەتی تۆکمە و شیاوت هەبێت کە لەم قۆناخەدا پێکهێنانی بەرەیەک و دانانی چەند خاڵ و ئامانجی سیاسیی وەک ناوەندێک بۆ ئەو بەرەیە دەتوانێت زۆر بەقازانجی تاکتی (ڕەوت) سیاسیی و نەتەوایەتی لە بەرانبەر دوژمندا بێت.

## حیزبەکان و هەڵبژاردنی سەرکۆمار لەئێراندا.

هێندێک لە زانایان پێیان وایە کەسێک کە لە پلەی ڕابەرایەتیدایە لە ڕۆژدا سەد بریار دەدات و ئەو کردەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دووپات دەکاتەوە، لە ڕاستیدا زۆر یان کەم ئەو بڕیارانە وەڵامێکی ئۆتۆماتیکە بە دۆخێکی ناسراوە کە دەبێت لە نێوان دوو یان سێ بژاردەدا یەکێکیان هەڵبژێری، بەڵام زۆر جار پێویستە لە

سـەر بژارێـک کە گـرنگە قـوڵتر بیـر بکـاتەوە و بڕیـار بـدات تـا کارتێکردنی ئـەرێنی لـە سەر خۆی و خـەڵکیش نـەبێت.
لـە کات و سـەردەمی هـەڵبژاردنـی ئاغـای ئـەحـمـەدی نـژاد (دەورەیـی دەیەم) بۆ سەرۆک کۆمـاری ئێـران زۆر بـابـەت و بۆچـوون هـاتنـە نێـو تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکــانـەوە، منــیش بـەنووســینی ئـەم بۆچــوونـە هەوڵمداوە تا بێلایەن نەبم، لێرەدا نامەوێت زۆر بڕۆمـەنێو قـولایی باسێک کەزۆر کەسی پسپۆڕ و بـەئـەزمـوون باسیان لێوەکردووە، بـە لام ناشم وێت لەو باسەدا بێلایەن بم.
حیزبـە سیاسییەکان چۆن ڕێگـاچارەیـەک بۆ مـەسـەلـەی ئـازادی لـە ئێراندا پێشنیار دەکەن و چۆن بۆ ئـەو مەبـەستەهـەنگـاو هـەڵدەگرن بابـەتێکە کە دەبێت بەفرەوانی باسی لەسەر بکرێت یان دەبێت بۆ خۆیان وەلام بدەنەوە.

لە ئێراندا خـەڵکێکی زۆر دەژین و ئـەو خـەڵکەش هـەرکـام بـەگوێرەی بیرکردنـەوەی خۆیان لـە سەر ئەو کۆمـەڵگایـە کـە پێـی دەڵێن ئێـران زانیـاری پێویسـت بـەخۆیـان هــەیــەو دەتــوانن لــە ســەرژیــان و دیاریکردنی رێباز خۆیان بڕیار بدەن، بەلام ئێمەش وەک کـورد کـە لـەو کۆمـەڵگایـەدا لـەگەڵ نەتـەوەکانی دیکە پێکەوە بەستراوەیەکـی کومــەلایــەتــی و سیاسـیمان هــەیــە دەبێـت لــە ئــاڵوگۆڕەکانـدا بــە شداربین، حیزبەکانیش دەبێت خۆیان بەبەشێک لەو خەڵکە چ کورد و چ غـەیری کورد بـەزانـن و ئـەگـەر خۆیـان بـەپێشڕەو دەزانـن دەبـا پلاتفورم و پرۆژەی شیاوی خۆیان هەبایە بۆ ئەو شتەی کە ئـەمڕۆکە هەمووشمان دەیبینین.
پرسیار لێرەدا ئـەوەیە ئاخۆ حیزبـەکان خۆیـان بـە بـەشێک لـەو خـە ڵکە دەزانن؟ ئاخۆ ئەو خـەڵکانـەی کـە لـەهـەڵبـژاردندا بـەشداریان کردەوە چۆن حیسابیان بۆ دەکەن و هەڵسەنگاندنیان لـەو بارەیـەوە چۆنـە؟ ئـەگـەر وەلام نـەرێنییە بۆچی؟ و پێشنیاری جێگرەوە چییە؟

ئەو کارکردو هەنگاوانەیی کۆن تا چەند کاریگەری هەیەو هەبووە؟ تۆ بڵێت ئەحزابی سیاسیی گرفتاری شێوە بیرکردنەوەیەکی دوور لە واقعیەت نەبووبن! ماوەیەکی پێش لە ماڵپەرێکی کوردیدا لایە نگرانی حیزبێک یان چەند پارتێک هێندێک بابەتیان بڵاو دەکردە وە کە ئەگەر باش سەرنجت دابا هێندێک سەرنج ڕاکێش بوون، یە کێک بیرکردنەوەکەی وەک شێوە هەڕەشەیەک لە خەڵکانی دیکە لە ڕیزی حیزبەکانی دیکەدابوو، مرۆڤ وا هەستی دەکرد ئەگەر حیزبە کەی دەسەڵات پەیدا بکات خەڵک شەلاق دەدات و زیندانی دەکات، یەکێک دەینووسی ئێستاکە موچەی کەم وەردەگرێت بەڵام زۆری نە ماوە کە شۆڕش سەرکەوێت و بەو پارەیە بگات کە پێویستی پێیە تی!! لە ڕوانگەی زۆر کەسەوە بیرو بۆچوونی لایەنگرانی هەر حیزبێک لە سیاسەتی حیزبەکەی سەرچاوە دەگرێت، ئەو بابەتانە و هێندێک بۆچوونی ڕامیاری دیکە ئەوە بەمێشکادا دێنێت کە ڕێکنەکەوتن لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک باس لە شێوە بیرکردنە وەیەکی خۆ بە زلزانییە و چاوەڕوانن کە خەڵک لەگەڵ ئەوان خۆیان ڕێکخەن ئەوەش بۆ ئەم سەردەمە بیرۆکەیەکی دوور لە ئیمکانە، بەڵام هیوادارم وا نەبێت.

من بەهیچ شێوەیەک نامەوێت لەو حیزبانە پشتیوانی بکەم کە هە ڵبژاردنی سەرکۆمارییان تەحریم (بایکوت) نەکردووە، هەروەهاش نامەوێت دژ بەوانەش بم کە هەڵبژاردنیان تەحریم کردووە بەڵام ئەگەر بتەوێت ئەوەی کە پێت دروستە باسی بکەیت دەبێت لایە نێک وەڵامدەرەوە بێت.

شک لەوەدا نییە کە کۆماری ئیسلامی ئێران، کۆمارێکە کە محکوم بە نەمانەو هەموو ئەوانەش کە لەو ڕژێمەدا بەرپرسایەتیان هە بووە هەرکامە بەشێوەیەک لە سەرکووتی کۆمەڵانی خەڵک و بەربەست کردنی ئازادیدا دەستیان هەبووە.

هەروەک لە سەرەوە باسمکرد من نامەوێت زۆر برۆمە نێو ئەو باسە بەڵام بەکورتی دەڵێم داخۆ ئەو مێتودە کە سی ساڵە کاری پێ دەکرێت کاریگەری چەند هەبووە؟ و چۆن دەکرێت خەبات جە ماوەری بکرێت و خەڵک ڕزگار بن؟

بۆ ئەوەی باسەکەم زۆر درێژ نەکەمەوە سەرنجی خوێنەران بۆ بابەتێک کە **سیگموند** زانا لە بواری چارەسەری ناکۆکی کە باسی کردووە بۆ دەروونناس **یانئەتلە ئاندرشن** ڕادەکێشم، ئەو باسە باسێکی زانستیانەیە کە ئەمڕۆکە کاری پێدەکرێت. مەبەست لە هێنانەوەی بۆچوونەکە ئەوە نییە کە ڕژیم وەک شوشە پێناسە بکەم، ئەگەر بلاتفورم و ئامرازی دروست هەبێت مێشولەش دەتوانێت لە دەروون و بینایی ڕژیمەوە تێپەڕێت.
تێبینی هەرچەند من هەوڵم دا کە ئەو بابەتە بە شێوەی سادەتر لە سویدیەوە بۆ کوردی وەرگێرمەوە بەڵام نەدەکرا، هۆکاریش ئەوە بوو کە دەبا بۆ هەر دێڕێک چەند دێڕم نووسیبایە. بۆ ئەوەی کە باشتر لە ناوەرۆکی بابەتەکەی **سیگموند** بەگەیت پێشنیار دەکەم کە بەوردی بیخۆێنیەوە، فەرموون ئێوەو جاندرەکە.

مێشێک لەنێو پەنجەرەیەکدا.

سیگموند زانا لە بواری کاروباری چارەسەری ناکۆکی دەگێڕێتەوە کە مێشێک لەنێو پەنجەرەیەکدا بووە، "مێش بێ ئەوەی لەنێوان تیشک (روناکی) و شتێکی مەحاڵ و نەشیاو بۆ تێپەڕبوون (مەبەست لەشیشەیە) شیکردنەوەی دروستی هەبێت جاروبار خۆی دەدات بە پەنجەرەکەدا تاکاتێک کە توانایی خۆی لە دەست دەدات.
هەروەک هەمان هەڵسەنگاندن ئێمەی مرۆڤ لە کاتێکدا کە لەگەڵ کێشەیەک ڕووبەڕوو دەبینەوە، زۆرجار لەشێوازێک (مێتودێک) کە

ناتوانێت شێوەیەکی باش بێت بۆ چارەسەری کەڵک وەردەگرین و لە سەر ئەو شێوازە ناکارامە بەردەوام دەبین، وەک نمونەیەک بڵێین باوک و دایکێک هەمووکات تەورێک لە منداڵەکەیان هەڵگرن و بڵێین بۆ ژورەکەی (هۆدەکەت) خۆتت خاوێن نەکردووەتەوە، شێوەی بیرکردنەوەکە وا پیشاندەدات کە ئەم تاقمە مرۆڤانە خۆیان ئاڵۆز بکەن و ڕەخنە لە کەسانی دیکە بگرن (هێرش بەکەنە سەر کەسانی دیکە) تا بەڵکو لە کۆتایی دا خەڵکانی دیکە بێننە سەر ئەو باوەڕە کە حەق بەدەستن، هەروەک مێشەکە کە ناتوانێت ڕێگا چارەیەکی گونجاو بۆ خۆ دەرباز بوون ببینێتەوە، (بەکورتی مەبەستی نووسەر لە شێوەیی بیرکردنەوە دایە کە ناتوانێت کاریگەری دروستی هەبێت).

"زۆر بابەتی نەرێنی لەو شێوە هەیە، لە جێگای ئەوەی کە شێوەیە کی دیکە تاقی بکەینەوە، هەمان مێتود بەکار دەهێنین کە کاریگەری بەکەلکی نییە، ئەوە وەک ئەوەیە کە زامێک کە خوێنی لێ دەجۆرێ و بیخورێنی بێ ئەوەی کە پێویستی بەخوران هەبێت.
مێشەکە ئەوندە تەماشای ڕووناکی کردەوە کە کوێر بووەو ئەگەر پە نجەرەکە ڕووناکی نەبایە دەیتوانی زۆر بەئاسانی کێشەکەی خۆی چارەسەر کردبا (مەبەست دەرباز بوونە لە ژورەکە و دیتنەوەی ڕێگای دەرەوەیە).
ئەها! ئەو ڕووناکییە سەخت و شیاویی تێپەڕبوون نییە!
ئەوە شێوەیەکە کە من تاقیم کردەوەتەوەو بەکارنایەت، من دەبێت مێتودێکی دیکە بەکاربێنم (مەبەست ئەوەیەکە مێش لە بیرکردنەوەدا کێشەی هەیە).
هەڵەی مێش لە مێتودی کاردا ئەوەیە کە هەمان کردەوە دووپات دەکاتەوە، کێشەکە لە دەرەوە نییە، کە بە شێوەی پەنجەرەیەک (شوشە) کە شیاوی تێپەڕبوون نییە خۆی پیشاندەدات، بەپێچەوانە

وە کێشەکە لێرەیە لە ژورەوەیە کە بەشێوەی ڕێگا چارەیەکی دوور لە توانا دیاری دەدات.
مێشەکە ناتوانێت لە نێو شوشەکەوە خۆی دەرباز بکات بەڵام لە ئاکامدا بەهەڵسوکەوتی بەپێچەوانە خۆی تێدا دەبات. مێش دەیتوانی بە بیرکردنەوەی لەبار خۆی دەرباز بکات. ئەگەر باوک و دایکەکە کە تەورەکەیان لە منداڵەکەیان هەڵگرت، چاویان لە چیرۆکی مێش کردبێت بەدڵنیاییەوە ئەوا ئەوانیش دەتوانن ڕێگایەکی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکەی خۆیان بدۆزنەوە.
دەکرێت ناکۆکی بە شەرایەتێکی بەستراوە (دوور لە چارەسەری) پێناسە بکرێت لەو حاڵەتەدا کەموافیق و دژبەر ناتوانن شتێکی تازە بێنەکایەوە، بەشێوەی ئاسایی کێشە لەشێوەی بیرکردنەوە یەکی کۆن سەرهەڵدەدات، دەسکەوتیشی وەک باو بێمەیلی هەردووک لایەنە و پاشەکشەکانی ناکارامەیە(پاسیف بوون)، بەڵام ئەوە بەو مانا نییە کاتێک کە ئێمە ڕێگا چارەیەک نابیننەوە، ڕێگا چارەیەکی دیکەنییە، ئێمە کە کاری چارەسەری ناکۆکی دەکەین زۆرجار، زۆر کێشەمان چارەسەر کردووە، ئێمە زۆر کێشەی لە مێژینەو زۆر ئاڵۆزمان بەشێوەی زۆر ئاسان چارەسەر کردەوە، هەموو کێشەیەک ڕێگاچارەسەری خۆی هەیە، گەش بینبە و باوەڕت هەبێت کە مەسەلەی بێ چارەسەری بوونی نییەو پرسیار لێرەدا ئە وە نییە کە ڕێگاچارەیەک هەیە، گرنگ ئەوەیە کە ئێمە چ هەڵدە بژێرین". ئەوە وتووێژی نێوان سیگموند ... و یان ئەتلە ئاندرسن بووە.

بەگوێرە بیر کردنەوەی زۆرکەس هەروەها لە دیدی خۆشمەوە مرۆڤ، کۆسپ، ئامانج، مێژوو و پێشکەوتن کۆمەڵ بابەتێکن کە پێوەندی نەپچڕاویان پێکەوە هەیە و کاریگەریان لە سەر یەکتری دەبێت.

ئەم بابەتەم نزیک بە ١٧ ساڵی پێش لە پێوەندی لەگەڵ ناکۆکی و ناتەبایی نێوان هێزە ڕامیارییەکانی کورد بە تایبەتی حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و هێندێک تاک و بۆچوون لە دەرەوەی حیزبەکاندا نووسیوە و لە ماڵپەڕە کوردیەکاندا بلاوم کردووەتەوە، بۆ من هەر پێنج وشەی سەرەوە وەک پێنج هەواڵ چاویان لێدەکەم کە پێوەندی زۆریان پێکەوە هەیە، لە شوێنێک کە یەکێک لەم پێنج وشەیە بوونی هەبێت ئەوە بەو مانایە کە ئەوانی دیکەش بوونیان هەیە و دێر یان زوو خۆیان دەردەخەن هەروەها پێش ئەوەی کە بچمە نێو بابەتەکەوە پێشنیار دەکەم کە هێندێک لە سەرخۆ بابەتەکە بخوێنیتەوە.

هەروەک ئاگادارن شتێک بە ناوی ناتەبایی (ناکۆکی) لەژیان و هەڵسوڕانی کاری مرۆڤدا هەیە کە وەک کێشەش ناوی دەبەن، ئەم وشە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا سەرهەڵدەدات، لێرەدا لەم بابەتەدا مەبەست لە کێشە یان ناتەبایی شەڕە مست یان پێکدادانی فیزیکیی نییە، بەلام ئەگەر بەشێوەی سەردەمیانە هەڵسەنگاندنمان لە سەر چارەسەری ناتەبایی فکری نەبێت دەتوانێت تەشەنە بکات و هۆکاری زۆر زیانبار و ماڵ وێرانکاری لێ بکەوێتەوە.

لە ڕاستیدا ئەم بابەتە شیکردنەوەیەکە لە سەر دوو خاڵ کە بریتین لە شێوەی چارەسەری ناتەبایی و کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵگا کە ئەوانیش هەرکامە بۆ خۆیان کارتێکردنی جیاوازیان لە سەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەیە، ناتەبایی دیاردەیەکە کە لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا هاتووەو بەگوێرەی ڕەوتی مێژوو شێوەی گۆڕیووەو بەشێوەی جۆراوجۆریش سەری هەڵداوە و بێ پسانەوە لەگەڵ ژیانماندا دەڕواتە پێش هەر بۆیە پێویستە جێگای تێروانیمان بێت مرۆڤ بە گوێرەی هەلومەرج ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، زۆر لە ئێمە لە سەردەمی منداڵیەوە پلەی کۆمەلایەتی خۆمان بەگوێرەی

پێخۆش بوون و بێ هەست پێکردن هەڵدەبژێرین، ئێریک بیرن لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دا بەو قەناعەتە گەیشتووە کە چوار پلەی کۆمەڵایەتی لە مرۆڤدا بوونی هەیە کە دەتوانین بە چوار پلەی بەردەوامی ژیان"یش" ناوی بەرین. دەکرێت شێوەی بیرو بۆچوونی تاک لە سەر خۆی و کەسانی دیکە وەک پلەی کۆمەڵایەتی ئەو تاکە چاوی لێ بکەین، ئەمە بەو مانایە کە لە زۆر بواردا بەتایبەتی لە کاتی ناتەبایی دا هێندێک لە ئێمە خۆمان بە خاوەن ماف دەزانین و لە سەر کەسانی دیکە بڕیار دەدەین، ڕاستییەکەی وایە کە ئێمە (مرۆڤ) لە کاتی گوشاری دەروونی دا بەشێوەی نائاگاهانە (ئۆتۆماتیک) ڕوو لەم هەستە دەکەین کە دەتوانێت بەشێوەی بەهێز یان لاواز لەنگەر بگرێت و خۆی پیشان بدات، بەڵام بناخە و ژێرخانی مرۆڤایەتی لە سەر پلەی کۆمەڵایەتی + + دانراوە، بەداخەوە کاتێک کە کێشە سەرهەڵدەدات خۆمان دەبین بە + و لایەنی دیکە دەکەین بە - و هەستی باڵادەستیمان تێدا دروست دەبێت، پێشنیار وایە کە بەسەر هەستدا زاڵ بین و بگەڕێنەوە سەر ژێرخانی سەرەتایی کە بریتیە لە + + ، ئەمە بەو مانایە نییە کە ئێمە دەبێت وەک یەک بیر بکەینەوە و وەک یەک هەڵسەنگاندنمان لە سەر دۆخ و بابەت هەبێت یان وەک یەک بین، ئێمە وەک یەک نین و زۆرجار لە سەر بابەتێک بیرو بۆچوونی زۆر جیاوازمان هەیە بەڵام ئەگەر لە قۆناخی تەندروستی دا بین واباشە کە بە دوای ڕێگا چارەیەکی مام ناوەندی دا بگەڕێن و بە ڕێزەوە چاو لە یەکتر و ڕاستییەکان بکەین.

با لێرەدا ئەوەشی پێ زیاد بکەم و بڵێم کە زۆر کەس بەخوێندنەوەی ئەم بابەتە دەتوانێت خۆی بناسێتەوە و بزانێت لە کام توقم لەم کۆمەڵە مرۆڤانەوە نزیکە.

لە دونیای پێشکەوتووی ئەمڕۆدا لە ناتەبایی یان کێبڕکێی لەبار بۆ پێش بردن و تێپەڕبوون بەسەر گیروگرفتە سیاسیی، کۆمەلایەتی و ئابوورییەکان بەشێوەی سەردەمی کەڵک وەردەگیرێت یان سەر هەڵدەدات، زۆر جار شێوەی پێشکەوتووانەی بیرو بۆچوونە جۆراوجۆرەکان ڕێگا بۆ پێش خستن و پێشکەوتن خۆش دەکات، زۆرجاریش مرۆڤ یان ویست و داوخواز فیدا و قوربانی شێوە دواکەتوانە یان شێوەی هەڵەی چارەسەری ناتەبایی بووەو دەبێت و...

زۆر کەس لە وڵاتانی پێشکەوتوو تەنانەت زۆر مرۆڤی زانا و تێگەیشتوو لە وڵاتانی دواکەوتووش وێرای ئەوەی کە وشەی ناکۆک بە باش نازانن بەڵام پێیان وایە کە ناتەبایی سیاسیی یان جیاوازی فکری لە نێوان دوو بۆچوون یان دوو لایەن شتێکی ئاساییە و بە هیوای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی بە قازانج و کردنەوەی گرێکوێرەکان چاوی لێدەکەن. زۆر کەس پێیان وایە کە زۆربەی ناتەبایەکان (کێبڕکێ) باش و ئەرێنییە بەڵام ئەگەر هەستی خۆمانی لە سەر دانێین بەلای نەرێنی دا دەکەوێت.

لە ڕاستیدا ئەو کەسەی کە دەیەوێت دژی فکری و بۆچوونی کەسێکی دیکە هەستێتەوە دەبێت مانا و نێوەڕۆکی کێشە، هەروەها دەبێت بتوانێت لێکدانەوەی دروستی لە سەر لایەنە چاک و خراپەکانی ناتەبایی هەبێت، پێویستە بەزانێت بۆ چ مەبەست و ئامانجێک کێشە دەکات یان ناتەبایە، بە گوێرەیەکی دیکە باشتروایە کە گەشەی کۆمەڵگای سەردەم و لایەنی خوولقێنەر و زانستی ناتەبایەکە جێگای سەرنج بێت تا نەڕواتە ڕیزی ناکۆکیە نەرێنییەکانەوە و بێ هیوایی دروست نەکات.

نووسەرێکی ئەمریکایی ناتەبایی یان بەواتەکەی دیکە کێشە وەک پێکدادان لەنێوان دوو پرۆژە، دوو ویست، دوو داوخواز، دوو بیرو بۆچوون، یان دوو خەت و نیشانی جۆراوجۆردا ناوزەدی دەکات.
بەلام ئەوەی کە بــــۆ زۆر کەس روونە ئەوەیە کە ســــەرچاوەی ناتەبایی یان بۆ چارەسەری و باشترکردنە، یان کەموکوڕی لە نە بوونی جێگرەوەی یان نەبوونی بیری دروست و لەبارە بۆ چارە سە ریکی کۆنکترێت.
بۆ ئاگاداری خوێنەر چەند وێنە و هێمای جێگای سەرنج و بەکەڵکم لەم بابەتەدا نیگار کردبوو بەلام بەو هۆیەوە کە ئیمکانی لەیک ترازان و دروستکردنی کێشە لە کاتی چاپکردندا هەبوو چاوپۆشیم لە دانانی لەم کتێبەدا کرد.
شتێک بەناوی من و ئامانج هەیە کە لە نێوان ئەو دوو خالە گرنگە دا شتێک بەناوی کۆسپ هەیە کە ئەویش بۆخۆی بابەتێکی گرنگ و بۆ تێپەڕین بەسەریدا پێویست بە بیرکردنەوەیەکی زانستیانەو ورد هەیە.
من پێموایە کە ئامانج لەگەڵ ڕەوتی میژوو بێ پسانەوە دەڕواتە پێش، دەڕوات تا گۆڕانکاری لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتن دەستەبەر بکات. هەروەها ئێمەش شوێنکەوتوویی میژووین، ئەوە مێژووی سەردەمە کە ئێمە بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت، بەلام دەبێت مرۆڤ یان هێز یان کۆمەڵ هەولبدات تا خۆی لەگەڵ هەڵسوکەوت و پێویستییەکانی مێژوو ڕێکبخات و داهێنەری ئەو بەشە بێت کەبۆ خۆی دەبێت داهێنەری بێت.

مرۆڤ لە ژیانی دا بێ کێشە نابێت بەلام ئەگەر هەوڵ نەدات داهێنەرێکی باش بێت هێندێک کێشەی زیاتری بۆ پێش دێت و ئەو کێشە یان کێشانە دەبنە فاکتەرێک بۆ پێکهێنانی هێندێک ناتە

بایی کە لێرەدا باسکردن لە سەر سێ خاڵ بەگرنگ دەزانم کە دوو خاڵیان سەرەکی بەڵام خاڵەکەی دیکەیان دەبێتە لاوەکی.
یەکەم : ئەگەر مرۆڤ لە کاتی خۆیدا هەڵسەنگاندنی دروست و داهێنەری ئەو بەشەی کە دەبێت بۆ خۆی دەستەبەری بکات نە بووبێت بۆ تێپەرین بەسەر کۆسپدا لەگەڵ گرفتی زیاتر ڕووبەڕوو دەبێتەوە و ئەگەر کەموکورییەکان سەر لە ماڵی سوورەوە دەربێنن دەتوانێت ئاکامی خەراپیان لێ بکەوێتەوە.
دووهەم : نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە لەکاتی سەرکەوتن بە سەر کۆسپدا لەگەڵ مەودایەکی کاتی لە نێوان خۆمان و ئامانجدا ڕووبەڕوو دەبینەوە (مەودا لە نێوان مرۆڤ و دوارۆژدا) کە ئاکامە کەی دەبێتە دواکەوتن لەگەڵ گەشەی مێژوو بەشێوەی لەباری خۆی ، یان ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دواکەوتن لە گەیشتن بە ئامانج بە پێی گەشەی مێژوو یان کاتی لەبار.
هەروەها ئەگەر بمانەوێت خێراتر لەوەی کە هەین هەنگاو هە ڵگرین ئیمکانی ئەوەی بۆ دەڕوات کە لەگەڵ کۆسپ کە ئەویش هە روەک ئامانج لەگەڵ گەشەی پێشکەوتنی مێژوو چووتە پێش پێکدادان ڕووبدات کە ئاکامێکی باشی لێ ناکەوێتەوە ئەوکات ئیمکانی هەیە کە ڕابردوو تاوانبار بکەین یان هەوڵ بدەین تا ئە وەی کە وا لەگەڵ گەشەی پێشکەوتنی مێژووی ڕابردووی خۆی ڕوویداوە(راکێشراوە) بگێرینەوە بۆ دواوە کە کارێکی هاسان نییەو ئەگەرێش ئیمکانی هەبێت لەواقع دا یانی گەڕانەوە بۆ دواوەیە کە ئەوەش بۆ خۆی نرخی تایبەت بەخۆی هەیە، بەکورتی هەر هەنگاوێک کە بە پێی یاساو ڕێسای خۆی بەرەو پێش نەچێت نرخی تایبەت بە خۆی دەبێت.

سێهەم : جولانەوە بەپێچەونەی گەشەی پێشکەوتنی مێژوویە ( بڵندخوازی) کە لێرەدا دەبێتە لاوەکی ئەمەیش بۆ خۆی باسێکی

زۆری پێویستە بەڵام من هەوڵدەدەم ئا لێرەدا بە کورتە ڕوونکردنەوەیەک کۆتایی پێ بێنم، ئەگەر بمانەوێت بەرنامە بۆ گەشەی پێشکەوتنی مێژووی نەهاتوو دیاری بکەین، لە پێشدا دەبێت بەرنامە و ئامرازی پێویستی خۆمان هەبێت، یان لەگەڵ گەشەی پێشکەوتنی مێژوو بە بەرنامەوە داهێنەر بین، یان دەبێت چاوەڕوانی گەیشتنی مێژووی لەبار و سەردەمی پێویست بەخۆی بین، بەڵام ئەگەر بمانەوێت بە سەر بەشێک لە گەشەی پێشکەوتن بەگوێرەی مێژوو بازدەین یان بەواتەیەکی دیکە بە پێچەوانە بمانەوێت بە سەر کۆسپدا بەبێ بوونی تەگەرە و کەرەستەی پێویست و کاتی دروست تێپەڕین بێشک لەگەڵ ناتەبایی و کەموکوڕی تایبەت بە گەشەی مێژوویی ڕووبەڕوو دەبینەوە و لە هێندێک بواردا دەبێت بە شتێکی خەیاڵاوی و نرخێکی زۆری پێویستە کە پێشکەشی بکەین. بەکوردی بۆ خواردنی سێوێک زۆر ئامرازو شت پێویستە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت شیکردنەوەی زیاترمان هەبێت دەتوانم وەک نموونەیەک بۆ باسەکەم بەشێکی زۆر یان بەگشتی ئەحزابی چەپ ناو بەرین کە زۆر یان کەم هەرکامەیان لەگەڵ کۆسپ پێکدادانیان کردەوە و نرخیان بۆ داوە، لە ڕوانگەی منەوە هۆی ناتەبایی لەباری داهێنەری و بزاڤی بەپێچەوانەی گەشەی پێشکەوتنی مێژوو و سەرنج نەدان و کەڵک وەرنەگرتنی زانستیانە لە ناتەبایی و ئامرازەکانی گەشە بووە نەک ئایدیۆلۆژیی ڕامیاری.

درێژەی ناتەبایی، لۆژیک (مەنتق) وا پیشان دەدات کە ئەگەر هەلومەرجی لە بارت بۆ هاتەپێش و بە ئامانج بگەیت دیسان ناتوانی بێ یارمەتی وەرگرتن بەشێوەی سرووشتی ئامانج ڕوو لە پێش بەریت.

تێبینی: ئەگەر لە سەر مەسەلەی گەشە، کۆسپ، ئامانج، مێژوو، گەشەی پێشکەوتن بەگوێرەی مێژوو و ئەوەی کە مرۆڤ دەبێت بۆ خۆی داهێنەری بێت پرسیارت بۆ هاتەپێش دەتوانی بۆ خۆت هەڵسەنگاندنێکت لە سەر بەشێک لە وڵاتانی ئافریقای یان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاوکات وڵاتانی پێشکەوتوو و مرۆڤەکانیان، هێزە سیاسییەکانیان هەبێتن.

هەروەها بەگوێرەی بۆچوونی خۆم دەکرێت وەک نموونەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتی من (مرۆڤ)، کۆسپ و ئامانج ئەوروپاییەکان، مێژوو، ڕەوتی گەشەی مێژوویی ئەوان و ئەوەی ئەوان داهێنەری بوون و هەن لە بەرچاو بەگرین تا بزانین ئەوان وەک مرۆڤ چەند بەسەر کۆسپدا زاڵن یان چەند کۆسپیان لە بەردەمدایە و چەند لە دوای ئامانجەن، ئەوروپاییەکان هەولدەدەن بە ئامرازی پێویست و سەردەمیانە بۆ گەیشتن بە ئامانج پێشتر کۆسپیان تێپەڕ کردبێت، سەرچاوەی بەشێکی هەرە زۆری ناتەبایەکانیان لە پێناو پێشچوون و پێشکەوتن یان باشکردنی داهاتوو دایە و بەچاوێکی ترەوە لە ناتەبایی و یەک نەبوونەکان چاو دەکەن.

بەڵام هەر لەو وڵاتانەی ئێمەدا، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوینی چەند لەگەڵ گەشەی مێژووین و چەند پێکهێنەر و لە ناتەبایی بۆ باشکردن و پێش بردنی کار و بەرهەم هێنان کەڵک وەردەگرین؟

هەروەک لە پێشدا باسمکردەوە لە جیهانی پێشکەوتی ئەمرۆکە زۆرجار ناتەبایی وەک ئامرازێک بۆ بەرهەم هێنان و باشکردنی ژیان و گوزەرانی هاوولاتیان دێتەگۆڕێ بەڵام لای ئێمە یان بەپێچەوانە چاوی لێ دەکەین یان بەپێچەوانە کەڵکی لێ وەردەگرین، هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ئەوانە وا بەپێچەوانە کەڵک لە ناتەبایی وەردەگرن یان بەپێچەوانە چاوی لێدەکەن لە نێو ماڵی سووردان و لە پێکدادان لەگەڵ کۆسپ زۆر

نزیکن، خانەی سووریش بۆ خۆی زۆر ناتەبایی تێدایە و ئەوەی کە مرۆڤ وا لێدەکات کە بەپێچەوانەی لۆژیکی پێویست بجووڵێتەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت و باسی زیاتر دەکات کە بەو هیوایە بتوانین لە کاتی خۆیدا هێندێک ڕوونکردنەوەمان لەو بارەیەوە هەبێت.

بەڵام لایەنی دیکە کە بەپێچەوانە ئێمە دەجووڵێنەوە یانی بەشێوەی زانستیانە لە ناتەبایی کەڵک وەردەگرن لە خانەی سەوز دان بە کورتی ئەوانن کە لەگەڵ گەشەی مێژوودا پێش چوون و خوولقێنەرن.

جا بۆ بەرنگار بوونەوەی پێکدادان و چوونەدەرەوە لە نێو ماڵی سوور و خۆ لەگەڵ گەشەی مێژووی ناتەبایی ڕێکخستن ئەم خاڵانەی خوارەوە وەک پێشنیار هاتوون، یان بە واتەیەکی دیکە بۆ سەرەتایەک بۆ خۆ ناسین، خۆ ڕێکخستن و سازان لەگەڵ گەشەی مێژووی سەردەم.

١. پێش لەوەی کە هەڵوێست بگرین با لێکۆڵینەوەی زانستیانە و دروستمان لە سەر ناتەبایکە هەبێت.
٢. ئەگەر ڕەخنەیەک گیرا با بە چاوی نەیارەوە تەماشای ڕەخنەگر یان پێشنیاردەر نەکەین.
٣. هەوڵ بدەین کە جیاوازی لە نێوان تیئۆری و هەست دا بە ناسینەوە.
٤. ئەو هەستە لە خۆماندا پێکبێنین کە ئەگەری هەیە ئاڵوگۆری فکریمان تێدا پێش بێنن، کراوە و واقعبین بین.
٥. ئامادە بین کە ڕەخنەی باش و بەکەڵک وەرگرین و بەدڵێکی فراوان و مێشکێکی کراوەوە گۆێڕاگری ڕەخنەکان بین.

٦. لەکاتی ئاڵۆز بوونی بارودۆخ و لادانی لە شێوەی ئاسایی خۆی لە جێگای ئەوەی لە دژی بوەستینەوە هەوڵ بدەین کە لەگەڵی کەوین تا بتوانین بە ئارامی و لۆژیک بەدانی پێشنیاری بەکەڵک و لێبوردوویی یاریدەر و پێکهێنەری ئاڵوگۆری باش بین، بەم شێوە دەکرێت خاڵێکی ئەرێنی بۆ پێشگیری لە پێکدادان بین.

٧. لەوەی کە ڕۆڵی پاڵەوانی گۆڕەپانەکە یان ئەرکی باب و دایک یاری بکەین خۆ بپارێزین.

٨. لە جێگای ئەوە کە بە ناکۆکیەکە ناتەبایی دیکە زیاد بکەین، هەولبدەین بۆ ئەوەی کە ناتەبایی بێ نێوەرۆکەکانی نێو هەر ناتەبایەک بێ بایخ و پووچ بکەینەوە.

٩. وا بیر نەکەینەوە کە ئەگەر هەمووشتێک بەدەڵی ئێمە نەبوو ئەوا دۆراوین، نە وانییە، زۆرجار وا هەڵکەوتووە و هەڵیش دەکەوێت کە براوەی ئەمرۆ دۆڕاوی سبەینێ یە.

١٠. لە جێگای ئەوەیی دژ بە ڕاستییەکان بین دەبێ لەگەڵی کەوین تا بەرهەم بەدات، دەبێ ئەوە بزانین کە ناتەبایی بێ چارەسەری لە دەروونەوە مرۆڤ یان ئامانج دەخواتەوە و لە ئاکام دا لەنێوی دەبات.

١١. ڕەزامەند بین کە ئێمە هەر کات و سات بەدوای مێژوودا لە حاڵی ئاڵوگۆردایین.
لەجێگای ئەوە کە کۆکەرەوەی خاڵە نەرێنییەکان بین واباشە کە فکری خۆمان بۆ جێگادانی خاڵە ئەرێنییەکان تەرخان بکەین.

لە کۆتایی دا دەتوانم بڵێم کە ئەگەر مرۆڤ بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی باش و بە کەڵک هەستێتەوە ئەوە بەو مانایە کە ئەو مرۆڤە کاریگەری هەیە و دەتوانێت داهێنەر بێت و...

چەند و چۆنی مرۆڤ لەم سەفەرەدا.

لە ڕاستیدا وا بیردەکەمەوە کە لەم سەفەرەدا مرۆڤ کارتێکردنی سەرەکی هەیە بۆ تێپەڕین، خووڵقاندن و گەیشتن بە ئامانج واباشە جێگای سەرنج بین. بەڵام هەروەک لە سەرەوە باسمکردووە سرووشت و ناتەبایەکانی مێژوو ئێمەی مرۆڤیان بە تاقم و دەستەی جۆراوجۆر دابەش کردەوە کە زانایان توانیویانە چوار تاقم (دە ستە) بناسنەوە، یانی بەکورتی ئێمە وەک مرۆڤ بەچوار کۆمەڵ دابەش کراوین کە هەر کۆمەڵو تاقمێکمان بۆ خۆی ئاکار، ڕەوشت و بەسەرهاتی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر بۆیە وەک یەک نین، وەک یەک بیرناکەینەوە، وەک یەک هەڵۆێست وەرناگرین.
لە سەرەتادا ئەوەمان خوێندەوە کە مرۆف بە دوای گەشەی مێژوودا دەڕوات و دەبێت لەو سەفەرەدا بۆ خۆی خوولقێنەری هێندێک خاڵ بێت تا بتوانێت لەگەڵ ڕەوتی گەشەی مێژوو یەکگرێتەوە، بەڵام ئێمەی مرۆڤ زۆر جار توانای ئەوەمان نییە کە وەک خۆی هەست بە ڕاستییەکان بکەین، زۆر جار توانا یان دەرفەتی ئەوەی کە خۆمان لەگەڵ گەشەی مێژووی هاوچەرخ ڕێکبخەین نییە، زۆر لە ئێمەی مرۆڤ بەشێوەی سرووشتی واین و ئەوهاش بەباش دەزانین.
بەڵام ئیمکانی ئاڵوگۆڕ لەمرۆڤدا زۆر زۆرە یانی زۆربەی مرۆڤەکان بەپێی پێشهاتەکان، لەگەڵ ڕەوتی گەشەی مێژوو یان بەکارتێکردن دەگۆڕێن و لە قۆناخێکەوەدەڕۆین بۆ قۆناخێکی دیکە.
ئێمە (مرۆڤ) پێویستمان بەوە هەیە کە هەموومان وەک مرۆڤ بە ڕێزگرتن لە یەکتر هەوڵ بدەین تا لەگەڵ یەک خوولقێنەری شتە

باشەکان بین و دوور لە کرداری نەرێنی و ناحەزی بۆ دواکەوتن لە ئامانجەکان یان خوولقاندن بەمەبەستی تایبەت، هەروەها بۆ ڕێکەوتنی لەبار و بەکەڵک یان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە خۆماندا دەبێت هەسوڕاوانە هەوڵ بدەین تا ئەوەی وا باش و بەجێیە بیکەین.

ئەم چوار کۆمەڵە مرۆڤانە هەرکام بۆ خۆیان لەسەر ڕەوتی گەشەیی کۆمەڵگا یان لە سەر ناتەبایەکانی نێو کۆمەڵگا ئاکامی تایبەت بەخۆمان دادەنێن، من لێرەدا بۆ ئەوەی بتوانم خوێنەر لە نێوەرۆکی بابەتەکە بگەیەنم هەوڵدەدەم تا بابەتەکەم بەشێوەیەکی کورت و ڕوون دەربێنم، بەڵام بێ کەموکوڕی نابێت و داوای لێبوردن دەکەم چونکە هەر ئەوەندەم لە هەگبەدایە.

تاقمی یەکەم ئەوانەی کە، ناسراونبە" من و تۆ". لێرەدا مەبەست نە منە و نە تۆ یان کەسێکی دیکەیە بەڵکو بابەتەکە وایە و مرۆڤیش باشتر لە مەبەستەکە تێدەگات.
هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر وا بەباش دەزانم کە شیکردنەوەم لە سەر بابەتێکی دیکە هەبێت.

لەم باسەدا من لە(+ ) و (- ) بۆ باسەکەم کەڵک وەردەگرم، + بە مانای ئەرێنییە (ئاکتیڤ) - بەمانایی نەرێنییە (نێگاتیف)، بە کورتی وەک جەمسەری باتری وایە کە هەر لایەکی بەشێوەیەک کاردەکات، ئەگەر دوو – یان دوو + یەکگرن شێوەی کارکرد، بە رخوردان یان بەرهەم هێنانیان جۆراوجۆرەو واباشە کە جێگای سەرنج بن.

جا ئێستا ئێمە و هەر چوار کۆمەڵە مرۆڤەکان.

یەکەم تـاقم دەکەیـن بەوانە کە دەڵـێن مـن + تـۆ -، ئەم تـاقمە مرۆڤە هێندێک تایبەتمەندی خۆیان هەیە کە پێویستە لە قۆناخە جیاوازەکانــدا ســەرنج بــدەرێتە شــێوەی بیرکــردنەوەی ئەوان و ئاکامەکانی.

ئەم تـاقمە مرۆڤـانە ئەوهـان و وەهـاش بیـر دەکەنەوە، وا بەبـاش دەزانن.

ئەمانە کە بەم شێوەن پێیان دەڵێن تاقمی "بیبەمەوە، بیدۆرێنە" بەکورتی لایەنـی خـاس وخراپـی ئەم کۆمەڵە مرۆڤـانە بـریتین لە:

یەکەم لایەنە نەرێنیەکان:

هەمیشە هەوڵدەدەن تـا خۆیـان بـراوە و لایەنـی دیکە دۆڕاو بێت، تەنیا بیروبۆچوونی خۆیان بۆیان جێگای رێزە و قبووڵە.

دەتــــوانن بەرهەمهێــــنەربن، بەڵام لە زۆر بــــواردا ئەوەی کە دەیخــــوولقێنن بــــۆ خۆشــــیان خراپــــی دەکەن و هەســــتی تــــۆڵە سەندنەوەیان بەهێزە.

ئەوەی کە مرۆڤ بێ کەموکوڕیی نییە و ئەوانیش کەموکوڕیان هەیە قبـووڵ نـاکەن و دژ بە دەور و بەری خۆیـان زۆر کـردەوەی نەرێنـی پیشاندەدەن.

باوەڕیـان بەکەس نیـیە و زۆربەی کـات نەرێنـی و هەمووکارەکـان دەبێت بۆ خۆیان جێبەجێ بکەن ....،

هەروەهـا پێیـان دەڵـێن"لە خـۆڕازی کەم تـاقەت"تەنیـا لایەنـی ئەرێنـی کە ئەم چەشـنە مرۆڤـانە هەیـانە ئەوەیە کە: بەهاسـانی ناتوانی بیانکڕی و هەستی باوەڕ بەخۆبوونیان زۆر بەهێزە و ...

بە هەڵسـەنگاندەنێکی ئاسـایی بە ڕوونـی بۆمـان دەردەکەوێـت کە ئەم جــۆرە بیرکــردنەوە (مرۆڤــە) دەتــوانن چ جــۆرە ئاکــام و ڕووداوەیەک بەخـولقێنن، بەبـڕوای مـن سـەدام حوسـێن لـەم تـاقمە مرۆڤانەیە، جا تۆش بۆ خۆت دەتوانی کردەوەکانی سەدام لە ڕادەی نێۆخۆیی و ئاست بە دراوسێکانی هەڵسەنگێنی تا بە ئەنجامێک لە

سەر ئەم چەشنە مرۆڤانە و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ڕەوتی مێژوو، شێوەی تێپەڕین لە کۆسپ و بەرهەمهێنەریان بگەیت.

دەستەی دووهەم: ئەو کۆمەڵە مرۆڤانن کە بە تاقمی، من - تۆ + دەناسرێن.
ئەم کۆمەڵە مرۆڤانە کە بە تاقمی" دۆراوم، بیبەوە یان هیچم لە دەست نایەت" دەناسرێن، بەکوردی و کورتی تاقمی" من نیم ، تۆ ببە". ناوزەد کراون.
هەروەها ئەم کۆمەڵە مرۆڤانە یان بیرۆکانە ئەوانەنن کە" بڕوایان بە خۆ نییە، سەبریان زۆرە". ئەم تاقمە مرۆڤانە زۆر بە تۆڵەرانسن و لە زۆر بواردا لەگەڵ دەسەڵاتن و بەپێچەونەی ڕاستییەکان لە قۆناخی پێش لە تێپەڕ بووندا بەکار دەبرێن و یاریدەری دروست بوونی بیری دەسەڵات خوازین، بڕوایان بە دەسەڵات لە چەشنی دیکتاتۆری زۆرترە تا دەسەڵاتی دیموکراتی و بەهاسانی بۆیان قبووڵە، بەڵام لە قۆناخی شین یان تێپەڕبوون لە کۆسپدا کێشەیان لەگەڵ زۆرشت هەیە و خۆ دەدزنەوە یان بۆیان قبووڵ ناکرێت و لە جێگای خووڵقاندن بەشوێن بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیاندا دەگەڕێن.
خۆیان بە کەم بایی دادەنێن و... زۆر جار مەسەلە گرنگەکان بە گاڵتە چاو لێ دەکەن و...، خۆیان بەهیچ و لاواز دەبینن و لە سەر بەڵێن و قەرارداد ڕاناوەستن، هەستی ئەوەی کە بەکەسانی دیکە قەرزدارن زۆر جار لێیان پەیدا دەبێت، باوەڕیان کەمە و لە دەروونەوە یان بە ڕوونی لە زۆر مرۆڤێک یان مرۆڤەکانی دیکە خۆ دەپارێزن، (دووره پەرێزن) و...، زۆر لە دەسەڵاتدار دەترسن و تەنیا خاڵی ئەرێنی کە ئەم کۆمەڵە مرۆڤە هەیانە ئەوەیە کە تۆڵەرانسیان زۆرە.

تاقمی سێهەم : کە بە تاقمی من - تۆ - پێناسەکراون.
بەکورتی ئەم تاقمە بە نەرێنی ترین کۆمەڵە مرۆڤ دەناسرێن کە بە تاقمی" دۆراوم – دۆراویت" پێناسە کراون و ئەوانەنن کە لە قۆناخی ناهۆمێدی و بێ بروایی دا دەژین، ئەم تاقمە مرۆڤە لەوانەن کە دەڵێن" نە خۆم هیچم لە دەست دێ و نە ئەوانەی چواردەورم".
ئەم چەشنە مرۆڤانە وەک نەخۆش وان و جێگای بڕوانین و زۆرکەس وەک نەخۆش چاویان لێ دەکەن و پێیان وایە کە بۆ چاککردنەوەی شێوەی بیرکردنەوەیان پێویستیان بە شێوە چارەسەریەک هەیە، بەشێک لەم چەشنە مرۆڤانە ئیمکانی هەیە کە هەر لەوانە بن کە پێیان وابووە کە خۆیان نین و وتویانە تۆ ببە ( من - و تۆ + ) بەلاَم لە سەردمێکدا کە چاوەڕوان بوون کە لای + بەرژەوەندیەکانیان دابین بکرێت بەو جۆرەیی کە چاوەڕوان بوون دابین نەبووە لە ئاکامدا ناهۆمێد بوون و کەسانی دیکەش هەر بە هیچی لە دەست نەهاتوو دەزانن و لە ئاکامدا دەکەونە گەڕان بەدوای کەسێک یان کەسانی دیکەدا و... بە کورتی ئەم چەشنە مرۆڤانە ئاوەهان: نیسبەت بە ئالوگۆڕەکان زۆر بێتەفاوەتن، نە ڕێزیان بۆ خۆیان هەیە و نە بۆ کەسانی دیکە و هەمووکات نیسبەت بەپێشهات و ڕووداوەکان کەسانی دیکە بە تاوانبار دەزانن و وا هەست دەکەن کە دۆراوی نێو دۆراوەکانن و جێگای بڕوا نین و لە سەر قەوڵوقەرار ڕاناوەستن...
زۆرجار ئەوەی کە بەزار دەیڵێن شتێک بەپێچەوانە لە زاکیرەیاندایە، ڕوون و کراوە نین، لە بازنەیەکی داخراون...
ئەم کۆمەڵە مرۆڤانە دەتوانن زیاتر لە گرووپی من – تۆ + نزیک بن و هۆکاری سەرهەڵدانی ناتەبایی لە چەشنی نەرێنی بن، یان هۆکاریک بن بۆ تێکشەکان و جێمان لە ڕەوتی ئاسایی لەگەڵ ڕەوتی گەشەی مێژوو.

لە وڵاتانی دیکتاتۆر و دواکەوتوودا زۆرکەس دەبنە قوربانی زۆرداری یان ناتەبایەکانی کۆمەڵگا و بەشێوەی من نیم و تۆ ببە، یان من هیچ نیم و تۆش هەر هیچ نیت لێدێت و لە ئاکام دا بەپێچەوانە لە کێشەکان کەڵک وەردەگرن یان بێتەفاوەت دەبن و دەبنە دواکەوتووی دەسەڵات.

ناتەبایەکانی نێو کۆمەڵگا و کێشەی بێ ئاکام بۆ تێپەڕ بوون بە سەر کۆسپدا لە سەر ئاکار و کردەوەی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگانە ئاسەواری نەرێنی دادەنێت و زۆر کەس لە باری تەندروستییەوە پێویستیان بە یارمەتی تەندروستی دەبێت.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا خەڵک لەگەڵ زۆر کێشە و ناکۆکی بێ نێوەرۆک ڕووبەڕوو بوونەتەوە کە هۆی سەرهەڵدانی ناتەبایەکان یان پێکهاتنی ئەو کێشە بێ نێوەرۆکانە ئەوە بووە کە دەسەڵاتدارانی حاکم بە سەر ئەو وڵاتە یان ئەو وڵاتانە لەکاتی پێویست دا بەرنامەی دروست و لە باریان نەبووە و بۆ گەشەی ڕەوتی کۆمەڵگا لەگەڵ مێژووی سەردەم بەمەبەستی داهێنان و تێپەڕین بەسەر کۆسپ دا، لە ئاکامدا کارتێکردنی ناتەبایەکان لە ڕادەی ئاسایی خۆی زۆر زیاتر بوون.

ئەوەی کە دەبوو لەکاتی خۆیی دا خولقابا (بەبەرهەم با) بەرهەم نەهاتووە، ئەگەر وەک نموونە وڵاتی ئێران باس بکەم، ئێران هێشتاکەش هەر وڵاتێکی وابەستە و چاو لە دەستە و لە باری گەشەی کۆمەڵایەتی، سیاسیی، ئابووری و بەرهەمهێنانەوە زۆری ماوە تا بگاتە ئاستی ئاسایی، نەبوونی ئیمکاناتی پێویستی فێرکردن و بارهێنانی سەردەمیانە لە قۆناخی پێش و ئێستاکەش هەر لەو پەڕی خۆیدایە، نەبوونی بەرنامە و پلانی لەباری کۆنترۆڵی گەشەی بارودۆخی وڵات و ڕەوتی گەشەی مێژوو پێکەوە ناتەبان، بێکاری و نەداری، نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوون،

کێشەی مادده جۆراوجۆرەکانی هۆشبەر، دانانی کۆسپ لە سەر ڕێگای ئازادی ڕادەربڕین و ترسان لە دەربڕینی هەستی دەروونی، دروست کردن یان زیندوو کردنەوەی باوەڕی دواکەوتوانە و دوور لە لۆژیک لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا، پرژاندنی تۆی بێباوەڕیی و دورەپارێزی خەڵک لە یەکتر بەمەبەستی ئەپێش بردنی پرۆژەی نازانستیانەی پاراستنی دەسەڵات، نەبوونی خۆشی، هیوا و هومێد لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا هۆی سەرەکی زیاد بوونی ئەو دوو چەشنە بیرۆکانە و سەرهەڵدانی کێشە بێ نێوەڕۆکەکانە لەو کۆمەڵگادایە، بەکورتی کۆماری ئیسلامی ئێران داهێنانی جۆراوجۆری نەرێنی زۆری هەبووە بەلام دوو نموونە باس دەکەم، یەکەم بەرهەم هێنانی ئاخوند و ئیمام لە ڕادەی پێویست زیاتر، دووهەم گیرۆدە کردنی کۆمەڵگا بە ماددەی هۆشبەر، بەگوێرەی ڕاگەیانداوی فەرمی و وتەی بەرپرسی زیانە کاریی و کۆمەڵایەتییەکانی دایەرەی هەرەوەرزی ئێران لە ڕۆژدا ١٠٠ (سەد) موعتاد بە موعتادەکانی دیکە ئێران زیاد دەبێت، بەڵام ئەوە ڕاستی نییە و هەر ڕۆژە ڕادەیەکی زۆر زیاتر لەوەی کە ئاغای وەزیر ڕادیگەیاندووە بە موعتادەکانی ئێران زیاد دەبێت.

دەستە یان تاقمی چوارەم .

ئەم کۆمەڵە کە بە من + ، تۆ + پێناسە دەکرێن، هەروەهاش بە" دەیبەمەوە، دەیبەیتەوە" دەناسرێن، یان بەوانەی کە" هەستی خۆباوەڕیان باشە و تۆلەرانسیان زۆرە" و لە قۆناخی ڕێزلێنانن.

ئەم کۆمەڵە مرۆڤانە لەوانەن کە باشترین شێوەی بیرکردنەوەیان هەیە و دەشتوانن داهێنەری زۆر شتی باش و بەکەڵک بۆخۆیان و مرۆڤایەتی وەدەست بێنن.

ئەم جۆرە بیرۆکانە زۆربەیان، یان بەگەشتی ئەوانەن کە بەشێوەی ئاسایی لەگەڵ ڕەوتی گەشەی مێژووی خۆیان پێش چوون

و لە قۆناخی داهێناندان و ئاوەهاش بیردەکەنەوە: زۆربەی کات گەش بینن بە تێپەڕین بە سەر کۆسپدا و بە چاوی بڕواوە سەیری ژیان دەکەن و زۆر بەپاکی و خاوێنی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە پێوەندی دەگرن، ڕێزیان هەیە بۆ خۆیان و بۆ خەڵکی دیکە و لە سەر بەڵێنی خۆیان رادەوەستن و هەستی دەروونی خۆیان بەجوانی و بەبێ ترس دەردەبڕن.

لە ڕاستیدا ئێمە وەک مرۆڤ ئەگەر بتوانین ئاوەها بین و وابیر بکەینەوە زووتر بەئامانج دەگەین و...

ئێمە وەک مرۆڤ دەبێت هەوڵبدەین تا وابین، وەک ئەوانەی نێو ماڵی شین یانی وەک تاقمی چوارەم، ئەگەر ئیمکانی ئەوەمان هەبایە لێکۆڵینەوەمان لە سەر خەڵکی ولاتێکی ئازاد و داهێنەر، یان بەواتایەکی دیکە ولاتێکی دیموکرات و لەگەڵ ڕەوتی مێژوو و ولاتانی دیکتاتۆر و دواکەوتوو هەبایە ئەوکات زۆر بەجوانی لە ڕاستییەکان دەگەیشتین و بۆمان دەردەکەوت کە پێوەندیەکی زۆر گرنگتر لەوەی کە باس دەکرێت لە نێوان مرۆڤ، کۆسپ، ئامانج، ڕەوتی گەشەی مێژوو و داهێناندا هەیە، ئەگەر مرۆڤ لە داهێنانی پێویستییەکانی دواڕۆژدا کە دەتوانێت بەشێوەی پرۆژەیەکی فکری و سەردەمیانە بە قازانجی کۆمەڵانی هەراوی خەڵک کۆتایی پێ بێت لە شێوەی دروستی ناتەبایی بەمەبەستی تێپەڕبوون بەسەر کۆسپ دا کەڵک وەرگرێت لە دواڕۆژدا بۆ گەیشتن بە ئامانج بە پێی ڕەوتی مێژووی سەردەمی خۆیی دوا ناکەوێت و کێشەو ناتەباییەکان دەبن بە لاوەکی و بێ نێوەڕۆک و تێپەڕبوون بە سەر کۆسپدا ئاسانتر دەبێت، واباشە کە مرۆڤ بەگوێرەی ئیمکان بۆ تێپەڕ بوون بەسەر کۆسپ دا لە پێناو باشتر کردنی کۆمەڵگا بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانج وەک من هەم تۆش ببە یان بەواتایەکی دیکە من هەم و تۆش هەیت بیر بکاتەوە وهەوڵبدات تا لەگەڵ ڕەوتی گەشەی مێژوو بێت و لە شێوەی زانستییانەیی

ناتەبایی بۆ بەرهەمهێنان و سەرکەوتن بە سەر کۆسپ دا کەڵک وەرگرێت، خاڵە نەرێنییەکان لە خۆ دورخاتەوە تا بتوانێت بەهاسانی بەسەر کۆسپ دا سەرکەوێت.

### پروفیشیونالیتێت لە کار و ماف لە ڕێکخراوەدا.

مرۆڤ هەردەم چاوەڕوانە تا ئەو شتەی کە ئارەزۆی دەکات ڕووبدات منیش بیرم لە ناڕەوایی کۆماری ئیسلامی ئێران و شکستی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێرانی بەگشتی و حیزبە کوردییەکانی ئەو پارچەی کوردستان بەتایبەت دەکردەوە، وێرای کەموکوڕییەکانی دیکە ئەوەیی کە لەم نووسراوەدا دەیخوێنیتەوە بە ناتەباییەکی دیکەم دەزانی یانی زۆر جار بیرم لە شیوازی ئەندامگیری و مافی ئەندام لە حیزبە سیاسییەکان یان هێندێک لە حیزبە سیاسییەکاندا دەکردەوە کە چەندین پرسیارم بۆ دروست دەبوو، لەو ڕوانگە کە حیزبە سیاسییەکان بە ئاڵا هەڵگری خەبات و سەرچاوەیەکی خاوێن دەزانم و پێموایە کە جیاوازییان زۆرە لە گەڵ حکومەتە ستەمکارەکان بۆیە ئەم بابەتە دەێنمەگۆڕێ.
شێوەی بیرکردنەوەی من وایە کە وێرای ڕاچاو کردنی مافی تاک لە ڕێکخراودا، ئەندامی هەر لایەنێکی ڕامیاری یان کۆمەڵایەتی دەبێت لانیکەمی توانای سیاسیی یان کۆمەڵایەتی پێویست بەو کارانە تێکەڵاو لەگەڵ بڕوای تێدا بێت چونکە بۆ خۆم وایان پێ وتوم کە لە کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕامیاریدا ئەرک و ماف بوونی هەیە و دەبێت لە پێش چاو بن، لە ڕوانگەیەکی دیکەوە زانایان پێیان وایە چونکە بەشێوەی بەردەوام پێوەندی لەگەڵ مرۆڤە دەبێت بە پێوەری کارزانی ڕێز بۆ تاک دەستەبەر و هەموو بەهاکانی پێویست بە تاک کە وەک یاسا بۆ کار دەرهێنراون بوونی هەبێت تا کار ڕەنگ بداتەوە یانی بۆ گەیشتن بە مەبەست بوونی

هەستی پاراستنی ئازادی تاکی، تەواێتی (کامیلبوون)، دڵنیایی، کەسایەتی، ڕێزداری، پشتکاری، لەگونجاندنهات (شیاوی گۆڕاندن) و بینینی تەوایەت زۆر گرنگە.
چۆنایەتی باس کاری لەبار و شێوەی لەبار بۆ ڕۆتین و پرۆسە بۆ بەرهەمهێنان لە کاردا دەکات کە بریتییە لە "چۆنایەتی لە سەر و چۆنایەتی هاوڕەنگ" کە وەک بناخەیەک بۆ بەرهەم کاریگەریی هەیە و لە زۆر ڕوانگەوە وەک پێوەر بۆ پێوانەی کاری جێی باوەڕو برەو هەبوون چاوی لێدەکرێت، هەروەها ئامانج لە کار بە شێوەی چۆنایەتیانە بۆ ئەوەیە تا بتوانین قامک بخەینە سەر کەموکوڕییەکان و پرۆسە بۆ گەیشتن بە ئامانج بێتەکایەوە کە لەم بوارەدا بەڕێوەبەرایەتی بەرپرسە لە چۆنایەتی کار و جێبەجێکردنی بە شێوەی چۆنایەتیانە.

لە ڕاستیدا چۆنایەتی لە کاری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی دا دەبێت جێگای سەرنج و لێکۆڵینەوە بێت تا بتوانی باشتر بەو ئامانجە بگەیت کە بەدوایدا دەگەڕێت، لەم بوارەدا سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ وتەیەکی ڕێبەری شەهیدی کورد دکتۆر قاسملوو لە سەر سوسیالیزم لە پەرتووکی تافگەی هەقیقەت لاپەڕەی ٢٥ دا، ئەو بۆچوونەی دکتۆر دەتوانێت یارمەتی زۆرم پێ بدات و بە نموونەیەکی شیاویی دەزانم بۆ ئەم بابەتە یان بۆ کاری سیاسیی و کۆمەڵایەتی.
دکتۆر قاسملوو لە وتارێکدا دەڵێت " بەڵام ئەوەش لە بیر نکەین کە معیار (پێوەر) بوونی کار بەو مانایە نییە کە تەنیا دەبێت ئەندازەی کار لە بەرچاو بگری، بۆ ئەوەی کار ببێتە معیار، دەبێت ٣ شت لە بەر چاو بێت: یەکەم – ڕادە و چەندی کارە، دووهەم – چۆنیەتی کار، سێهەم – گرنگیی کارەکە بۆ کۆمەڵ" لێرەدا مەبەستی دکتۆر کار لە سوسیالیزم دا بووە بەڵام لە سەردەمی ئیستادا، لە بازاری کاری لە دەرەوەی سوسیالیزمیشدا بۆیدەڕووات

تا ئەو ٣ معیارانە ببنە سێ مەرجی سەرەکی بۆ کار، بەڵام ئەگەر مەبەستی من کاری ئاسایی نەبێت دیسان ئەو ٣ معیارەبۆ من دەبنە ٣ معیاری گرنگ و بەکەڵک، چونکە لە سیاسەتیشدا ڕادە، چەندی، چۆنیەتی و گرنگی هەیەو ئەگەر جێگای سەرنج نەبن گە یشتن بەئامانج هاسان نییە، یانی کارزانی یان کار بەپێوەڕی چۆنایەتیانە بناغەیەکە بۆ پێناسەکردنی کار و بەرهەمهێنان و دەتوانین بڵێین کە هەڵسەنگاندنی لەبار باس لە لێوەشاوەیی و ئەرکداری دەکات کە سەرچاوەکەی تەجربە و ڕوانگەیە کە بەشێوەی زانستیانە دەست کەوتووە و ناسنامە دەدات بە بڕیاردان، هەروەها دەستنیشانکردن و شیکرنەوەی باش.

ئەگەر تاکێک لانی کەمی ئەو پێویستیانەیی کە بۆ داهێنان و باشترکردن پێویستە تێدا دەست نەکەوێت یانی کەسێکە کە موکوڕی زۆرە لەبواری ماف و ئەرکی خۆ ناسییەوە، کەسێک کە ماف و ئەرکی خۆی نەناسێت و لەلایەن حیزب یان ڕێکخراوەیەکەوە کە ئەندامێتی مافی ڕامیاری پێشێل بکرێت ناتوانێت هەوڵبدات بۆ ئەستاندنی مافی کەسانی دیکە چونکە ناتوانێت تا ڕادەیەک لەگەڵ ڕەوتی ئاسایی سەرەوە یەک بگرێتەوە، لەم ڕوانگەوە ئەم بابەتەم وەک باسێکی بێ سەر و بەرە نووسی و بڵاوم کردەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەم نووسراوە باسێکی گرنگ و دیموکراتییانەیە کە پێوەندی زۆری هەیە بەکار و مافی هەموو مرۆڤێکەوە و ئەگەر بمانەوێت بە ڕوونی و خاڵ بەخاڵ باسی بکەین زۆر دەبات بەڵام من لەبەر هێندێک هۆکاری ڕامیاری و تایبەتمەندی تایبەتەوە قامک خستنە سەر هەموو ڕاستییەکان بە زیان دەزانم هەر بۆیە لە جێگای باسێکی ڕوون بە گوفتاری ئێمە لە شێوازی دیوار بە تۆمەو پاسار گوێ بگرە کەڵک وەردەگرم تا بەڵکو بتوانم کارتێکردنێکی سەرنج ڕاکێشەرانەی پێویستم لە سەر ئاستی بیرکردنەوە هەبێت، بەگشتی مەبەست لێرە ماف و هۆکارە بۆ ئەوەی بتوانین

کارتێکردنمـــان لـه ســـەر شـــێوازی کـــار هـەبێـــت و زیـــاتر لـەگـەڵ کەموکوڕییەکانی خۆمان شارەزا بین.

بۆ خۆتان باش دەزانن باس لەڕاستی یان هەڵەکاری لەزۆر بواردا بەقازانج تەواو دەبێت، بەڵام زۆر جاریش باسی وا هەیەکە دەبێت بەتێبینیەوە یان لە شوێنی خۆیدا باس بکرێت، مەبەست ترس یان ترسـان نیـیە مەبەسـت تەنیـا ئەوەیە کە کارێک نەکرێت کە زیانەکەی زیاتر بێت لە قازانجەکەی، یانی کارێک نەکەم کە قازانج سەری بنمایە بخوات.
هەروەک ئاگادارن دیموکراسی مافی بێ ئەملاوئەولای هەر مرۆڤێکە و ئەگەر بمانەوێت بەکورتی یان بە وشەیەک یان لە دێرێکدا باس لە دیموکراسی بکەین ماناکەی دەبێت بەدەسەڵاتی زۆربەی خەڵک، بەڵام هەر لەو کـورتەیەدا دەبێـت هەمـوو مـافە جۆراوجۆرەکـانی تاکەکانی کۆمەڵگا بێنەگۆڕی و کارگێڕ کاری زانستیانە ئاراستە بکات تا دەسەڵاتی زۆرینەی خەڵکیش مانای دروستی خۆی هەبێت، ئەگەر بڕیار وابێت تەنیا بەدەسەڵات زۆرینەو مافی هەڵبژاردن ڕازی بین ئەوکات دیموکراسی دەبێتە شتێکی دیکە و من بۆ خۆم دیموکراسـییەک کە مـافی تاکەکەسـی، کـۆمەڵایەتی، ئـابووری و سیاسیمی تێدا پێشێل بکرێت لێی دوور دەکەومەوە و نامەوێت.

لە سەرەتادا ڕادەیەک باسم لە کاری چۆنایەتیانە کردەوە بەڵام لایەنـی دووهەمـم بـریتییە لەوە کە هەر تاکێک لە کۆمـەڵـدا، لە ماڵدا، لەسیاسەتدا، لە حیزب و ڕێکخراوەدا مافی خۆی هەیە کە دە بێت پێی بدرێت یان دەبێت بتوانێت وەریگرێت.
لەڕاستیدا مرۆڤ دەبێت مافی خۆی بناسێ تا نەبێتە ئامرازێک بۆ ژێرپێکردنـی مـافی کەسـانی دیکە یـان مـافی نەخورێـت، سـوێد وڵاتێکی دیموکراتییە، یان باشتروایە بڵێین وڵاتێکە پایەو بناخە

کەی لە سەر دیموکراسی دانراوە و چەندها بڕیارنامە یان پەیماننامەی نێو نەتەوەیی وەک:
ساڵی ١٩٥١ پەیماننامەی بابەت و یاساکانی پەنابەران.
ساڵی ١٩٦٥ پەیماننامەی نێو نەتەوەیی لەباری نەهێشتنی هەموو شێوەیەک لە هەڵاوردنی نەتەوەیی و...
ساڵی ١٩٦٦ پەیماننامەی نێو نەتەوەیی بۆ دابین کردنی دادمەندی ئابووری و کولتووری.
ساڵی ١٩٦٦ پەیماننامەی نێونەتەوەیی لەپێوەندی دەگەڵ مەسەلەی مافی شارستانیەت، سیاسیی، تاکەکەسی و ...
ساڵی ١٩٧٩ پەیماننامەی نێونەتەوەیی نەهێشتنی بێ دادی ڕەگەزی.
ساڵی ١٩٨٤ پەیماننامەی نێو نەتەوەیی دژی ئەشکەنجە، ستەم، کردەوەی دوور لە یاسای مرۆڤی، سووکایەتی پێ کردن و غەیرە.
ساڵی ١٩٨٤ پەیماننامەی نێونەتەوەیی لەپێوەندی لەگەڵ مافی منداڵی واژۆ کردەوە بەڵام بەوحالەشەوە دەبینی کە مافی مرۆڤایەتی زۆرکەس پێشێل دەبێت، بەگوێرە تێگەیشتنی من زۆربەی ئەوانە وا مافیان دەچێتە ژێر پرسیارەوە ئەوانەن کە ئەرکی خۆیان لە ئاست کۆمەڵگا بەڕێوە نابەن و بە مافە دیموکراتییەکانی خۆیان شارەزا نین.

لێرەدا مەبەست وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە چونکە ئەو وڵاتانە باوەریان بە مافی مرۆڤ و مافە دیموکراتییەکان نییە، مە بەست لێزانی و ئەرکی ئەندامە، هەروەها ئەرکی هێز، تاقم و ڕێکخراوەکانی ئەو وڵاتانن کە دروشمی دیموکراسییان هەڵگرتووە و دەبێت مافی خەڵک بناسن، یانی ئەو بەشەیان کە پێوەندی بە هێزە سیاسییەکانەوە هەیە دەبێت پێش لە بوون بەدەسەڵات ئەوە بسەلمێنن کە باوەڕیان بەمافە دیموکراتی و سیاسییەکانی خەڵک

هەیە. ڕاستە کە پێوەرِ بۆ دیموکرات بوونی ڕێکخراوە یان تاک لە کاتی دەسەڵاتدا دیاری دەدات و دەبێت لەپراکتیکدا بیسەلمێنێ بەڵام هەنگاوەکانی پێش لە بوون بە دەسەڵات فاکتەرگەلێکی گرنگن، بەکورتی هێزێک یان تاکێک ئەگەر پێش لە دەسەڵات بەپێچەوانەی دروشم و پێرەو پروگرامی نێوخۆیی خۆی مافی ئەندامانی ژێرپێ بکات زۆر ئاستەمە کاتێک کە بەدەسەڵات گەیشت بتوانێت بەگوێرەی بنەما دیموکراتییەکان کۆمەڵگایەک بەڕێوەبەرێت.

زۆرجار لە ڕاگەیاندن و مێدیایی هێزەسیاسییەکانەوە یان لە مرۆڤە سیاسییەکان بیستوومە کە وتویانە ماف دەسێندرێت وەرناگیرێت، لێرەدا لەگەڵ دوو پرسیار ڕووبەڕوو دەبینەوە کە پێویست بە وەڵام دانەوەیە، حیزب یان ڕێکخراوەیەک کە وا دەڵێت ئەگەر بۆ خۆیی مافی هاورێیانی خۆیی پێشێل بکات دەبێ لێیان وەگرن یان ئەگەر دەنگیان کرد دەبێت بە پێچەوانەی ڕێسا هەڵسەنگاندنی لەگەڵ بکەن؟ ئەندامێک کە ڕێکخراوەکەی مافی پێشێل بکات و بێدەنگی لێ بکات چۆن دەتوانێت ئاڵا هەڵگری ئە ستاندنی مافی خەڵکانی دیکەبێت؟

لە دونیای گەشەکردووی ئەمرۆدا زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵانی خەڵک کەم یان زۆر بەمافی مرۆڤیی خۆیان شارەزان، یان ئەگەر بەباشی لەمافی خۆیان شارەزا نەبن، زۆر بەئاسانی دەتوانن شارەزایی بەدەست بێنن.

بەڵام ئەگەر کەسێک هەبێت کە مافی خۆی نەناسێ و هۆکاریش نە توانێت یارمەتی بە شارەزا بوونی لەگەڵ مافە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانی خۆی پێ بکات ئەوکات ئەو مرۆڤە گونجاوی (سلاحییەت) هەموو کارێکی نییە، بەڵام ئەگەر لە هێندێک بواردا هێندێک تایبەتمەندی تا ڕادەیەکی دیاریکراو و شیاو بە خۆتی تێدا

ببینیتەوەو وەک کاردەرێک (کرپارێک) دەبێت هەێندێک مافی بۆ دیاری بکەیت بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەی ڕاستییەکان (واقعیەت) لەگەڵی بجوڵێتەوە ئەوکات کردارەکە دەچێتە خانەی دیماگۆجییەوە (دیماگۆگ) و مامەڵە بەتاڵەو لە هێندێک ڕوانگەوە وەک شێوە تاوانێک چاوی لێدەکرێت.
جا بەو هیوایە کە هەموومان یانی کاردەر و کارگێڕ پێکەوە بتوانین سەردەمیانە لەگەڵ کەموکوڕی و ناتەباییەکان هەڵسوکەوت بکەین تا کەمترین کەس زیان ببینێت و زووتر بە ئامانج بگەین.

## حکومەتی کوردی و کۆمەڵانی خەڵک!

پێشەکی: بەپێی هێندێک زانیاری پێشتر و بەگوێدان بەهەست ویستی خەڵک لە سەفەرێک بۆ کوردستانی ئازاد (باشووری کوردستان) لە چەند ساڵی ڕابردوودا، هەستم بە شێوەگرفتاریەکی نەتەوەیی لەداهاتوودا دەکرد و ئەوەی وا لە دەستم دەهات بۆ نەتەوەکەم بیکەم نووسینی بابەتی خوارەوە بوو کە بەهەندێ کەموکوریەوە لە ماڵپەڕە کوردیەکاندا بڵاو بکەمەوە، بەداخەوە دوای تێپەڕ بوونی چەند ساڵ زۆربەی پێشبێنیەکانم ڕوویاندا بەڵام هیوادارم کە هێندێک خاڵ و بابەت کە دەتوانێت زیان بە پرێستیژیی نەتەوەیی بگەیەنێت جێگای سەرنجی هەموان بێت و قەت ڕوونەدات.

کورد نەتەوەیەکە کە لە مێژ زەمانە بۆ ئازادی و دەستەبەر کردنی مافە دیموکراتییەکانی هەوڵدەدات هەروەک هەموومان ئاگادارین لەو پێناوەش دا لەگەڵ زۆر گرفت و کۆسپ و تەنگ و چەڵەمە ڕووبەڕوو بووەتەوە.

لە فیداکاری و ئێش و ئازاری کوردان بۆ ئازادی زۆر بابەت و داستان نووسراوە و خوێندراوەتەوە وهیچ بەپێویستی نازانم لەو بارەیەوە شتێک باس بکەم، چونکە لە ڕاستیدا مەبەستی من شتێکی دیکەیە، داخۆ ئەو نەتەوە لەئاست ئەو هەموو قوربانی و کەندو کۆسپانەدا ئەوەی کە بەدەستی هێناوە چەند دڵی پێخۆشە! چەند لەگەڵ ئاوات و ئارەزووەکانیان یەکدەگرێتەوە بابەتێکە جێگای سەرنج.

گەلەکەمان هێشتاکە هەر لەسەرەتای گەیشتن بە داوخوازیەکانیدایەو پێویستمان بە خەباتی زیاترە تا بتوانین سە رکەوتن مسۆگەر بکەین، بەڵام ئەوەی کە هەمانە چییە و چۆن چاوی لێ دەکەن زۆر گرنگە، لە ڕوانگەی منەوە شتێک کە بۆ خە ڵکە، زۆر پێویستە کە لە ڕاوبۆچوونی ئەو خەڵکەش لەسەر ئەو شتە کە بۆ ئەوانە ئاگاداربیت، بەحوکمی ئەو ڕاستییە پێویستە لە ڕابۆچوونی چین و توێژەکانی خەڵکیش لەسەر ئەو دەسکەوتە کە مەی کە وەدەستیان کەوتووە زانیاری دروستمان هەبێت، لە بەرچاو نەگرتنی بناخە عەینییەکان و تێگەیشتنی بەپێچەوانە لە دۆخی مەوجودو ئامادە دەتوانێت هۆکارێکی سایکۆلۆژیانە بەرهەم بێنێ و ئامرازیک بێت بۆ لاوازی لە یەک تێگەیشین و هۆشیاری ڕامیاری (سیاسیی) و نەتەوایەتی.

دروشم و ئامانجی هەموو ئەوانەی کە تێکۆشاون و شۆرشیان کردەوە لە سەر بەرژەوەندی و ویسی نەتەوەیەک یان کۆمەڵێک خەڵک دامەرزاوە، هەر ئەو دروشم و ویستە سەرەتایانەیە کە دەبێتە بە ردی بەناخەیەک بۆ بەشداری کردنی هەراوی کۆمەڵانی خەڵک و پێکهاتنی شۆڕشێک.

دەسکەوت و بەرهەمی زۆربەی شۆڕشە مافخوازەکان لە زۆر شوێنی ئەم جیهانەدا بەمەبەستی دابین کردنی شێوە دەسەڵاتێکی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی بووە.
ئەو دروشم و ویستە سەرەتایانەیی پێش لە دەسەڵات، دەسەڵاتی شۆڕشگێڕ لە دواڕۆژدا ناچار دەکەن کە گوێ قوڵاغ کاو گوێڕاگرێت بۆ بۆچوونی کۆمەڵانی خەڵک و ڕێز لە ویست و داوخوازییەکانی ئەوان بگرێت، ئەگەر وەها نەکات ئەوە بەو مانایە کە دروشمە سەرەتاییەکان دیماگۆجی(عەوام فریبانە) بوون و دەسەڵاتەکەش دەبێتە دژی ئاوات و ئامانجەکانی کۆمەڵانی هەراوی خەڵک و لە بەرژەوەندی کۆمەڵێکی کەمدا خۆپیشان دەدات، بەکورتی شێوە حکومەتێکی ستەمکار (ئالیگارشی) لە مێشکەکاندا دروست دەبێت کە ئاکامەکەی دەبێتەدەژایەتی خەڵک و دەسەڵات.
زۆر لە گەنجانی باشووری کوردستان ڕوو لە دەرەوەی وڵات دەکەن ژیانی پەنابەری هەڵدەبژێرن کە زۆر جێگای تێڕامانە، کاتێک کە مرۆڤ لەو گەنجانە هۆکاری هەڵهاتن و بریاری ژیانی پەنابەریان دەپرسێت مرۆڤ لەگەڵ هێندێک پرسیار بەرەوڕوو دەکەنەو کە بەحوکمی دەسەڵاتی خۆماڵی لەو ناوچەدا کە پەنابەرانی لێهاتووە نارەحەت دەبیت و پێت خۆش نییە کە شتی وا بەبیسی.
ئەوەش لە بیرنەکەین کە ئەوگەنجانە ئەو ڕەخنە و گازندانە وەک ئامرازێک بۆ کاری پەنابەری خۆیان ئاراستەناکەن، زۆرکەمیان ئیمکانی بۆ دەڕوات کە لەو گلەیی و گازندانە بۆکاری پەنابەری کە لک وەرگرێت، بەشی بەرچاوی ئەو ناتەبایانە کە باس دەکرێن بریتین لە:
١- بێعەدالەتی ئابووری کە بەشێوەیەکی بەربلاو و بەرچاو باسی لێوە دەکرێت.
٢- بێعەداڵەتی کارگێری، یان بەپێچەوانە کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵات کە ئەگەر واپێش بڕوات زیانبەخش دەبێت.

٣- گەندەڵی ئیداری، ڕۆتین و ڕۆتینکاری ناپێویست، هەروەک هەمووومان ئاگادارین ئەوە دیاردەیەکی دواکەوتووانەیە کە لە زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونی هەیە و دەبیندرێت.
٤- بێکاری، بێبەرنامەیی و پلان بۆ داهاتوو، بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆم بابەتێکە کە چارەسەری کارێکی هاسان نییە و پێویستی بەکار و پڕۆژەی لەبار و زانستیانە هەیە.

ئەگەر بمانەوێت هێندێک زیاتر تیشک بخەینە سەر چەندی و چۆنی ئەم بابەتە، ئەگەر نەمانەوێت فێل لە خۆمان بکەین دەبێت بڵێین کە بەداخەوە دەنگی نارەزایەتی زۆر دەبیستریێت (ساڵی ٢٠٠٥)، بەڵام لای من ئەو دەنگانە بەچەند دەستە دابەش دەبن و هەروەهاش هۆکار و ئامرازی دیکە هەن کە دەستیان لە دەستی یەک ناوە بۆ پێکهێنانی ئەو نارەزایەتیانە، دەستەیەک کە دەکرێت بڵێین زۆرن، ئەوانن کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ خاڵەکانی یەک و دوو یان سێ لە سەرەوە پێکدادانیان کردووە و بوون بە نارازی کە من بۆخۆم ئەوە بەمافی دیموکراتی خۆیان دەزانم و پێموایە ئەگەر دەسەڵاتیش ڕێز بۆ داوخوازییەکانیان دانێت بۆ خۆی ڕێز وەردەگرێت.
دەستەی دووهەمم: ئەوانیش کەم نین ئەوانەن کە بەشێوەیەک لە شێوەکان گۆڵی پروپاگەندەی نەیارانیان خواردووە و ئاگاهانە یان نا ئاگاهانە بوونەتە بلندگۆی تەبلیغی نەیار، بەداخەوە.
دەستەی سێهەمم : ئەوانن کە توانای قبووڵی دەسەڵاتی خۆماڵیان نییە بەڵام دەسەڵاتی بێگانە لایان زۆر باشە یان ئەوانەن کە داری دەسەڵاتی نەیارانیان لە دەست کەوتووە، شوکور کە ئەمانە زۆر نین و من بۆ خۆم دۆعای چاک بوونەوەیان لەو نەخۆشییە بۆ دەکەم.

لەم سەردەمەدا جیهانی مەوجود بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە ئالوگۆری بە قازانجی کۆمەلانی بەزاڵەهاتووی خەڵک دەڕواتەپێش، یانی دیموکراسی و مافە دیموکراتییەکان دەڕوات تا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ژێربالی خۆ بگرێت، سرووشتییە کە ئەو ڕەوتە دیموکراتییانە لە زۆربەی هەرەزۆری بوارەکاندا کارتێکردنی لەسەر فکری مرۆڤەکانیش دەبێت و چاوەڕوانییەکان هەمیشە لەزیاد بوون دان و دەولەتەکانیش چ خودی و چ غەیرە خودی دەبێت بتوانن خۆیان لەگەڵ ڕەوتی مەوجود و گەشەی فکری، سینفی و کۆمەلایەتی کۆمەڵگا ڕێکبخەن، نەبوونی ئیمکان و ئامرازی پێویست بۆ ئەوەی کە بتوانی بالانسێک لەنیوان پێشکەوتنی کۆمەڵگا و دە سەلاتدا پێکبێنی شێوە پێکدادانێک بناخە دادەنات کە قەرەبوو کردنەوە ئەو پێکدادانە (بەرخوردە) پێویستی بەکاری بە بەرنامەوە هەیەو لە بەرچاونەگرتنی فاکتەرەکانی ڕەوتی مێژوو لەگەڵ پرۆژەکان زیانی چاوەڕوان نەکراوی لێ دەکەوێتەوە.

لە زۆر بواردا هەڵەی ئیداری، ناکارامەیی کارگێر(مودیریەت) یان بەکارگرتنی کاربەدەستی ناشارەزا لە بوواری کاریدا دەبنە هۆی پێکهێنانی ناڕەزایەتی و دروستکردنی شێوە دژکردەوەیەک دژ بە دەسەلات.

ئاکامی هەموو ئەمانەی کە لە سەرەوە باسکراون لەگەڵ هۆکارەکانی دیکە دەبنە فاکتەرگەلێک بۆ دروست بوونی ناڕەزایە تی کۆمەلایەتی و شێوە یەکگرتنێکی ڕامیاری کە دەتوانێت هۆی گۆڕانکاری بن و لە مەودای نێوان دژایەتی و ئالوگۆڕدا نەیاریش دە توانێت هێندێک کەلک وەرگرێت کە ئیمکانی هەیە بەزیان و زەرەری نەتەوەکەمان داشکێتەوە.

دابەشکردنی عادلانەی سەروەت و سامان: لە دوو ڕوانگەوە من ناتوانم لەسەر ئەم خاڵەشتێکی زانستیانە بنووسم، یەکم زانیاری پێویستم لەسەر مەسەلەی ئابووری و دابەشکردنی سەروەت وسامانی گشتی نییە، دووهەم نامەوێت خۆم لەو باسە هەڵقورتێنم، بەڵام دیسان نابێت لە هێندێک بابەت چاوپۆشی بکەین کە باس لە نادادمەندی وەک ئەوەی کە دەڵێن کە مرۆڤ هەیە چوار موچە وەردەگرێت و بەرپرسانی وا هەن کە موچەیان لە٥٠ تا ٣٠٠ هەزار دۆلارە. ئەوەی کە لای من ڕوونە ئەوەیە کە لە زۆربەی ئەم جیهانەدا بێجگە لە ئێران سیستمی جینایەتی دوولایەنەیە یان سێ لایەنە، یانی لە وڵاتانی پێشکەوتوو سیستمی چینایەتی بریتیە لە سەرمایەدار و چینی مام ناوەندی، لە وڵاتانی نیوەپیشەسازی و نیوە پێشکەوتوو یان وڵاتانی دواکەوت سیستمی چینایەتی بریتیە لە سەرمایەدار، چینی مام ناوەندی و هەژار، بەڵام لە کوردستاندا دوو چین بەزۆری دەبینرێن کەبە پێچەوانەی هەر دوو سیستمی مەوجودی جیهان خۆپیشان دەدات، سەرمایەدار و هەژار، چینێک زۆر بەخێرایی دەبن بە سەرمایەدار و چینێکیش لە قۆناخی داماوی دا ماونەتەوە کە ئەو شێوە پێشچوونە چینایەتییە بە باش نازانم.

من لەوڵاتی سوێد دەژیم و سوئدش وڵاتێکی پێشکەوتووە و داهاتی سەرانەی نیسبەت بەکوردستان زۆر لە سەرترە بەڵام ئەوەم نە بیستەوە کە موچەی بەرپرسانی سیاسیی و دەولەتی لەدە هەزار (١٠) دۆلار زیاتربێت ئەوەش لە بیرنەکەین کە لەو١٠هەزار دۆلارە ٣٠% دەخل (زەریبە) لێ دەگەرێتەوە بۆ دەوڵەت بەڵام خۆ لە کوردستاندا مالیاتیش نادەن.

خۆشبەختانە ئەو بەشەی کوردستان ئەمرۆکە ساحیبی دەسەڵاتێکی خۆماڵییە، بێشک ئەو دەسەڵاتەش درەنگ یان زوو دەبێت ئاوڕ لە ڕاوبۆچوونی ئەوانەی کە ئەوانیان بەدەسەڵات گەیاندەوە بدەنەوە بەڵام هیوادارم کە وەدرەنگ نەکەوێت. داخۆ ئەو پێداگەیاندنە

(تەبلیغ) یەکگرتوویە چەند لەسەر ئاکار و کردەوەی کۆمەڵانی خە ڵک لە پارچەکانی دیکەی کوردستان کاریگەری نەرێنیان داناوە بابەتێکە کە نابێت لە یادی بکەین، بەداخەوە دۆخی ئێستای باشووری کوردستان و ئەو ناتەبایانەی سەردەمی مەوجود لەسەر زۆرێک لە مێشکەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کارتێکردنی نەرێنی و ناڕەوای داناوە کە بۆ پووچەڵ کردنەوەی دەرئەنجامی نەرێنی وەک ئەوەی کە ئێمەش نامانەوێت وەک کوردەکانی کوردستان عێراقمان لێ بێت ئەرکی ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی کوردو هێزە سیاسییەکانی کوردی بەتایبەتی لەو پارچەیی کوردستان زیاتر دەکات.

### کاکی گەندەڵ لەسەرەوەی یاسایە.

چەند ساڵ دوای نووسینی بابەتی سەرەوە، بابەتی حکومەتی کوردی و کۆمەڵانی خەڵک بڕیارم دا کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١م دیسان سەفر بکەم بۆ باشووری کوردستان و بڕیارەکەم بەجێ گەیاند و چووم بۆ کوردستانی ئازاد کە بەداخەوە منیش لەگەڵ کۆسپ ڕووبەڕوو بوومەوە و لە ئاکامدا وەک تۆڵەیەک لە هەمان ساڵدا بابەتی خوارەوەم نووسی و وام بە باش زانی تا وەک ئەزموونێک لێرە لەم پەرتووکەدا دیسان باسی لێەوە بێنمەگۆڕێ.
لە بیری نەکەین کە دوو مەبەست لەم هێنانەگۆڕێدا هەیە، یانی ئەگەر کارگێر کاری چۆنایەتییانە پێشکەش بکات و تاکیش بە لێبڕاوی دوای ئەرک و مافی خۆی بکەوێت هەر دوو باش دەژین.

کوردستان بەگشتیی هێشتاکە وڵاتێکی دابەشکراو و داگیرکراوە، گە لی کوردیش لە مێژەکە بۆ ئازاد و مافی خۆی لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک کۆتایی نەکردەوەو لەو پێناوەشدا زۆر ناخۆشی و بێ

دەرەتانی قبووڵ کردەوە. گەلەکەمان لە باشووری کوردستاندا چەندین قۆناخی دژوار وجۆراجۆریان تێپەڕاندووە کە دەتوانین دوو قۆناغ لەو قۆناغانە وەک دوو ڕووداوی زۆر دڵتەزێن ناو بەرین، یەکەم ئەنفال و دووهەم کیمیابارانی شار و گوندەکانە، هەموو ئەوانەشی بەمەبەستی دابین کردنی دەسەڵاتێکی خۆماڵی بۆ ژیانێکی دوور لە چەوسانەوە، نادادمەندی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بەسەریدا هاتووە، بەڵام ئەمانەنە سەرەتای کێشەو نەکۆتایی نەهامەتییەکانن، وا بەباش دەزانم کە ئاورێکی کورت لە ڕابردوو بدەینەوە تا دەگەینە ناوەرۆکی مەبەستی باسەکەم.

داگیرکارانی کوردستان بەنرخی زۆر و پلانی جۆراجۆرەوە بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان ویستویانە کۆسپی ڕێگای گەشەی فکری نەتەوەکەمان بن، پرۆژەی ڕاگرتنی بوژانەوەی ئابووری، سیاسیی، نەتەوایەتی و پێشکەوتن گەورەترین هەوڵی نەیاران بووە تا بەڵکو لەم ڕیگایەوە گەلەکەمان لە قۆناخی دواکەوتوویی ڕامیاریدا ڕابگرن بۆ ئەوەی نەتوانین بیر لە چارەنووسی سیاسیی و کۆمەڵایەتی خۆمان بکەینەوە.

بەڵام وێڕای هەموو ئەو هەول و تەقالانەی نەیاران خۆشبەختانە دەبێت بڵێین ئەگەر باری رۆشنبیری سیاسیی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا لە پێش نەتەوەکانی دیکە نەبووبێت لەپاش ئەوانیش نەبووەو سیاسەتی نەیاران نەیتوانیووە کاریگەری ئەوتۆ لەسەر باری بیرکردنەوەی ڕامیاری گەلەکەمان دانێت و بەهێنانە ئارای ئەزموونی خەباتی چەکداری و لە ئاکامیشدا دۆزینەوەی ناوی پیرۆزی پێشمەرگەو گەشە پێدانی هەستی ئازادیخوازی و نەتەوایەتی توانیوویانە گەورەترین مکانیزمی بەرگری بۆ پوچەڵ کردنەوەو هەرەس هێنانی پرۆژەی دواخستنی هزری لە کوردستاندا بێننە ئاراوە. لە بیرمان نەچێت کە ئەم بەرگری و بیرکردنەوەیە لە سە

ڕادەمێکدا بووە کە کورد بەگشتی کەمترین ئیمکاناتی ماددیی و سەربازی (عەسکەری) لە بەردەستدابووە.
هەروەک هەمووان دەزانن پێشمەرگە بە کەسێک دەگوترا کەگیانی خۆی بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک لە پێناو ئازادی و سەربەستی گەلەکەیدا فیدا دەکرد، بۆ نموونە قازی محەمەد وەک پێشمەرگەیەکی نموونە ناو دێنین کە گیانی خۆی بەمەبەستی پێشگیری لە کوشتاری خەڵک بەدەستی لەشکری داگیرکار فیدا کرد، هەروەها بەرزانی نەمەر و زۆر تاکی نموونەی دیکەی نەتەوەکەمان لەو ڕێگایەوە سەری نایەوە.

کۆڕەوەکەی پێش لە نەمانی دەسەڵاتی ڕەشی سەدام بووە بە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە ویژدانی مرۆڤایەتی چی دیکە نەتوانێت لە نەهامەتییەکانی ئەو بەشەی نەتەوەکەمان چاوپۆشی بکات، ئەو هەڵوێستە مرۆڤایەتیی وڵاتانی نەیاری سەدام بوو بەهۆکارێک تا ئاڵوگۆڕێکی ڕامیاری و کۆمەلایەتی لەو پارچەی کوردستاندا ڕووبدات کە ئەو ڕووداوە مێژوویە بوو بەخۆشحاڵی لە ڕادەبەدەری هەموو نەتەوەکەمان لە هەر چوارپارچەی کوردستان، بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا.
دەبێت بڵێین بەداخەوە کە دوای سەرکەوتن و دابین بوونی شێوە دەسەڵاتێکی خۆماڵی لەو بەشەی کوردستاندا بیرکردنەوەی بەپێچەوانە لە بیر و کرداری زۆرێک لەو پێشمەرگانەدا سەری هەڵدا و ئەم سەرهەڵدانە بوو بەهۆی ئەوەی کە کەلێنێک لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتدا پێکبێت کە دەکرێت ئەم سەرهەڵدانە بە سەردەمی پێکادادانی گەندەڵ و خەڵک ناو ببەین. کێشەی نێوان خەڵک و دەسەڵات تەنیا گەندەڵی نییە هۆکاری دیکە هەن بەڵام مەبەستی من لێرەدا گەندەڵی ئیداریە کە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا زۆر کاریگە

ری خەراپی هەبووەو ململانەی حیزبیش تا ڕادەیەکی زۆر کارتێکە ریی لە بەهێز بوونی گەندەڵی و کارگێری نازانستیانەدا هەبووە.
لە ڕاستیدا ئەو گەلەیی کە لە سەردەمی ڕابردوودا بەهەموو کە موکوڕییەکەوە توانیوویان بیری بەربەرەکانێی ڕامیاری بۆ ئازادی و سەربەستی بەگەلێک بەهاوە تا سەردەمی ئاڵوگۆڕ بەردەوام بکەن ئەمڕۆکە لە سەردەمی مەوجوددا کە گلوبالیزم مژدەی ئاڵوگۆڕی بە رینی بۆ مرۆڤایەتی بەدیاری هێناوەو خاوەنی دەسەڵاتێکی تا ڕادەیەک سەربخۆی خۆجەیین و ناتوانی فێڵیان لێ بکەیت.

زۆر جار بیرۆکەی کۆکردنەوەی سەروەت و سامان لە ڕێگای نایاسایەوە کارەسات دەخولقێنێ، مرۆڤ لە ڕێگای کەسابەتەوە دە توانێت ببێت بە سەرمایەدار، بەلام لە ولاتانی خۆماندا ئیمکانی بوون بەسەرمایەدار لە ڕێگای دەسەڵاتداریەتی سیاسییەوە زۆرە، **ئینگوار کامپراد** لە ڕێگای کاسبییەوە لە فرۆشتنی کرمیتەوە(شە مچە) تا بوون بەخاوەنی زەنجیرە دووکانەکانی **ئیکیا** بەشێوەی یاسایی بووە بەسەرمایەدار، کاسبی کارێکی بێ مەترسی و پڕ زە حمەتە بەلام شانسی ئەوەی کە چەند کاسبکار ببن بەئینگوار کامپراد زۆر کەمە، سیاسەتی سیاسەتکردن بۆ بوون بەخاوەن کاپیتال کارێکی غەیرە ڕەوشتی و مەترسیدارە بەلام زۆر لە مرۆڤە سیاسییەکان لە ولاتانی دواکەوتوو و نیوەدواکەوتوودا لە کاتی سە رکەوتن دا زۆر بەئاسانی دەبن بەسرمایەدار ئەو کارەش بەمافی خۆیان دەزانن، زۆرکەس سیاسەت بۆ دەسەڵات و سەرمایە دەکات و کاتێک کە بەدەسەڵات گەیشت دەبێت بەسەرمایەدار و دژی گەل، بەشێک لە ئەندامانی حیزبەکانی باشووری کوردستان کاتێک کە بەدەسەڵات گەیشتوون هەر زۆر بەگورجی بەشێوەیەکی بەربڵاو کە وتوونەتە قۆناغی کێبڕکێی سەرمایە کۆکردنەوەو لە ئاکامدا خەڵک و ئەرکی خۆیان لەبیرکردووەو ئەم لەبیرکردنە بووەتە هۆی دابران

لە خەڵک و ئاکامی ئەو دابرانە شێوە ئەنارشییەکی لەدامودەزگا ئیدارییەکاندا دروستکردەوە کە ئەو ئەنارشییە ئیدارییە فکری خۆ بەخودا زانینی لە هێندێک مێشکدا بەهێزکردەوەو هتد...
ئەمڕۆکە هێندێک لەو کە سانە کە لەڕێگای گەندەڵیەوە بە شوێنێک گەیشتوون خۆیان لە سەرەوەی یاس دادەنێن و یاسا لای ئەوان مانا و نێوەرۆکی نییە یان مافی ڤیتۆیان بەسەر یاساوە هە یەو هەر گەندەڵیکیش تاقمێک گەندەڵ پەروەری لە دەوری خۆی کۆ کردەوەتەوە، بەداخەوە کوردستانی ئازادمان ئەمڕۆکە لەگەڵ زۆر کێشەی گەندەڵی ڕووبەڕووەو ئەو کێشانە خەڵکیان ناچار کرد تا بەپێچەوانەی ویستی خۆیان ڕوو لە شەقامەکان بکەن.

من کوردێکم کە خۆم بە شارۆمەندی هەر چوار پارچەکی کوردستان دەزانم و بۆ سەربەرزی ئەو بەشەی لە نیشتمانەکەم هەرچی لەدە ستم هاتبێت درێغیم نکردەوە و نایکەم، بەڵام لە یەکێک لە سەفە رەکانم بۆ ئەو بەشەی کوردستان (سلێمانی) زیاتر بۆم دەرکەوت کە ئەگەر بتەوێت وەک مرۆڤێکی سەربەست لە وڵاتێکی ١٠ دەرسەدی دیموکراتیک بجوڵێتەوە مافت ژێرپێی دەبێت ئەمە باسێکە کە پێویستی بەلێدوانێکی چڕوپڕ هەیە بەڵام بەکورتی دەتوانم بڵێم کە دادمەندی کۆمەڵایەتی، یاسایی و ئابووری بۆ زۆر کەس ئیمکانی بوونی نییەو دیفاع لە رەخنەگران و خۆپیشاندانی بێ توندوتیژی لە پێناو دابین کردنی کوردستانێکی سەردەمیانەدا کارێکی مرۆڤدۆستانەیە و بەحەقە.
بۆ ئەوەی کە باسەکەم کورت بکەمەوە سەرنجی خوێنەران بۆ بەسە رهاتی خۆم وەک گەشتیارێکی کورد لە سەفەرێک بۆ ئەو بەشەی کوردستان کە لە لایەن دەسەڵاتی کوردیەوە بەڕێوە دەچێت ڕاد کێشم تا ئێوەش بۆ خۆتان دادوەر بن ئاخۆ دەبێت ژیانی ئەو خە ڵکانەی کە نایانەوێت گیرۆدەی بەڵای وابەستەیی بوون بن و کارە

کانیان لە ڕێگای پارتی و پارتی بازیەوە(نیپۆتیزم) جێبەجێ بکەن یان خۆ ئەو ئیمکانەیان نییە چۆن بێت؟.
بۆ ئەوەی کە خوێنەر ماندوو نەبێت من ئەم بابەتەم بەچەند بەش دابەش کردبوو کە بەشی دووهەمیم لە ژێر ناوی کاکی گەندەڵ لە سەرەوەی یاسایە، "حەوت خوانی رۆستم و مانەوە لە تەلەسمی فولادی زرێدا" درێژەپێدا.

پێشەکی: ئەو دووربینەی من کەلێرەدا باسی دەکەم شیاوی ئەوەی نەبوو کە ئەوندە بەدوایدا بگەڕێم و ئەوندە خەرجی هاتووچۆ و ئە ملاوئەولا بکەم بەڵام دوو بۆ چوون هەبوون، هێندێک کەس پێیان وابوو کە ئەو کارەکاری گەندەڵانی دەسەلاتەو بردوویانە، هێندێک کەس پێیان وابوو ئەوە کاری گۆڕانەکانەو دەیانەوێت لەو ڕێگایەوە نەیار بۆ دەسەڵات دروست بکەن منیش بریارم دا کەتا گەیشتن بە ڕاستی بەدوای ئەو کارەدا بڕۆم. بەگشتی ئامانجی من لەو بە دووادا چوونە داکۆکی لە دەسەڵات بوو کە بەداخەوە بەدز دەرچوو.
دووهەم ئەگەر ولاتەکەی خۆتت خۆشبوێت دەبێت وەک خۆت بە دوای مافی خۆتدا بڕۆی تا بێ یاسایی و گەندەڵی کەم بێتەوەو مرۆڤەکان باشتر بژین، بەڵام ئەگەر هەرچی ڕوویداو وتمان بەجە هەنەم ئەوەش بۆ ئەوان ئەودەم ئەو شێوە کارانە لەو کۆمەڵگایەدا پەرە دەستێنێت و ڕووداوی گەورەو گەورەتری لێ دەکەوێتەوە.
لە سەرتای ساڵەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەو ساڵ بۆ سەفەر بڕۆم بۆ مەغرب بەڵام هەستی کوردستان و کارتێکردنی هەڤاڵان لە کوردستاندا توانیان ئاڵوگۆڕ لە بیرکردنەوەکەم دا پێکبێنن و بۆ جاری پێنجەم بڕۆمەوە بۆ کوردستانەکەم، هەروەک بۆ خۆتان دە بیسن لە ڕاگەیادنە گشتییەکانەوە لەو سەردەمەدا لە کوردانی دە رەوەی وڵات داوا دەکرا کە بۆ سەفەر بڕۆنەوە بۆ کوردستان و لەو ڕێگایەوە کۆمەک بە بوژانەوەی ئابووری وڵاتەکەیان بکەن.

بلیتی ٢٩ی مارس تا ٢٦ی ئاپریلی ٢٠١١م گرت و لە ٢٩ی مانگدا گە رامەوە کوردستان و لە کاتژمێری ٢١ی شەو دا لە فرۆکەخانەی سلێمانی دابەزین. ڕۆژێک پێش لە سەفەرەکەم بۆ کوردستان لە ماڵ دا چاوم بەدووربینێکی کۆنەی سەری تفنگ بادی (هەوا) کەوت کە پێویستم پێ نەمابوو و وام بەباش زانی کە ئەو دووربینە کۆنە یە کە زۆر جوان و زەریف بوو لەگەڵ خۆم بەرمەوە تا بەڵکو لە کوردستان بیدەم بە کەسێک کە پێویستی پێی بێت، کاتێک کە هەگبەکەم (ساکەکەم) لەبەشی کۆنترۆڵ تێپەڕی کابرا پرسیاریکرد و وتی ئەوەچییە کە لە نێوجانتاکەتدایە وتم ئەوە دووربینێکی سە ر تفنگ بادییەو ساکەکەم کردەوەو وتم فەرموو کە تەماشای کرد، بردی بۆلای بەرپرسەکەی خۆی و دوای ماوەیەک گەڕایەوەو وتی فە رموو ئەوە کەرستەکەیە بیبەوە بەڵام ئەوە دووربین نییە، پێم خۆش بوو بزانێت کە درۆم لەگەڵی نەکردەوە پیشانم دا کە چۆن بە کاردێت. (تێبینی: دووربینەکە هێندێک پێچیدە بوو و ئیمکانی ئەوە ی هەبوو کە هەرکسی دیکە تووشی هەمان هەڵە ببایە کە ئەوان بوون). کابرا وتی دەتوانێت دیسان ئەو دووربینە بەرێتەوە بۆلای بەرپرسەکەی، وتم فەرموو، پاشان بانگیان کردم بۆ ژورێک و دە ستیانکرد بەپڕکردنەوەی فۆرم، وتم بەڕێزم ئەگەر فۆرم بۆ دووربینەکەی من پڕ دەکەیتەوە پێویست ناکات هەر ئێستاکە بەبە رچاوتەوە دووربینەکە دەشکێنم، لە وەڵام دا وتی بۆ وادەکەی زۆر حەیفە، سەبەینێ سەعات ١٠ وەرە بیبەوە، ڕۆژی دووایی لە دەربە ندیخانەوە بە سیارەیەکی تایبەت گرامەوە بۆ فرۆکەخانەی سلێمانی بەڵام نەکابرام پەیدا کرد نەدووربین، لە کۆیایی دا ناردمیان بۆ گومرگی فرۆکەخانە، لە گومرک خوشکێک بەناوی ئا بە شێوەی شارستانیانە لەگەڵم دوا و وتی دەبا ئەو دووربینەیان وە رنگرتبا، بەڵام کارێک بووە کراوەو هیچی لەدەستی نایەت و دەبێت تەلەفوون بۆ بەرپرسەکەی خۆی بکات، جەنابی بەرپرس وتی بۆ

بردنەوەی دووربینەکەی دەبێت نامە لە ئاسایشی گشتی بێنێت، بە خوشکە ئا"م" وت، بەگوێرەی یاسای نێونەتەوەیی و بەگوێرەی لۆژیک هەرشتێک کە لە بازاری ئازاد دا لەپێش چاوی خەڵک بۆ کڕین و فرۆشتن دانرێت ئەو شتە ئازادەو دووربینی منیش شتێکی قاچاخ نییەو دەتوانی لە دووکانەکانی سلێمانی دا بەدەیان دووربینی لەوەی من باشتر بکڕێ و بەپێویستی نازانم کە نامە لە ئاسایشەوە بێنم و کاتی ئەوەشم نییە بەڵام با تەلەفوونەکەی من لای بەڕێزتان بێت ئەگەر توانیتان دووربینەکە وەرگرنەوە تەلە فوونم بۆ بکەن، بەلام ئەگەر دووربینەکەم نەدەنەوە شکایەت لە گومرگی فرۆکرخانە دەکەم.

دوای ماوەیەک دیسان کەوتمە فکر دووربینەکم کە بەناهەق و بە شێوەی نایاسایی بردیان و لە ڕێکەوتی ١١-٤-٢٠١١ ڕۆیشتم بۆئاسایشی گشتی بۆ تۆمارکردنی سکاڵایەک دژ بەگومرگی فڕۆکە خانە، ئاسایش ناردمی بۆلای عەریزوحالچی تایبەت بەخۆیان و سکاڵایەکم نووسی، بەڵام ئاسایشەکان بۆ خۆشیان نەیاندەزانی سکاڵاکە بەکام بەش بدەم، دوای ئەملاو ئەلایەکی زۆر گوتیان دە بێت بڕۆم بۆلای دادوەری لێکۆڵێنەوەی ئاسایش گشتی لە دادگای تازە (محکەمە)، ڕۆیشتم بۆلای دادوەر لە دادگا و دادوەرم پەیداکرد بەڵام دادوەر وتی تۆیان بەهەڵە ناردەوە بۆلای من و دەبێت بڕۆی بۆلای ح.ق، ڕۆیشتم بۆلای ح.ق و باسی دووربینی تێداچووی خۆم و شێوەی بەڕێکردنم لە لایەن کارگێرانی فڕۆکەخانەوە بۆ کرد، ح.ق مرۆڤێکی بەڕێز بوو و زۆریش لەو کردەوەی فڕۆکەخانەی سلێمانی نیگەران بوو، وتی ئەوانە کارێکی باشیان نەکردووەو وای بەباش زانی کەکێشەکە گەورە نەکەینەوە و ئەو هەڵە بەشێوەی هاسانتر چارەسەر بکەین، بۆ ڕێز دانان بۆ ح.ق وتم هەرچی کەتۆ بڵێیت من قبووڵمە، وتی هەرئیستا من تەلەفوون دەکەم بۆ بەرپرسی پۆلیسی

فڕۆکەخانە تا هەر ئەمرۆ کارەکان جێبەجێ بکات، تەلەفوونی کرد بۆ سەرۆکی پۆلیسی ئەو بەشە بەڵام پەیدایان نەکرد و لەکۆتایی دا پۆلیسەکان تەلەفوونی کەسێکی دیکەیان بەناوی نەقیب ئا دا بە ح. ق و ح. ق زۆر بەجیدی مەسەلەکەی لەگەڵیان باسکرد و تە نانەت وتی بۆ دەبێت وا لە خەڵک بکەن، کابرا کوردە هاتووتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی بەڵام وای لێدەکەن کەجارێکی دیکە نەگەڕێتەوە، دەبێت هەر ئەمڕۆکە کێشەکە بەشێوەیەکی لەبار چارەسەر بکرێت بەمنی وت هەرئێستاکە برۆ بۆ پۆلیسی فڕۆکەخانە تا کارەکان جێبەجێ بکەن. وێرای سوپاس بۆ بەڕێزیان ڕۆیشتم بۆلای نەقیب ئا و تلەفوونی کرد بۆ بەرپرسی بەشی کۆنتڕۆڵی پاسپۆرت کە ئەویش هات و بەشێکی بچووک کار کە بەوان چارەسەر دەکرا جێبەجێ بوو، ئەو دوو کەسە وتیان واباشە لەجێگای ئەوە سکاڵایەک تۆمار بکەین کارێکی هاسانتر بکەین، ئەوان پێیان وابوو کە کورت ترین ڕێگا ئەوەیە کە بڕۆم بۆ ئاسایش و دوو کەلیمە نووسراو بێنم بۆ کە سێک کە دووربینەکەی لایە، نەدەکرا دیسان بگەڕێمەوە بۆلای ح، ق و ئەوەم لا ڕوون بوو کە ئەو کەسە کە دووربینەکەی لایە لەمانە گە ورەترەو ناتوانن بڕیاری بۆ بدەن، نەقیب ئا و کەسەکەی دیکە قە وڵیاندا کە هەر ئەمڕۆکە کێشەکە چارەسەر دەبێت. وام بەباش زانی کە ئەو ڕێگاش تاقی بکەمەوە. سوپاسیان دەکەم کە هەر بۆ خۆیان نامەیەکیان نووسی و بانگیان لە شۆفێرێک کرد تا منی گە یاندە ئەو شوێنە کە پێویست بوو تا نووسراوەکەی ئەوان مۆر بکەن "تا پرسگەی فڕۆکەخانە"

دوای ئامادەبوونی نامەکە لە یەکەمین پرسگەی نێوانی شارو فڕۆکەخانە بەپێ لەگەڵ کرێکارێکی داماو ڕوومان لە شارکرد تا گە یشتینە سەر جادەی گشتی و تاکسییەکم ڕاگرت و بەزگی برسی یە کسەر ڕۆیشتم بۆ ئاسایشی گشتی.

ئەو ڕۆژە تا کاتی تەواو بوونی کاری ئیداری ئاسایشەکان ئەم دە ست و ئەو دەستیان پێکردم بۆ خۆشیان نەیاندەزانی ئەو نووسراوە بەکام بەش بدەین، ئاسایش داخراو منی ماندوو هیچم بۆ نکرا.

ڕۆژی سیهەم وەک بریارم دابوو دیسان لە بەیانیەوە دەستم پێکردە وە، دوای هێندێک ئەملاو ئەولای دیکە کاتژمێر ١١ی بەیانی وتیان دەبێت بیبەم بۆ بەشی یاسایی ئاسایش، لەگەڵ کەسێک بەناوی مە لازم ئی چاوپێکەوتنم کرد کە گەنجێکی جێگای ڕێز بوو، مەلازم ئی "یش" لەو بەسەرهاتەی من نیگەران بوو و وتی هەر ئێستاکە کارە کەت جێبەجێ دەکەم، ناردی لیستی ئەو کالایانەیی کە قەدەخەیە هێنایان کە لام وابێت دووربینی لە شێوەی ئەو دووربینەیی منی لە خۆ نەدەگرتو خۆی ئیمزای کرد و بردی بۆ بەرپرسەکەی کە ئەویش ئیمزای کردو دای بە ئاسایشێک تا تۆماری بکات، نۆرەی کەسێکی دیکە بوو من ڕۆیشتمە دەرەوەو بڕیار وابوو دوای چەند خولەکێک نووسراوەکە وەرگرمەوە بەڵام ماوەیەکی زۆر ڕاوەستام و باسێک لە گەڕانەوەی ئەو نووسراوە نەبوو، لە دەرگای غورفەکەی مەلازمم داو وتم بەڕێز با من بڕۆم لەوە ناچێت کارەکەمان سەرکەوتووبێت، وتی شتی وا مەڵێ و بانگی ئاسایشەکان کرد کە هەموویان لە ژورێک کۆ دەبوونەوە جگەرەیان دەکێشا، وتی کاری ئەم مامەیە بۆ وا دواکەوتووە، وتیان هەر ئێستاکە جێبەجێ دەکەین، کاتێک مە لازم ئی دەرگاکەی پێوەدا دیسان هەموویان چوونە هەمان ژورەوەو دەرگاکەیان لەسەر خۆ داخستەوە پاش ماوەیەکی دیکە دیسان بێتاقەت بوومەوەو تەقم لەدەرگای غورفەکەی مەلازم دایەوە، پێی وابوو کەکارەکەم دروست بوو و خواحافیزی لێدەکەم، وتم نەبەڕێزم هێشتا هەر چاوەڕوانم کەزۆر نارەحەت بوو و وتی هەر ئێستاکە نووسراوەکەم دەوێت، بەپەلەدەستیانکرد بەگەران بەدوای نووسراوەکەدا کەپەیدایان نەکرد لەئاکامدا دەرکەوت کەدزراوەو براوەبۆ بەرپرسێکی بالای ئاسایش لەئاسایشی گشتی سلێمانی دا"

تێبینی لەڕوانگەی منەوەئەو بەرپرسە بالایەهەمان بەرپرسی گە ندەڵەکەدەستی لەکاری نمانی دووربینەکەی مندایە" مەلازم ئی داماو زۆر لەو کردەوەیەنیگەران بوو و بەگورجی تلەفوونی کرد بۆ ئەو کەسەو وتی بەدەستوری کێ ئەوکارەت کردەوەبەڵام وەک ئەوە ی کەتازەکار لەکار ترازا بوو، مەلازمی گەنج هەر دوو دەستی لە سەر مێزی کارەکەی داناو سەری لەسەر دەستانی، هێندێکیش بۆ مەلازم نارەحەت بووم بەلام ئەگەر شتێکم لەدەستهاتبا خۆڵم بە سەرکولێرەی خۆم دا دەکرد، لام ڕوون بوو کەکابرایەکی بەتەمن کە لای مەلازم بوو ئەویش بەدیتنی ئەو وەزعەنیگەران بوو و لە گەڵ چەند شوێنێک پێوەندی کرد و بەمنی وت وەرە لەگەڵ من تا نامە کەت بۆ وەرگرمەوە، لە گەڵ ئەو ڕۆیشتین بۆلای دز، کاتێک کەئێمە چووینەژورەلە گەڵ کەسێک کەلەسوێددا مافی پەنابەری هەیە باسی دووربینەکەی منیان دەکرد، منیش علۆڵ و داماو لەبەردەمیدا ڕاوەستابووم، لەباسەکەیاندا بۆم دەرکەوت کەئەو کابرا کەپەنابە ری وڵاتی سوێدی هەیەگەندەڵ پەروەرێکەکەلە سوێددا بەشێوەی گەنـدەڵی یـارمەتی کـۆمەڵایەتی (سوشـیال) وەردەگرێـت و لە کوردستانیش دا وەک گەندەڵێک دەستپێڕاگەیشتنی بەهێندێک شت (کەلوپەل) کەلەگومرگدا دەستیان بەسەردادەگیرێت هەیە. زۆر ماندوو و نارەحەت بووم، ڕووم لەبەرپرسی بالا کردو وتم ئەو دووربینەی من کاڵایەکی قەدەخەنەبوو و من ماوەیەک پشووم هەیە و هاتوومەتەوەبۆ کوردستان کەدوو ڕۆژی بەدوای تازەکردنەوەی ئیزنـی مانـەوەو ئازمایشـی خـۆێن دابـووم و پێـنج ڕۆژم بـەدوای دووربینەکەدا تەرخانکردەوەنازانم بۆچی دەبێ وابێت و بەگوێرەی یاسای گشتی نێونەتەوەیی و یاسای ڕەوشتی کاڵایەک کەلەبازاری ئازاد دا بۆ کڕین و فرۆشتن دادەنرێت ئەو شتەهەڵگرتنی بۆ هە مووانەبەڵام ئێوەماوەیەکی زۆرەمنتان لەکاروباری خۆم کردووەو ئە گەر یاسایەک لەو بارەوەهەبێت من دەتوانم داوای ڕۆژێک ٣٠٠

دۆلار غەرامە بکەم، کاکی بەرپرسی بالا وتی کاکی خۆم یاساو ڕێسای چی، باسی چ دەکەی لەم وڵاتەدا من بۆ خۆم یاسام هەرکەس کەپێم خۆش بێت لەزیندانی دەکەم یان لەزیندان ئازادی دەکەم و دووربینی تۆ لای ئێمەیە بردوومانەو نادەینەوەو شوکری خوا بکە کەخۆتیشمان نەگرتووە، بڕۆ هەرچی لەدەستت دێت درێغی مەکە، هەروەها پیی زیاد کرد و وتی تۆ چۆن هاتوویی بۆ کوردستان دەبێت پاسپۆرتەکەت پیشان بدەیت. فەرموون ئەوە پاسپۆرتەکەمە، لە ولامی ئەوەدا کەوتی شوکری خوا بکەکەخۆتمان نگرتووە وتم پێنج مندالم لەدەرەوەهەیە، مەبەستی من لەهەبوونی پێنج مندالْ ئەوە بوو کەئەگەر منی بێتاوان بگری هەرنەبێت ئەو مندالانەریسوات دەکەن بەڵام گومانم لەوەدایەکەکاکی گەندەڵ لەمەبەستی من تێگە یشتبێت. کابرای کەمنی هێنابوو بۆ ئەو گەندەڵخانەلەترسا خۆشی بوو بەهاودەنگی ئەوان و منیش گەندەڵخانەکەم بەجێهێشت و بریارمدا کە سەردێری بابەتەکانم کاکی گەندەڵ لەسەرەوەی یاسایەبێت. ئەوخاڵەی کەدەڵێت دەبێت شوکری خوا بکەم کەخۆشم ناگرن بابەتێکەجێگای تێبینی و گرنگەکەنابێت بەساکاری بەسەری دا تێپەرین و ئەو وشەیەوەها کارتێکەری لەمندا هەبوو کەبریارم دا خێرا بگەڕێمەوەو بلیتەکەم بسووتێنم و بلیتێکی دیکەبکرم بۆ ١٩ی ئاپریل. بلێ منیش لەسەر ئەو بڕوام کەکاکی گەندەڵ بۆ خۆی یاسایەو هەر چۆن پێی خۆش بێت وا دەکات، بەڵام منیش ئەو پرسیارەئاراستەی بەڕێزیان دەکەم و دەڵێم ئایا جەنابتان دەتوانی بڕۆیت لە ناو شاری سلێمانی دا بێ حیمایە پیاسەیەک بەکەیت؟، بێشک وەڵام نەیە، ئەوەی کەئەمرۆکەهەموومان دەیبینین بەرهەمی کردەوەکانی جەنابت و کەسانی لە چەشنی تۆیەو ڕۆژێکیش دێت کەدەبێت لەدادگایەکی گەلیدا وەلامدەرەوەی ئەو کردارانەخۆت بیت و منیش تا ئەو جێگایی کەیاسا ڕێم پێبدات دەست لەمافی خۆم هەڵناگرم و بەدوای دا دەگەڕێم.

لە بەردەوامی بابەتەکەدا لە ژێر ناوی کاکی گەندەڵ لەسەرەوەی یاسایە و دز ئەگەر دەسەلاتدار بێت خاوەن ماڵ دەگرێت لە نووسینی بەسەرهاتەکە بەردەوام بووم.
ئەو بەرپرسەی بالآدەستە لەباسەکەیدا لە گەڵ من کەلەسەرەوە خوێندتانەوەوتی دەبێت شوکری خوا بکەم کەخۆمیان نەگرتووە، بێشک ئەم وشەیەوشەیەکی کورتەبەلام واتاکەی(مانا) باسێکی زۆرهەڵدەگرێت و زۆر قێزەوەنە.
پەندێکی کوردی هەیەکەدەڵێت کاری خراپ مەکەو لەخوداش مە پاڕێرەوە، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەگەر کارێکی خراپ نەکەی پێویست بەپاڕانەوەولەخواش ناکات و خوا سزات نادات بەلام لە یاسای گەندەڵدا ئەگەر تاوانیش نەکەیت دیسان دەتوانێت مرۆڤ وەک تاوانبار سزا بدات.
هەر وڵاتێک بەگوێرەی گەشەی فکری و کۆمەلایەتی دانیشتوانی ئەو وڵاتەیاسایەک دەنووسێتەوەو بەپێی ئەو یاسایەلە گەڵ خەڵکی ئە و چوارچێوەجوگرافیاییەهەلسوکەوت دەکەن و هیچ وڵاتێک نییەکە بێ یاسا بێت یان خۆ لەیاساکەیاندا یاسایی بێت کەمرۆڤێکی بێتاوان سزا بدەن مەگەر هەڵەیەکی لێکۆلینەوەیی لەئاراد دا بێت. گەلی کوردیش لەکوردستاندا وەک بەشێک لەم گلوباڵە(جیهانیە) بێشک یاسایەکی هەیەو لەو یاساش دا نەنووسراوەکەبەرپرسانی حوکمەتی ئەگەر پێیان خۆش بێت دەتوانن خەڵکی بێتاوان سزا بدە ن یان مافی ڤیتۆی یاسایان هەیەبەلام هەر لەوڵاتەدا کەکوردستان بێت بەرپرسێکی ئاسایش ئەو هەقەبەخۆی دەدات کەبەهاووڵاتیک یان گەشتیارێک بڵێت شوکری خوا بکەکەخۆت ناگرین. لێرەدا ئەو کەسەی کەدەڵێت شوکری خوا بکەکەفلان شت ڕووی نەداوە لە واقعدا لەوشەی خوا وەک وەسیلەیەک کەڵک وەردەگرێت و لەڕوانگە ی وردبینیەوەدەڵێت شوکری گەندەڵێکی وەک من بکەکەڕێگات پێدە

دەم تا هەناسەهەڵمژی، ئەوەلەبیرنەکەین کەهەموو گەندەڵێک بۆ ئەوەی بتوانێت لەکاری گەندەڵی خۆیدا سەرکەوتووبێت هەوڵدەدات تا گەندەڵ پەروەردیش پەروەردە بکات چونکەهیچ کەس ناتوانێت بێ بوونی ئامرازی یارمەتیدەر گەندەڵی بکات و لەو کارەدا بۆ ماوە یەکی زۆر سەرکەوتووبێت.

هەروەک لەسەرەوەباسکرا هەموو وڵاتێک یاسایەکی هەیەبەڵام لە وڵاتانی جیهانی سێهەم دا یاسا کتێبێکی بەستەزمانەکەڕێزی خۆی نییەو لە نێو دەلاقەی ژوری گەندەڵکاران دا تۆزو خۆلی لە سەر نیشتووە و زۆربەی ئەوانەکەبەشێوەیەک کارمەندی کاروباریی کۆمەڵایەتین یان لەگەڵ یاساو مرۆڤ سەروکاریان هەیەنازانن لەو کتێبەدا چ نووسراوە، لەوەش دەچێت کەزۆربەیان نەزانن ئەندازەی ئەو کتێبەکەناوی یاسایەچەندە، خودی ئەم ناشارەزاییەلەزۆر بواردا کێشەخوڵقێنەرەو هۆکارێکەبۆ ئەوەی کەئەو کاربەدەستانە خۆیان بەیاسا بزانن.

بۆ نموونەبڵێین کابرایەکی گەشتیاری ئەمریکایی دەڕوات بۆعێراق بۆ بەسرا و لەوێ دووچاری کێشەیەک دەبێت بۆ سکاڵا دەڕواتەلای بەرپرسێکی ئەو شوێنە، ئەم دوو مرۆڤەیەکتر ناناسن و لەدوو ڕوانگەی جیاوازەوەباس دەکەن، کابرای ئەمریکایی بیر لەوەدەکاتە وەکەعێراق وڵاتێکەو بەدڵنیایەوەهەر نەبێت هێندێک یاسای خزمە تگوزاری کۆمەڵایەتی هەیەو ئەم بەرپرسەش کەسەروکاری لەگەڵ مرۆڤەبەگوێرەیاسا کومەڵایەتی یان یاسایی کارزانی ئەم وڵاتەلە گەڵی دەجووڵێتەوەو بەپێی ئەو بیرکردنەوەیی خۆی لەگەڵ کاکی بەرپرس دەدوێت، بەڵام بەرپرسی خەیاڵی (فەنتازی) کە من لێرەدا وەک نموونە دێنمەوە کابرایەکەکەڕوانگەو لۆژیکی لەقۆناغێکی دیکەدایەو لەعالەمی خۆیدا دەژی و کاتێک کابرای ئەمریکایی

باسی وشەی یاسا دەکات پێیوایەدەسەڵات وهێزی لێزەوت دەکات، ڕوانگەی کاکی بەرپرس دەسەڵاتەکەیەتی کەبەهە
ستی پێشووی... لەو دەسەڵاتە کەڵک وەردەگرێت ووەڵام دەداتەوە. مرۆڤ دوو گوێ و یەک دەمی هەیەیانی دەبێ بتوانێت ئەوندەکە بڕیاردەدات و قسەدەکات دوو ئەوندەگوێ بگرێ، بەڵام بەرپرسانی وڵاتانی دواکەوتوو بەدەستوردان بارهاتوون گوێکانیان تەنیا لە کاتی تاریف لەخۆیان یان بۆ وەرگرتنی بابەتی دژی گەلی وەک سیخوری لەپێناو خۆشخزمەتی دا ئاوەڵایەو توانای بیستنیان هەیە. بە هەرحاڵ ئەم دوو مرۆڤە ناتوانن باسێکی ڕێکوپێکیان هەبێت و لەئاکامدا شێوەپێکدادانێک لەنێوانیاندا ڕوودەدات، بەڵام ئەگەر کابرای خەیاڵی ئەمریکایی شانس یارو هاوکاری بێت و بەرپرس خەیاڵی شارەزایی لەکاروباری کۆمەڵایەتی دا هەبێت لەدیالۆگەکە لەزەت وەردەگرن و کێشە ڕوونادات.

بەداخەوەئەمرۆ لەکوردستاندا هێندێک کەس شارەزایانەیان ساکارانەبەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی هەرچەشنەناڕەزایەتییەک دەڵێن ئەو خەڵکەلە چاوەڕوانی دان کەکوردستان ببێتە بەئەوروپا!

من مرۆڤێکی کوردم ئەگەر هەزار ساڵی دیکەبژیم و ئەو هەموو ساڵەش لەدەرەوەی کوردستان بم دیسان من کوردم و کولتووری خۆمم هەیەو خۆشم بەخزمەتکاری شوانکارەیەکی کورد دەزانم و جێگاو شوێنی خۆم لەخوارەوەی هەموو تاکێکی بەشەرەف و مرۆڤ دۆستی کورد دەبینمەوە، ژیانم لەدەرەوەی کوردستان شتێکی زۆرە مەلێیە و قەت بابەتە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و ئە و ژنیگەکەخۆم تێدا دەژیم تێکەڵ ناکەم وئاواش بیرناکەمەوەکە دەبێت کوردستان لەم قۆناخەدا وەک ئەوروپا بێت و دەزانم ئەگەر وەزع ئائەوها پێش بڕوات هەزار ساڵی دیکەش هەر کۆرپەیەو وەک ئەمریکا و ئەوروپای لێنایەت بەڵام ئەوە هەر ئاواتی گەورەی منە کەکوردستان لەئەوروپاش پێشکەوتووتر بێت. جارێکیان لەدەرەوەی

کوردستان لە ئەوروپا رۆیشتم بۆ دووکانێک بۆ کڕینی مەوادی خواردەمەنی کابرایەکی ناسراوم بینی کەیەک عەرەبانەمریشکی نزیک بەئیکسپایر بوونی کڕێ بوو خەڵکیش بەشێوەیەکی سەیر تە ماشایان دەکرد و منیش ئەو کردەوەم پێگران بوو لەکابرام پرسی لە وەدەچێت کەگرانی هاتبێت بەلام من ئاگادارنەبم، لەجواب دا وتی، بۆ پێتوایەئەو خەڵکەنازانن من کوردم، ئەوەشم لاگران تر بوو، وتم ئەوەتۆ لەڕوانگەی خۆتەوەتەماشای کورد دەکەیت بەلام ئێمەلەنە تەوەکانی دیکەکەمتر نین، مەبەستم ئەوەیەئەگەر چاوەڕوانی ئە وەم هەبێت کەکوردستان وەک ئەوروپا بێت تاوانم نەکردووەدە توانن چاوێک بەمێژوو و دیرۆکی کورددا بگێرن کەلە ئەمریکا بەتە مەنتەرە و لەمێژەباسی سوسیالیزمی زانستی، کاپیتالیزم، دیموکراسی و سەربەستیان کردەوە، کەوابێت ئەگەر لاوێکی کورد چاوەڕوانییەکی ئەوتۆیی هەبوو نابێ پێمانوابێت کەتاوانێکی گە ورەی کردووە، ئێمەیش دەتوانن ئەوروپا و ئەمریکایەکی گونجاو لە گەڵ کولتوور و ئەو چوارچێوەجوگرافیایی خۆمان دروست بکەین بە مەرجێک ڕێگامان بدەن تا هێندێک ئاڵوگۆڕی فکری بێنینەگۆڕێ و دەستی چەپاوچی لەولاتەکەمان کۆتا بێنین.

ئەو پرسیارەم زۆر لا گرنگەکەبزانم بۆچی بۆ کوردێک، عەرەبێک یان هەرکەسێکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گوناهەکەچاوەڕوان بێت تا ولاتەکەی عەدالەتی کۆمەلایەتی تێدا بێت و یاسا سەروەر بێت، نازانم کێشەلەچ دایە؟
کابرایەکی ئەوروپایی و کابرایەکی عەرەب هەر دووکیان مرۆڤن و لەباری فیزیکی و پێویستییەوەهەر هەردووکیان وەک یەکن، ڕەنگی ڕەش و سپی هەر دووکیان ڕەنگن بەلام بۆ دەبێت ڕەنگی ڕەش بەناشیرین چاوی لێکرێت و ڕەنگەکانی دیکەشبەگەش؟ بۆ دەبێت

باسکردن لە یاسا بۆ کابرایەکی ئەوروپی یان ئەمریکایی بەجێبێت بەڵام بۆ کابرای عەرب شەرمە؟ کێشەلەچ دایە؟
من دەڵێم ئەمەپرۆژەیەکی نادیارە(شاراوە) کە بۆ مەبەستێکی تایبەتی و بەدەستی فراسیونێک لەمافیای ناوچەیی یان دێسپۆتیسمەوە(ستەمگەر) سازکراوەتا بتوانن بەردەوامی بدەن بە دەسەڵاتی چەوسێنەرەوە، دێسپۆتیسم و هاوبیرەکانیان فکری خەڵک بەشێوەی جۆراوجۆر سەرکووت دەکەن، لەگەورەکردنەوەو بەعەیبە کردنی وشەکان وەک میکانیزمێک لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا کەڵک وەردەگرن و حوکمەت دەکەن، هێندێک خەڵکیش هۆشیارانەو لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان یان ساکارانەلەم گەورەکردنەوەیەدا هاوکاریان دەکەن، ئەگەر وانەکەن خۆ زۆرنابات کەپەلی بەشێکی زۆریان دەگرن و فڕیان دەدەنەزبڵدانی مێژوو و لەشوێنەکەیان لۆژیک یان مرۆڤی ئاکادیمیک دادەنێن تا ئەگەر منیش خراپ بیرم کردەوەئەو لەڕێگای مەنتیقەوەوابکات کەخۆم بدۆزمەوە، نازانم ئەوروپا چی هەیە؟کە کوردستان، ئێران وعەرەبستان نیانە؟ ئەم کەموکوریانەکەی چارەسەر دەبن و چۆن؟

درێژی تەمەن و چەرمەسەری ژیان ئەو ئەزموونەیان بەمن بە خشێووەکە وەک کابرای خەیاڵیی ئەمریکایی بیرم نەکەمەوەو وریای خۆم بم، بەڵام ئەوەبیرکردنەوەی کاکی گەندەڵ بوو کەلەگە ڵ ئارەزوەکانیدا پێکدادانیان کرد، بەکورتی و کوردی چاوەڕوانی کاکی گەندەڵ لەمامەپیرەئەوە بوو کەکڕنۆشی بۆ بەرێت و بڵێ گە ورم خۆمم خزانتەوەتەگەندەڵخانەکەت تا بەگەورەیی خۆت یارمە تی ئەم خزمەتکارەیی خۆت بدەیت و کێشەکەم چارەسەر بکەیت، بەڵام مامەپیرەوشەی یاسای بەزاردا هات کەلەگەڵ هەستی دە روونی کاکی گەندەڵ کە خۆی لەسەرەوەی یاسا دادەنا یەکیان نە گرتەوە، یان خۆ دەبێت لەهەڵوێستێکی ئاوا دواکەوتوانەوەک

میکانیزمێک بۆ چاوپۆشیکردنی من لەدووربینەکەکەڵکی وە رگرتبێت.
بەشێک لە بەرپرسانی ئێستاکەی دەسەڵات ئاوا ڕا هاتوون ئاواش بیر دەکەنەوەو ناتوانن و بۆیان سەختەکەهێندێک وشەقبووڵ بکەن، کاکی گەندەڵ هەروەک خوی باسی کرد یاسا و ڕێسا هەر بۆخۆیەتی و هەر چۆنێک کەپێی خۆش بێت وا دەکات و ڕوونەکاتێک کەمن باسی یاسا بکەم یانی سەروەرێک بەناوی یاسا بۆ ئەو دروست دە کەم ئەوەش لەحاڵێکدا کەچەند کەسی دیکەلەژورەکەدا بن.
کاکی گەندەڵ لەگەڵ هەستی دەروونی خۆی دەکەوێتەگفتوگۆ و لە ئاکامدا لە پرزەیدا پێکدادانێکی هزری لەمێشکی دا ڕوودەدات، بە کورتی لەمێشکی خۆیدا وتوویەتی بڕوانەئەم مامەپیرەچەند ڕوودارەکە لای من کەوەک یاسا جێکەوتووم باسی یاسا دەکات و ئە گەر لەم قبووڵ بکەم ئەوانەش کەوا گوێگرن پڕڕوو دەبن، یان خۆ باسکردن لەیاسا لەلایەن کابرایەکی نەناسراوەوەلەبەردەم ئەو چە ند کەسەدا بەسەرشۆڕی بۆخۆی دەزانێت و لەئاکامی ئەم بیرکردنە وەیەدا ناتوانێت بەسەر هەستی دەروونی خۆیدا زاڵ بێت و دەڵێت شوکری خوا بکەکەخۆت ناگرین و بەمەبەستی جێبەجێکردنی فکری ناپاکی کاری ئاسایشەکانی کۆنترۆڵی پاسپۆرت لەفرۆکەخانەدا بە ئەستۆ دەگرێت و داوای پاسپۆرتەکەی من دەکات.
ئەو وشەیەکەدەڵێت شوکری خوا بکەکە خۆت ناگرین شتێکەکەلەدە روونی ئەو گەندەڵەدا هەڵقولاوە(دەلاندنی نهێنی دەروونی) بە کورتی یانی ئەو مرۆڤەئەو کارانەی کردەوەو ئەزموونی تەواوی لەو کارەدا هەیە، مرۆڤ کاتێک کە دەکەوێتە قۆناغی خۆ بە + (سەروەر) زانی و لایەنی دیکە بە – (هیچ و پووچ)، کۆنترۆڵ لە دەست دەدات و هێندێک زانیاری ڕوو دەکات یانی هەست بەسەر کۆنترۆڵدا زاڵ دەبێت.

پیاوێک بەمنی وت واباشترە دەست لەو دووربینەهەڵگرم! پرسیارم کرد بۆچی؟ وتی کاکی خۆم کێشەیەکت بۆ دروست دەکەن! دیسان پرسیارم کرد مەسەلەن چۆن؟ وتی ئەوانەلەسازکردنی پەروەندەبۆ خەڵک دەستی باڵایان هەیەو زۆرکەسی بێتاوان و بێکەسیان بێچارەکردەوەو ئەگەر لولەیەک تریاک لەگیرفانت خەن چ دەکەیت!

ئیمکانی هەیەکەئەو کابرا وا ئامۆژگاریی منی دەکرد بۆخۆی هیچ تاوانێکی وای بەچاوی خۆی نەدیتبێت و ئەوەی وەک دەنگۆیەک لەو کۆمەڵگادا بیستبێ، بەڵام هەر شتێک کەلەکۆمەڵگادا ناوبانگی هەبێت دەبێت بەشێوەیەک بوونی هەبووبێت. ئەگەر بەشێوەیەکی روونتر مەسەلەکە ژێرورِوو بکەم دەبێت بڵێم بەداخەوەکاکی گەندەڵ و گەندەڵەکانی وەک ئەو هەرنەبێت لەو کۆمەڵگادا شێوەکێشەیەکی دەروونیان دروستکردووەکەئاکامی نەرێنی لەسەر تاکی بێدەسەڵاتی کۆمەڵگاکەمان داناوەو بۆ سرِینەوەی ئاسەوارە نەرێنییەکانی ئەم ئۆفە هەناوییە دەبێت زۆر پرۆژەی شارەزایانەسازکرێت تا ترسی دەسەڵاتدارانی گەندەڵی وەک ئەو لەسەرشانی خەڵکی بێدەرەتان کەم کرێتەوە.

لەدیدی منەوەئەو گەندەڵانەی کەوەک کاکی گەندەڵ هەڵسوکەوت دەکەن دەبێت هەموویان وەک تاوانبار مەحکەمەکرێن، بەڵام بەداخەوەئەو تاوانبارانەدەسەڵاتیان هەیەو بێتاوانان و بی دەسەڵاتان مەحکوم دەکەن.

ئەم برِگەباسەپێویستی بەباسی زێتر هەیەبەڵام بۆ ئەوەی کە خوێنەرانی بەرِێز زیاتر ماندوو نەبن درێژە دادرِی ناکەم.

لەبرِگەی سەرەوەدا باسم لەسەر یاسای کۆمەڵایەتی وهەستی دەروونی کاکی گەندەڵ کرد بەڵام ئەو باسەنامۆیەناتوانێت ناوەرِۆکی دروستی وشەی شوکری خوا بکە کەخۆت ناگرین بداتە دەست کەبەداخەوەهەر ئەوندەدەرفەت هەبوو و دەبووا قەناعەتم کردبا.

هیچ شکێک لەوەدا نییەکەکاکی گەندەڵ لەسەرەوەی یاسایە و ئەوە بابەتێکەکەهەمووان دەزانین و هەر ئەو لەسەرەوەبوونەیی یاسایە کەکێشەخولقێنەو هۆی دواکەوتوویی ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوینە، هە ر ئەم لەسەرەوەبوونەی یاسایەکەمرۆڤەکان ناچار دەکەن تا ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری قبوولْ بکەن، هەر ئەو لەسەرەوەبوونەی یاسایەکەمرۆڤەکان فێردەکات کەڕوولەکاری نایاسایی بکەن و بکەونە نێو هەڵەوە، هەر ئەو لەسەرەوەبوونەی یاسایەکەبە مرۆڤێک ڕێگا دەدات کەمیلیونەها دۆلار لەسەروەت و سامانی خە ڵک لە پێناو بەرژەوەندی ڕامیاری و کۆمەلایەتی خۆیدا بەکار بێنێت و خەڵکیش لەشەقامەکانی کوردستان یان ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناویندا ناچاربن بۆمانەوەو ژیان سوالْ بکەن و...
هەر ئەو نایاساییەیەکە ڕێگا خۆش دەکات تابەرپرسانی بالایی عێراق لەیەک میلیون دۆلار تا چوارسەد هەزار دۆلار مووچەی مانگانە وەرگرن لەحالێکدا کەزۆر ئافرەتی بێدەرەتان لەشەقامە کانی بەغدادا لەشفرۆشن تا سکی منداڵەبێ سەرپەرەشت بووەکانی بەناو ڕێگای ئازادی و دیموکراسییان تێر بکەن، ئەوەدەسەلاتی دێسپۆتەیان نادادمەندی کۆمەلایەتیی و ڕامیارییەکەئەو مرۆڤانە ناچار دەکات تا ڕوو لەو کارەبکەن بەلام هێندێک کەس بێ ئەوەی بیر لەهۆکارەکانی دروست بوونی ئەو مرۆڤەلێقۆماوانەبکاتەوەلەگە ڵ ئەوان وەک گەندەڵی کۆمەڵگا مامەڵەدەکات و کوشتنیان بە کارێکی باش و جیهاد دەزانێت و لەئاکامی ئەو بۆچوونەناڕەوایەدا دیسان چینێکی دیکەمرۆڤی بێتاوان دەکەنەقوربانی نادادمەندی و نابەرابەری کۆمەڵگاو وەسیلەی خۆشگوزەرانی مافیایی بێبەزەیی و زالْ بەسەر کۆمەڵگادا. هەر ئەو لەسەرەوەبوونەی یاسایەکەوای کردەوەکەولاتێکی وەک عێراق کەخاوەنی سەرچاوەیەکی سرووشتی زۆری نەوت و گازە ئێشتاشخاوەنی ئابووریەکی زۆر لاواز بێت، هە

ر ئەو لەسەرەوەبوونەی یاسایەکەبووە هۆی نەهامەتییەکانی نەتە وەکەمان و ئیستاکەش هەر بەردەوامە.

کاکی گەندەڵ ئەوەش لەبیر مەکەکەهەر ئەو لەسەرەوەبوونەی یاسایەکەبووتە هۆکارێک بۆ ئەوەی خەڵکی بەزاڵە هاتوو لەوڵاتانی دەوربەرت ڕوو لەشەقامەکان بکەن و ئاڵوگۆڕ پێکبێت، هەر ئەم لە سەرەوەبوونەی یاسا بوو کەوای کرد تا ئەمریکا هێرشکاتەسەر عێراق و بەسەدامی سەرەوەی یاسا بڵێت تۆ زۆر لەوەکەمتری کە یاسا بیت.
فکریەتی لەسەرەوەبوونی یاسابوو کەوشەی گۆڕان هاتەگۆڕێ و خە ڵکی بەزاڵە هاتوو لە ژێر ناوی گۆڕاندا ڕوویان لەشەقامەکان کرد، هەر ئەو خۆبەزلزانیی خۆت بوو کەوای کرد کەبەدەرکەوتنت لەشە قامەکاندا هەپەت لێ بکەن و هەر ئەو لەسەرەوەبوونەی تۆ بوو کە بوو بەژێرخانی ئاڵوگۆڕی دوارۆژ و ڕۆژیک دێت کەخەڵک دەست بە سەر زۆر تاوەر و بارەگا لە وڵاتانی نادادپەروەردا بگرن و ... مرۆڤەکانی وەک تۆش بێکار لەشەقامەکانی ولاتەکانیاندا بسوورێتەوەو جارجاریش بکەویتەبیری ئەوکاتەکەسەروەت وسامانی گشتیتیان لەپێناو پیشاندانی دەسەڵاتی گەندەڵی خۆیاندا بەکاریان دەبرد.

من لەم کاتەدا سەر بەهیچ لایەنێک لەلایەنەکانی ئەو بەشەی کوردستان نیم و بەڵام هەرکامەیان بەگوێرەیەک بەبەشێک لەجە ستەی خۆم دەزانم وکوردستانێکی دادپەروەر جێگای شانازیمەو باس لەکوردستانێکی گەندەڵ پەروەر هۆی نیگەرانی و سەرکزیمە. لەئەدەبیاتی من دا گەندەڵ تەنیا ئەوانە نین کەلەڕێگای نایاسایە وەسەروەت و سامان کۆ دەکەنەوەبەڵکو هەموو کێشەیەکی ئیداری، کۆمەڵایەتی و ڕامیاری بەگەندەڵی دەزانم، هەروەها ئەو وشەیەهە

مووی دەسەڵات ناگرێتەوەو لەو دەسەڵاتەدا زۆر مرۆڤی تێگەیشتوو، لێهاتوو، مرۆڤدۆست و نیشتیمانپەروەر هەیەکەجێگای ڕێزو حورمەتن بەڵام بەگوێرەیلۆژیک و بیرکردنەوەئەگەر ڕادەیەک لە بەرپرسانی دەسەڵات گەندەڵ پەسەندی نەکەن دەبا کێشەی گەندەڵی چارەسەرکرابا و...

بۆ من کەلە پراکتیکدا لەگەڵ ڕاستییەکان ڕووبەڕوو بوومەتەوە لە سەر ئەو بڕوایەم کەبەڕادەیەک ئەو بەربەرەکانێیەوا ئەمڕۆ لە ئارادایەکێشەی دوولایەن کەهەرکام بەشێوەیەک هەوڵدەدەن تا دەسەڵاتی خۆیان لەکۆمەڵگادا سەقامگیر بکەن، بەکورتی ئەوەبەرەورووبوونەوەی چەوساوەیەدژی بەچەوسێنەرەوەو ئەمڕۆش سەرکوت بکرێت زۆرنابات کەدیسان بەهێزتر لەجاران سەرهەڵدەداتەوە. ئەگەر دەسەڵات لەکوردستاندا بۆ خوی کەموکوریی نەبوایەدەبا پێش لەکۆمەڵانی خەڵک هاواری کردبا و پاڵپشتی خەڵکی بەزاڵە هاتووبا، بەکورتی ئەگەر هەموومان دژی گەندەڵی بین گەورەترین خزمەتمان بەخۆمان، بەئازادی و نەتەوەکەمان کردەوە و بانگەشەی نەیارانی کورد کەدەڵێن کورد ناتوانێت حکومەتاتی بکات پووچەڵ دەکەینەوە، بەڵام لەبەپێچەوانەکەیدا داهاتوویەکی نادیار چاوەڕوانمان دەکات.

کێشەی ئەمڕۆ لە ژێر ناوی گۆڕاندا چونکەکێشەی چەوساوەو گەندەڵەئەگەر بتوانی بەشێوەزانستیانەکەی کەڵکی لێ وەرگرێ دەتوانێت هۆکارێکی باش بێت بۆ دیموکراتیزەکردنی کوردستان و لە ڕیشەدانی گەندەڵی و بەهێز بوون و گێرانەوەی باوەڕ بۆ دەسەڵاتی خۆماڵی.

من وا بیرناکەمەوەکەهەمووی ئەوانەی کەلەدەسەڵاتدان دژی ئازادی و گەندەڵن یان هەموو ئەوانەی کەبەشێویەک لە دەسەڵات ڕەخنەدەگرن ئاڵوگۆڕخوازن و هەموویان بۆ دابین کردنی مافی

ڕامیاری، ئابووری و کۆمەڵایەتی کورد هاوار دەکەن، کێشەکە هێندێک ئاڵۆزە و گرفتەکە لەوەدایەکەگەندەڵەکان وخۆ بەیاسازانەکان لەژێر چەتری ئامرازەکانی یارمەتی دەسەڵاتدا خەڵک دەچەوسێننەوەو یاسا پێشێل دەکەن و ئەگەر لەژێر پاراستنی دەسەڵاتدا نەبن ناتوانن ئەو کار و کردەوانەوا بەهاسانی بکەن، لەئاکام دا رەخنەکان ڕووبەڕووی هەمووی دەسەڵات دەبێتەوەو دەسەڵاتەکەدەبێت وەڵام بداتەوە، بەکورتی ئەو بەشەی دەسەڵات کەخۆی بەگەندەڵ نازانێ و بەرژەوەندی گەلی لا مەبەستە دەبێت هەڵوێستی ئاشکرای هەبێت و ئەوەی بۆ ڕوون بووبێتەوە کەکەلێنێک لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتدا دروستکراوەیان پەیدابووەکەبووەتەهۆی دواکەوتنی دەسەڵات لەخەڵک و کۆمەڵگاو بەرهەمەکەی ئەو سەرهەڵدانەجەماوەریەیی کە ئێستا بەدی دەکرێ.

دەسەڵاتدەرفەتێکی زێڕینی لەدەست داوەکەبریتی بووەلەچارەسەری کێشەی گەندەڵی لەکاتی خۆیدا و دەبێت ئامادە بێت کەنرخی بۆ بدات، بۆ پێشگیری لەدانی بەهای زیاتر ئەو بەشەی دەسەڵات کەلەگەڵ کەسانی وەک کاکی گەندەڵ هاوڕا نین هێندێک کات ماوە کەنابێت بەفیڕۆی بدەن. جێگای خۆشحاڵییەکەلەکاتی پێکهاتنی ئەو بۆشایەدا دژمنانی نەتەوایەتیمان تائێستاکە یان سەرقاڵ بوونە یان نەیان توانیووەخۆیان بەژووردا بکەن.

هیوادارین کە ئەو خۆ پیشاندان و ڕێکخستنە لەپێناو دابینکردنی دادمەندی کۆمەڵایەتی و دادوەری گشتی دا بێت و دروشمەکان دیماگۆجی نەبن و کێشەکە لە داهاتوودا بەلای قازانجی نەیارانی کورد دا نەشکێتەوە!

من کوردو کوردستانیم بەڵام بەگوێرەی هێندێک یاسا من شارۆمەندی وەڵاتێکی دیکەم، بێشک بۆ گرتنی من دەبا تاوانێک سازکرابا، ئاخۆ ئەو تاوانەی کەدەبووە هۆکاری گیرانی من چۆن ساز دەکرا و

ئەم سازکردنانیی ئێوەلەکاتی بەدەسەلاّت گەیشتنەوەتائێستاکەچە ندەئاکامی نەرێنی لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی لەکۆمەڵگای کوردەواری لەکوردستانی عێراق و ئێراندا داناوە؟ ئایا هەستی نە تەوایەتی لەناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی جەنابت دا وەک پێشوماوە؟ و...

کاکی گەندەڵ بەمن دەڵێت کەچۆن هاتوویت بۆ ئێرە، کوردستان وڵاتێک بوو بەلاّم دابەشیان کرد، بەگشتی ئەم بۆئێرەو ئەوێ چوونە بووتە بەبەشێک لە چارەنووسی تاکی کورد و ئەگەر لەبیرت مابێت تۆش هەر چوویتبۆ بەشەکانی وەلاّتەکەی خۆت کەکوردانی بێ دەسەلاّتی لێ بووە، بەداخەوەچارەنووسی کورد وایە، بەلاّم گە ندەڵ نازانێت کە من بەو بێ دەسەلاّتی و بێ توانایی خۆمەوەحازر بەخزمەت بووم بێ چاوەڕوانی و... چۆن لەڕووت هەڵهات کەبە کوردێک بڵێ چۆن هاتووی بۆ کوردستان، بۆ ماڵی خۆیی، یەکێک لە کولتوورەباشەکانی ئێمەی کورد کەشانازی پێوەدەکەین ئەوەیەکە لەماڵی خۆماندا دەستودڵبازو میواندۆست بووین، بەلاّم بەداخەوە کەتۆی بێماڵ حورمەتی کولتوورەکەشت لەبیر کردووە. کوردستان وڵاتی منەسەفەر بۆ کوردستان و زیارەتی تاکی نەناسراوی کوردیش بۆ من هەست بزوێنە، هەستی وڵات لای زۆربەی تاکی تاراوگە شتێکەکەهەر ئەوان مانای دەزانن و سەفەر بۆ وڵاتەکەیان هەستی سەر بەرزیان تێدا چەکەرە دەکات، کاتێک لەلۆقەنتانا بهداشتییە کانی کوردستاندا لەکۆڕی مێوانەنەناسراوەکاندا نانم دەخوارد هە ستێکی ئارامی دەروونیم تێدا پەیدا دەبوو و هەموو ئەو مێوانەنە ناسراوانەش بەناسراو دەهاتنە بەرچاوم وامدەزانی وا لە دۆدمانی خۆمان دامە، ئەو هەستەلەڕێستورانەپاکو خاوێنەکانی وڵاتانی پێشکەوتوودا بۆ من دەستەبەر نابێت و هەر ڕووادوێک لەگەڵ نەتە وەکەم خۆشەو بێ ئەوان بەهەشت لای من دۆژە. لەکاتی گەڕوانەوە م دا لەفڕۆکەخانەی سلێمانی دا لەبەشی گومرگی ناو فڕۆکەخانەدا

چایەکم لەگەڵ چەند گەنجێکی تێگەیشتووی نەتەوەکەم لەو بەشە دا خواردەوەکە فکری نەرێنی چاوپێکەوتنی مرۆڤێکی وەک تۆی بۆ ماوەیەک لەمێشکم دا سڕیەوە، گەندەڵکان بۆ چەوسانەوەی زیاتری خەڵک هەوڵدەدەن تا ئەو هەستانەلەتاکدا بسڕنەوەو وڵاتیان لێ بکەن بەبانی ئەجنۆکە، بەگوێرەی یاسای بەربەریەت لەگەڵ هاووڵاتی دەجووڵێنەوەو لەوڵاتەکەی خۆیاندا مافیان پێشێل دەکەن و دەڵێن چۆن هاتوویی بۆ ئێرە، مەبەستی ئەوەیەکەگەندەڵ خاوەن ماڵەو ئێمەبێگانەو پێیوایەهەروەک هەستی نەتەوایەتی زۆر لاوی کوردیان لاواز کردووەهەستی نەتەوایەتی منیش بەو وشەبۆن ناخۆشە لاواز دەکات!

ئێمەوەک بنەماڵەیەکی کورد تا ئەو جێگا کەئیمکانمان هەبووەبە ئەرکی سەرشانی خۆمان زانیوە لەپێوەندی لەگەڵ ئەو پارچەی وڵاتەکەمان لەچەند قۆناغی جیاوازدا، لەلباسی جۆرباجۆردا، بە جودایی بیروبۆچوونەوەلەسەردەمی جیاوازدا لەشوێن و مەکانی جیاوازدا بەجێگەیاندەوەو لەو بەشەی کوردستانیشدا چەند شە هیدمان لەڕێگای سەربەستی کورددا داوەو... کاکی گەندەڵ دەزانی من هێندێک شت دەزانم کەباس لەوەدەکات کەئەوانەی وا گەندە ڵن هەمووکات گەندەڵ و دژی مرۆڤ بوون و...؟ کاکی گەندەڵ بۆ من لەپراکتیکدا شتێک بەناوی من و تۆ، ئەم و ئەو بوونی نییەئەوەتۆی کەسەرت لێشێواوە.

هەروەک پێشتر باسمکرد دووربینی من شتێکی قەدەخە نەبوو کە بردیان و بەڵام وێرای ئەوەی کەدووربینەکەم کاڵایەکی قەدەغەنە بوو و لەڕێگای ئاساییەوەنەمتوانی کارێک بکەم، ڕێگای یاسایم هەڵبژاردو تاقیکردەوە ئەویش بەدزینی نامەکەو ڕۆیشن بۆلای دز کەلەو قۆناغەدا بۆ من ڕۆڵی حاکمی پەیدا کردبوو کۆتایی پێهات و لەو ڕێگاش دا زۆر زیانی ماددی و معنەویم بینی و زۆر زەحمەتم کێشا، لەساڵێکدا مانگێک مۆڵەتی پشووم هەیە کەئەو مانگەش لە

کێشەی ئەو سەفەرەسەرنەکەوتوودا بەفیڕۆ چوو. دۆستێک بەمنی وت ئەگەر تەلەفوونێکم بۆ ئەو کردبا دووربینەکەی وردەگرتەوە، ئە و دۆستەڕاستی دەکرد و کەسانی دیکەش هەبوون کەوابیریان دە کردەوەبەڵام لەڕوانگەی منەوەقبووڵی کارێکی وا بە زیانی خەڵکەو یارمەتی بەدروست بوونی گەندەڵی زیاتر دەکات. لەڕاستیدا دووربینی منیان بردبوو بەڵام نەیان دەزانی چۆن کێشەکە چارەسە ر بکەن و وێرای ئەوەی کە لە بەسەرهاتەکەدا خوێندتانەوە دیسان بۆ سەلماندنی ڕاستی تێئوری گونجاوی دیکەهەن...

کێشەی من و کاکی گەندەڵ ئێستاکە دووربین نییە بەڵکو زۆرشتی دیکە لە خۆ دەگرێت و ئەو دووربینە بۆ من هیچ بەهایەکی نەبوو و نییەو پێموایە دز بەدزینی ئەو دووربینە کاری شارەوانی بۆ جێبە جێکردووم، ئەو دووربینە بۆ من تەنیا ئامرازێکی تاقیکردنەوە بووە کە لەو تاقیکردنەوەیەدا لەگەڵ بەرپرسێکی سەرەوەی نەتەوەکەم بەرخوردم کرد کە لۆژیک و بۆچوونەکەی، شێوەی کارکردنی لەگەڵ ئەندامانی بەشەکانی دیکەی ژێر دەستی خۆیدا، شێوەی بارهێنان و فێرکردنی لاوانی ئیدارەکانی خوارەوەی لەگەڵ یاسای هیچ وڵاتێکی دواکەوتوو یەکی نەدەگرتەوە، لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد، ئارەزوەکانی و ئەو هەموو نەهامەتیانە یەک نەدەکە وتەوە.

لەگەڵ گاوڕایێک بەرەوڕوو بوومەوە کە بەو شێوە بیرکردنەوە بوونی لەو شوێنەدا بەزیان و لە بەرژەوەندی کۆمەڵ وکۆمەڵگادا نییە، بە کورتی و کوردی وا باش بوو کە دەسەڵات لەو پارچە لە پێنج پارچە کەی کوردستاندا (سلێمانی) لە شوێنێک کە گونجاوی کاکی لیوا ترسنۆک بوایە کاری بۆ پەیدا کردبا!... ئەم بەشەی باسەکەم باسێکی زۆر دەبات و بەسەریدا تێدەپەڕم با خوێنەران بۆ خۆیان بیری لێ بکەنەوەو...

من لەوڵاتی خۆمدا مافم پێشێل کراوەو چاوەڕوانم کە ئەو کردەوەی کاکی گەندەڵ بەکردەوەیەکی دور لە لۆژیک پێناسە بکرێت، مەبەستم لەم پێناسەکردنە ئەوەیە کە خۆ بەیاسا زانینی ئەو جۆرە کەسانە لە ئاکامدا زیان بەپرێستیژی نەتەوایەتیمان دەگەیەنێت و هێندێک پرینسیپ و دیسیپلین هەیە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵک کە دەبێت ڕەچاوکرێن، چاوەڕوانییەکەم ئاراستەیی هەموو کوردێک دەکەم کە بەڕاستی دڵی بۆ خاک و نەتەوەکەی لێدەات و دوگم بیرناکاتەوە، ئەو کوردە دەتوانێت کەسێک لە دەسەڵات بێت، یان هەر تاکێکی ڕەسەنی دیکەی کورد بەهەر بیرو بۆچوونێکەوە، هەروەها زۆر جێگای ڕێز دەبێت ئەگەر ئەو بەشەی دەسەڵات کە خۆی بەگەندەڵ نازانێت و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە گەندەڵ و گەندەڵپەروەری زیان بەوڵاتەکەی و دەسەڵاتی کوردی دەگەینێت داکۆکی لە مافی تاکی بێدەسەڵاتی کۆمەڵگای کوردی بکات و ئیزن نەدات تا ئەوانەی وا خۆیان لە سەرەوەی یاسا دەزانن مافی هاووڵاتی پێشێل بکەن.

لەسەرەتایی دەسپێکردنی ناڕەزایەتیەکانەوە بەشێوەی تاکوتەرا سێخوڕە تێکدەرەکانی بەرژەوەندی خواز بە دەسەڵاتیان دەگەیاند کە ئەوەانە هێندێک منداڵومەزمی خوێڕین و با هەر بۆ خۆیان دەهۆڵ لێبدەن، لە ڕاستیدا ئەوانە هەواڵانی دڵسۆزی نەتەوەو دەسەڵات یان حیزبەکەیان نەبوون و دەیانویست لەو ڕێگایەوە نان بخۆن و قازانجی نەتەوایەتیان لا گرنگ نەبوو چونکە باری ڕامیاریان لاوازە، مەبەست ئەوەیە کە ئەو جۆرە بیرکردنەوانە کارێکی هەڵەو لە بەرژەوەندی نەتەوایەتیماندا نییەو ڕێزگرتن لە یاسا، لەمافی کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕامیاری لە بەرژەوەندی هەموواندایەو لە زۆر بواردا دەبێت دەسەڵات گوێڕایەڵی ڕاو بۆچوونی خەڵک بێت کە بەشێوەی جۆراوجۆر دەسەڵات دابین دەکەن.

من تاکێکم و دەنگێکم هەیە و بە تەنیا دەنگێک شتێک ناگۆڕێت بە لام لەمحاسەباتی هەندەسەدا هەرشتێک کە بەشێک لە بۆشایی بگرێت ئەو شتە هەیە و دەبێت حسابی بۆ بکەیت، یانی منیش بە بچووکی خۆم دەتوانم کاریگەریم لە سەر ئاستە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا هەبێت.

لە کۆتایی دا دەبێت بڵێم وا باشە کە مرۆڤ لە ڕێگای لۆژیکەوە داکۆکی لە مافی خۆی لە کۆمەڵگادا بکات تا مافی کەسانی دیکە کەمتر ژێرپێ بێت، کەسێک کە مافی خۆی نەناسێ ناتوانێت داکۆکی لە مافی کەسانی دیکە بکات، لە سەر ئەو بڕوایەم ئەو کەسانە کە بێ چاوەڕوانی وەک پێشمەرگە بۆ سەربەستیی نەتەوەکەیان ڕوو لە خەبات و بەربەرەکانێ، یان بەرەکانی جەنگ دەکەن لە باری کەسایەتیەوە بە سەربەخۆیی فکری گەیشتوون بەڵام ئەو کەسانە کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەشێوەی جۆراوجۆر دەسەڵات تووشی بە هەڵەدا چوون دەکەن کەسانێکن کە بەرژەوەندی گشتی فیدای بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان دەکەن و هۆکارێکن بۆ دورکەوتنەوە لە پێشکەش کردنی کاری چۆنایەتییانە.

دەخوازم گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە ئامانجی خۆی پێکابێ و لە مەبەستی من بگەن کە من بەرژەوەندی باڵای کوردم گەرەکەو ڕێزیش لام گرنگە.

## کورد و دیپلۆماسی ئێران.

سەردەمێک یان با بڵێین لەساڵی ٢٠١٣ دا زۆر بەگەرمی باس لە گرێدانی کۆنگرەی نەتەوایەتیی کورد دەکرا، هەروەها باسی بانگهێشتنی یان بەشداری کۆماری ئیسلامی ئێران لەو گۆنگرەیەدا گەرم بوو، لە هەمان کات و سەردەمیش دا شاندێک بە نوێنەرایەتی ئەو وڵاتە ڕۆیشتن بۆ کوردستان و لەگەڵ بەرپرسانی

کورد لە باشووری کوردستان چاوپێکەوتنیان کرد، بکوژی دکتۆر قاسملوو بەناوی محەممەد جەعفەر سەحراروودیان لەگەڵ ئەو بەناو شاندە یاوەر بوو، منیش وەک کوردێک بیروبۆچوونی خۆمم بە شێوەی خوارەوە هێنایە سەر کاغەز و دەڵێم:

بێشک حکومەتی هەرێم مافی خۆیەتی چۆن پێی خۆش بێت پێوەندی لەگەڵ دراوسێکانی دامەرزێنێت، واباشە کە کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان پێشوازی لە پێوەندی دۆستانەی هەرێم و دراوسێکانی بکەن و ئەو ڕەوشتە وەک باشترین ڕێگا بۆ تێگەیاندنی نەیارانی کورد و چارەسەری کێشەکەمان پێشنیار دەکەین، بەڵام ئەگەر چاو لە مێژووی ئەو گەلانە بکەین کە سەردەمێک ژێردەستە و بێ دەوڵەت بوون هێندێک پرینسیپ و ڕێباز هەن کە کورد و حکومەتی کوردی هەر دووک لا دەبێت ڕاچاوی بکەن، ڕاچاوکردنی پرینسیپەکان دەبنە هۆکار تا بتوانن بەلانسێک لە نێوان سووتان و سازاندا کە دەبێتە فاکتەری ڕاگرتنی کێشی نەتەوەیی باری ئاسایی لە دەست نەدات و بۆشایی لە نێوان گەل و دەسەڵاتی خۆجێ دا دروست نەبێت.

**مارشاڵ ب- روزنبرگ** لە پەرتوکی باشترکردنی پێوەندی مرۆڤەکان لە کار و کۆمەڵ دا دەڵێت "پێوەندی دوور لە دەمارگرژی بۆ ئەوە نییە کە ئاڵوگۆڕ لە رەفتاری خەڵکدا پێکبێنین تا هەرچییەکمان ویست بەدەستی بێنین، پێوەندی دوور لە کێشە تەنیا ڕەوشتێکە بۆ پێکهێنانی پێوەندی لە سەر ئاستی ڕووڕاستی و یەک دڵی کە دەبێتە هۆکارێک بۆ دەستەبەربوون و وەڵام دانەوە بە پێویستییەکانی هەمووان (هەمە لایەنە)"

بەڵام ئایا کۆماری ئیسلامی ئێران یان تورکیا ئەو بناخەیان قبووڵە و بە گوێرەی بەرژەوەندی هەمووان پێوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دارشتەوە یان دەیانەوێت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوە پیشان بدەن کە دەسەڵاتیان هەیە و

بەگوێرەی دەسەڵات و بە پێی پێ خۆشبوونی خۆیان هەنگاو هەڵدەگرن یان پرۆژەی پێوەندییەکان وا دارشتەوە تا قۆناخ بە قۆناخ لە سەر سایکۆلۆژیای دەسەڵاتی کوردی کارتێکردنی نەرێنیان هەبێت و هەستی لاوازی و خۆ بەکەم زانی لە ئەواندا دەستەبەر بکەن.

دیسان مارشاڵ لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت"سەرنجدان بە کرداری ئازموده و ئەوەی کە بتوانین جیاوازی نێوان بەڵگە و تیئۆری بناسینەوە، زۆر گرنگە توانای ئەوەمان هەبێت کە بەڕاشکاوی باس لە خواست و ئارەزوەکانی خۆمان بکەین" من ناتوانم حکومەتی هەرێم سەرکۆنە بکەم بەڵام چونکە بۆخۆم کوردم و لەو ڕوانگەوە کە دەسەڵاتدارانی داگیرکاری کوردستان بەتایبەتی ئێران باس لە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەکەن ئەو مافە بەخۆم دەدەم کە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆم رەخنەو پێشنیارم هەبێت بۆ چاکسازی لە بەرژەوەندی گشتی دا و بڵێم ناردنی تێرۆریستێک وەک نوێنەر یان سەرپەرشتیاری تاقمێک بۆ کوردستان شێوە گاڵتەیەکی سیاسییە و باس لە بایخ و چۆنایەتی پێوەندی دەکات.

ئێمە کوردین و دکتۆر قاسملووش کوردێکی زاناو تێکۆشەر بوو، هەروەک هەموومان باش دەزانن هۆی تێرۆر کردنی د-قاسملوو لە پێناو چارەسەری ئاشتیانەی کێشە کورددا بووە کە بەدەستوری کۆماری ئیسلامی و بەدەستی کەسێک بەناوی سەحرارودی تێرۆر کراوە. د- قاسملوو وێرای ئەوەی کە کوردێکی شێلگیر و کەسێک بوو کە خۆشی و حەوانەوەی خۆی فیدای ئازادی نەتەوەکەی کرد مرۆڤێک بوو کە لە باری زانستییەوە بۆ کۆمەڵگای جیهانی بەکەڵک بوو. لە ڕوانگەی خۆمەوە کورد بە تایبەتی و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی مێشکێکیان لە دەست داوە و هۆکاری ئەو لە دەستدانە

کۆمـــاری ئیســـلامی ئێـــران و بە دەســـتی تێرۆریســـتێک بـە نـــاوی ســـەحرارودی بـــووە، ســـەحرارودی کەسێکە کە لـە بـــاری فکـریەوە ئـەونـــدە دواکەوتـــووە کە ئامـــادەیە تـــا هـەمـــوو جیهـــان لـە پێنـــاو دەستووری (فـەرمـان) ئاخوندێکدا لـە نێو بـەرێت و خـۆی بـە ئـامێری پاراسـتنی بـەرژەوەنـدی ئیمـام دەزانێـت و فکـری لـە حـزمـەت تـاکە بۆچوونێکـدا زەنجیـر کـردەوە و مرۆڤـایـەتی و پێشـکەوتن بـۆ ئـەو حـەرامـە، بـەڵام کۆمـــاری ئیســـلامی ئێـــران هـەوڵـــدەدات تـــا ئـەو تێرۆریســـتە وەک نـــوێنەر و دیپلۆمـــات لـە مێشـکی کـــورد دا جێگـــا بکاتـەوە.

مارشاڵ دەڵێت" حـەوجـەیـەک (پێداویستییەک) لـە پشـت هـەر کـردار و رەفتـــارێکی ئـــێمەی مرۆڤـدایـە، هـەر هـەنگاوێـک کە مـــرۆڤ هـەڵـــی دەگرێت لـە پێناو بـەرژەوەندییـەکی تـایبـەت دایـە" ئـەمـە واقعێکە کە نـــاتوانین حـاشـاو هـەشـــەی لـــێ بکـەیـن و دەبێـت قبـــووڵ بکـەیـن کە رەفتـــار و کـــرداری ئـــێمەی مـــرۆڤ لـە پێنـــاو بـەرژەوەنـــدەی دایـە و کۆماری ئیسلامی ئێران یـان تورکیا لـە پێناو بـەرژەوەنـدی خۆیانـدا لـەگـەڵ کورد پێوەنـدیان هـەیە بـەڵام لێرەدا ئـەو پرسیارە دێتـەگۆڕێ داخـــۆ تـــا چ ڕادەیـەک بیـــر لـە بـەرژەوەنـــدی کـــورد دەکـەنـەوە و چـــۆن شێوەو باری پێوەندییەکانیان گلاڵە دەکەن و حکومـەتی هـەرێم وەک بڕیاردەر چۆن هـەڵسەندگاندنی لـە سەر پرۆژەی بـەرژەوەندی دەبێت و تا چ ڕادەیـەک قازانجی نەتەوەیی و ناوچەیی خۆی لا گرنگە!

پێموایە هاتنی سەحرارودی لـەگـەڵ تیمێک وەک نوێنەری ئێران بـۆ هـەولێـر هیـچ بـەرژەوەنـدییـەکی کـاتی یـان درێژخـایـەنی حکـومـەتی هـەرێمی تێدا نـەبوو بـەڵام دەتوانین وەک هـۆکارێک بۆ بیرکردنـەوەی تاکەکـانی کـورد و دروسـتکردنی ناتـەبـایی نـەتـەوەیـی لـە ئاسـتێکی سیاسیی دا چاو لـەو کردەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەین، باشتر

وابوو کە حکومەتی هەرێم بە گوێرەی ژیربێژی و لۆژیک هاتنی ئەو تێرۆریستەی ڕەت کردبایەوە.

ئەگەری ئەوە هەیە کە حکومەتی هەرێم لە پێوەندی لەگەڵ هاتنی ئەو نوێنەرە تێرۆریستە لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی (خۆرهەڵات) کوردستان مەشوەرەتی کردبێت یان ئیمکانی بۆ دەڕوات کە تێرامان و بیرکردنەوەی هێندێک لە حیزبە کوردییەکانی خۆرهەڵاتی کە من نامەوێت لێرەدا باسی بکەم وەک بناغەیەک بۆ ئەو هەڵوێستە چاوی لێکردبێت یان بەشێک لەو هۆکارانە بن بۆ بەلاریدا بردنی هەڵوێستی بڕیاردەرانی دەسەڵاتی کوردی.

**روبین شارما** لە کتێبی بەدەستهێنانی زانیاریی ژیاندا باسی سێ پرسیاری سواڵکەرێک (گەدا) دێنێتەگۆڕێ و دەنووسێت" ڕۆژێک پیاوێکی ژیرمەند لە شەقامێکدا بە سواڵکەرێک دەگات بەڵام کابرای سواڵکەر بێ ئەوەی بزانێت لەگەڵ کێ قسە دەکات، سڵاو دەکات و ڕاناوەستێت تا جوابی سڵاوەکەی وەرگرێتەوە سێ پرسیار لە کاربرای زانا دەکات و دەڵێت" بۆچی تۆ لێرەیت؟ بۆ کاملا دەچێت؟ لە ڕاستیدا تۆ بۆ دەڕۆیت بۆ ئەوێ؟
کابرا زانا چاو لە سواڵکەرەکە دەکات و دەپرسێت لە رۆژدا چەندت دەستکەوتە، کابرا سواڵکەر زۆر ڕاستگۆیانە دەڵێت ئەوندە، کابرای عاقڵ دەڵێت وەرە کار بۆ من بکە لە رۆژدا دە (١٠) ئەوندە پارەت پێدەدەم بەشەرتێک هەر رۆژ بەیانی پێش لەوەی کە دەست بە ڕازونیاز کردنی ڕامانیی بکەم ئەم سێ پرسیارەم لێ بەکەیت".
دەسەڵاتدارانی باشوور دەبا لە ئەزموونی دەورانی پەنابەری خۆیان و قەیران و گێژاوەیی ڕامیاری ئەو سەردەمەیی خۆیان بۆ هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە لە سەر خاڵە ڕامیاریی هاوبەشەکان

کەڵکیان وەرگرتباو ئەوەیان لە بیر نەکردبا کە دەردی ئۆردووگای نشینی و بێ دەسەڵاتی زۆر کاریگەریی و کارتیکردنی لە سەر هەناوی تاکەکان و بیرەکان هەیە. بەکورتی من وەک تاکێکی بێ دەسەڵاتی کورد لە ئاست هاتنی بکوژی د-قاسملوو وەک نوێنەر بۆ کوردستانی هیوا و هومێد خۆم بە دڵشکاو دەزانم و ئەو بڕیارە بە هەڵوێستێک پێناسە دەکەم دوور لە بەرژەوەندی نەتەوایەتی کورد.

کێشەی من لە سەرەوە لە سەر بەشداری کردن یان نەکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران یان هەر وڵاتێکی دیکە نییە، کێشەی من لەگەڵ چەندی و چۆنیەتی کاری دیپلۆماسییە یان ڕوونتر بڵێم مەبەستی من لە سەرەوە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران لەو هەموو کەس و کەسایەتیانەی خۆی قاتڵێکی ناسراوی نێونەتەوەیی (سەحراڕودی) بۆ کوردستان دەنێرێت کە ئەگەر لەگەڵ خۆمان درۆ نەکەین شێوەیەک بێڕێزییە و دەتوانێت ئاسەواری نەرێنی لە سەر شێوەی بیرکردنەوەی نەتەوەیی دانێت، لە ڕاستیدا ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو مرۆڤە تێروریستەیی لەگەڵ ئەو تاقمە بەناو دیپلۆماتانە بەڕێ نەکردبا بە پێی بۆچوونی خۆم ئەو کردەوە لە باری سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە گرنگە و لە درێژخایەندا ئاکامی ئەرێنی لە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی کورد دەبوو، هەروەها پێشنیاری بەشداری ئێران لە لایەن هەرکەسێکەوە لە ڕابەرایەتی کورددا هاتبێتەگۆڕێ هێندێک تایبەتەمندی تێدایە کە بۆ ڕابەرێک پێویستە و من وەک تاکێکی کورد بە داهاتوو گەشبین دەکات.
پتر لە ١٠٠ ساڵە کورد دەچەوسێتەوە، سەرکوت و بێدەنگ دەکرێت و لە هەمان کاتدا بۆ چەوسێنەرەوەی خۆی کڕنۆش دەبات، ئەوەی کە ئەمڕۆ باسی لێوەدەکرێت بابەتێک بووە کە نەتەوکانی دەسەڵاتدار حازر نەبوون گوێگری بن، جا با جارێک ڕووبدات کە بەشێوەی ئاسایی و دڵخواز گوێڕایەڵی هێندێک بابەت و داوخوازی

بن یان ئەگەر ئیمکانی هەبوو و کۆنگرەیەک بەسترا بۆچی لە گۆنگرەی داوخوازییەکانی کورددا بەشدار نەبن؟.
کورد نەتەوەیەکی بەشخوراوە و نەتەوەکانی دیکەش بەشێوەی پشتاوپشتی (ژەنەتیکی) خوێنمژ و کورد کوژ نەبوونە بەڵکو بەشی زۆری ناتەبایییەکە لەیەکحاڵی نەبوون و دواکەوتوویی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بەهۆکاری دژایەتی ئەوان پێناسە دەکەم، دانووستاندن ٦ شێوەی هەیە و ئەگەر لایەنی کوردی پێشنیاری وای هێنابێتەگۆڕێ لە باری زانستییەوە هەنگاوێکی زۆر گرنگ و پێشکەوتووانەی هەڵگرتووە چونکە ئەمڕۆکە لە دونیای پێشکەوتوودا لە وتوویژ و باس لە داوخوازییەکان بە شێوەی کراوە وەک ئامێرێکی گرنگ بۆ کردنەوەی زۆرێک لە گرێکوێرەکان کەڵک وەردەگیرێت.
بەشداری نوێنەر یان نوێنەرانی گەلانی دیکە لە سەر بابەتی ڕۆژ دەتوانێت وەسیلەیەکی گرنگ بۆ بەرگری لە پێکدادان و ئاڵۆزی زیاتری سیاسیی بێت و وەلامی زۆر پرسیار ئەوان بداتەوە.
باشتر وایە کە لە دوای بابەتی سەرەوە شیکردنەوەی بابەتی سیاسەت و بەرژەوەندی سیاسیی کە لە ڕێکەوتی ١٥-٧-٢٠١٤م نووسراوە بێنینە کایەوە.

### سیاسەت و بەرژەوەندی سیاسیی.

لە واقعدا مەبەست لە نووسینی ئەم بابەتە ئێران و هێزە کوردییەکانی خۆرهەلاتی کوردستانن. لە داعش و هەستی مرۆڤ دۆستی ولاتانی دەراوسێی کوردەوە باسەکەم دەست پێدەکەم.
پتر لە هەزار ساڵی پێش لە ئیسلامدا جیابوونەوەیەک ڕوویداوە بەلام دوای بە مێژوو سپاردنی دەسەلاتی سەفەویە و پێشکەوتنی زۆرینەی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان ئاسەوارە نەرێنییەکانی ئەو

جیابوونەوە کەم ڕەنگ بوونەوە، باشتروایە بڵێین کە ئاسەواری ئەو جیابوونەوە لە ڕیزەکانی ئیسلام دا چەند جار زیندوو کراوەتەوە لە سەردەمی دەسەلآتی شا ئیسماعیلی سەفەوی و دەسەلآتی ئیمپراتۆری عوسمانیدا، هەر وەکو لەم دوایانەدا بەشێوەیەک لە شێوەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە دیدەکرێ.
جیابوونە لە ڕێکخراوێکدا لە نێو کۆمەڵێکدا باس لە کێشەیەک دەکات، زانایان دەڵێن کێشە ئەگەر بە شێوەی زانستیانە چارەسەر نەکرێت لە هەناوەوە مرۆڤ دەخواتەوە و...، دەتوانین بڵێین کە مێژووی داعش تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ کێشە و ناتەباییەکانی سەردەمی کۆن بەتایبەتی سەردەمی دەسەلآتی شا ئیسماعیلی سەفەوی و هەوڵدانەکانی بۆ چەوسانەوەی ئایینەکانی دیکە لە ناوچەکانی ژێر دەسەلآتی خۆیدا، دوای دەسەلآتی شا ئیسماعیلی سەفەوی یان ئیمپراتۆری ئێران و گەشەی فکری و کولتووری وڵاتانی ئیسلامی کێشەکە جێگای خۆیدا بە هاوکاری لە ناوچەکەدا، بەڵام وێرای ناتەبایی نێونەتەوەییەکان و شێوەی چارەسەریان بە سەرهەڵدانی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەوڵە بێ پسانەوەکانی ئەو وڵاتە لە پێوەندی لەگەڵ چالاکی ئایینی و هەوڵ و تەقالا ئایینییەکانی دیکەی بۆ بەدەسەلآتکردنی ئایینزای شیعە لە وڵاتانی دوورو نزیکدا هۆکارێک بوون بۆ سەرهەڵدانەوەی بیرۆکە لە چەشنی سەلەفی جیهادی و داعش لە ئیسلامی سوونیدا، وێرای سەرچاوە کۆنەکان بوژانەوەی هەستی ئایینی لە چەشنی داعش لەم سەردەمەدا تا ڕادەیەکی بەرچاو پەیوەندی بەململانێکانی شیعەو سوونە لە وڵاتانی ئیسلامیدا هەیەو بەشێک لە هۆکارە گرنگەکانی فراوان بوونی ئەو بۆچوونە دژی مرۆڤایەتییە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی ئێران و دۆستانی لە هەموو ناوچەکەدا بەتایبەتی لە یەمەن، ئەفغانستان، لوبنان، سوریە، لیبی و عێراقدا.

بۆ ئەوەی بە ئامانج بگەم دەبێت هێندێک ئەملاوئەولا بکەم، سوریە و عێراق دوو وڵاتی خۆ بە هەندزان بوون لە ناوچەکەدا بەڵام ئێستاکە دوو وڵاتن کە بوونەتە کارتی یاری دەستی وڵاتانی دەراوسێ و دەرەکی، داعش"یش" کە پێکهاتەیەکە لە مرۆڤە ئایینی و توندئاژۆکان مێژوویەکی کۆن و پڕ لە تاوانی هەیە بەڵام یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئایدیایی سوونی توندئاژاوە ئێران و هەڵسوکەوتی ٣٧ ساڵی تێرۆر، بێعەداڵەتی ئایینی و چەوسانەوەی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە لاین ئەو وڵاتەوە لە ناوچەکەدا بووە، هەروەک چۆن عێراق و سوریە بوون بە کارتی گەمەی وڵاتان، داعش بەهەمان شێوە بووە بە کارتی یاری وڵاتانی دەوروبەرو دەرەکی و هەر یەکە بە ئامانج و بۆچوونێکەوە لەگەڵ ئەو بیرۆکە کار دەکەن و بەپێچەوانی بنەما زانستییەکان لەو تاقمە ئاژاوەگێر و سەرلێشێواوە کەڵکی بەپێچەوانە وەردەگرن و بە شێوەیەک داعشیان کردەوە بە گرفتێکی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی.

ئەگەر زۆر دوور نەکەوینەوە وڵاتانی دەوروبەری کەنداو بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان و لە پێناو ستۆپ (تورموز) پێکردنی هژمونی خوازی ئایینی ئێران لە داعش کەڵک وەردەگرن، تورکیا لە دژی نەیاری پێشووی خۆی سوریە و بیر لەوە دەکاتەوە تا وەک پرۆژەیەک لە داهاتوودا دژ بە هێندێک لایەنی کوردی بەکاری بێنێت، سوریە کە بۆ خۆی لەگەڵ کێشە ڕووبەڕوو بووەتەوە لە هێندێک بواردا ئەو تاقمە بە هۆکاری مانەوەی خۆی دەزانێت و بەشێوەی جۆراوجۆر هاوکارییان دەکات و بە کاریان دێنێت، ئێران و دەستگای زانیاری ئەو وڵاتە لە هەمووان زیاتر پێویستیان بەو گرووپە هەیە، ئامانجی وڵاتانی دیکە کورتخایەنە بەڵام ئامانجی ئێران درێژخایانە، ئێران بۆ مانەوەی خۆی و دژی خەونی دیموکراسی و ویستی خەڵکی ناوچەکە پێویستی بە توندئاژاوەیی

ئـایینی یـان بەهێـز کردنـی هەسـتی ئـایینی لـە گۆشـە و کەنـاری ئێرانـدا هەیە تـا بتوانێت لـەو ڕێگـایەوە زیـاتر کۆنترۆڵی نێوخۆ لـە دەستدا بێت، بەشێوەیەکی دیکە وڵاتانێک کە بە ئافاتی داعشی کە لە ڕاستیدا بنکەیەکـی جیهـانی و نـاوچەیی ئەوتـۆی نیـیە گرفتـار دەبن بۆ وڵاتانێکی وەک ئێران و تورکیا کە خۆیان لـە ناوچەکەدا بە هەند دەزانن تەنیا هۆکارێکە بۆ دواخستنی ئەو وڵاتـانە کە تووشـی ئەو نەخۆشـییە بـوون و پێیـان وانیـیە کە داعـش بتوانێـت گرفتـی دوارۆژی ئەوان بێت.
ئێـران هـیچ پێـی خـۆش نیـیە کە وڵاتـانی دەراوسـێی بتـوانن وەک وڵاتێـک کە توانـای ڕکـابەری تێدا بێـت پـێ بنێـنە گۆڕەپـانەوە بـۆ نمـوونە وڵاتـی ئەفغانسـتان ١٠٠ سـاڵی دیـکە ناتوانێـت وەک هاوئاستێک بێت بۆ ئێران لە ناوچەکەدا لەم ڕوانگەوە ئەو وڵاتـانە کە بە نەخۆشـی داعـش و شـەڕ و پێکـدان گرفتـار دەبـن دبـنە گوێڕایەڵی (دواکەوتووی) ئەوان یانی وڵاتانی بەهێزی ناوچەکە.
هەر وەسـا وڵاتـانی دیکتـاتۆر بە هەسـتی ئیمپراتـۆریەوە هەمیشـە هەوڵدەدەن تا بۆ گەیشتن بە هێندێک ئامـانج دواکەوتووی زۆریـان هەبێـت، عێـراق و سـوریە تـا چەنـدین سـاڵ دیـکە هەر سەرشـۆڕ و گوێڕایەڵی ئێرانن و سوپای قودس و لە چەشنی ئەو لەو وڵاتـانەدا بڕیاردەر دەبن و دەست لە کاروباری وڵات وەردەدەن.
لە وڵاتـانی داگیرکـارو دیکتـاتۆردا دەسـەڵاتی ئـابووری، سـەربازی، لوجیسـتیکی، ڕاگەیانـدن و بڕیـاردان لە دەسـت چەنـد کەسـێکدا ڕاگیـراون و چـۆن پێیـان خـۆش بێـت بەکـاری دێـنن و توانـای دروستکردن و پێکهێنـانی ئایـدیا و گـۆڕینی پارامترەکانیـان هەیە، هـاتنی داعـش لە سـوریەوە بەو شـێوە سـاکارانە و زۆر ئـاسـان بـێ پـیلان و سـیگناڵی جۆراوجـۆر لە لایەن وڵات، هێـز و تـاکی ڕەنگاوڕەنگەوە ئیمکانی نییە و ئەو هاتنە بەمەبەستی جۆراوجۆری ڕامیاری و سەربازی بناخەکەی دانراوە و بە گوێرەی بیرکردنەوەی

مـــن ئێـــران و ڕایەڵەی ســـیخوڕی ئەو وڵاتە لە پێنـــاو ئامـــانج و دەسکەوتی تایبەتی دا هەڵسوڕاوترین وڵات بووە.
شـــتێک کە ئـــێمە زۆر بە ئاســـانی لە بیرمـــانکردەوە وتەیەکـــی مەرحومی ئایەتوڵا خومەینیـیە، ئیمام خومەینی پێش شەڕی عێراق و ئێران لە وتارێکدا وتی"ڕێگـای قودس لە کەربەلاوە تێدەپەڕێت" خـومەینی مـردووە بەڵام وتەکەی لە لای دەسـەڵاتدارانی ئێـران لە جێگـای خۆیدایە، بەکورتی ئێران لە زۆر بواردا بەشێک لە وڵاتـی عێراق بە خـاکی خـۆی دەزانـێ و پلانـی درێژخایـانی دارشتووە بـۆ گەیشتن بەو ئامانجە.
دیسـان هێنـانی داعـش بەمەبەسـتی تـۆڵە سـتەندنەوە بەشـێوەی کارزانی لە عەرەبە سوونییەکانی ناوچە عەرب نشینەکانی عێراق بەهەسـتی دواخسـتنی ئەو بەشـە لەو وڵاتە و دەرهێنـانی ئەوان بە جۆرە کۆیلەیەکی ڕامیاری دواڕۆژی ناوچە شیعە نشینەکانی عێراق بـــووە کە ئەمەش بـــۆ خـــۆی بەشـــێوەی جۆراوجـــۆر یـــارمەتی بە دەستەبەر بـوونی پلانـی دابـین بـوونی دەسـەڵاتی ئێران لە نـاوچە شـــیعە نشـــینەکان بەهێزتـــر دەکـــات و ئەو دەرفەتەیـــان بـــۆ دەڕەخسێنێت، هەروەهـا لە شـوێنێکدا کە شـەڕ و ناتەبـایی هەبێت ئەو شوێنە لە باری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، ئابووری و زانستییەوە دوادەکەوێـت و خەڵـک نـاتوانن بیـر لە زۆرشـتێک بـکەنەوە کە پێوەندی بە مافی هاووڵاتی بوونیانەوە هەیە و ناچارن بەشی زۆری وزەی خۆیان بۆ ژیانێکی پڕ لە دژواری و نەهامەتی تەرخـان بکەن و ... دەتوانین ئەو ئیدەعایە بکەین و بڵێین مەبەست یان قازانجی دیکە لە هاتنەکەی داعش تێکدانی ئارامی و سەقامگیری ڕامیاری لە کوردستان و سەرگەرم کردنی کورد و دواخستنی هێندێک ئایدیا و بۆچوون لەو بەشەی لە کوردستاندا.

کوردستان بە چوار پارچەی سەرەکیی دابەش کراوە و هەر چوار پارچەکە حیزب و ڕێکخراوی چالاکی سیاسیی خۆی هەیە کە بە دروشم و ئایدیایی جۆراوجۆرەوە کار دەکەن و زۆربەیان دروشمی دیموکراسی، دادمەندی کۆمەڵایەتی دەدەن، ئەو دروشم و ئایدیا جۆراوجۆرانە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو وڵاتانەی دەراوسێی کورد کە جیهانبینییەکی دیکەیان هەیە یەک ناگرێتەوە، لەو پارچەیی کوردستاندا تا ڕادەیەک ئازادی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی هەیە کە لە ژێر زەرەبینی زۆر وڵات، ڕێکخراوە و تاکەکەسدایە، لە کوردستاندا ئایینی جۆراوجۆر هەن و نەیارانی کورد لە هەوڵی دروستکردنی شێوە کێشەیەکدان تا بتوانن هۆکاری ترازان و پێکدادان لەو پارچەی کوردستاندا دەستەبەر بکەن و لەم ڕوانگەوە بەو هەمووو ئیمکانات و تاقەتی خۆیانەوە لە زۆر ڕێگاوە هەوڵدەدەن و کار دەکەن. داعش گرووپێکی بچووک بوو بەڵام گەورە کراوەتەوە، فکریەتی داعش بۆ کوردستانێک کە هێشتاکە لە زۆر بواردا بندەستە لە بەرژەوەندی درێژخایەنی هێندێک لە وڵاتانی دەراوسێ دایە. بەکورتی داعش کراوە بەهێز تا سەردەمێک کە وڵاتانی کارا بە ئامانجی دیاریکراوی خۆیان بگەن یان لەگەڵ بەرژەوەندی ئەوان پێکدادان دروست نەکات. ئەوەش با بڵێین کە هێزە دەرەکییەکان ئەوانیش لە چەند ڕوانگە و بۆچوونەوە کارتێکردنیان لە بەهێز بوونی داعش دا هەبووە و هەیە بەڵام ئەگەر مرۆڤ دەرگای ماڵەکەی خۆی قایم ببستێ یان دەرودراوسێکانی بەگوێرە زانستیانە هەڵسەنگاندیان لە دۆخەکەی هەبێت کەس ناتوانێت لە ڕێگای دورەوە کارتێکردنێکی ئەوتۆی هەبێت.

کورد لە قۆناخی نوێدا، دەبێت یەکگرتوو بێت و بەشێوەی زانستیانە هەرچی لە دەست دێت و لە قودرتیدا هەیە لە کاتی پێویستدا بۆ پاراستنی ئەو ئەزموونە لە باشووری کوردستاندا بەکاری بێنێت،

لە ڕاستیدا واباشە کە وەک ستراتیژییەکی نەتەوەیی چاو لە جێکەوتنی ئەو ئەزموونە بکەین کە تەنیا گارانتییە بۆ پاراستنی کیانی نەتەوەیی و بووژانەوەی هەستی کارتێنەکراوی کوردە. لە قۆناخی ئێستادا کورد بەشێوەی گشتی و لە پراکتیکدا هاتووتە نێوە کایەیی وڵاتانی نێونەتەوەیەوە و دەبێت چارەسەریەک بۆ کێشەکەی پەیدا بکرێت، ئەم هاتنە نێو بیرۆکەی بڕیاری وڵاتانی گەشە کردوو هۆکارێک دەبێت بۆ شێوە گۆڕانکاریەک لە بیر و بۆچوونی وڵاتانێکدا کە کوردیان بە سەردا دابەشکراوە و ناتوانن بەشێوەی ڕابردوو لە هێندێک بواردا لەگەڵ کێشەی کورد مامەڵە بکەن!

با ئەوەش لەبیر نەکەین کە لە ڕاستیدا سەرەکی ترین هێزی پاڵپێوەنەر خودی کورد و توێژینەوە ڕامیارییەکانیەتی، هەروەها دەبێت بزانین کە کورد و هێزێکی کوردی دووشتی لە یەک جیاوازن، هەوڵی هێزیکی کوردی ئەوەیە کە لە هاوبەریدا خۆ پیشاندات تا بتوانێت کارتێکردنی لە سەر بابەتێک یان چارەسەری ناتەبایەک هەبێت. دەمەوێت بڵێم ئەمڕۆکە نابێت ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد لە باشووری کوردستاندا وەک هێزێکی کوردی بیر بکەنەوە و واباشە کە بەرپرسانی ڕامیاری کورد لەو پارچەی کوردستاندا بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی ڕابردوو لە پێناو چارەسەری کێشەکاندا هەنگاو نەنێن و وێرای سەردەمیانە کردنەوەی ململانێ ناوخۆییەکان دەبێت وەک بەرپرسانی وڵاتێک بۆ بەرژەوەندی درێژخایەنی وڵات و نەتەوەکەیان چاو لە چارەسەری کەموکوڕییەکان بکەن و هەرچەندە هەنگاوەکان زانستیانە بێت لە دواڕۆژدا ئاکاری ئەرێنی زیاتر دەبێت و گرەوی بەرەو پێشڤە چوون وەدەستدێنێ.

وێرای ئەوەی کە پێویستە کورد لەو بەشەی کوردستاندا بەگوێرەی ڕێزی دوولایەنە ڕێزی بۆ دەراوسێکانی خۆی هەبێت بەڵام زۆر خاڵ

و بابەت هەن لە ڕابردووی کوردستاندا کە وەک ئەزموونێک بۆ ئێمە ماونەتەوە و لە بیرکردنیان هەڵەیە، پێمـوایە وەبیر هێنانەوەی دوو ڕووداوی کۆن وەک دوو بەڵگە بۆ باسەکەم دەبێتە هەوێن.

یەکەم لە سەردەمی دەسەڵاتی عەتا تورکدا تورکیا لە شەڕ و ململانێدا بوو، باری ڕامیاری، ئابووری و سەربازیان شپرز بوو، کورد لە باری سەربازی و جیوپۆلیتیکیەوە دۆخی خراپ نەبوو و دەیتوانی زۆر هەڵسوڕاویی هەبێت و ئیمکانی هاوبەریەتی تێدابوو، عەتا تورک کە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا کێشەی هەبوو توانی بەشێوەیەک کورد سەرگرم و چاوەڕوان ڕاگرێت، یانی داوای هاوپەیمانی لە کورد کردو قەوڵی پێدان کاتێک کە سەرکەوت ئەوانیش لە دەسەڵاتدا بەشداربکات، کوردیش وێرای ئەوەی کە دەیتوانی هاوبەر بێت بەڵام چونکە لە باری ڕامیاری و بڕوا بەخۆبوونەوە لاواز بوو بە دواکەوتوویی عەتا تورک و چاوەڕوان و گوێ لە دەست مایەوە، بەڵام هەروەک هەموومان ئاگادارین کاتێک کە عەتا تورک بەسەر کەندوو کۆسپەکاندا سەرکەوت و هەستی بەوە کرد کە کاتی لە بار لە دەست کورد دەرچووە قەوڵەکەی بوو بەسەرکوت لە ڕێگای ڕامیاری و سەربازیەوە و هەوڵی ئاسیمیلە کردنی کوردی دەدا، بەکورتی کورد کە پێشتر لە هاوبەریدا بوو، بوو بە دۆڕاوی دواڕۆژ کە تا چەند ساڵی پێش ئێستاکە هەر ئاسەواری ئەو سیاسەتەی عەتا تورک وەک خۆی مابووەوە و پڕوپاگەندەی ئەوەی کە خۆش بەحاڵی ئەو کەسە کە تورکە لە زۆر شوێن لە باکووری کوردستاندا (تورکیا) بە نووسراوە و بە ڕوونی بەرچاو دەکەوت.

دووهەم پێموایە زۆرکەس ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی شا"ی" ئێران لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ز ئەوکاتی ئێرانی خوێندوەتەوە منیش یەکێک لە خوێنەرانی ڕۆژنامەکانی ئەو

سەردەمەی ئێران بووم، بەکورتی ستایش و پێداگوتن لە بارزانی نەمر و سوپای ٢٥ هەزار کەسی ژنراڵ بارزانی هەست بزوێن و هەر نەبێت منی سادە و ساکاری چاوەڕوان و خۆشحاڵ دەکرد، لەو سەردەمەدا زۆر وێنە و باسیان لە سەر بارزانی و شۆڕشگێڕی کورد بڵاو دەکردەوە بەڵام کاتێک کە لە ساڵی ١٩٧٥دا لە ئەلجەزایر لەگەڵ عێراق ڕێکەوتن و بە ئامانجی خۆیان گەیشتن پێداگوتنەکە یەک ڕۆژە ٣٦٠ پلە گۆڕانی بەسەردا هاتوو کورد کەوتە بەر هەرەشەو تەوانجی (تەنز) ڕامیاری و ...

لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە ئێران، یان تورکیا ناتوانن وەک پێشتر و بەو شێوە کە دەیانەوێت کێشەی کورد لەبەرچاو نەگرن و چۆن پێیان خۆشبێت هەنگاو بۆ ژێرپێکردنی مافی ڕامیاریمان (کورد) هەڵگرن بەڵام هەروەها ناشتوانن لە هێندێک خاڵ و بابەت چاوپۆشی بکەن بەتایبەتی ئێران، کەوابوو بەمەبەستی دەوردانی پێکدانێکی خۆکوژانە دەبێت تولرانس بێننەکایەوە تا بتوانن بالآنس لە نێوان مەوقعیەت و خواست و ویستدا دابین بکەن و بەشێوەی ئۆپۆرتۆنیستی لە کایەکەدا بەشداربن تا بەڵکو بتوانن بەشێوەیەکی دیکە بە ئامانج یان ئەو ئامانجانە کە بەدوایدا دەگەڕێن بگەن.
ئێران لە نانەوەی ئاژاوەدا دەستی باڵای هەیە و لە هەموو کێشە و ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و شوێنی تر ڕۆڵ و کاریگەری تایبەت بەخۆی هەیە و هەوڵدەدات ئەو بەشەی کوردستانیش لەو ڕەحمەتەی ئەوان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین بێبەش نەبێت و بەشێوەی زانستیانە تێدەکۆشێت تا ئەو پارچەی کوردستان لە کاروانی ڕوو لە ئامانج وەرگێڕێ، هەروەها سەرچاوەی بەشێک لەم هەستە کورد دۆستییە و لایەنگری لە باشووری کوردستان یان هێزە کوردییەکانی دیکە بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی قەیرانی نێوخۆیی ئێرانە و

نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە چەندە کورد لە عێراقدا هەیە دوو ئەوندە کورد بێ ماف لە ئێراندا دەژین.
لە بارەی مافە نێونەتەوەیی و حقوقییەکانەوە.. بەگوێرەی تۆژینەوە ڕامیارییەکان دەسەڵاتدارانی ئێران ناتەبان لەگەڵ مافی تاک و گەل و لە لایەن وڵاتانی پێشکەوتوو و نێوە پێشکەوتووەوە بایکۆت کراون و هۆکارێک بوون تا وڵاتێکی مەزنی وەک ئێران بەشێوەیەک لە هاوبەری جیهانی دا وەلانرێت و بەگوێرەی لێکۆلێنەوەی ئەنیستیتۆی "موهوب" لە سەرەتای ساڵی ١٣٩٤ش (٢٠١٥) دا، بایەخی پاسپۆرتی ئێرانی لە ئاست ٩٣ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوینی دا پلەی ٨٦ی هێناوەتەوە یانی ڕێکی (بایخ) پاسپۆرتی ئێتیوپی (ئەسیوبی) لە سەرەوەی ئێران بووە.
سەردەمدارانی ئێرانی لە پێناو بەرژەوەندی درێژخایانی تاقمێک دەسەڵاتداردا بەشێوەی جۆراوجۆر هاوکاری فکر و ئابووری تیرۆریستی نێونەتەوەیی کردووە و بەردەوامیش دەبن.
لە لایەکی دیکەوە دەیانەوێت خۆیان وەک دۆست و هاودەردی کورد پیشان بدەن، ئەم خۆ دەرخستنە ئەرێنیی ئێران لەم کاتەدا ئامانجێکی ڕامیاری زۆر زیانبارتری لە قازانجەکەی بۆ کورد لە داهاتوودا بە دواوەیە، ئەگەر بتوانێت بە ئامانجە بگات.
وڵاتێک کە بۆخۆی لە کێشەدا نغرۆ بووە و ئیعتباری جیهانی لە دەست داوە ناتوانێت لە کایە نێونەتەوەییکاندا ڕۆڵی یاریدەرێکی باش و بە قازانج بگێڕێت واباشە کە پێش لە هەنگاو هەڵگرتن بۆ چارەسەری ناکۆکی کەسانی دیکە کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات، لە کوردیدا دەڵێن چرایەک کە بۆ ماڵ پێویستە بە مزگەوت حەرامە.
سەرکردەکانی ئێران و دەستگای نهێنی (ئیتلاعات) ئەو وڵاتە، وەک ناوەندێکی دژ بە ئایدیا و پلانەکانی دوارۆژی خۆیان چاو لەو ئەزموونەی کورد (کوردستان) دەکەن و باش دەزانن کە لەم

سەردەمەدا ئەو پارچەی کوردستان لە باری سیاسییەوە لە ژێر چاودێری و سەرنجی جیهانی دەرەوەدایە و ناتوانن لە ڕێگای هێرشی سەربازیەوە تێکی بدەن بەڵام دەیانەوێت لە ڕیگا بەقەوڵ هاوکاریکردنەوە بە هێندێک ئامانج بگەن، یەکەم گۆڕانی بیر و ڕوانگەی دۆستانی کوردە بەمەبەستی تێکدانی هاوبەریەکە و دابران و دوور خستنەوەی کورد، دووهەم بۆ وەرگرتنی هێندێک خاڵی ڕامیاری دەیانەوێت وا بەجیهانی دەرەوە پیشان بدەن کە ئەوە ئەوانن کە لە ناوچەکەدا بڕیار یەکەم دەدەن و دەتوانن چۆنیان پێ خۆش بێت خەڵکی ناوچەکە هەڵسوڕێنن و توانای لە باربردنی هەر هەوڵێک بۆ دیموکراتیزە کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوینیان هەیە. سێهەم هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن خومەینی ڕەحمەتییەوە بە هەڵوەشاوە و فتوای جیهادیان لە سەرە کە لەم پێوەندیەدا پاشتر درێژی پێدەدەم و دەیخەمە ڕوو.
ئێران هۆکارێک بوو تا عێراق و نوری مالکی نۆکەری ئەلقە لە گوێی خۆیان لە ئاست ناوخۆیی و دەرەکی وەک کالآیەکی بێ قیمەت چاوی لێکرێت و وڵاتی عێراق لەگەڵ زۆر ناتەبایی و کارەسات ڕووبەڕوو بکەنەوە، ئێستاکە دەیانەوێت کوردیش بەهەمان دەرد بەرن، جا لەم ڕوانگەوە پێموایە هەر هێزو تاکێکی کورد کە بیەوێت دەستی سەردەمدارانی ئێرانی بەشێوەی درێژخایەن بکێشێتە نێو کایەکەوە سیاسەتەکەی بە قازانجی کورد نییە یان باش لە سیاسەت و پیلانەکانی ئەو وڵاتە نەگەیشووە.

زۆر جار بۆ ئەوەی بتوانین لە هەستی کەسێک یان وڵاتێک ئاگاداربین دەبێت باش گوێڕاگری بۆچوونەکانی بین. بەگوێرە هێندێک نووسراو لە ماڵپەڕە کوردی و غەیرە کوردییەکاندا قاسم سولێمانی یەکێک لە بەرپرسانی ئێرانی و بەرپرسی دروستکردنی ڕایەڵەی جاسوسی و نانەوەی ئاژاوە لە دەرەوەی سنوورەکانی

ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ فارس نێوز باس لە گرنگی و پلە و پایەیی بەڕێز مام جەلال لای سەردەمدارانی ئێران دێنێتە گۆڕێ و دەڵێت ولاتی ئێران هەموو کاتێک پشتیوانی تاڵەبانی و بنەماڵەکە ی بووە و هەرگیز چاکەی ساڵانی ڕابردووی ئەوان لەبیر ناکەن، تە ئکیدیشی کردووەتەوە کە بنەماڵەی تاڵەبانی دەبێت لە داهاتووی عێراقو هەرێمی کوردستاندا ڕۆڵیان هەبێت، ئەم وتەی قاسم سولێمانی وێرای ئەوەی کە زاکیرەی من دەگێرێتەوە بۆ نووسراوەکانی سەردەمی پاشایەتی لە ئێراندا لە ساڵەکانی ١٩٧٠ وە... پێموایە دوو ئامانجی ڕوون و ئاشکرای دیکە لە خۆ دەگرێت، یەکەم ئەمە دەستێوەردانێکی ئاشکرایە لە هەرێمی کوردستاندا و لەگەڵ ویست و ئامانجەکانی کورد یەکگرتوو نییە و بە شێوەیەک بەو کەسانە کە دەیانەوێت سیاسەتێکی نەتەوەیی ڕاچاو بکەن دەڵێن کە ئەوان ئیمکان و توانای گۆڕینی هاوبەریان هەیە، دووهەم بەشێوەیەک شۆڕشگێڕی یەکێتی نیشتمانی دەبەنە ژێر پرسیارەوە و هەوڵدەدات تا ئاڵوگۆڕی فکری لە سەر ئەو حیزبە لە نێو گەلی کورددا دروست بکات بە مەبەستی دوورخستنەوە وابەستەکردنی ئەو حیزبە یان کەسانێک لە ڕیزەکانی یەکێتی دا یان ڕاکێشانی سەرنجی هێندێک کەس لەو ڕێکخراوەیە بۆ لای خۆیان بە ئامانجی تایبەتەوە، هەروەها هەنگاوێکە بۆ لاواز کردنی هەستی سەربەخۆیی فکری و پەرەپێدانی هەرچی زیاتری هەستی خۆ بەکەمزانی لە کوردستاندا.

هەر لەو سەردەمەدا یانی رۆژی ١٢ی ژانویە ٢٠١٥ شاندێکی یەکێتی نیشتمانی بەمەبەستی چارەسەر کردنی کێشە نێوخۆیەکانی خۆیان بە دەستی کۆماری ئیسلامی چووبوون بۆ تاران. دەگوترێت کە هاوکات شاندێکی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق بە لێپرساوی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک

وەزیرانـــی حکـــومەتی هەرێــم لەو ســـەفەرەدا بەشـــداری ئەو کۆبوونەوەیان کردەوە، دەستکەوتەکانی ئەو کۆبوونەوە چەند قوڵیی بەشێوەی ڕوون و ئاشکرا لە هیچ مێدیا و گۆڤارێکدا باسی لێوە نەکراوە و بەشدارانیش بۆ خۆیان شتێکی ئەو تۆیان بەجەماوەر ڕانەگەیاندووە، لە ڕاستیدا نهێنیکاری لە هێندێک بواردا جێگای پرسیارو، هەپە و وەیشوومەیە بۆ گەل!

لێرەدا ئەوە جێگای پرسیارە داخۆ وڵاتێکی وەک ئێران کە نایەوێت یان توانای ئەوەی نییە کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات هۆکار چییە کە هەوڵدەدات تا لە پێوەندییە کۆنەکانی وەک ئامێرێک کەڵک وەرگرێت و لە جێگای توانایەکی بواری چارەسەری کێشە لە باشووری کوردستاندا خۆی ببینێتەوە؟ بە گوێرەی پەندی کوردی قاسمی سولێمانی لە کیسەی خەلیفە دەبەخشێت چونکە بنەماڵەی بەڕێز تاڵەبانی پێویستیان بە بەخشندەگی ئێران نییە، ئێران پێی خۆش بێ یان ناخۆش بنەماڵەی تاڵەبانی بوونیان هەیە، هەروەها یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێزێکی جێکەوتووە لە کوردستاندا و مێژوویەکی هەیەو بۆ خۆی باش دەزانێت کە چۆن کێشەکانی چارەسەر بکات بەڵام لە ڕاستیدا کوماری ئیسلامی ئێرانە کە دەیەوێت لەم ڕێگایەوە کێشەی خۆی بەشێوەی سەرکوتی سیاسیی چارەسەر بکات و هەمان سیاسەتی عەتاتورک و ئێرانی ڕابردوو دووپات دەکاتەوە بەڵام بە شێوەیەکی پێشکەوتووانەتر و تا ڕادەیەک جیاوازتر.

گەرورەترین کێشە کە نەتەوەکەمان هەیەتی ئەوەیە کە لە زۆر بواردا باوەڕی بە توانا و کارتێکرنەکانی خۆی نییە و لە هێندێک بواردا خۆی بەکەم دەزانێت، چەندە خۆ بە زل زانین کێشەیە ئەوندەش خۆبەکەم زانین زیانبارە و تەنیا ڕێگا چارە پێکهێنانی بالانسە لە نێوان خۆخوازی و خۆباوەڕیدا، هەروەها بەداخەوە

گەلەکەمـــان بە دەســـەڵاتی خۆمـــاڵی ڕانەهـــاتووە و لەم بـــوارەدا کێشـــەی تـــایبەتی هەیە و ســـەردەمدارانی ئێـــران"یش" بـــاری کۆمەڵناسییان بەهێزە.

لێـرەدا ئەوە جێگـای پرسـیارە داخـۆ سـەردەمدارانی ئێرانـی کە ئەوەندە ڕێز و وەفایان بۆ کورد و بنەماڵەی تاڵەبانی هەیە ئەی چۆنە کە وەفاو ڕێزیان بۆ ئایەتوڵا مونتەزی، کەروبی و میرحوسێنی مووســەوی و دەیــان کەســی ناســراوی دیــکە کە حــازر بــوون هەمووشتێکیان لە پێناو بەردەوامی کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە دەست بدەن نییە و لە بیر کراون؟ ئەی بۆ وەفایان بۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان بە قەوڵی خۆیان کوردەکانی ئێرانی نییە و کاتێک ئەوان هەوڵدەدەن کێشەکەیان لە ڕێگا ئاشتییەوە چارە سەر بکەن تێرۆریان دەکەن؟

تۆ بڵێی بنەماڵەی تاڵەبانی یان کوردی باشوور لەوانە زیاتر یار و یاوەری کۆماری ئیسلامی ئێران ببوون؟

ئێران و دەستگای سیخوڕییەکەی عێراقیان لەگەڵ کێشە و ململانێی ئایینی و قەومی ڕووبەڕوو کردەوەتەوە بەشێکی دیکە لەو هاوکارییە بەقەوڵ دۆستانەیە بۆ کوردەکانی باشووری کوردستان چاوگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاوپۆشی کردنی کورد لە مافی نەتەوایەتی خۆی و مانەوە لە چوارچێوەی وڵاتێکی پڕ لە بێعەداڵەتی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ئابووری وەک عێراق.

لە باری مرۆڤیی و مرۆڤدۆستییەوە.... ئێران لە هێندێک ڕێگا و کاناڵەوە یارمەتی ئابووری بە زۆر کەس و خەڵکێک لە وڵاتانی جیاواز دەدات و لە هەوڵدایە تا خۆی وەک حکومەتێکی زۆر مرۆڤدۆست پیشان بدات، بۆ نموونە لە هێندێک وڵاتی ئەفریقایی یان سوریە و...، لە ڕوانگە منەوە ئەو هاوکارییە بەناو مرۆڤدۆستانە ڕەگی مرۆڤدۆستی تێدا نییە و کێشە خوڵقێنە و لە

پێناو ئاژاوەدا ئەو کارە دەکات، بەکورتی بەرژەوەندی ئێران لە ئاژاوە دایە و ئەگەر ئاژاوە بنبڕ بکرێت شتێک بەناوی کۆماری ئیسلامی ئێران بوونی نییە! ئێران وڵاتێکە کە بۆ مانەوەی خۆی تەنانەت باری کۆمەڵایەتی وڵاتی ئێرانی تێکداوە بنەماڵەی بێ کێشە و ئاژاوە بەکەمی لەو وڵاتەدا دەست دەکەوێت، ئەگەر من هەڵەم و کۆماری ئیسلامی ئێران مرۆڤدۆستە ئەی بۆ یارمەتی بە هاووڵاتیانی بێ بەش لە مافی شارۆمەندی وڵاتەکەی ئێران ناکات؟
بەگوێرەی زۆرێک لە میدیا جۆراوجۆرەکانی ئێرانی و دەرەکی، هەروەها بە وتەی بەرپرسی خواردنی کۆمەڵگای ئێران لە ساڵی ١٣٩٤ش (٢٠١٥)دا، وڵاتی ئێران لە باری خواردنەوە بۆ منداڵ بە وڵاتێکی نائەمن پێناسە کراوە، ڕۆژنامەی ئیسنا نووسیویەتی پارێزگاکانی هورموزگان، سیستان و بلوچستان، کەهکیلویە و بویرئەحمەد سێ پارێزگای نائەمنی ئێرانن لە بواری خواردندا و کارتێکردنی بێ خۆراکی (بێ بژیویی) لە نێو منداڵانی ئەو سێ پارێزگایەدا هەست بزوێنە، ئەم باسە و زۆر بابەتی دیکە سەرچاوەگەلێکن بۆ قاودانی سەردەمدارانی ئێران و دەرخستنی ڕووی ڕاستی و بیرۆکەی ئاژاوەگێڕی ئەوان، بەرپرسانێک کە بەقەوڵ خەڵکەکەی خۆیان ئاوەها بە خێو دەکەن چۆن دەتوانن بەقەوڵی ئەوان دڵسۆزی کوردی جودای خواز بن؟
داعش هێڵی سووری تێپەڕاندووە و بێشک ئاڵوگۆڕ لە قەوارە و دەسەڵاتی دا سەرهەڵدەدات بەڵام ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بڕواتە پێش ئیمکانی سەرهەڵدانی شتی دیکە لە ناوچەکەدا هەیە.

لێرەدا خاڵێک کە جێگای سەرنجە ئەوەیە ئایا بەرژەوەندی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی بەتایبەتی باڵەکانی دیموکرات لەم گەمەدا ڕۆڵیان چییە و لە چ ئاستێکدایە!

تا ئێرە هەرکەسەو بە گوێرەی خۆی بە هێندێک ئامانج گەیشتووە یان هەوڵی بۆ دەدەن بەڵام مالکی سەرۆک وەزیرانی پێشوویی عێراق بەهۆی گەندەڵی و ڕاچاوکردنی سیاسەتی دژی مرۆڤی و هەڵاواردنی ئایینی زۆر زیاتر لە ئاستی چاوەڕوانکراو لە قاو دەراوە و حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی کەوتوونەتە نێو بازنەیەکی تایبەتی ڕامیارییەوە کە بەشێوەی شیکردنەوەی من ئەگەر دۆخەکە بەگوێرەی پلانەکانی ئێران بڕواتە پێش دەبنە قۆچی قوربانی، هۆکاری ئەم شێوە بیرکردنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ زۆر سەرچاوەو ئەزموون لە ڕابردوودا، جا لێرەوە هەوڵدەدەم کە هۆکارەکانی ئەو بیرۆکە نەرێنییە بخەمە بەر باس و شیکردنەوە.

هەر وەک هەمووان ئاگادارن ئیمام خومەینی لەساڵی ١٣٥٨ (١٩٧٩) دا دەستوری جیهادی دژی گەلی کورد داو هەموو حیزبەکان بەتایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی (ئێران) بە هەڵوەشاوە ناودێر کرد، ئیمام خومەینی مرۆڤێک بوو بەڵام ئەگەر لە باری ئایینی و کۆمەڵناسییەوە چاو لە بابەتەکە بکەین ئەم مرۆڤە ئیمام و کەسێک بووە کە زۆرکەس لە ئێراندا ئەو دەپەرەستن، بە موقەدەس دادەنێن و وتەی ئەو بە وتەی خوا دەزانن، کەوابوو بڕیارەکەی بۆ ئەو خەڵکە شتێک نییە کە مامەڵەی لە سەر بکەین و سەردەمدارانی ئێرانی بەشێوەی ئێستاکەی خۆیان تێدەکۆشن بۆ جێبەجێکردنی وتەی نوێنەری خوداو ئەو جێبەجێکردنە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن، با ئەوەش لێرەدا باس بکەم کە جیاوازی نێوان داعشێکی سوونی و داعشێکی شیعە لە میتۆدیکاریی (شێواز) ئەواندایە یانی یەکێکیان بە شمشێر و چەقۆ سەری لێدەکاتەوە ئەوی دیکەیان بە سیم و پەت دەیخنکێنێت.

بۆ ئەوەی بتوانم بگەمە ئامانجی باسەکەم سەرنجی خۆم دەدەمە بیروبۆچوونی دەسەڵاتدارانی ئێران لە ساڵی ١٣٦٣ ش (١٩٨٤) دا، ساڵی ١٩٨٤ز ساڵێکی پڕ لە باس و بۆچوون بوو کە هۆکارەکەی دەگەڕایەوە بۆ مەسەلەی دانووستاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ڕژیم لەو سردەمەدا.
لە ١٩ی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٣ (١٩٨٤) دا ئیزەدی فەرماندەی قەرارگای حەمزە لە ماڵپەڕی پەیامی شۆڕش (پیام انقلاب) بابەتێک بڵاو دەکاتەوە بەناوی"کوردستان – توێژینەوەیەکی ڕامیاری لە برادەر ئیزەدی بەرپرسی قەرارگای حەمزە سەیدولشوهەدا" بەکوردی و کورتی بەرپرسی ناوبراو لە شیکردنەوە ڕامیارییەکەی خۆیدا دەنووسێت کە ئەو ئاسایشە ڕامیارییە کە لە کوردستاندا هەیە شتێکی کاتییە و بۆ دەستەبەر کردنی ئارامی بەردەوام لە کوردستاندا دبێت سەردەمدارانی ئێران پلانی ئاسایشی درێژخایەنیان هەبێت و تێکۆشنن تا حیزبە کوردییەکان بەتایبەتی حیزبی دیموکرات لە هاوبەری وەلانەنن!

دیسان هەر لە هەمان ساڵدا لە ڕۆژی ٢٧ی مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٦٣ (١٩٨٤) ڕادیوی ڕژیم لە سنەوە ڕاگەیاند کە سەرهەنگ سەیادی شیرازی بەرپرسی هێزی زەمینی لەگەڵ کوچکزادە فەرماندەی ژاندارمری و سەفەوی جێگری فەرماندەی سوپای پاسداران و چەند کەسی دیکە لە بەرپرسانی باڵای ئاسایشی وڵات لە چاوپێکەتنێکدا لەگەڵ تابش ئوستانداری سنە و دەقیقی فەرماندەی سوپای پاسداران لە سەر دۆخی ئاسایشی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکان لە ڕێکەوتی ٢٦ی بەفرانباردا کۆبوونەوەیەکی ڕامیاری و ئاسایشیان هەبووە! هەر دوای ئەم دەنگۆیە ڕادیۆیی ڕژیم لە سنە وتووێژێکی تایبەتی لەگەڵ دەقیقی هێنایەگۆڕێ و دەقیقی وتی ئەوان پلانی تایبەتی خۆیان هەیە و

شـتێک بەنـاوی وتـووێژ لە ئـاراد نیـیە و حیزبـی دیمـوکرات بە فەرمانی ئیمام هەڵوەشاوەتەوە و ئێمەیش گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئیمامین و بە گوللە وەڵامیان دەدەینەوە و...

ڕۆژی ٩ی مـانگی ڕەشـەمەی هەمـان سـاڵ دیسـان ئـاغەی هاشـمی ڕەفسنجانی بەرپرسی پەرلەمانی ئیسلامی ئێران و نوێنەری ئیمام خومەینی لە ڕێکخراوەی بەرزی بەرگریی (شورای عالی دفاع) وڵات لەو سـەردەمەدا لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ هێندێک لە بەرپرسانی چەوسێنەرەوەی خەڵک ڕایگەیاند کە ئاڵوگۆڕ لە ڕژیمی ئیسلامی ئێراندا بـوونی نیـیە و ئـێمە بە ئەرکـی خۆمـان کە هاودەنـگ و هاوهەڵوێسـت کردنـی کـوردە هەڵدەسـتینەوە و ئەو حیـزبە دژی گەلیانە لە مێژووی کوردستان پاک دەکەینەوە!

زۆر خـاڵ و بـابەت هەن بۆ باسکردن و ئەو چەند خـاڵەی سەرەوە بەشێکی زۆرکەمی بۆچوون و ویستی سەردەمدارانی ڕژیمی حـاکمی ئێرانە، بەڵام پێموایە هەر ئەوندە بەسە.

ئەوانە کە لە سەروە ناویان هاتووە هەمووان لە بەرپرسانی بەرزی وڵات بوون و بە گوێرەی شیکردنەوەی خۆم بە گۆترە ئەو باسانەیان نەهێنـاوەتە گـۆڕێ و دەبێـت سـەرچاوەیەکیان هەبێـت بـۆ باسـەکانیان، یـان دەبێـت پرۆتۆکۆڵێـک لە پێوەنـدی لەگەڵ هەڵسـوکەوت کـردن و جـوڵانەوە لەگەڵ ئەو حیزبـانە هەبێـت و پێکەنیـنەکەی مـحەمەد جەواد زەریـف لە سـاڵی ٢٠١٥دا لە کوردستاندا بۆ منی کورد بۆنی خوێنی لێ دەهات.

لە ڕاستیدا دەرفەتێکی زێڕین بـۆ کۆمـاری ئیسلامی ئێـران سەری هەڵداوە و داعش بـووتە هۆکارێک تـا ئەو ڕژیمە فاناتیکە لە ژێر سێبەری کـردەوە نـالەبارەکـانی بـرا بچـوکەکەیی دا خـۆی حەشـار بـدات، هەرچەنـد ئەم دەرفەتە زێـڕینە زۆر کورتخـایەنە بەڵام حکـومەتی ئێـران دەیەوێـت بەپەلە بە هێنـدێک ئامـانج بگـات و ئێستاکە بەمەبەستی تـایبەت فـازیکی نـوێی ڕامیـاری و سـەربازی

کـردووەتـەوە و هـەوڵـدەدات تـا هاوکـارییەکی خـۆی بەقەوڵ دژ بە داعـش گەورە بکـاتـەوە و تـەبلیغـی پێوەدەکـات، ئەم بانگهێشـتە دەتوانێت هۆکارێک بێت بـۆ لـەیەک ترازانـی یەکگرتـوویی کـورد و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی فکری لە ڕیزی دۆستانی کورددا، بۆ نموونە بە پێـی ئەو هەواڵانەی کە لە میدیاکانی باشووری کوردستانەوە بڵاو بوونەتەوە، هێزێکی زۆری سوپای پاسدارانی ئێران تەیار بە تۆپ و زرێپـۆش و کاتیوشـا لـە میحـوەری گەرمیـان دامەزراون و بەنـاو بەشـداری شـەڕی دژی داعـش دەکەن. وێـڕای ئەوی کە کـورد لە باشـووردا لەم قۆنـاخەدا لە مەوقعیەتێکـی لەبـاری ڕامیـاری و سەربازیدان بەڵام خاڵێک لەو ئامانجە سەرەکیانەی ئەم هاوکارییە تـاکتیکیی ئێـران تێکـدانی هـاوبەری لەو پـارچەی کوردسـتاندایە بەمەبەستی وابەستە کردنی گرووپ و لایەنە بۆ ئەو پلانە بە قەوڵ ئاسایشییە درێژخـایەنە کە بەرپرسـانی بـاڵای کۆمـاری ئیسـلامی ئێران لە ساڵی ١٣٦٣ (١٩٨٤) باسێیان لێوە کردەوە و هێناویانەتە گۆڕێ! بەکورتی ئەگەر ترازانێک دەستەبەر بکرێت وێرای ئەوەی کە تراجیدیایەکی مەزنەو دەبێت گەلی کورد بەگشتی نرخەکەی بدات بەڵام حیزبەکـانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان (ئێـران) بەتـایبەتی دیموکراتەکان بە بارودۆخی مەوجودەوە دەبنە قۆچی قوربانی ئەو لە یەکترازانە.

تـا ڕادەیەک لە پێوەنـدی لەگەڵ دۆخـی ڕامیـاری و کـۆمەڵایەتی ناوچەکە بە تایبەتی باشووری کوردستان شیکردنەوەمان هەبووە بەڵام هاوکێشـەی (مەوقعـیەت) ڕامیـاری، سـەربازی و ئـابووری حێزبەکـانی ڕۆژهەڵاتـی هەروەهـا پلانـی دژە پلانـی ئەوان لە چ ئاستێکدایە و چۆن دەتوانن لەگەڵ بارودۆخەکە هەڵسوکەوت بکەن لایەنی دیکەی باسەکەیە!

بـا ئـەوەش لێـرەدا بێنمەگـۆڕێ ئەوەی کە لە سـەر حێزبەکـانی ڕۆژهەڵات باسی دەکەم شیکردنەوەی خۆمە و ئەگەری ئەوەی هەیە کە ئاکامی نەرێنـی بـۆ خـۆم لـێ بکەوێتەوە بەڵام چونکە خـۆم بە دڵسـۆزی نەتەوەکەم دەزانـم و ناتەبایەکـانی حیـزبە کوردییەکـان بەگشـتی و دیموکرات بەتـایبەتی ئـازارم دەدات ئاکامەکانیشـی بە دڵ و گیـان قبـووڵ دەکەم و هەوڵـدەدەم لانـی کەم لەگەڵ خـۆم درۆ نەکەم و بە وێژدانەوە بێمە گۆ.

هەروەک هەمـووان دەزانـین هێزەکـانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بەگشـتی دەمـێکە لەگەڵ کێشـە و ململانێـی نێوخـۆیی و دەسـەڵات خـوازی ڕووبەڕوو بـوونەتەوە و ئەم ململانـێ ناوخۆیـانە هۆکارێـک بـوون بـۆ لاواز بـوون و لە بیرکردنـی نەیـارو غەنیمەکـان و هۆکـاری دابەزینـی ئاسـتی بیرکـردنەوە لە پێشـهاتە نادیـار و شـاراوەکان. چونکە بۆ خۆم تا نووسینی ئەم بابەتە خۆم بە ئەندامی دیموکرات دەزانـم لێرەدا سـەرنجی باسـەکەم ڕوو لە دیموکراتەکـان دەکەم و باسی هێزە سیاسییەکانی دیکە لە باسـەکەم دەسڕمەوە، بەکورتی مەبەسـتی مـن لێـرە بەدواوە تەنیـا دیموکراتەکـانن، هەروەهـا مەبەست لە وشەی حیزبی دیموکرات هەردوو باڵەکەی ئەو حیزبە دەگرێتەوە.
حیزبی دیموکرات کە سەردەمێک لە هاوبەریدا بوو و وەک کێوێک لە ئاست ڕووداوە ڕامیاری و سەربازییەکاندا ڕادەوەستاوە ئێستاکە بە هۆی ئەو قەیرانە نێوخۆیانەوە وزەو هێزی دابەش بووە بە سەر دوو باڵی دیموکراتدا، لە ڕاستیدا دەبێت لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی پێش لە سەردەمەی مەوجود بەدوای هۆکاری ناتەبایەکاندا بگەڕێن و لە ڕوانگەی خۆمەوە لایەنـی زۆرینەی سـەرچاوەی ناتەبایەکـان دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ململانێی دەسەڵات خوازی و ناوچەگەرایی یـان دروسـتکردنی تـاقم و گـرووپ لە ژێـر نـاوی نـاوچە لە خزمەت

بەرژەوەندیدا، باسی ناوچەگەرایی و تاقم و تاقمبازی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی مرۆڤایەتی بەڵام مێژووی بە هێزبوونی لە حیزبی دیموکراتدا بە شێوەی ڕوون دەگەڕێتەوە بۆ پاش گۆنگرەی شەشەم.

بەکورتی هوکارەکانی لاواز بوون و هاتنە خوارەوەی ئاستی هاوبەری حیزبی دیموکرات نە ئیمپریالیزم، نە کاپیتالیزم و نە سوسیالیزمی زانستی نە سوسیالیزمی دیموکراتیک بووە بەڵکو هۆکاری سەرەکی خودی ئەندامانی ڕابەرایەتی ئەو حیزبە بوون کە بە ئامانجی ڕەنگاوڕەنگەوە لەو تەشکیلاتەدا هەڵسوڕانیان هەبووە.

ئەگەری ئەوەی هەیە کە ئێران بەشێوەی جۆراوجۆر کارتێکردنی هەبووبێ بەڵام من دەڵێم ئیرانیش نەبووە چونکە ئەگەر بۆخۆت بە یەکگرتووبی بە بڕوایەکی پۆلاینەوە وزەی خۆت بەکار بێنیت کەس لە دەروە یان لە دورەوە ناتوانێت کارتێکردن و ڕۆڵی وەک ئەوەی کە دەبێت جیابیتەوە، پاڵ بە ئەندامانی حیزبەوە بنێیت هەبێت.

بێشک زۆرینەی جەستەی هەردوو لا ئەو جیابوونەوە و لەیەک دابڕانە بەزیانی نەتەوەکەمان و بەقازانجی نەیارانی کوردی دەزانن، بەڵام خاڵێکی گرنگ کە دەبێت لێرە تیشک بخەینە سەری ئەوەیە کە ئەو بەشە لە بەدەنی هەردوو باڵی دیموکرات کە ڕادەیان زۆرە و بەباشی دەزانن کە بناخەی ئەو لەیەک دابڕانە کورسی و دەسەڵاتە ناتوانن یەکگرن یان هەڵوێست بگرن، بەکورتی کەسانێک کە دەیانەوێت گەلێک ڕزگار بکەن توانای چارەسەری کێشەکەی خۆیانیان نییە.

لۆژیک وا دەسەلمێنێ کە زۆر ئاستەمە کە حیزبی دیموکرات لەم قۆناخەدا بتوانێت لە ئاستێکی بەرزدا لە هاوبەریدا خۆی پیشان بدات یان پلانێکی کۆنکرێتی بۆ کاتی تەنگانە هەبێت چونکە چاوەڕوانن شتێک ڕووبدات کە قازنجی ئەوانی تێدابێت و ئەو کێشە

و ململانێ کە تاک تاکی ئێمە لێی بەرپرسین هۆکارێک بووە تا وزەو بیروڕاکان بە لاڕێدا بڕۆن و شێوە چاوەڕوانی و ماندوو بوونێک سەر هەڵبدات کە ئاکامەکەی بووە بە لەبیرکردن ئەرکداریی و ئاڵوگۆڕ لە ئایدیادا، وێرای ئەوەی کە کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەرکام هیواو هومێدێکیان هەیە بەڵام ئێمە لە چاوەڕوانیدا دەژین.

لە ڕاستیدا دەبا باسی هەڵوێستی ساڵی ٢٠٠٦ و ئەو خاڵانەیی کە وەک ئامانجی (هێڵەگشتییەکان) جیابوونەوە هاتنەگۆڕێ کردبا بەڵام بە دوو هۆکاری تایبەتەوە بە سەر ئەو خاڵانەدا (هەڵوێستە) تێدەپەڕم چونکە یەکەم پێموایە ئەو خاڵانە تەنیا هۆکارێک بوون بۆ جیابوونەوە، دووهەم ئەگەر شیکردنەوەکەی من کە لە خوارەوە لە درێژەی باسەکەدا دێت بخوێنیتەوە ئەو دروشمانە دەکەونە قۆناخی جووڵانەوە بەپێچەوانەی ڕەوتی گەشەیی ڕامیاری، کولتووری سیاسیی و بارودۆخی حیزب و ئیمکانی جێبەجێکردنیان نییە چونکە بڕواکان شتێکی دیکە دەڵێن و بۆ گەیشتن بەو قۆناخە پێویست بە بناخەیەکی ساختاری بە میتۆدی زۆر ڕامیارانەوە هەیە، بەکوردی ئەگەر بتەوێت دیپلۆم وەرگریت دەبێت سێ قۆناخ لە قوتابخانەدا تێپەڕ بکەیت، یانی قۆناخی سەرتایی کە شەش بەشە (ساڵ) قۆناخی ناوەندی کە سێ بەشە و قۆناخی کۆتایی (دەبیرستان) کە کۆی بەگشتی دەبێتە سێ قۆناخ و ئەگەر بەباشی دەرسەکەت خوێندبێت بە ١٢ بەش دیپلۆمەکەت وەردەگریت.
بەگوێرەی شیکردنەوەی خۆم حیزبێکی سیاسیی"یش" دەبێت سێ قۆناخ کە هەر قۆناخێک ستراتیژی و بناخەی کاری تایبەت بەخۆی هەیە تێپەڕ بکات بەڵام حیزبی دیموکرات ئێستاکەشی لەگەڵ بێ پۆلی یەکەمی سەرتایی بە پلەی (نمرە) ١٢دەوە وەرگرتووە یانی لە پۆلی یەکەمدا کەموکوڕی هەبوو و نمرەی ٢٠ی نەهێناوەتەوە و

ئێستاکەش لە لاپەڕەی یەکەمی پۆلی دووهەمی سەرەتایی دایە، بەکورتی مرۆڤێک کە تازە ڕۆیشتبێتە پۆلی دووهەمی سەرەتایی کاتێک کە بڵێیت ١+٢ دەبێتە چەند چاو لە قامکەکانی دەستی خۆی دەکات و نابێت چاوەڕوان بیت کە هاوکێشت بۆ بکاتەوە (حەلکردن)، بەشێوەیەکی دیکە دیوار لە سەر بنچینە دادەنرێت و کاتێک بنچینەیەک نەبوو ناتوانی دیوارەکە دانێیت، هەر بۆیە لێرە لە باسەکەم دا ئەو هەڵوێستە وەک داشکاندنەوەیەکی تایبەتی ڕامیاری بۆ ئەو باڵەی حیزب بەحساب دێنم و لەبەرچاوی ناگرم و تیشک دەخەمە سەر خاڵەکانی وەک ساختار، میتۆد، سترێس (فشار)، بوون و ماف لە حیزبی دیموکراتدا بەتێکڕا.

لە کاری ڕامیاری و کۆمەڵایەتیدا دەبێت پێوەندی (بەلانس) لە نێوان ساختارو میتۆد دا دابین بکەی بەڵام ئەگەر وزەو بیروڕاکان تەرخان بکرێن بۆ باس و بابەتی بەپێچەوانەی ئایدیا بۆ تێپەڕ بوون بەسەر کۆسپدا بەشێوەی ئاسایی ماندوویی دروست دەبێت، *یانئەتلە* توانا لە بواری چارەسەری کێشە لە لاپەرەی ٩ی کتێبی دەبێت و نابێتەکان لە کاردا" دەنووسێت کە ناتەبایی ساختار، ڕێزمان، چۆنیەتی و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە کە دەبێت ڕاچاو بکرێت(بیزانیت) و دەڵێت کێشەی بێ چارەسەری لە هێندێک بواردا دەبێتە هۆکاری دەستتێوەردانی لایەنی دەرەکی و دەسەڵاتدار، هەروەها هۆکارەکانی وەک ماندوو بوون، بێزاری، کورتی تەمەن، دوورەپەرێزی خەڵک و هتدی لێدەکەوێتەوە"

کێشەی حیزبی دیموکرات باری ئاسایی خۆی لە مێژە لە دەست داوە و بووەتە شێوە ئاستەنگ و هۆکارێک تا نەتوانن کاری ساختاری بکەن، لێرەدا بەسەر چۆنیەتی کێشە نێوخۆیەکانی حیزبدا تێدەپەڕم و سەرنجی خۆم دەدەمە ئاسەوارە نەرێنییەکانی ئەو ناتەبایانە کە یەکێکیان ماندوویی و دەڵێم مرۆڤی ماندوو فشاری لە سەرە و ناتوانێت بەشێوەی خۆی کاری باشتر و ساختاری

تـر بكـات و كاتێـک كـاریگەری ڕوو لـە نـزم بـوونـەوەیە سـاختار لـە دەسـت دەچێـت و بـەشـێوەی سرووشـتی زەخـت دروسـت دەبێـت، لـە حیزبی دیموكراتدا لـە هێنـدێک بـواردا بـەپێچەوانـە كەڵک لـە میتـۆد وەرگیـراوە و جێگـای ئایـدیایان بـە بـەرژەوەنـدی پڕكـردوەتـەوە كـە هۆكارەكانی لاواز بوونی ساختاری لێكەوتووتـەوە، هـەر بۆیـەش لێـرە بـەو شـێوەیە بیـردەكەمەوە كـە ئـەو حیـزبـە لـەگەڵ بـێ بـەرنـامـەیی ڕووبـەڕوویە و ئیمكـانی هـەیە ئـەگـەر كۆمـاری ئیسـلامی بتوانێـت لـە شێوەی هاوبـەری كورددا ئـاڵوگۆڕ دروست بكات بـەشێوەی ئۆتۆماتیک ئـاڵوگۆڕ لـە سـاختار و نیزامبـەنـدی كـار لـە باشـووری كوردسـتاندا دروسـت دەبێـت و ئاكـامـەكەی دەبێـتە سـەرهـەڵدانی سترێس یـان دەسـتـەپاچـەیی بـۆ حیزبـی دیمـوكرات و ... هـەروەک یـانئـەتلـە وتـویەتی ئیمكـانی هەیە كە ئەو نەخۆشـییە هۆكـاری دیـكە وەک بـەستراوەیی جۆراوجۆری لێ كەوتبێتـەوە.

هـەروەک لـە سـەرەوە باسـمكردووە چـونكە سـەرچاوەی كێشـەكە ئـەندامانی ڕابـەرایـەتی (كۆمیتـەی نـاوەنـدی) حیـزب بـوون بـەرهـەمـی نـەرێنـی زۆرن كە یـەكێكـی دیكـەیـان پاڵپێوەنـانـە كـە بـە كـرداری تاكێكی شۆڕشگێڕ پێناسە ناكرێت و مێـژووی سـەر هەڵدانەكەی ئـەم ناتـەبـایـەش دیسـان دەگـەڕێتـەوە بـۆ ڕابـردوو كـە وەک وایروسێک لـە لاواز كردنی ساختاری حیزبدا كـارتێكردنی تـایبـەتی خـۆی هەبـووە، لـە ڕاسـتیدا هێنـدێک كرداری ڕابـردوو ئـاسـەواری نـەرێنـی لـە سـەر خـــوارەوە دانـــاوە و ئـەنـــدامانی بـەدەنـەش لـە هێنـــدێک بـــواردا هەوڵـدەدەن تـا پـاڵ بـە خـەباتكـارێكی هـەواڵـی خۆیـانـەوە بنـێن، وتـەیـەكـی بـاوی كـوردی هـەیە كـە دەڵـێن گـەورە ئـاو دەڕێژێـت و بچـووک پێـی لـێ دەخزێت یـان زانایـان دەڵێن ژیـان شـێوە ڕەنـگ دانـەوەیـەكە (تیشـكدانـەوە) و هـەرچـی بـەڕێكـەیـت هـەر ئـەوەت بـۆ دەگـەڕێتـەوە یـان هـەرچیت چانـد هـەر ئـەوە دەدوورێتـەوە. ناكرێت

چاوەڕوان بین کە بارودۆخی جێگای باس بێجگە لە لاواز کردنی ئەو حیزبە کە ئەرکی ڕابەری بەشێکی گرنگی جوڵانەوەی نەتەوایەتی لەو بەشی کوردستاندا (ڕۆژهەڵات) لە ئەستۆی دایە شتێکی دیکەی لێ بکەوێتەوە...

جیهانی مەوجود بەگوێرە بەرژەوەندی، میتۆدیکاری، ساختار، هەڵسوڕانی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ئابووری بەشێوەی زانستیانە و بە پێچەوانەکەی هەڵدەسوڕێت و ئەگەر حوزور و ئامادە باشیت هەبێت بەشێوەیەک دەکەویتە نێو ڕووداوەکانەوە، سەردەمێک بزووتنەوەی فەتح بە ڕێبەرایەتی یاسرعەرەفات بە تێرۆریست ناودێری دەکرا، سەردەمێک بە گەرمی تەبلیغی تێرۆریست بوونیان بۆ پەکەکە (پارتی کرێکارانی کوردستان) دەکرد... بەڵام کاتێک کە فەتح لاواز بوو یان کەوتە بەرژەوەندیەوە و حیزبوڵا بەهێز بوو یان کەوتە دەرەوەی بازنەی بەرژەوەندیەوە شتەکە گۆڕاو ڕاستەوخۆ فەتح باش بوو چونکە ئاستی هاوبەریەکەی هاتەخوارەوە یان کەوتە نێو بازنەی بەرژەوەندییەوە و حیزبولاّ بوو بە هاوبەر و... ئێران لە ئاست جیهانیەوە وەک لایەنگری تێرۆریست دوور خراوەتەوە و داعش دروستکرا یان سەری هەڵداو کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخسا تا کردەوەکانی خۆی لە پشت کردەوە نالەبارەکانی داعش بشارێتەوە یان شاردیەوە، بەکورتی بەناوبانگ کردن و سڕینەوە یان بەدناو و خۆشناو کردن لەم سەردەمەدا کارێکی زۆری پێویست نییە و ئیمکانی بوونی **کاترین ئەشتون** (نوێنەری ئەوروپا) بە دەستە خوشکی محمدجەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران و ناردنی داوخوازینامە لە لایەن **ئوباماوە** (سەرکۆماری ئەمریکا) بۆ بوون بە ئومەت (قبووڵکردنی خامنەای وەک ئیمامی خۆی) هەیە و...

حیزبێک کە سەردەمێک هاوبەر و لە باسەکانی دەڤەرەکەدا کاریگەری خۆی هەبوو ئێستاکە ڕۆڵی سێبەری پەیدا کردووە و لە هاوبەریەکاندا جێگای دروستی و واقیعی خۆی لە دەست داوە و دەبێت بترسین کە نەکاو کۆماری ئیسلامی ئێران (قاسم سولێمانی) پرۆژەی سڕینەوەی مێژووی لە کوردستاندا دەستەبەر بکات.
لە معادلاتی (هاوکێش) ئەندازەناسی (هندسە) دا هەر شتێک کە بەشێک لە بۆشایی بگرێت تەنە (شتە) و دەتوانێ بەکاربێت بەڵام حیزبێک کە سەردەمێک لە سەرەوەی هاوبەریەوە بووە بە دانانی ویستی بەرژەوەندی و کورسی لە جێگای ئایدیا ئاڵوگۆڕیان لە میتۆدیکاردا پێکهێناوە و ستریسیان بۆ دروست کردووە کە وێرای بوونی بەڵام بەداخەوە ڕەنگ و بۆنی ڕاستەقینەی خۆی لە هاوبەریدا بەو شێوەیە کە دەبوو بوایە لە دەست داوە و...

ئەندامانی ڕابەرایەتی (کۆمیتەی ناوەندی) حیزبی دیموکرات دەسەڵاتیان بەسەر خۆرهەڵاتی (ڕۆژهەڵات) کوردستانەوە نییە و لە شاری کۆیەدا (لە باشووری کوردستان) دەژین و کۆیەش هێشتاکە بەخاکی عێراق پێناسە دەکرێت بەڵام شەڕی دەسەڵات دەکەن، لێرەدا ئەوە جێگای پرسیارە داخۆ ئێوە کە لە تاراوگەدا دەژین و چواردەورتان بە مەترسی تەناوەتەوە ئەو شەڕە دەسەڵاتە چ مانا و نێوەڕۆکێکی هەیە؟ چ دابەش دەکەن؟ لە ڕاستیدا شەڕ لە سەر دابەشکردنی بەدەنەیە چونکە ئەوان ئەمڕۆکە تەنیا بەدەنەیان هەیە کە دابەشی بکەن! لەم دابەشکردن یان بیرۆکەی دابەشکردنەدا بەداخەوە خاڵێکی نەرێنی دیکە پێش چاو دەکەوێت کە لە لاواز کردنی حیزبدا کارتێکردنی خۆی هەبووە و بەو ئامانجە دەگەین کە ڕابەرایەتی وەک سەرمایەیەکی نەتەوەیی و تەشکیلاتی چاو لە بەدەنە ناکات و لە هێندێک بواردا بیرکردنەوەکەیان یان ململانێکان هەستی ئامرازی بەرژەوەندی

بەڕێوەبەرایەتی دەدەنە بەدەنە و مافی ڕامیاری ئەوان دەبەنە ژێر پرسیارەوە و...! بێشک کاتێک بەدەنە دابەشکرا وزە و تواناکان دابەش دەبن و ئاکامەکەی کتارۆ (لاوازی) یان بە سێبەرکردنی حیزبی خۆشەویستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لێدەکەوێتەوە. حیزب هەروەک ڕابردوو لە مەیدانی خەباتدایە و زۆر مرۆڤی شۆڕشگێڕ و بە ئیمان پێکهێنەری ئەو حیزبەن بەڵام هەڵسوکەوتەکان ئاڵوگۆڕی بەرینی بەسەردا هاتووە و بووەتە جێگای پرسیار.

کاتێک باسی یەکگرتنەوە بەهێز دەبێت هێندێک لە ئەندامانی ڕابەرایەتی لە هەردوو باڵەکەی دیموکرات یان هێندێک لە ئەندامانی بەستراوە بە ڕێبەرایەتییەوە، هەروەها کەسانی دیکەش کە ئەوانیش هەرکامە بە شێوەیەک بەرژەوەندیان لەو پرش و بڵاویی و دابڕانە دایە بەگورجی باسێکی دیکە دەخەنە نێو بەدەنەوە و جەستەی حیزب بەو باسەوە سەرگەرم دەکەن بۆ نموونە، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ.
مێژووی حیزبی دیموکرات ڕازاوەتەوە بە ڕووداوی ڕەنگاوڕەنگەوە کە هێندێک لەو ڕووداوانە لە ئاکامی بیرکردنەوەی ئەندامانی ئەو حیزبەدا سەریان هەڵداوە، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ"ش" ڕووداوێک بووە کە لە ئاکامی کۆنگرەی ٨ دا (ساڵی ١٣٧٧ ، ١٩٨٨) ڕوویداوە یانی شتێک لەو گۆنگرەدا هۆکار بووە تا ناتەبایی سەرهەڵدات و ئاکامەکەی ئەو سەرهەڵدانە بووە بە بۆچوونێک بە ناوی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ کە لە بەردەوامی خەباتدا ئەو ڕووداوە کە ناوی ڕ ش بووە بەگوێرەی لۆژیکی ئەو سەردەمە چارەسەرکراوە و ناوی ڕ ش بە مێژووی خەباتی نەتەوەکەمان سپێردراوە، بەڵام ئەو تاکانە کە فاکتەری دروستبوونی ئەو ناوە بوون ماون و وێرای دەستەبەر کردنی شێوە ناتەبایەک و هێنانە خوارەوەی ئاستی

هـــاوبەری هەمـــوو ڕووداوێکـــی ڕامیـــاری و هەڵســـوکەوتێک کە لە بەرژەوەنـدی کـۆمـەڵ و کۆمـەڵگـا دەرنـەچێت هۆکـاری بەرزبـوونـەوەی ئـاسـتی ڕامیـارییە. ڕ ش"ش" مێـژووی کـارتێکردنی خـۆی هەبـووە وێـرای تاوانـدنـەوەی لە بەرژەوەنـدی گشتـی گـەل و حیزبـدا ناکرێت هەستیاری تاکەکان لە بەرچاو نەگریت، بە کورتی ئەو کەسانە کە پێکهێـــنەری ڕ ش بـــوون هەڵســـوڕاو و خەباتکـــاری ئەمـــڕۆن و نـادادپەروەری ڕامیـاری لەگەڵ کەسێک کە هاوخەبـاتە ناتەبـایی زیـاتر دروسـت دەکـات و لە بەرژەوەنـدی گەل و حیزبـدا نیـیە و واتاکەی دەکەوێتە خانەی خەبات لە پێناو ژیانەوەی ناتەبایی بە مەبەستی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی تـاک و کەم ڕەنـگ کردنـی بـاری کارتێکردنی پێکهاتەکانی حیزبی (تەشکیلاتی).

دەتەوێت ڕووداو ڕووندات دەبێت هۆکارەکـانی سەرهەڵدانی ڕووداو لە نێـو بەری و پێمـوایە ئامـانج لە ژیـانەوەی بـاس یـان کێشـە نێوخـۆیی و کۆنەکـانی حیـزب هۆکـارێکن بـۆ دژایەتـی لەگەڵ بەرز کـــردنەوەی ئاســـتی هـــاوبەری حیـــزب کە بەداخەوە هێنـــدێک لە ئەنـــدامی دڵســـۆزی ئەو حیـــزبە لەم پێوەنـــدیەدا ئاگایـــانە یـــان نائاگایانە دەبینە ئامرازی پاراستنی بەرژەوەنـدی و هەرچـی زیـاتر لاواز کردنـــی حیـــزب، بەکـــورتی بەو شـــێوە کە زانایـــانی بـــواری چارەسـەری کێشە پێشنیاز دەکەن واباشە کە لە کـاتی چارەسـەری ناتەبـــایی دا باســـی ناتەبـــایەکی چارەســـەرکراوی کـــۆن نەهێنیتەگۆڕێ، شتێک کە کارا نییە چ پێویست بە باسکردن دەکات و...

ویست و ئامانجی نەیاری گەل و حیزب لاواز بوون و نەمـانی حیـزبە و ئـێمەیش بـێ ئەوەی ئاگـاداربین هەرکەس بەشێوەیەک نەیـار لە گەیشـتن بە ئامـانج هاوکـاری دەکەیـن و خۆشـمان بە ڕامیاریکـار دەناسـێنین، یـانی لە جێگـای ئەوەی کە بە پـێچەوانەی پـرۆژە و

پیلانەکانی نەیاران بجوڵێنەوە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لەگەڵی دەکەین و...

ئەگەر بتوانین بڕواکان بگۆڕین ڕێگای زۆر هەن بۆ گۆڕانکاری ئەرێنی، من هەر ئەوەندی دەزانم وێرای ئەوەی کە نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە بەشی زۆری ئەندامانی ڕابەرایەتی حیزب هێمای شۆڕشگێڕی و سنبوولی ئەخلاقی ڕێبەرین بەڵام هەروەک لە سەرەوە باسمکردووە ناتەبایەکان لە کاتی خۆیدا لە ڕێبەرایەتی هەردووک لایەنی حیزبدا سەری هەڵداوە و بۆ ئەوەی کە ئاکامە نەرێنییەکانی ئەو سەرهەڵدانە پوچەڵکرێتەوە دەبێت ئەو کەسانە کە لە ڕابەرایەتی حیزبدان بەمەبەستی بردنە سەری ئاستی هاوبەری حیزب ئاڵوگۆڕ لە شێوەی تێڕامانی خۆیان لە سەر حیزب و بەدەنە پێکبێنن تا بتوانن هۆکارەکانی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی ئەرێنی و سەردەمیانە بن، بەڵام بەداخەوە و بەپێی بیرکردنەوەی خۆم لەوە دەچێت کە ئەم بەشەیان لە بەرانبەر ئایدیایی بەرژەوەندیدا هەرەسی هێنابێت، ڕێگای دووهەم کە دەتوانێت هۆکارێک بێت بۆ هەڵوەسانەوە و پێداچوونەوەو بنیات نانی شێوە دیالۆگێکی بەپەلەیە لە نێوان بەدەنەی هەردوو باڵەکەی حیزبدا بە مەبەستی پێداچوونەوە و هەڵسنەگاندنی جیابوونەوەکە، کاتێک بەدەنە توانی لە سەر هۆکارەکانی جیابوونەوە شێوە یەکدەنگییەکی پەیداکرد ئەوکاتەیە کە ڕابەرایەتی بیر لە بەخۆدا چوونەوە دەکات، بەکورتی کاتێک کە بەدەنە خۆی ناسی ئەو کاتەیە کە ڕابەرایەتی بیر دەکاتەوە و بەشێوەیەک ئاستەنگ بۆ جیابوونەوەی دیکە لە داهاتوویی حیزبدا بناخە دەنات. هەروەها ئەگەر بەدەنە لە سەر ئەوە ڕێکەوتن کە شەڕ لە سەر کورسی و دەسەڵاتە دەبێت ئەوەشمان قبوول بێت کە دەسەڵاتی ڕابەرایەتی حیزب لەم سەردەمەدا ئەندامانی حیزبن کە وابوو شەڕکە لە سەر ئێمەیە و ئێمەیش برا و هاوخەباتی یەکین و بەرژەوەندی و گیانی

خۆمان فیدای نەتەوەکەمان دەکەین و نابینە ئامرازی پاراستنی بەرژەوەندی تاک و گرووپ!

من کە ئەم بابەتە دەوورژێنم هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئەندامانی ڕابەرایەتی حیزبدا نییە بەڵکو زۆر ڕێز لە خەبات و ماندوو بوونی ئەوان دەگرم و بە چاوی ڕێزەوە چاویان لێدەکەم و نابێت ئەم باسە پێوەندبێت بە دژایەتی لەگەڵ سەرکردایەتی(ڕێبەرایەتی) حیزب، بەڵام ئێمەیش هەست و مافمان هەیەو کەسێک کە لە هەستمان بۆ ویستی تایبەتی خۆی کەڵک وەرگرێت ئەگەر بتوانین هەوڵدەدەین تا ڕێگای ڕاستی خۆی پەیدا بکاتەوە، بەکورتی باشتروایە ڕابەرایەتی حیزب بەمەبەستی ڕزگارکردنی نەتەوەکەی لە ڕابەرایەتی حیزبدا هەڵسوڕانی هەبێت و بەدەنە یان ئەندامانی ئەو حیزبە وەک سەرمایەی گەل و حیزب پێناسە بکات و وزەو توانای ئەوان لە پێناو ئامانجەکانی نەتەوەکەیاندا بەکار بێنێت و ئەوەش قبوول بکەن کە بەرهەمی بەرژەوەندی بەو شێوەیە زۆر کورتخایەنە و گەلی کورد لەو پارچەی کوردستاندا لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتدا زیاتر لە پێنج هەزار شەهیدی فیدای بەرژەوەندی گەل و نیشتمان کردەوە نە تاک و گرووپ و...

وێرای خاڵ و بابەتی دیکە لە ڕوانگەی منەوە کاریگەرترین هەنگاو تەنیا شۆڕشگێڕانی ڕیزی ئەو باڵانەی حیزبن کە دەتوانن بە یەکگرتوویی خۆیان و بە قاودانی بەرژەوەندی تاکەکەسی و گەڕانەوەی هەستی هاوخەباتی بۆ نێو ڕیزەکانی حیزب و ڕووخاندنی دیواری بێ هیوایی دژبەر بۆ پیلانی داگیرکار دروست بکەن و ئەو حیزبە لە قەیرانی زیاتر دوورخەنەوە و لەرزە بخەنە نێو دڵی دژمنانەوە و هەست و هیوا بدەن بەگەلی کورد لەو پارچەی کوردستاندا و منیش کە ئەم بابەتە دەنووسم دەمەوێت لەم ڕێگایەوە خاڵێکی بچووک بم بۆ کارتێکرنی سەردەمیانە.

لە کۆتـــایی ئەم بەشـــەی باســـەکەمدا دەمەوێــت ئەوە بڵـــێم کە مەبەستی سەرەکی ئەم شیکردنەوە میتۆدی کارە کە بووتە هۆکـاری بنچینەیی لاواز بوونی ساختار، هەروەها ئەگەر حیزبـی دیمـوکرات بتوانێـت ئـاڵوگۆڕی ئەرێنـی لە میتـۆد دا دەستـەبەر بکـات بـردنە سەرەوەی ئاستی ساختاری بۆ حیزبێکی وەک حیزبـی دیمـوکرات کە لە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتاندا خـــاوەنی ژێرخـــانێکی ڕامیـــاری و کۆمەڵایەتی بەهێزە ئەوندە ئەستەم نییە، ئەوەش نابێت لە بیـر بکەیـن کە ریشـەی شـیکردنەوەکەم لە سـەر حیـزب بەگـوێرەی ئەو خـاڵانەیە کە بۆخـۆم لە دورەوە دەبیبینم یـان بیـری لێدەکەمەوە و ئیمکـانی کـاری تـاکتیکی بەگـوێرەی دەرفەت لە حیزبێکـی سیاسیدا زۆر زۆرە و نابێـت لە بیـری بکەیـن، هەروەهـا بە چـاوپێکەوتنی تێرۆریســتان و بکـوژانی دکتـۆر قاسـملوو بە زرێپـۆش کاتیوشـا و تۆپەوە لە مێدیاکانی کوردستانی جێگـای هیـواو ئومێدەوە (باشـوور) بۆ منی زامدار هەست بـزوێن و زۆر ئیمکـانی هەیە کە ئەو بینـان و هەڵپەڕکێیـی نەیـارانی کـورد لە کوردسـتانی ئـازاد دا هۆکارێـک بووبێت تا زیادەڕۆیم لە باسەکەمدا لە سەر حیزب کردبێت.
وێرای هیوای سەرکەوتنی بۆ خەباتی ئازادیخوازی هەموو گەلانـی ژێردەسـت و خەبـاتی گەلـی کـورد لە پێنـاو دابـین کردنـی مـافی نەتەوایەتـــی خۆیــدا ڕوو لە باسـێکی دیـکە دەکەم کە پێوەنـــدی تەنگـاوتەنگی لەگەڵ بەرژەوەنـدی و خەبـات لە پێنـاو ئـازادی و سەربەستیدا هەیە.

## پسپۆڕانی خۆرئاوای وڵات یان کۆڵبەرانی ڕامیاری کورد؟

ئەم نووســراوە ڕووی لە هەمــوو مرۆڤێکــی ڕۆشـنبیر و ئــازادیخواز بەتایبەتی لاوانی ڕۆشنبیری کورد بووە.

مـــاوەیەک دوای چارەســـەری کێشـــەی نـــاووکی ئێـــران وڵاتە دەســەڵاتدارەکانی نێـونەتەوەیی ڕاگەیانـدراوێکی بەرز نرخانـدنی بەئامـانج گەیشتنی ئەو وتـووێژە لـە لایەن نزیـک بـە ٤٠٠ کەسـەوە لە ژێـر نـاوی زانایـان، پسـپۆڕان، تـوێژەران، ڕۆژنامەوانـان، تێکۆشـەرانی سیاسـیی! و مەدەنـی ڕۆژئـاوای ئێـران (مەبەسـتیان ڕۆژهەڵاتی کوردستان بـووە) لە پێنـاو پاڵپشتی لە دەوڵەتـی ئاغـای حەسەنی ڕۆحـانی و تـاقمی وتووێژکـاری نـاووکی ئێران لە هێندێک مـاڵپەڕ لە نێوخـۆی وڵاتـدا بـڵاو کـرایەوە کە سـەرنجمی ڕاکێشـا و نەمتوانی بێلایەن بمێنمەوە.

منیش بە گوێرەی خۆم لایەنگری لە چارەسەری کێشەکە لە ڕێگای ئاشتی و وتووێژەوە دەکەم و خۆشحاڵم بە چارەسەر بوونی دوور لە تونـدوتێژی، بەڵام دەبێـت بڵـێم ئەوەی کە سـەرنجمی ڕاکێشـا و هێنـامییە سـەر ئەو بـڕوا کە شـتێک بنووسـم نێـوەڕۆکی سیاسـیی نووسراوەکە نەبوو بەڵکو خۆ بواردن لە شیکردنەوەی ڕاستییەکان یـان بەواتەیەکـی دیکە بـایکوت کـردن و نەگەیانـدنی پەیـام و شـاردنەوەی ژێنـی کولتـووری وەک کەموکـوڕی ئەو نووسـراوە بـوو. لۆژیک وا دەڵێت چونکە کەموکوڕیی ناوبراو لە لایەن کەسانێکەوە بووە کە دەبێت لە بە سەردەمی کردنی کۆمەڵگای بەقەوڵی ئەوان خۆرئـاوای وڵات و مرۆڤەکـانی وەک مـن کـارتێکردنی ڕیئالیسـتیان هەبێـت باشـترایە کە لە ڕاوبۆچـوونی خـوێنەری بابەتەکەیـان ئاگادار بن.

زانایـانی بەڕێـز لە سـەرەتاوە دەبێت عەرزتـان بـکەم کە کێشـەی ناووکی کـارتێکردن زۆر زیانبـاری بۆ ئـابووری وڵات و ژیـانی خەڵک هەبووە، ئیمکانی بۆ دەڕوات کە ئێوەی بەڕێز ئاگـادار نەبـن، بەڵام داماواو لێقۆماوانی ئێران بەگشتی ئاکامی تاڵ و دژواری ئەو کێشە

سازکراوەیان بە تەواوی وجودەوە هەستپێکردووە و ژیانی زۆر کەسی ڕوو لە کارەسات برد بەڵام جێگای تێبینی کەسیش نەبووە چونکە ئەوانەی کە دەسەڵاتداربوون بۆ خۆیان ماسی خاڵداری چۆمی لار"یان" دەخوارد موچەی مانگانەیان پێوەرەکانی مرۆڤی تێپەڕاندووە، ئاغای خامەنەیی لە سەردەمی سەرۆک کۆماری پیاوی بەناوبانگ ئاغایی ئەمحەمەدی نیژاددا دۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی خۆی لە مەترسی دا دەبینی کە سیاسەتی لەبار و نالەباری وەک میکانیزمێکی بەرگری بۆ پێشگیری لە تێکچوونی دەسەڵاتەکەی هێنایەگۆڕێ کە ئاکامەکەی بەشێوەی کاتی بوو بە دوورخستنەوەی ئاغای ئەحمەدی نیژاد و لە چەشنی ئەو کە بە ڕووکردنی ئاغای ڕۆحانی تەواو بوو، دەمەوێت عەرزتان بفەرمووم کە کێشەی ناووکی ئێران و جیهانی دەرەوە زووتر چارەسەر کرابوو و ئەوەی کە ئێمە بینیمان و بیستمان ڕێکەوتن لە سەر وردەکاری گرێبەستەکە بووە.

کێشە ناووکی نرخی لە ڕادەبەدەری ئابووری و پرزەیی بۆ گەلانی ئێران بە دواوە بووە و ئەگەر ئێران وڵاتێکی تا ڕادەیەک دیموکرات و ڕێزی بۆ هاووڵاتیانی خۆی هەبوایە دەبوو ڕاپرسی گشتی (ڕێفراندوم) کردبا، بەڵام هەروەک بۆ خۆتان ئاگادارن ئاغا (! خوا تەمەن درێژی بکات بۆ گەلانی ئێران!) بۆ خۆی سەرکاری وڵات و هەم ئیمامە و ئێمەیش ئۆمەتین، لە ڕاستیدا دەبا ئێوە نامەیەکی سپاسگوزاریتان بۆ ئاغای خامەنەیی نووسابا چونکە ئاغای ڕۆحانی و گروپی وتووێژکار ئەوانیش هەر وەک ئێمە ئۆمەت و بێدەسەڵاتن.

هەروەک خوێنەرانی بەڕێز ئاگادارن لە هەموو سەردەمێکدا پرسی سیاسیی بەشێوەیەک لە شێوەکان لە کوردستاندا بوونی هەبووە

لەم ڕوانگەوە لە سەردەمی حکومەتی پادشایەتی دا چونکە ئەو سیستمە دەسەڵاتە لە وشەی کورد و کوردستان دەترسا و کورد"یش" نەتەوەیەک بوو کە لە هەموو بوارەکاندا چەوسابوونەوە و باری تێگەیشتنی ڕامیاری لە کوردستاندا لە ئاستێکی نزم دا بووە، بە هەستکردن بە هەستیاری ڕژیمی ڕوخاو بە وشەی کورد لە جێگای ناوهێنانی کورد لە ڕاگەیاندنەگشتییەکاندا لە وشەی خێڵە بەغیرەتەکانی خۆرئاوای وڵات وەک وەسیلەیەکی جێگرەوەی وشەی کورد و کوردستان کەڵکیان وەرگرتووە و تاکی نەتەوەکەمان لە ترس سەرکوتکردن توانای کاردانەوەی ئەوتۆیان نەدەبوو، بەڵام لەم ساڵانەیی دووایی دا من بە نۆرەی خۆم زۆر گەشبین بووم کە پلەی تێگەیشتن و زانست لە کوردستاندا گەشەی کردووە و ئێمەیش وەک نەتەوەیەک دەتوانین بە سەر هێندێک ناتەبایی نەتەوەیی و ئەتنیکی خۆماندا زاڵ بین، بە کورتی و کوردی چاوەڕوان بووم کە زانایان و پسپۆڕانی نەتەوەکەمان وێرای بێ بایخ کردنی هێندێک واژەی بێ نێوەڕۆک و سازکراوی دەستی نەیار بتوانن لە پێناو ڕێزدانانی دوولایەنە و پێکەوە ژیانی سەردەمی لەگەڵ نەتەوەکانی (قەوم) دیکەی ئێران بەشێوەی زانستیانە و لە ڕێگای تێگەیاندنی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە کوسپی سەر ڕێگامان بکەن بە مۆم، بەڵام لە ساڵی ١٣٩٤ش (٢٠١٥) دا لە ڕاگەندنەگشییەکاندا نووسراوی جێگای باسم خوێندەوە کە چاوەڕوانییەکەمی کرد بە بڵقی سەر ئاو، بەپێی بیرکردنەوە و زانیاری هەموو ئەو بەڕێزانە کە نامەکەیان واژۆ کردەوە کوردن کە دڵی ئەوەیان نەبووە تا بنووسن زانایان و پسپۆڕانی کورد و دوای تێپەڕینی ٣٦ ساڵ لە مێژوو تەنیا گەشەیەکی فکری ئەوە بووە کە عەشایرە بەغیرەتەکانی خۆرئاوای وڵات گۆڕاوە بە زانایان و پسپۆڕانی خۆرئاوای وڵات، یانی خۆلادان و حاشاکردن لە ژێنی (ناسنامەی) نەتەوەیی و ترس لە وتنی ڕاستی هەروەک ڕابردوو وایە، کە بە

گوێرەی بیر کردنەوەی من دەبێت یەکێک لە هۆکارەکانی خوارەوە هۆی ئەم خۆسانسۆریە بێت، لەم بارەیەوە هەڵسەنگاندن دەێڵمەوە بۆ خوێنەرانی بەڕێز.

چوارسەد (٤٠٠) مرۆی زانا، پسپۆڕ و توێژەر ئەگەر بڕوانامەکانیان ڕاسپێردراوی و پلەکانیان (شوێن) داگیر نەکردبێت و لە ئاست فکری و تێگەیشتنەوە بە ڕەوشتی بەرزی زانستی (ئەربابی) گەیشتەبن دەتوانین هیوادار بین کە بتوانن ئاڵوگۆڕی لەبارو سەردەمیانە لە هەر کۆمەڵگایەکدا پێکبێنن.

بەداخەوە دەبێت بڵێین لە وڵاتی ئێرانی ئەمڕۆکەدا بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بێ تەفاوەتی، خۆسانسۆری، برەودانی هەستی ژێردەستی و کۆیلەیی، ناکارامەیی ڕامیاری، کەمایەسی هەستی ئەرێنی بەدیٚ دەکرێن، لە بەرچاونەگرتنی ڕەوشتی مرۆڤایەتی و زانستی، پشت لە ڕاستیکردن و کێشەی کۆنترۆڵی دۆخ لەوپەڕی خۆیدایە، دەتوانین قامک بخەینە سەر بەرژەوەندیخوازی بەپێچەوانەی زانست و بەها مرۆڤییەکان وەک سەرچاوەی زۆربەی هەرە زۆری ئەم کەموکوڕی و ناتەبایانە، یان هەوڵدان بۆ خۆداسەپاندن وەک مرۆڤێکی باوەڕپێکراو لە لای ڕژیمێک کە هەوڵدەدات تا هەموو مرۆڤ و فکرەکان لە کۆمەڵگادا وەک کۆیلە لیٚ بکات.

بۆ ئەوەی تا ڕادەیەک بە ڕەوشتی مرۆییم هەستابمەوە لەم برگە باسەدا بەمەبەستی شیکردنەوەیەکی ساکارانە لە سەر ئەو خاڵانەی سەرەوە و گرفت و کارتێکردنە نەرێنییەکانیان لە سەر کۆمەڵ و کۆمەڵگا هەوڵدەدەم تا یارمەتی لە بیروبۆچوونی پسپۆڕ و زانایانێک وەرگرم کە لە پیشکەوتنی کۆمەڵگا گەشەکردووەکاندا کارتێکردنی ئەرێنیان هەبووە.

لە کوردستانەوە دەست پێدەکەم، لە ئێرانی ئەم سەردەمەدا لە لایەن بەناو باڵ و پەلە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتەوە بەمەبەستی سەرکوت و بێ نێوەڕۆک کردنی ڕاسیونالیسم (ئەقڵانیەت) لە کوردستاندا تێکۆشانی ڕەنگاوڕەنگ بوونی هەیە بەتایبەتی لە نێو توێژی گەنجی کورددا، هەروەها لە لایەکی دیکەوە لە وشەی ناسیونالیسم (ناسیۆنالیزم) وەک میکانیزمێکی بەرگری بە مەبەستی چەواشەکردنی ڕای گشتی کەڵک بەپێچەوانە وەردەگرن و هەوڵدەدەن تا تێکۆشانی تێکۆشەرانی کورد پێوەندی بدەن بە ناسیونالیسمی بەرچاو تەنگەوە. ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی ناسیونالیسمی شۆڕشگێڕی نەتەوە ژێردەست و چەوساوەکان بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ناسیونالیسمی گەلانی ژێردەست و چەوساوە هۆکاری دەستەبەر بوونی زۆر لە شۆڕشە ئازادیخوازەکانی ئەم جیهانە بوون، گەلی کورد بەمەبەستی بەردەوام بوونی لەگەڵ ڕەوتی مێژوو و هەروەها بۆ نەتوانەوەی لە لایەن ناسیونالیسمی ستەمکارەوە لە پێناو ژیانێکی سەردەمیانە لەگەڵ هەموو نەتەوەو ئایینەکانی دیکە بەگوێرەی بنەمای دوری لە چەوسانەوەی سیاسیی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری تێکۆشانی سیاسیی و سەربازی وەک میکانیزمێکی بەرگری دەستپێکردەوە و لەگەڵ ناسیونالیسمی ستەمکار کە هەوڵدەدات تا لە ڕێگای بەدەستەوە گرتنی بناخەی سیاسیی، ئابووری، کولتووری و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی وڵاتەوە بناخەی باوەڕ، ئامانج، مێژوو، ناسنامە و بەرژەوەندییەکانی دیکەی بەهێزتر و گەشە پێ بدات دوو بابەتی زۆر جیاواز لە یەکترن.

خاڵی ناوەندی سیاسەتی ناسیونالیسمی بەرچاوتەنگ یان ستەمکار لە زۆربەی بوارەکاندا وەک ڕێبازێک مەیلی (ئارەزوو) ڕوو لە دەرەوەی سنورەکانی وڵاتە و تێدکۆشێت تا بە سەریەکخستنی

مێــژوو لـە پێوەنــدییە کۆنەکــان وەک هۆکارێــک بــۆ بەرژەوەنــدی نەتەوەیــی (بنەمــاڵەیی) خــۆی کەڵــک وەرگرێــت، ناسیونالیســمی بەرچاوتەنــگ لـە هێنــدێک بــواردا کەمتــر بــایخ بـە خەڵکــانی ژێــر دەســەلاتی خــۆی دەدات چــونکە هەمووکــات بـە شــێوەی جۆراوجــۆر هەوڵــدەدات بــۆ باڵکێشــان یــان داگیرکردنــی کولتــوور و بــاوەڕەکــانی گەلانـــی دیـــکە لـە دەرەوەی جوگرافیـــایی دەســـەڵاتی دا(وڵات)، پەنــدێکی کــوردی نــاوچەی هەورامــان هەیـە کـە دەڵێــین "پــادار گیــرۆ بــێ پــێ مــاڵو وێمــانە" بــابەتێکی پــڕ بـە پێســتی ئـەم کــردەوەی ناسیونالیســتی ســتەمکارە (ڕژێـــمە)، هەروەهـــا ناسیونالیســـمی ســـتەمکار لەگەڵ قەومـــی یەهـــود، ئـایـــدیایی سوسیالیســـتی و دیموکراســی نــاحەوێتەوە بەڵام بــابەتی دیموکراســی، سوســیالیزم و بــوونی یەهــودی لـە کوردســتاندا زۆر ئاســاییە و بـە ئـەرێنــی چاویــان لێدەکرێت.

وڵاتــی ئێــران یــان بــا بڵــێم حکــومەتی ئیســلامی ئێــران لـە پێنــاو پەرەپێدانی ئایین، کولتوور و زمانی دەسەڵات هەر ساڵە میلیاردها دۆلار لـە سەرمایە و داهاتی گەلانــی ژێردەست و چەوساوە دەستی خۆیــان لـە وڵاتــانی وەک ئەفغانســتان، پاکســتان، ســوریە، لوبنــان، یەمەن، عێــراق، تاجیکســتان، هندوســتان و هتــد... خەرج دەکــات، بەپێــی پێوەنــدیە کۆنەکــان کــاردەکەن تــا زمــانی ئــۆردوو، تاجیــک، داڕی و غەیــرە بـە بەشــێک لـە زمــانی فارســی پێناســە بــکەن بەڵام بەگوێرەی پلانی درێژخایەن کوردیــان بـە ســەر کرمــانجی، ســۆرانی، بــادینی، لەکــی، لــڕی، کەڵهــوڕ، کرماشــانی و غەیــرە دابەشکردەوە، وێرای هەموو نەهامەتی و قوربەســەرییەکیش دەیانەوێت ئایــدیایی ســـتەمکارانەی وەک ناسیونالســـتی داگیرکـــاری خۆیـــان بەنـــاوی کــوردەوە تۆمــار بــکەن، پەنــدێکی کــوردی هەیـە کـە دەڵــێ "ئـەگەر دز زۆردار بێت ساحیب ماڵ دەکات بە دز" ئـەمەش ڕاستەو درۆ نییە.

ئەگەر بمانەوێت ئەم دوو وشە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە سەروبن بکەین زۆر بە ئاسانی ڕاستی و دروستی باسەکەمان دەست دەکەوێت. قەومی دەسەڵاتدار هەمووکات و ساتێک بە شێوەی جۆراوجۆر بەدوای سڕینەوەی ژێنی کولتووری و ناسنامەی نەتەوەی ژێردەستی خۆی بووە کە سادەترینیان هەوڵدانە بۆ بەشەرمی کردنی زمان و کەلەپووری نەتەوەی ژێردەست، دکتۆر صدیقە عەدالەتی لە شیکردنەوەیەکی زانستی دا دەنووسێت" ژێنی مەدەنی و کولتووری گرێدراوەیەکی شارستانی و کەلەپوورییین کە حکومەتە ستەمکارەکان پلانی لەنێو بردنیان بۆ دارێژیوە چونکە تەنیا نەتەوەیەک بە هاسان لە نێو دەچێت و ناویان لە مێژوو دەسڕێتەوە کە ژێنی مەدەنی و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لە بیر بکەن".

ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە لەم سەردەمەدا لە وڵاتی ئێراندا بە شێوەی جۆراوجۆر کاری بۆ دەکرێت، هاسانترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە گرنگی دان بە زمانی قەومی دەسەڵاتدار و بێ نرخ پیشاندانی زمانی نەتەوەکانی ژێردەستە.

بۆ نموونە لە مەڵبەندی کرماشاندا بەشەرمە پێناسە کردنی زمان و ناسنامەی نەتەوە ژێردەستەکان گەیشتووەتە ئاستێک کە منداڵی هێندێک لەو نەتەوانە بەتایبەتی منداڵی کورد بێگانە بوونەتەوە لە ئاخافتن بە زمانی زگماکی کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کارتێکردنی هەمان بەشەرم پێناسە کردنی زمانی نەتەوەی ژێردەست لە سەر بنەماڵەی ئەو منداڵانە، بەکورتی کارتێکردنەکە گەیشتووەتە ئاستێک کە هێندێک لە بابو دایکان خۆیان بە پێشکەوتوو بزانن و پێیان وابێت ئەگەر منداڵەکەیان بێ زاراوە (دیالێکت) زمانی بێگانە قسە بکات شێوە سەربەرزیەکە، بەڵام لە

ڕاستیدا ئەم تاقمە بنەمالانە بەگوێرەی هەڵسەنگاندی بەپێچەوانە (هەڵە) منداڵەکانی خۆیان ئامادەی قبوولکردنی کۆیلەیەتی کردەوە، صدیقە عەداڵەتی دەڵێت جیلێک کاتێک دەگۆڕێ بە کۆیلە کە لە زمانی زگماکی، کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی جودای بکرێتەوە، بەکورتی ئەم تاقمە بنەمالانە بەپێچەوانەی لۆژیک منداڵەکانی خۆیان دەکەن بە کۆیلە یانی هەمان شت کە مەبەستی ناسیونالیستی ستەمکارە، من لەگەڵ قەومی فارس یان هەر نەتەوەو قەومێکی دیکە نەک هەر کێشەم نییە و بڵکو زۆر ڕێزیان بۆ دادەنێم و قەومی فارسم زۆر خۆشدەوێت چونکە ڕەوشتی ئەربابیان تێدا دەبینم بەڵام ئەو مافە بەخۆم دەدەم کە لەمان و کەلەپووری نەتەوایەتیم بەشێوەی لۆژیک داکۆکی بکەم، ئەوەش بڵێم ئەگەر لە وڵاتێک ژیابام کە ژێرخانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی لە سەر ئاستی لانیکەمی دیموکراسی دامەرزابا لەوە دەچێت کە لەگەڵ هەر چەشنە باسێکی قەومی دژایەتیم کردبا.

پسپۆڕ و زانایانی نەتەوەکانی ئێرانی کە بە ڕەوشتی بەرزی فکری گەیشتوون دەبووایە لە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی ئەرێنی کە بە مافێکی نەرێنی تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەک چاوی لێدەکرێت چالاکانە هەڵسوڕانیان بوایە، مرۆڤی تێگەیشتوو و بەرهەم هێنەر لە دابین کردنی کۆمەڵگایەکی باش لە بەرژەوەندی هەمووانداا هەڵسوڕو لە پێش کاروانی گەشەیی کۆمەڵ و کۆمەڵگاوەیە، هەروەک ئەوەی کە ئێوە (نەتەوەی دەسەلاتدار) بۆخۆتان لە هەر شوێنێک کە هەن بەشێوەی زۆر هەڵسوڕ و ماندوو نەناسانە کار دەکەن بۆ هەرچی زیاتر زیندوو ڕاگرتن و پەرەپێدانی ناسنامە و کەلەپوورەکەتان و هەوڵدەدەن تا بڕیاردەر بن و بە ئەگڕخستنی هێندێک پێوەندی کۆن لە هەوڵی بە هەشتەمین کردنی زمانی فارسین لە ڕێکخراوی زانستی و پەروەدەیی یونسکۆدا.

وێــــرای چاوپۆشـــیکردن لە هەســـتی لە مێـــژینە و گڵاڵەکـــراوی ناسیونالیستی ستەمکاراو بەپێی هێندێک بنامای وەک سرووشتی ڕەوشتی زانستی و مرۆڤی دەبووایە ئیمکانی لانیکەمی ئەوەتان هەبا کە ڕێز لە مافی کەسانی دیکە بگرن تا بتوانن بەشێوەی سەردەمیانە زاڵ بن بە سەر چارەنووسی خۆیاندا. دەزانم هەر کەس یان نەتەوەیەک وێرای مافی خۆناسی پێویستە لێبڕاوانە داکۆکی لە + (+ بەواتایی ئەرێنی) بوونی خۆی بکات و مۆڵەت نەدات کەس وەک پلەکانەیەک کەڵکی لێوەرگرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی تایبەتی قەومی و ئەتنیکی خۆی، لێرەدا دەمەوێت بابەتێکی زانستی بیرتان بێنمەوە کە بریتییە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی زانستیانە، هەر وەک بۆخۆتان ئاگادارن هەرشتێک کە باس لە ڕووبەڕوو بوونەوەی بەپێچەوانە چاوەڕوانی لەبار بکات ئاکامی شکستە و نرخەکەی دەبێت بە پێکدادان لەگەڵ کۆسپ، ڕوونتر بڵێم، ئەگەر کەسێک بیەوێت کەسێکی دیکە بکات بە –لە پێناو خۆکردن بە + دا ئاکامەکەی شکستە و درەنگ یان زوو نرخەکە دەبێتە لە دەستدانی بەها ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان، چونکە لە یاسای ڕەوشتی زانستی و مرۆڤیدا هەمووشتێک بەگوێرەی ڕێز لێگرتنی دوو لایەنەیە.

گەلی کورد بەشێوەی پارچە ئاسنێکی گردی دەرهاتووە کە میکانیکێکی زۆر شارەزا بە مەبەستی تایبەت بە ماشینی تراشکاری کاری لە سەر بکات و هەرکات و سەردەم بە سانتیمەتر و میلیمەتر لە گردییەکەی هەڵکەنێ، کاتێک ئەم میلگردە گەیشتە باریکای ناتوانێت لە ئاست زەختی (فشار) ماشینەکە خۆڕاگر بێت و لە ئاکامەدا بوونی لە گەردوونەی مێژوو دەسڕێتەوە. وێرای بڕیاری ڕادەو ئاستی زۆر نزمی خوێندن بە زمانی کوردی لەم دوایانە لە زانکۆی سنەدا بەڵام دیسان دەبێت وەک هەنگاوێکی ئەرێنی لە

چوارچێوەی مافە نەرێیەنییەکانی گەلی کورددا چاو لەو بڕیارە بکەین و وەک هەنگاوێک بۆ پێشەوە هەڵسەنگاندنمان لە سەری هەبێت، بەڵام ئەو هەنگاوە زۆر کورتە ناتوانێت وڵامی داتاشینێک بداتەوە کە بە شێوەی بەردەوام و جۆراوجۆر لەگەڵ ڕەوتی مێژوو و تێژڕەوی (خێرایی) پلانی سڕینەوەی ژێنی مەدەنی و کەلەپووری کە لێرەدا وەک ماشینی گرد هەڵکەن (تراشکاری) و گردە ئاسن هاتوەتەگۆڕێ کارتێکردنی زۆر و لە باری هەبێت، لە سنە چەند کەس فێری کوردی نووسین دەبن بەڵام لە شوێنەکانی دیکە کەلەپووری نەتەوەیی و ژێنی مەدەنی هەزاران کەس دەخەنە ژێر پرسیارەوە، بۆ نموونە کرماشان، بیجار، قوروە، شاەئاباد، کرن، لڕستان، سەرپێڵی زەهاو، قەسری شیرن و هتد... ئەگەر شیکاری هەمەلایەنەو زانستیانەمان لە سەر دۆخی نەش و نما یان ڕاگرتنی لانیکەمی بەڵانسی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبێت هەنگاوی سەرەوە وەک تیکە قوماشێکە بۆ شاردنەوەی ناتەبایی نەتەوەایەتی لە ئێراندایە، لە کوردیدا بەم شێوە سیاسەتە دەڵێن "قازانج سەری دەستمایە دەخوات".
لەو ناوچانە کە ناویان لە سەرەوە هاتووە شتەکە زۆر جیاوازی هەیە و لەگەڵ ئەو هەنگاوە زۆر لاوازەی حکومەت یەک ناگرێتەوە، چونکە وێرای هەوڵ و تەقالاکان بۆ لە نێوبردنی کەلەپووری نەتەوەکەمان هەوڵدەدەن تا بەگۆڕینی ئایینی خەڵک و کردنیان بە شیعە ئایینزا هاسانتر بە ئامانج بگەن کە لێرەدا دەتوانین وەک نموونەیەکی رزەق زەخت خستنە سەر ئایینی کوردانی یارسانی باس بکەین.

لە ڕستیدا ئێمەی کوردین کە دەبێت ڕەوشتی کۆیلایەتی لە خۆمان دووربخەینەوەو بە شانازیەوە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە پێکەوە ژیانێکی سەردمیانەمانە بە سەربەرین و ئەگەر نەتوانین بە

زمانی فارسی، عەرەبی یان تورکی بێ زاراوە (دیالێکت) قسە بکەین هیچ عەیب نییە چونکە کوردین و بە کورد بوون و کوردی قسەکردنی خۆمان شانازی دەکەین، کاتێک کە بە کەلەپوور و کولتووری خۆمانەوە شانازیمان کرد ئەوکاتەیە کە بە سەر هەستی نزمی کۆیلەیی دا زاڵ بووین، لەم ڕوانگەوەیە دەبێت لەگەڵ هەڵسەنگاندی نەگونجاوی کوردانی کۆیلە ڕەوشت ماندوو نەناسانە بە شێوەی لەبار بەربەرەکانێ بکەین، بەگوێرەی ئەوەی کە ئەو بەڕێزانە لە نووسراوەکەیاندا خۆیان بە زانایان، پسپۆڕان و توێژەران ناساندبوو ڕەخنەم لە نووسراوەکەیان گرت چونکە بەپێی لۆژیک و بە بیرکردنەوە لە هەستی بەرزی مرۆڤی و زانستی مرۆڤە پێگەیشتووەکان دەکرا ئەو بەڕێزانە لە زۆر بواری کۆمەڵایەتی و زانستی دا پێشڕەوی کەسانی لە چەشنی من بن و بتوانن بەشێوەی زانستی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکەن، بەڵام بەداخەوە کە لەم قۆناخە هەستیارەی مێژوودا بەشێوەیەک لە کورد بوونی خۆیان حاشایان کرد کە بە شێوەی ئاشکرا هۆکارەکەی بۆ منی کورد ڕوون نییە، لەوە دەچێت کە ترس لە پێناسەکردنیان بە ناسیونالیسمی کورد بووبێت کە بەداخەوە ڕێگای هەلبژێراویان ڕوو لە ڕوخان و وێرانە دەڕوات!

ئادەمیزاد هەستی هەیە و هەستیش دەتوانێت ئێمە ڕوو لە هەڵە یان ئامانج بەرێت، یانی دەبێت بەشێوەیەکی زۆر لەبار لە هەست کەڵک وەرگرین، وا دەردەکەوێت لە هێندێک بواردا زۆر لە پسپۆڕان و زانایانمان هەستیان نەبێت بەڵام پسپۆڕان و زانایانێک کە لە بنیاتنانی کۆمەڵگا پێشکەوتووکاندا کارتێکردنیان هەبووە وتویانە هەموو سات و سەردەمێک دەبێت هەست لەگەڵ مرۆڤ بێت و یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی هەست ئەوەیە کە دەستنیشانی دەکات کە چ شتێک گرنگ و لە بەرژەوەندیدایە، هەروەها هەست

پاڵپشتێکە تا ڕوو لە ئاستێک بڕۆین کە هەست بە خۆشبەختی و سەرفەرازی دەروونی بکەین، لە لایەکی دیکەوە هەست هاوکارە تا پێشگیری لە بابەتێک کە بە زیانە بکرێت.

مرۆڤ پێویستی بە هەست هەیە تا پێوەندی تازە دەستەبەر بکات و هۆکارێک بێت بۆ زیندوو ڕاگرتنی پێوەندییە گرنگ و کۆنەکان، بەگوێرەیەکی دیکە هەست وەک ئامێرێکی زۆر گرنگ لەگەڵ ئێمەیە تا لە ئاستێکی بەرزدا پلاندانەر بۆ پاراستنی نەوەی داهاتوومان بین و بتوانین بە هاسانی بەسەر کۆسپ دا تێپەڕین. لایەنی دیکە ترس و دڵنیا نەبوون دەبنە هۆکار بۆ ناسینەوەی مەترسییەکان، پرسیار لێرەدا ئەوەیە داخۆ ئەو بەڕێزانە بەو هەموو زانست و توانای زانستییەوە لانیکەم هەست وەبیریانی نەهێنایەوە کە ناتەباییەک بوونی هەیە و نابێت بێ سەرنجدان و هەستکردن بەسەر مافی سرووشتی خەڵک کە پێویستی بەڕاگرتن و پێگەیاندن هەیە تێپەڕن؟

ئەگەر وەڵام ئەرێنییە داخۆ بۆ لە ناوی سرووشتی خۆیان کە وەک کەلەپوورێکی پڕ بەها لە لایەن باوباپیرانیانەوە بە شێوەی ئەمانەتێکی زۆر گرنگ بەوان گەیشتووە لە پێناو پێوەندییەکی نوێدا کە شتێک زیاتر نەبووە لە بەریقەلایەکی ژەهراوی یان نانی ڕۆژ کە مافی نەرێنی خۆیانە چاوپۆشیانکرد و بەرژەوەندی نەتەوەییان فدای بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان کرد؟

ڕەوشت و ڕەوشتی زانستی دوو خاڵی جێگای وردبوونەوەن کە لە ژیاندا پێویستیمان پێیانە، چونکە ڕەوشت و ڕەوشتی زانستی باس لە خەیر، چاکە، شەڕ و خراپە دەکەن، لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە بە سەرنجدانە ڕێسای حقوقی و ڕەوشتی بتوانین جیاوازی نێوان ڕاستی و هەڵە بناسینەوە، چونکە هێندێک بابەت و خاڵ کە بەپێی

هێندێک ڕێسای حقوقی دروستە بەگوێرەی ڕێسای ڕەوشتی هەڵەیە، مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە یاسای ڕەوشتی دەتوانێت جیاوازی نێوان شەڕ و خەیر بناسێتەوە و بەرپەرچ دانەوەی لە سەر ئاستی ئۆتۆماتیک بوونی یاسای حقوقی هەبێت، بەگشتی دەتوانین بڵێین کە یاساو یاسای ڕەوشتی پێکەوە گرێدراوەیەکی تێگەیشتنی بناخەیی و نۆرمین کە یارمەتیدەرن لە بینانەوەی ڕێگای ژیانی مرۆڤی و سەردەمی ئێمەدا، بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین وەک پێوەرێکی ستاندارد بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر ئاستی بەها کومەڵایەتی و ڕامیارییەکانی مرۆڤ چاو لە ڕەوشتی مرۆڤایەتی بکەین.

ئەگەر وتەو بۆچوونی زانایانێک کە حازر نەبوون لە پێناو وەرگرتنی هیچ خاڵ و پلەیەکدا چاوپۆشی لە ڕەوشتی زانستی خۆیان بکەن ڕاست و لەبار بێت بەشێک لە پسپۆڕ و زانایانی ئێمە کە توانی دورخستنەوەی ڕەوشتی بەپێچەوانەی بەرژەوەندی نەتەوەییان نییە دەبێت چۆن وەڵامی نەوەی داهاتووی گەلەکەیان بدەنەوە؟

لە کۆمەڵگا دواکەوتووکاندا لە زۆر بواردا درۆی تەنگانە (درۆی مسلەحەتی) لە پێناو بابەتێکی سادە و هیچوپووچ دا بەکار دەبەین کە وێرای چاوپۆشی کردن لە ئاکامە نەرێنییەکانی دوارۆژی درۆ بەو کارەی خۆمانەوە شانازی دەکەین، بەڵام تاکی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان کە بە ڕەوشتی بەرزی سیاسیی و کۆمەڵایەتی گەیشتوون دەڵێین درۆکردن هۆکاری پەشێوی، خەمۆکی دەروونی و نەخۆشی جەستەیی (فیزیکی) بەدواوەیە چونکە مرۆڤ هەردەم نیگەرانی ئەوەیە کە ڕۆژێک ڕاستی دەردەکەوێت، کەسێک کە بە ساز کردنی شانۆیەک ڕاستی دەشارێتەوە یان چەواشە دەکا خۆی لەگەڵ شێوە کێشەیەک ڕووبەڕوو دەکاتەوە کە درەنگ یان زوو

دەبێت نرخی بۆ بدات، دەتوانین بڵێین لەدەستدانی ڕێز و بڕوا بەهۆی نەوتنی ڕاستییەوە نرخی زیاترە لە وتنەکەی و باشتروایە بە وتنی ڕاستی چاوپۆشی بکەین لە نرخەکەی.

هەروەها ئەگەر تاکی دەسەڵاتدار بەو قناعەتە گەیشت کە هۆشیارانە و لە پێناو بەرژەوەندی خۆتدا بابەتەکەت گۆڕاوە لە ئاکامدا ڕاستیت وەک خۆی لێوەرناگرێت، هێندێک جار مرۆڤ ڕاستی ناڵێت چونکە لە قبوولکردنی نرخەکەی دەترسێت، بەڵام نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە نرخی چەواشەکردنی ڕاستی زۆر زیاترە لە وتنی ڕاستی، باشتروایە کە وەک ئەولەوێتی یەکەم ڕاستی بڵێین و نرخەکەی وەک ئەولەوێتی دووهەم قبووڵ بکەین کە ئاکامی نەرێنی کەمترە.

ئەگەر پێت وابێت کە کێشە یان شتێک ڕوودەدات، هەرچۆنێ بێ ڕوودات و یاری کردن بە وشە ناتوانێت سەرکەوتوو و کاریگەری هەبێت، بەڵام کاتێک کە لە ڕوانگەی ڕاستیی و دروستییەوە باس لە مەبەستی خۆت دەکەی لایەنی دیکە لە سەر ڕاستگویی تۆ حیساب دەکات و بەچاوی ئەرێنییەوە سەیرت دەکات.

پسپۆڕ و زانایانی کورد کە توانای وتنی ڕاستییەکانیان وەک خۆیان نییە و لە جێگای وشەی کوردستان دانیشتوانی خۆرئاوای وڵات (ئێران) بەکار دەبەن لاموابێت وا بزانن کە دەسەڵاتدارنی دەسەڵاتدار توانای شیکاری دروستیان نییە و نازانن کە ئەوان کوردن بەڵام لە بەر هێندێک هۆکار حاشا لە ناسنامەی نەتەوایەتی خۆیان دەکەن، داخۆ بۆ دەبێت پێگەیشتوان و عاقلمەندانی کورد بیریان لە سەر شێوەی هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتدارانی وڵات لە سەر ئەو شێوە خۆلادانە نەکردبێتەوە!

ڕان هوبارد لە کتێبی ناتەبایی کاردا دەنووسێت" کاتێک کە مرۆڤ توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی نەبێت هەوڵدەدات تا بارودۆخ ئەو کۆنترۆڵ نەکات لە ئاکامدا تەنیا لەگەڵ قۆناخێک لە کێشە لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە ڕووبەڕوو نابێتەوە بڵکو لەگەڵ بارودۆخ یان ئامراز دەکەوێتە کێشەوە، ڕوونە کاتێک کە مرۆڤ کێشەی کۆنترۆڵی بارودۆخی پەیدا کرد هاسانتر ڕوو لە کێشەی دەروونی دەکات و هێندێک کێشە بەکێشەکانی دیکە زیاد دەبێت. خۆکۆنترۆڵ کردن ناتوانێت ڕێگا چارەیەکی لەبار بێت بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەکان، ئەگەر وابوایە مرۆڤ توانای کۆنترۆڵی هەمووشتێکی پەیدا دەکردو بە خۆشحاڵییەوە دەستی دەدایە کۆنترۆڵی هەمووشتێک لە سەر زەویدا، سەردەمێک کە مرۆڤ تێدکۆشێت تا زیاتر لە شێوەی ئاسایی دەست بداتە کۆنترۆڵی ئارەزۆ و بەرژەوەندی پێویست بۆ داهاتوویی خۆی دیسان لەگەڵ هێندێک ناتەبایی دیکە ڕووبەڕوو دەبێتەوە".

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هۆکارێکی بڕیاردەری دیکە لە کۆنترۆڵ بوونی هەیە بەڵام ئەم هۆکارە خوازیاری کۆنترۆڵ نییە و وەک کۆنترۆڵ گرنگە، لە ڕاستیدا کەسێک کە بۆخۆی لە قۆناخێکی باشدا نەبووبێ و لە هەمووکەس و شتێک بەدگومانە لێوەشاوەیی کۆنترۆڵی کەسانی دیکەی نییە چونکە بۆ خۆی کێشە هێنەرە.

واباشە ئەو پرسیارە لە زانایانی کورد یان لە خۆمان بکەین و بپرسین! ئێوە کە کوردن و خۆتان بە زانا و پسپۆڕ پێناسە دەکەن دڵنیان لەوەی کە توانای کۆنترۆڵی دۆخەکەتان هەیە؟ ئەگەر وەڵام نەرێنییە (نا) کەوابوو چۆن دەتوانن وەڵامدەرەوەی گرفتی کۆنترۆڵ بن کە درەنگ یان زوو بەرۆکتان پێدەگرێت؟

خۆسانسۆری بە پێچەوانەی زانست، ڕوونتر بڵێم خۆسانۆری لە پێناو بەرژەوەندی تاکەکەسی و بە زیانی کۆمەڵ و کۆمەڵگا

کێشـەیەکە کە یـارمەتی لە بە لاڕێـدا بردنـی دۆخـی گشـتی و کـارتێکردنی نەرێنـی لە سـەر گەشـەیی کۆمەڵگـا دەبێـت، **میلـر** دەروونناسـی کـۆمەڵایەتی بە شـیکردنەوەی جۆراوجـۆر لە سـەر ئاکاری خۆسانسۆری دەڵێت" سەرچاوەی خۆسانسۆری دەگەڕێتەوە بـۆ ڕاگرتنـی پلەوپایە و ڕاکێشـانی سـەرنجی لایەنـی دیکە بـۆلای خۆی، هەروەهـا بەمەبەستی ڕازی ڕاگـرتن و پیشـاندانی ڕووخسـارە کە هەمـوو ئەمـانە پـێکەوە گرێـدراوی کۆمەڵایەتیـان هەیە کە سـەرچاوەکەیان دەگەڕێـتەوە بـۆ هێـزی پـاڵپێوەنەری مـرۆڤ". لە ڕاستیدا دەبێت بڵێین ئاڵوگۆڕ پێکردنی بۆچوون و ویستی هەمووان لە لایەن تاکەوە شتێکە کە سەرچاوەکەی لە پێنـاو چاوەڕوانی یان بـۆ قبـووڵ بـوون و وەرگیـرانە، میلـر لە ڕاپرسییەکدا بەو ئەنجامە دەگـات کە میکانیزمێـک بـوونی هەیە و سـەرچاوی ئەم کـردەوە نالەبـارە دەگێـڕێتەوە بـۆ فشـاری تـاکی و کۆمەڵایەتییەکـان کە بەداخەوە لە زۆر بـواردا کـارتێکردنی نەرێنیـان لە سـەر ئـێمە دەبێت.

**تۆربیون تیرنشوو** پرۆفێسوری تیئۆری زانستی لە زانکۆی ستوکهلمی سوێد لە سەر کوشتاری خەڵکانی وڵاتـی نـورویژ لە لایەن **بروئینک ئاندیش بهرینگ"وە"** دەڵێت "هەمووان وا بیر دەکەنەوە کە بروئیک بە تەنیـایی بەرپرسی ئەم هێرشـەیە و کەسێکی دیکە لەگەڵ ئەو نەبووە چونکە لە ڕاستیدا هیچ کەس ناتوانێت بەرپرسیاری ئەوەی کە ڕووداوە قبووڵ بکات، ڕوونتر بڵێم کە ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە، بـێ شـک ئیمکـانی ئەوە هەیە کە دوو کەس لە دۆخێکـی تایبەتـدا بەرپرسایەتی پەنجا پەنجا دابەش بکەن چونکە لە ڕاستیدا ئەم دوو کەسـە پـێکەوە کەسـی سـێهەمیان کوشـتووە، هەروەهـا ڕێکدەکەوێت کە مرۆڤێک بە تەنیـایی بەرپرسی تاوانێک بێت، لە کاتێکدا کە کەسانی دیکە دەتوانن بەشێوەیەک لە هاسانکاری ئەم

تاوانەدا بەشدار بن. لەم ڕوانگەوە ئێمە دەتوانین بە دڵنیایەوە بڵێین کە برویئیک بەرپرسی کردووەوەی خۆیەتی بەڵام دیسان دەبێت پرسیار لە خۆمان بکەین و بڵێین داخۆ کەسێکی دیکە ناتوانێت بەشێوەیەک بەرپرسایەتی هەبێت تا ڕووداوێکی وا ڕوو نەدات، لە قۆناخی یەکەمدا بیرمان بۆلای سیاسەتمەدارانی سەرەوەی وڵات دەڕوات، دەتوانین بڵێین کە کەموکوڕیەک لە سیستمی گەشەی کۆمەلایەتی وڵاتدا هەبووە کە ڕووداوی وا ڕوودەدات، داخۆ ئیمکانی ئەوە نەبوو تا بە ڕاچاوکردنی سیاسەتێکی بەپێچەوانە بەربەست بۆ کەوتنەوەی ڕووداوی وا لە داهاتووی کۆمەڵگادا دەستەبەر بکەن؟ بەڵام ئەگەر خۆسانسۆری لە خۆم دوور بخەمەوە و نەبمە خۆراکی ئایدیۆلۆژی کەسانی وەک برویئیک دەبێت کۆمەڵگا وەڵام دەرەوە بێت".

لە ڕاستیدا تاوان بێ بەشداری ڕاستەوخۆی لایەنی دووهەم ڕوویداوە بەڵام توربیون بەشێوەیەک سیاسەتی سیاسەتمەدارانی وڵات لە تاوانەکەدا بەشداری دەکات و پێیوایە کە سیاسەتێکی جیاواز کە هۆکاری گەشە کردنی زیاتری فکری کۆمەڵگای نورویژ با دەیتوانی بەربەست بۆ سەرهەڵدانی ڕووداوەکە دەستەبەر بکات، ئەگەر زۆر بە وردی قسەکانی توربیون ژێروڕوو بکەین برویئیک بە تەنیایی بەرپرس نییە بەڵکو فاکتەری دیکەی کۆمەلایەتی و ڕامیاری لە ڕووداوەکەدا بەشدارن.

ئاماژی منیش لە هێنانەوەی بۆچوونکەی توربیون ئەوەیە کە دەمەوێت بڵێم لە ئێراندا حکومەت بە تەنیا بەرپرسی هەموو کێشە کۆمەلایەتی، سیاسیی و غەیرەیی خەڵک نییە و واباشە کەموکوڕی و گرفتە تایبەتییەکان فیفتی فیفتی لە نێوان گەل و دەسەڵاتدا دابەش بکەین چونکە لە ڕاستیدا چەندە کە ڕژیم بەرپرسیارە لە

چەوسانەی خەڵکدا ئەوەندەش ئێمە (خەڵک) بۆخۆمان خۆمان دەچەوسێنینەوە، دۆستێک کتێبێکی لە سەر بابەت و ناتەبایی کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێران لە ژێر ناوی کۆمەڵناسی خۆماڵی نووسی بوو کە بەناردنی لینکی کتێبەکە ئێمەی خۆشحاڵ کردو توانیمان هێندێک بابەتی نوێ و بۆ ئێمە نەبیندراو بخوێنینەوە، ئەو بەشەی کە دەتوانم لێرەدا باسی لێوە بکەم ئەوەیە کە نووسی بووی، ئێمە مشتێک ملەتین کە وەک پێشکەوتن چاو لە خۆسانسۆری، درۆکردن، هەپە و تەڵەکە، ساختەچێتی و قوربانی کردنی بەرژەوەندی گشتی لە پێناو بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆماندا دەکەین و کاتێک کە دەسەڵاتدارێک دەبینین هەرچی بڵێ چەپڵەی بۆ لێدەدەین و زۆرکاتیش کە لە ناوبراو دورکەوتینەوە و کەسێکی نەیاری ئەو دەبینین لەگەڵ ئەویش دەست دەکەین بە جنێودان.

دەبێت بڵێم کە ئێمە توانای وتنی ڕاستیمان نییە چونکە لە سەرەتای منداڵییەوە لە سەر هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیمان بەشێوەی لەبار کار نەکراوە، لە ڕاستیدا باوک و دایکەکانی ئێمەیش بۆ خۆیان کێشەی ناسنامەیی، هەست پێکردن و کۆمەڵایەتیان هەبووە، سیستمی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانە بەگوێرەی بەرژەوەندی دەسەڵات داڕێژراوە، زانایان وتوویانە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە کە بە پێخۆش بوونی خۆی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە لە کۆمەڵگادا دەژی، ئەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییە هێندێک جار کێشەیی دروست کردەوە، لەم ڕوانگەوە پێویستیمان بە هێندێک یاسا و ڕێسای جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی هەیە تا بتوانین باشتر پێکەوە بژین، ڕەوشتی مرۆڤی بە ئێمە دەڵێت کە چ کردەوەیەک لەبارەو دەبێت بە دوایدا بڕۆین و چ کردەوەیەک خراپ و دژ بە بەها مرۆڤییەکانە و دەبێت لێی دوور کەوینەوە، بەڵام

دەبێت بڵێم بەداخەوە ئەمڕۆکە ئێمە دەبینین کاتێک کە مرۆڤێک لە پێش چاوی خەڵک لە سێدارە دەدەن بە دەیان گەنج لە گەنجانی وڵات کە خۆیان بە خوێندەوار پێناسە دەکەن بێخەیاڵ بەچواردەوری داری سێدارەکەدا خڕ دەبنەوە بۆ تەماشاکردنی مردنی مرۆڤێک و تۆو (گوڵەبەڕەژە) دەخۆن. دەبێت وەک هۆشدارێکی سەرنج ڕاکێش بۆ کۆمەڵگای ئێران چاو لەم کردەوەیە بکرێت، بەداخەوە دەبێت بڵێین کە ئێمە لە پەروەردە کردنی ستەمکارو چەوسێنەرەوەدا وێنەمان کەمە و لەم ڕوانگەوە دەڵێم ئێمە بەشێوەی جۆراوجۆر بۆ خۆمان ڕێژەی پەنجا لە سەدی تاوانەکەمان بەر دەکەوێت و تا بە ڕەوشتی بەرزی مرۆڤی نەگەین هەمووکات سەرکوت کراو وەک مرۆڤی بێ بایخ چاومان لێدەکرێت.

دووبارە دەڵێم بەداخەوە تا پسپۆڕان، زانایان و ئەستێرەکانی دیکەی کۆمەڵگاکەمان بە ڕەوشتی بەرزی زانستی نەگەن ئاگایانە یان نائاگایانە لە پێناو چەوسانەوەی خەڵک و کۆمەڵگادا یارمەتی بە ستەمکار و چەوسێنەرەوە دەدەن و ناتوانین کۆمەڵگایەکمان هەبێت کە مرۆڤ لە بەرچاوی خەڵک لە سێدارە نەدەن و گەنجانی وڵات بێکاردانەوە لە چواردەوری سیخناخ نەبن و گوڵەبەڕۆژە نەقرتێنن.

لە ڕاستیدا دەبێت ئەم پرسیارە لە هەموو پسپۆڕان و زانایانی وڵات بکەین و بپرسین بۆ پرۆژەی برسیکردن و ڕاکێشان لە وڵاتدا لەو پەڕی خۆیدایە؟ بۆچی مرۆڤەکان ناچاردەبن کە ببن بە بەسیجی یان فێری سیخوڕیکردن بن کە هەر دووکیان باس لە ڕەوشتی کۆیلەیەتی مرۆڤ دەکەن. دەبێت لە پسپۆڕ و زانایانی کورد لە کوردستاندا بەپرسین بۆچی ڕادەیەکی زۆری کورد ناچارن کە کاری

کۆڵبەری بکەن؟ ئایا ئێوە دەزانن کە ڕووکردنە کاری کۆڵبەری چ ئاکامێکی لە سەر گەشە و پێگەیاندنی کۆمەڵگا دەبێت؟

ئەم باسە پێویستی بە شیکردنەوەیەکی زۆر و هەمەلایەنە هەیە بەڵام بەداوای لێبوردن دەمەوێت لە کۆتایی ئەم بەشەدا بڵێم کە بەگوێرەی شیکردنەوەی خۆم ڕۆشنبیر یان هەر زانایەک کە بە ڕەوشتی بەرزی فکری و زانستی نەگەیشتبێت یان لانیکەمی تاریفی دروستی ڕەوشتی و هتددی ... تێدا نەبێت، بەسیجییەک کە بەگوێرەی ئایدیایی دژی مرۆڤی حازر بە جێبەجێکردنی دەستوراتی ئەربابەکانی دەبێت، مرۆڤێک کە ناتوانێت لەگەڵ پرۆژەو پلانی برسیکردن و ڕاکێشان بەربەرەکانێ بکات و مل ڕادەکێشێت بۆ کاری بەسیجی، کۆڵبەرێک کە شارەزایی لە سەر مافی ڕامیاری و هاووڵاتی خۆی نییە و بۆ مانو ژیان باری نالەباری کۆڵبەری بە شێوەی کۆڵکێشان قبووڵدەکات، هەرکامە بەجۆرێک لە دواخستنی کۆمەڵگادا کارتێکردنی ئەرێنیان هەیە. با ئەوەش زیاد بکەم و بڵێم مرۆڤی خوێندەوارو تێگەیشتوو لە ئاست جەماوەر و گۆمەڵگادا بەرپرسیارییەکی تایبەتی لە ئەستۆیە و ئەگەر بە ئەرکی زانستی خۆی هەڵنەستێتەوە و فکرو زانستی لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی لە بازاڕی ڕەشدا بفرۆشێت کەسایەتییەکی زیاتر لە کۆڵبەرێکی سیاسیی نییە.

بژی ئازادی، بۆ پێشەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیموکرات و سکولار کە ئێمەش بتوانین بە مافی نەرێنی خۆمان بگەین.

## بەرخودان لە کۆبانی و وردەشیشە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

مەبەستی من لێرەو لەم باسەدا شیکردنەوەیەکی کورتە لە سەر بەرخودان و بیرۆکەی دیکەیی نەرێنی لە ژێر ناوی وردەشیشەداو وام بەباش زانی کە کۆبانی وەک نموونەیەک لە بەرخودان لە کوردستاندا بێنمەوە.

لە کۆبانییەوە دەست پێدەکەم هەروەک هەمووان دەزانن کۆبانی شارێکە لە ڕۆژئاوای کوردستان و ماوەیەکی زۆرە کە داعش و لایەنگرانی یان نەیارانی کورد بە هەموو توانایانەوە هەوڵدەدەن تا ئەو شارۆچکەیە بخەنە نێو بازنەی دەسەڵاتی کاتی داعشەوە بەڵام خەڵکی بەشەرەف و مافناسی ئەو شارە بەبێ ئیمکانی و بەسکی برسییەوە بەربەرەکانێ دەکەن و بە دەیان و بگرە بە سەدان کەسیان شەهید بووە و مانو بوونی خۆیان لە پێناوی سەربەستی و مافی نەتەوایەتی دا قوربانی دەکەن، ئەو بەرخودان و فیداکارییە وێرای ئەوەی کە تێگەیشتوویی ئەو خەباتکارانە پیشاندەدات ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە ئەو تێکۆشەرانە وێرای بەرخودان و خۆ بەخت کردن بەمەبەستی دژایەتی لەگەڵ داگیرکاریکی لایەنگری شەڕ و هۆکاری دابڕانی مرۆڤەکان لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان بەشێوەیەکیش فاکتەرێکی دروستکردنی مێژووی دواڕۆژن، یانی فاکتەری دانانی بناخەی کۆمەڵگایەکی داپەروەر و ئازادن بۆ نەوەی داهاتوو و دواڕۆژ.

ئەمڕۆکە لە جیهانی ئێستاماندا بەتایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتوو نیوە دواکەوتوودا کە کوردستانیش بەشێکە لەو وڵاتانەیە دوو شێوە بۆچوون هەیە کە هەر دووکیان باس لە دواڕۆژ دەکات، ئایدیایەک (بیرۆکە) کە باس لە دواڕۆژێکی کورت و کاتی دەکات و قازانجی زۆرە بۆ دەسەڵات، بنەماڵە و لایەنگرانیان لەگەڵ ئەو کەسانە کە وەها بیردەکەنەوە، بەڵام زیانی زۆر دەگەیەنێت بەداهاتوو و

هەوڵــی کەســانی دیــکە بــۆ دەســتەبەر کردنـــی کۆمەڵگــایەکی پێشکەوتوو و لە بەرژەوەندی هەمووانـدا، لایەنـی دیکە یـان دژبەر ئەو بۆچـــــوونەیە کە کـــــۆمەڵ و کۆمەڵگـــــا لە ناوەنـــــدی بیرکردنەوەکەیدایە.

من هەوڵدەدەم تا لە سەر ئەو دوو شێوە بیرکردنەوە و ئاکامەکانی بەگوێرەی توانای خۆم شیکردنەوەیەکی ساکارانەم هەبێت. ئەوەش لە بیرنەکەین کە شەڕو ماڵوێرانی شتێکی زۆر خراپە و هۆکاری دواخستنی کۆمەڵگایە و بەرخودانیش تەنیا شەڕ نییە و شێوەی جۆراوجۆری هەیە، دوو شێوە شەڕ یان بەرخودان هەیە، یەکێکیان ناهەق و ئەوی دیکەیان هەقە، بەرخودانی کۆبانی شەڕو ڕاوەستانێکی زۆر بەهەق و دەبێت لە بەرژەوەندی خەڵک و داهاتوودا ئەو شەڕە بکرێت، لە ئایدیایی بەرخودانی بەهەقی وەک کۆبانی شەڕ شەڕی بۆ پێشەوە چوون و بەرەو دواوە گەڕانەوەیە، یانی یەکێک دەڵێت ئایینەکەم وەک شتێکی تایبەت بەخۆمە و دەمەوێت وێرای هەبوونی ئایین کۆمەڵگایەکم هەبێت کە لەودا هەموو کەسێک بە ئایین و بێ ئایین بتوانێت بە شێوەیەکی سەربەست و سەردەمیانە بژیت، ئەوی دیکە دەڵێت ئایین دەبێت بڕیاردەر بێت و پێشکەوتنی کۆمەڵگا و پێوەندییە نێونەتەوییەکان لە بەرژەوەندی ئاییندا نییە و کۆمەڵگایەکم دەوێت کە ئایینێک زاڵ بێت بە سەر ئایین و بۆچوونەکانی دیکەی خەڵک و هتددا...، لە ئاکامی ئەم دوو شێوە بیرکردنەوەیە پێکدادانێک دروست دەبێت کە ناوەندی پێکدادانەکە باس لە چارەنووس و دواڕۆژی خەڵک و کۆمەلگا دەکات. جا من لێرەدا باس لە داعش (حکوومەتی بەناو ئیسلامی عێراق و شام) کە دەبێت وەک داگیرکاریش پێناسە کرێت ناهێنمەگۆڕێ چونکە ئامانجی من بەرخودان و وردەشیشەیە و باسکردن لە چۆنیەتی بیرکردنەوەی داعش دێڵمەوە بۆ خوێنەر و دەگەرێمەوە سەر عەقڵیەتی بەرخودانی بەهەق.

ئەگەر لە ڕوانگەی منەوە باسی بەرخودان لە کوردستاندا بکەین ئایدیایی بەرخودان بۆ پێشکەوتن و دابین کردنی مافی نەتەوەیی و مرۆڤییە بەشێوەی سەردەمیانە، یانی ئامانج بنیات نانی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرە بۆ هەمووکەس کە لە بەردەوامی ڕەوتی گەشەی مێژوودا دەبێت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشە بکات تا بتوانێت وەڵامی پێداویستییەکانی سەردەم و گەشەی بیرو هزری مرۆڤەکان بداتەوە، بەکورتی لەو بەرخودانەیی کە لە مێشک و بۆچوونی مندایە مافە نەرێنییەکانی (مەنفی) مرۆڤ وەک مافێکی سرووشتی تاک ڕێزی خۆی هەیە و دەبێت هەوڵ بدرێت کە مافە ئەرێنییەکان (موسبت) بەگوێرە ڕەوتی گەشەی مێژوو زیاد و زیاتر بکرێت تا بتوانێت وەڵامی زۆربەی پێداویستییە گرنگ و سەرەکییەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵگا بداتەوە.

ئایدیا و بۆچوونی جۆراجۆر لە سەر کۆمەلگایەکی باش هەیە، هێندێک بۆچوون دەڵێن کۆمەڵگایەکی باش ئەوەیە کە ئاستی بێکاری زۆر لە خوار بێت، چاودێری نەخۆشی (تیمارکاری) لەو پەری خۆیدا بێت، ژێرخانی وڵات لە سەر ئاستێکی بەرزی پەروەردە و فێرکردن بۆ هەمووان دانرێت، بەشداری هەراوی کۆمەڵانی خەڵک لە ئاست چارەنووسی خۆیان لە کۆمەڵگا لە پێناو ئازادی تاکەکەسی دا، هەروەها زۆر لە خواربوونی تاوانکاری لە کۆمەڵگادا و هتد....
کورتەی هێندێک بۆچوونی دیکە دەبێت بە، ئابوورییەکی زۆر باشی لیبراڵیزمی، خۆ ویستیی نەتەوەیی، سامانداني نەتەوەیی (چاکسازی نەتەوەیی)، بڕیاردان بەگوێرەی لۆژیک و تێگەیشتنی باش، مافی ئافرەتان، کۆمەڵگایەکی فرە کولتووری، سیاسەتیکی چەپی، بناخەی بڕیارەکان لە سەر ڕاستی هەستیاریی و گۆڕینەوەی بیروڕایە و هتد...

زۆر بیرۆکە دەڵێن بناخەی کۆمەڵگایەکی (وڵات) باش لە سەر خۆشەویستی، هاوڕایی، وەفاداری و هاوکارییەکی بەهێز کۆمەڵانی خەڵک دادەنرێت بەڵام کۆمەڵگایەکی خراپ یان بەپێچەوانە ئەوەیە کە لە سەر ئاستی مەیلی نەخۆشی دەروونی هێندێک خەڵک و قابلیەتی ئەوان، یان لە سەر خۆویستی، خۆ بەزلزانی و هەستی بەدخوازی (دژی مرۆڤایەتی) ئەوان بناخە بنرێت!

بۆ ئەوەی زیاتر لە نێوەڕۆکی بیروبۆچوونەکان چێژ وەرگریت پێشنیاردەکەم کە بابەتی سەرەتا بە ناوی دیموکراسی وردتر بیخوێنیتەوە.
هەموو ئایدیاکان لە کۆتایی دا لە سەر یەک خاڵ ڕێکدەکەون و پێیانوایە کە وێرای بوونی ڕەفا (خۆشگوزەرانی) و ئاسایش لە کۆمەڵگادا، ئاوی خواردنەوەی خاوێن، زکی پڕ لە خواردن و پۆشاکی گەرم لەگەڵ سەرپەنایەک وەک مافێکی نەرێنی بۆ هەمووان زۆر گرنگە، بەڵام لە هەمووشتێک گرنگتر رەفای دەروونی و سەرنج و خۆشەویستی مرۆڤەکانە بۆ یەکتر کە زۆر جێگای سەرنج و بە پێویست چاوی لێدەکەن!
جارێکیان بۆچوونی یەکێک لە ئەندامانی بەرزی حیزبی کریس دیموکراتەکانی سوێد **پێتر کۆلگرێنم** خوێندەوە کە باسی لە کۆمەڵگای سوێد دەکرد، پێتر وتبووی "خۆشحاڵم کە لە ئەوروپادا یان لە وڵاتێکی وەک سوێددا دەژیم چونکە ژێرخانی کۆمەڵگاکە لە سەر بناخەی زۆر لە بەها لۆژیکییەکان و باوەڕ دانراوە و خەڵک هەمووکات هەوڵدەدەن تا دووربن لە قۆڵبڕی، ساختەکار و تێدەکۆشن بۆ کۆمەڵگایەکی باش و باشتر، هەروەها ئەو کۆمەڵگایە کە منی لێدەژێ وێرای ئەوەی کە بەردەوام هەوڵدەدەین تا تاوانباری نەمێنێت بەڵام لە هەمان حاڵدا هەولمان ئەوەیە کە کەمترین کەس سزا بدرێت بۆ ئەوەی بێتاوانێک سزا نەدرێت".

ئەو بەشە لە قسەكانی پێتر لە سەر كۆمەڵگایەكی باش كە بۆ من جێگای سەرنجە ئەوەیە كە نووسیویەتی" گەورەترین خاڵ ئەوەیە كە خەڵكانێك هەن كە یەكتریان بۆ جێگای سەرنج و گرنگە و حازرن لە سەر بناخەی مرۆڤدۆستی هەڵوێستی باش و بە نرخ لە بەرژەوەندی یەكترو كۆمەڵگادا بگرن و ئەمە هەستێكی زۆر گەورە و دەڵخۆشكەرە، بەڵام لەمە گرنگتر ئەوەیە كە ئەم خەڵكە كە هەستیكی وایان هەیە تەنیا نین و ٨٠ لە سەدی مرۆڤەكانی سەرەوەی ١٨ ساڵ لە سوێددا لانیكەم ئەندامن لە كۆمەڵەیەكدا (سەندیكا) و نیوەشیان بە شێوەی خۆبەخشانە لە كۆمەڵەیەكی ئایدیالی (نابازرگانی) و فەرهنگی دا كاردەكەن كە هەموو ئەمانە پێكەوە هێندێك لەو هۆكارانەن كە وڵاتی سوێد وڵاتێكی باش بێت بۆ جێگای ژیان".

بەكورتی وێرای شی كردنەوەكەم لە سەر كۆمەلگایەكی لەبار و باش لە ڕوانگەی خۆمەوە ئامانج لە بەرخودان یان شۆڕشی كوردان لە پراكتیكدا دانانی بەردی بناخەی وڵاتێكی دادپەروەرە بۆ هەموو مرۆڤەكانە بێ جیاواز ئایین، ڕادەی سەروەت وسامان، ڕەگەز و دەسەڵات، یانی كۆمەڵگایەك كە بناخەكەی لە سەر ئاسوودەیی و ئازادی هەمەلایەنە بێت.

كاتێك باس لە بەرخودان دەكەین ئەوە بەو مانایە نییە كە هەموو تاكەكانی ڕیزی خەباتی ڕزگاریخوازی كوردستان شۆڕشگێر و شۆڕشگێرانە بیر دەكەنەوە، لە ڕیزی شۆڕشدا مرۆڤی جۆراوجۆر بوونی هەیە بەڵام بەخۆشییەوە ڕادەی ئەو كەسانە كە بەهەست و ویستی تایبەتی دیكەوە خۆیان خزاندووەتە نێو ڕیزی خەباتكارانەوە زۆر كەمن.

**كارڵ گۆستاویوونگ** دەروونناسی بەناوبانگ ئاكاری مرۆڤەكان بە دوو دەستە دابەش دەكات" مرۆڤی ڕەووشت بەرز و مرۆڤی ڕەووشت

نزم" و منیش لە بەشی سەرەوەی ئەم باسەدا بە هێنانەوەی فاکتەر و بۆچوون لە سەر بیر کردنەوەی کەسانی تێگەیشتوو لە سەر کۆمەڵگایەکی باش هەوڵمداوە تا لە ڕوانگەی واقعبینانەوە پێوەندییەک لە نێوان بەرخودان و بۆچوونەکان لە سەر کۆمەڵگایەکی باش و دانیشتوانی دابین بکەم و ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئەو کەسانە کە بۆ وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕی لەبار و بەقازانجی خەڵک خۆیان فیدا دەکەن زۆربەیان مرۆڤی تێگەیشتوو و پێگەیشتوون و لەباری دەروونی و فکریەوە سەربەخۆن و لەو کەسانەن کە بە ڕەوشتی بەرزی مرۆڤایەتی گەیشتوون هەر بۆیە ناتوانن لە ئاست خەڵک و کۆمەڵگا بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستنەوە.
ژنان و کچا (ئافرەتان) یان گەلی کورد بەتێکڕا لە کۆبانی لە ساڵەکانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ز دا بە بەرخودانی خۆیان مێژوویان دروستکردو هۆکاری سەربەرزی و پێناسەکردنی نەتەوکەیان بوون بەڵام با بزانین دەستەی دووهەم کە بە وردەشیشە پیناسە دەکرێن چین و چۆن بیردەکەنەوە و بۆچی وا بیردەکەنە یان دەیانەوێت چ بۆ خۆیان و ژینگەکەیان بەدیاری بێنن!
هەستی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کەمتر نییە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و کوڕان و کچانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتدا لە باری نەتەوایەتییەوە جێگای ڕێز و حورمەتن بەڵام بەداخەوە کە هێندێک ئاستەنگ و بیرۆکە و کۆسپیان لە سەر ڕێگای خەباتی هەمەلایەنەیی ئەوان داناوە و واباشە بۆ دەرباز بوون و ڕامالینی کۆسپ تا درەنگ نەبووە بەخۆدا بێنەوە.
گەورەترین ئاستەنگ ڕژیمە کە هەوڵدەدات تا کۆمەڵگایەکی بەپێچەوانەی کۆمەڵگایەکی باش لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتی تاریک و ڕەشدا دابین بکات بەڵام من لێردا بە مەبەستی کورت کردنەوەی بابەتەکە چاوپۆشی لە کردەوەکانی ڕژیمی ئاخوندەکان دەکەم و تیشک دەخەمە سەر هێندێک ئاستەنگی دروستکراو لە

کوردستاندا، یانی ئەگەر ئێمە وەک کورد بتوانین ماڵی خۆمان قایم بکەین کەسانی دەرەکی ناتوانن کارتێکردنی زۆریان لە سەر ئێمەوە هەبێت.
لە ڕوانگەی زانستییەوە شیشە ماددەیەکە کە دەتوانێت زۆر زیان بە ژینگە بگەیەنێت چونکە پارچە شیشەیەک دەتوانێت تا یەک میلیون ساڵ لە ژینگەدا بمێنێتەوە و هۆکارێک بێت بۆ زیان گەیاندن بە ژینگە، لەم ڕوانگەوە ئەو مرۆڤانە کە وەک کۆسپ لە ئاست خەباتی نەتەوایەتی و ئازادیخوازیدا بەشوەیەکی نەرێنی دەردەکەون دەبێت وەک وردەشیشە (شیشەی شکاو) چاویان لێ بکەین، بێشک بۆ پاراستنی ژینگە مرۆڤ پێویستی بە ژینگە پارێزی وەک خەڵکی کۆبانی هەیە.
جێی داخە ئەمڕۆکە زۆر فاکتەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا (ئێران) دەستیان لە ناو دەستی یەک ناوە و بوونەتە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی بۆچوون و ئاکار و ئایدیایی جۆراوجۆری نەرێنی کە من لێرەدا ئەو مرۆڤانە وەک ئاستەنگێک دەبینم و پێموایە ئەگەر هۆکارەکانی ئاڵوگۆڕی ئەرێنی (باش) دەستەبەر نەبێت زۆر زیان بەخش تر دەبن بۆ کۆمەڵ و کۆمەڵگا و ژینگەو نیشتمانەکەمان نەخۆش تر دەکەن.
ئەم وردەشیشانە بریتین لە یەکەم ئەو کوردانە کە بۆ ڕژیم سیخوڕی دەکەن، دووهەم ئەو کەسانە کە لە ڕاوی سەرمایە کۆکردنەوەو بەرژەوەندی تایبەتیدان و حازرن هەمووشتێک فیدای بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بکەن، سێهەم ئەو کەسانەن کە چەکیان دژی ئازادی و کۆمەڵگایەکی باش هەڵگرتووە.
بە دڵنیایەوە بەشی زۆرینەی سیخوڕەکان لە باری کەسایەتییەوە مرۆڤی ڕەوشت نزم و کەسایەتی خۆیان لە ئازاردان و سەرکوتی خەڵکدا دەبیننەوە و هەمووکات هەوڵدەدەن کە زۆرترین کەس تاوانبار بکەن و سزا بدرێن و پێیانوایە بەو شێوەیە کەسایەتیان

لای ئاغاکانیان دەڕواتە سەر و ئاستی فکری زۆربەیان لە خوارە و ئەم لە خوار بوونەیی ئاستی بیرکردنەوەیە کە وا لەوان دەکات تا سیخوڕی لە سەر هاوولاتی بێدەسەلات بکەن و هۆکارێک بن بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی نەخۆش و ...
لە کۆمەڵگایەکی بەپێچەوانەی باش هێندێک ئایدیایی دژ بە بەها کۆمەلایەتییەکان سەرهەڵدەدات کە دەبێت بڵێین بەداخەوە ئەمرۆکە لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا هێندێک کەس پەیدابوونە کە ئەگەر باسی کورد و بەرخودان یان ئاڵوگۆڕ بکەیت دەڵێن کاکە باسی چ دەکەیت شۆڕشی چی و کوردایەتی چی و هەمووشتێک دەکەن بە قوربانی پارە و پوڵ. ئەم تاقمە مرۆڤانە بە خانووی چەند نەهۆمی و فکریەتی کۆکردنەوەی پارە بە هەر قیمەتێک ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندی دەسەلاتدان و لەگەڵ دابین کردنی بناخەی کۆمەڵگایەکی باش دژایەتی دەکەن و حازر نابن خۆیان لە هیچ بابەتێکی ڕامیاری (سیاسیی) و نەتەوەیی بدەن و بە ناردنی سیگنالی ڕەنگاوڕەنگ بۆ دەسەلات پێیانوایە بەرژەوەندی ئابووری خۆیان دەپارێزن و بە بلاو کردنەوەی هەستی خۆ بەزلزانی و لە خۆبایی بوون بە ئابوورییەوە کارتێکردنی نەرێنییان لە سەر ئاستی دەروونی خەڵک لە کۆمەڵگادا دەبێ، بەخۆشییەوە ئەم تاقمە نامرۆڤانە ژمارەیان زۆر نییە بەلام بەداخەوە کارتێکردنی نەرێنییان زۆرە و دەڵێن ئێمە بە پارە و ئیمکانات داهاتوو بۆ منداڵەکانمان دەستەبەر دەکەین و خەڵک چیان بەسەر دێت بۆ ئێمە گرنگ نییە. لە ڕاستیدا کەس دژی کۆکردنەوەی سەرمایە نییە و سەرمایە و سامان کارتێکردنی ئەرێنی خۆی هەیە و بە یەکێک لە مافە نەرێنییەکانی تاک پێناسە دەکرێت و هەموو ڕژیمەکان ئەو مافە بە ئەندامانی کۆمەڵگا دەدەن و کاپیتالی تایبەتی پارێزراوە بەلام ئەو چەشنە مرۆڤانە چونکە لە باری فکریەوە کەموکوڕیان هەیە بەپێچەوانە بیر دەکەنەوە و بە هێندێک ڕەفتار و کردار

داهــاتوو لـه پێنــاو پاراســتنی پــاره و ســاماندا فیــدا دەکەن کە لە ڕوانگەی منەوە ئەم قوربانیدانە تاوانێکی گەورەیە. تۆ بە گوێرەی فکری نەخۆشی خۆت پێتوایە داهاتوو بۆ منداڵەکانت دابین دەکەیت، باشە زۆرینەی خەڵک ئەو ئیمکاناتەیان نییە دەبێت چ بکەن؟
ئەم تاقمە مرۆڤانە دژی دروست بوونی ئاڵوگۆڕن چونکە پێیانوایە لە قۆناخێ گواستنەوەی دەسەڵاتدا بۆ ماوەیەک داهات و دەسکەوتی ئابووری ئەوان دادەبەزێ و دێتە خوارەوە.
**پرۆفێسـۆر هــارون نەهیـا** مامۆسـتای زانکـۆ لە سـەر کـارتێکردنی مەسەڵەی ئابووری لە سەر دەروونی مرۆڤەکان دەڵێت" ئێمەی مرۆڤ هەرکات بەدوای داهاتدا دەگەڕێن چونکە پلە و پایەی خۆمان لە دراودا دەبینینەوە و هەمووکات لە فکری داهات و دەستکەوتی زیاتر لە خەڵکانی چواردەوری خۆمانین و خەڵک دەکەین بە ئیدیال (نموونە) بۆ خۆمان و دەمانەوێت بەوانە بگەین کە سەرمایەدارترن، ئەم شێوە بیرکردنەوە وا لە ئێمە دەکات کە بە شێوەی جۆراوجۆر لە شکاری پارە کۆکردنەوەی زیاتردا بین، یانی حازرین لە پێناو پارەدا تاوانی گەورەش ئەنجام بدەین".
ئەم تـاقمە دەوڵەمەنـدە تـازە پێگەیشـتوانە یـان ئەو مرۆڤـانە کە بەپێچەوانە بیر لە پارە (پوول) دەکەنەوە وێرای تاوان دژی کۆمەڵ و کۆمەڵگا، دژی منداڵ و نەوەی داهاتووی خۆشیان تاوان دەکەن، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی زانایان منداڵ تا تەمەنی ٧ ساڵەیی هەفتا لەسەدی ئەو زانیاریانە کە لە ژیانی گەورە ساڵی دا پێویستی پێیە تی لەماڵ دا لەنێو بنەماڵەکەیدا فێریان دەبێت و لە سەردەمی گەورەیی دا بەکاریان دێنێت، یانی زۆربەی منداڵانی ئەم تاقمە مرۆڤانە هێزی بڕوا بەهاووڵاتی و گرێدراویی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیان زۆر لاواز دەبێت.
ئەگەر ئەمڕۆکە ڕادەی دانیشتوانی ئێران ٧٥ میلیون کەسە تۆ دەتوانی داهاتوو بە پارە بۆ منداڵەکانت کە دەبنە میراتگرت دابین

بکەی ئەی ئەگەر بۆچوونەکەی ئایەتولا عەلی خامنەیی سەرکەوت و ڕادەی دانیشتوانی ئێران گەیشتە ٣٠٠ میلیون نفووس ڕەشوڕوت ئەوکات چەند کەس دەتوانن بۆخۆیان داهاتوو بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن؟

دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە هەرکام لەو کچ و کوڕانە کە لە ڕیزی خەباتی ئازادیخوازیدا لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بەرینەدا بەڕاستی و لە پێناو دادمەندیی گشتی دا بەرخودان دەکەن ڕێز و حورمەت و تێگەیشتوویی هەزاران پیاوی پوڵداری وەک ئەو چەشنە مرۆڤانەیان هەیە چونکە ئەوانە بە ڕەوشتی بەرزی خۆیان دەیانەوێت بەردی بناخەی کۆمەڵگایەکی باش بنیاد بنێن تا منداڵی هەمووان داهاتوویان هەبێت.

ئەو تاقمە دەوڵەمەندانە یان ئەو کەسانە کە کەسایەتی مرۆڤەکان لە سەروەت و ساماندا دەبیننەوە یان هەستی لوت بەرزی لەڕادەبەردریان تێدایە هۆکاری هاتنە خوارەوەی ڕەفای دەروونی و هەستی خۆشەویستی مرۆڤەکانەن بۆ یەکتر و لەو چەشنە مرۆڤانەن کە دەڵێن ئێمە هەین و بەڵام تۆ کە سەرمایەدار نیت بوونت نییە.

ئەگەر بابەتی مرۆڤ، کۆسپ و ئامانجت چاو لێکردبێت باس لە چوار شێوەی بیرکردنەوە لە مرۆڤدا هاتووەتە گۆڕێ، بەڵام چونکە مەبەستی باس لە خۆبەزلزانینی بەپێچەوانەی ڕەوشتە تەنیا باس لەو تاقمە مرۆڤە دووپات دەکەمەوە کە دەڵێین من هەم بەڵام تۆ نیت، ئەم تاقمە هێندێک تایبەتمەندی خۆیان هەیە کە پێویستە لە قۆناخە جیاوازەکاندا سەرنجی بەدەرێتە شێوەی بیرکردنەوە و ئاستی فکری ئەوان لە سەردەمە جیاوازەکاندا، چونکە ئاستی کار زۆر کارتێکردنی بەپێچەوانە دەداتە دەست. "تێبینی نابێت ئەوە لە بیربکەین کە جیاوازیەک لە نێوان باوەڕ بەخۆبوون و خۆبەزلزانی دا هەیە"، مرۆڤ دەبێت باوەڕی بەخۆیی هەبێت بەڵام

کاتێک کە خۆی بە زل و لوت بەرز دەزانێت دەبێت لە سەر هۆکاری خۆبەزلزانیەکەی و ئاکامەکانی لێکۆڵینەوە بکەین، زۆربەی ڕوانگەکان خۆبەزلزانی کە لە ئاستی خۆباوەڕی تێدەپەڕێت بە شێوە نەخۆشییەک پێناسە دەکەن و...

ئەو چەشنە مرۆڤە کە مەبەستی باسەکەی منە ئەوانەن کە بە شێوەی جۆراوجۆر خۆیان بە + (سەرەوەی خۆباوەڕی، سەرەوەی بوون) دەزانن و خەڵکانی دیکە کە بەشێوەی هەمەڕەنگ لەگەڵ ئەوان جیاوازن بە – (خوارەوەی سفر) دەزانن، بەم تاقمە مرۆڤە دەڵێن" دەیبەمەوە – بیدۆڕێنە" بەکورتی لایەنی خاس وخراپی ئەم تاقمە مرۆڤانە بریتیە لە: هەمیشە هەوڵدەدەن تا خۆیان براوە و لایەنی دیکە دۆڕاو بێت، تەنیا بیروبۆچوونی خۆیان بۆوان جێگای ڕێز و قبووڵە. دەتوانن بەرهەم هێنەر بن بەڵام زۆر جار ئەوەی کە دەیخوولقێنن بۆ خۆشیان لە نێوی دەبەن و هەستی تۆڵە سەندنەوەیان بەهێزە، ئەوەی کە مرۆڤ بێ کەموکوڕیی نییە و ئەوانیش کەموکوڕیان هەیە قبووڵ ناکەن و بەبیستنی وشەیەکی وەها لە دەروونەوە ئاڵۆز دەبن...

بەکورتی من زۆر هەوڵم دا کە بزانم چۆنیەتی شێوەی بیرکردنەوەی خۆبەزلزانانی پارە پەرەست چەندە لایەنگری هەیە؟ بەڵام بەخۆشییەوە نەمتوانی هیچ بۆچوونێکی ئەرێنی پەیدا بکەم و هەموو باسەکان دژی ئەو شێوە بیرکردنەوە بوون.

تاقمی سێهەم: گەلی کورد گەلێکی داماو و لێقۆماوە و زۆرکەس بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە ناچار بووە کە لە پراکتیکدا وا پیشان بدات کە لەگەڵ دەسەڵاتدارە و دژی نەتەوەکەیەتی بەڵام ئەم لەگەڵ کەوتوانە (چەکدار) دوو تاقمن کە هەرکامە بەشێوەیەک خزمەت بە سەرکوتی ئازادی دەکەن و بە پێی بۆچوونی من دەبێت ئەو چەکدارانەیی ڕژیم دوو ناویان بۆ دانێین تاقمێک جاش و تاقمێک

چەکدار، جاشەکان ئەوانەن کە بەشێوەی جۆراوجۆر وەک مرۆڤی ڕەوشت نزم و بەرژەوەندیخواز خۆیان فرۆشتووە و بوون بە جاش و نەتەوە و مافی مرۆڤ و باس لە کۆمەڵگایەکی باش بۆ ئەوان شتێکی بێ نێوەڕۆکە، بەکورتی جاش کەسێکە کە حسابی خۆی لەگەڵ کۆمەڵ و کۆمەڵگا یەکلا کردووەتەوە و لە باتی دژایەتی لەگەڵ هەوڵ و تەقالایی خەڵکانی دیکە بۆ دانانی بەردی بناخەی کۆمەڵگایەکی باش پارە لەگەڵ ڕەحمەتی ڕەش لە ئەربابەکەی وەردەگرێت. بەڵام چەکدارەکان ئەوانەن کە لە ڕووی ناچارییەوە بەشێوەی فیزیکی لەگەڵ ڕژیم کەوتوون، ئەم تاقمەیان وێرای ئەوەی کە لە ڕووی دەروونییەوە کارتێکردنی نەرنییان لە سەر کۆمەڵگا هەیە بەڵام دەتوانن لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵ بدەن کە ڕیزی خۆیان لە ڕیزی ئەو جاشانە کە تاوانیان کردەوە و لە داهاتووی خۆیان دڵنیا نین و هەمووکات هەوڵدەدەن تا لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا باری ئاسایی کێشەکە تێک بدەن خۆ جودا بکەنەوە، بەکورتی دەبێت بتوانن پیشانی بدەن کە دژی دواڕۆژێکی باش نین، هەروەک هەمووان ئاگادارن مرۆڤ لێوەشاوەیی هەڵەی هەیە و هەڵە دەکات و بەڵام مرۆڤی تێگەیشتوو کاتێک کە زانی هەڵەی کردووە سنوور بۆ هەڵەکەی خۆی دادەنێت و ناهێڵێت لە قۆناخی ئاسایی ناتەبایی تێپەڕێت و ببێت بە تاوان. بەگوێرەی بۆچوونی من لە سەر خەباتی ڕزگاریخوازی یان باشتروایە بڵێین لە یاسای بەرخودەراندا وێرای ئەوەی کە هەوڵدەدرێت تا تاوانکار و تاوانباری کەم بێتەوە بڕیار وایە کە هەمووکات هەوڵبدەرێت کە کەمترین کەسیش سزا بدرێت بەدڵنیایەوە ئێوەش ئەو دەرەتانەتان هەیە کە پیشانی بدەن کە مرۆڤی ڕەوشت نزم نین و دەتوانن ئەو مەودایە کە لە ڕەووتی مێژوودا پێکهاتووە قەرەبوو بکەنەوە و هەموو دەست لە نێو دەستی یەک پێکەوە بۆ تێپەڕین بە سەرکۆسپ دا وەک

پێویستییەک ڕوو لە ئامانج کە دانانی بەردی بناخەی کۆمەڵگایەکی باشە هەنگاو هەڵگرن و...

هەر هەمووی ئەمانە بەشێوە و ڕادەیەک خزمەت بە دەسەڵاتێک دەکەن کە دەیەوێت وڵات و کۆمەڵگایەک بناخە دانێت بە پێچەوانەی وڵاتێکی باش و هەوڵدەدات کە تاوان زۆر بێت و زۆرترین کەسیش سزا بدرێت و کەمترین کەس بێتاوان بناسرێت و ئەگەر بڵێت بێتاوان بوو دەڵێن کێشەیەک نییە خودا لە ڕۆژی قاڵوبەڵایی پاداشتی دەداتەوە، یان لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا بە شتێک بەناوی دییە دەست بە سەر تاوانەکەیاندا دەکێشن.
هەروەک پێشتر خوێندتانەوە بناخەی کۆمەڵگایەکی (وڵات) باش لە سەر ئاستی خۆشەویستی، هاوڕایی، وەفاداری و هاوکاریەکی بەهێز دروست دەبێت بەڵام ئێوە ئەی خوێنەرانی بەڕێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوخۆی وڵات بۆ خۆتان قازی بن و بڕیار بدەن، داخۆ ئەمڕۆکە لە کۆمەڵگای ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی ئەو بنەمانە کە بۆ کۆمەڵگایەکی باش پێویستە دەست دەکەوێت؟ ئەگەر وەڵام بەپێچەوانەیە کە واتە دەبێت سیستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکە باری ئاسایی خۆی لە دەست دابێت!
واباشە ئەوە لە بیر نەکەین کە مرۆڤ گیانلەبەرێکە کە لە پێناو بەهای کۆمەڵایەتییەکان و بە ئارەزوی خۆی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە دەژی، ئەم پێکەوە ژیانە یان ئەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییە بێ کێشە نەبووە و نابێت بەڵام ڕێسای ڕەوشتی مرۆڤی بە ئێمە دەڵێت کە کام کردار و ڕەفتار باشن و دەبێت هەوڵی بۆ بدەین یان کام بار بەپێچەوانەی ڕەوشتە و دەبێت دووری لێ بکەین.
هەمووکات و سەردەمێک بەها غەیرە ڕەوشتییەکان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بوونیان هەبووە و نابێت چاوەڕوان بین کە بنبڕیش بێت بەڵام هەمووکات بەها غەیرە ڕەوشتییەکان لە ژێر گوشاری

بەها ڕەوشتییەکاندا کۆنترۆڵ کراوە و لە پلەیەکی نزمدا ڕاگیراوە و نەیتوانیووە وەک نەخۆشییەک کۆمەل و کۆمەڵگا لەگەڵ مەترسی ڕووبەڕوو بکاتەوە و ببێتە هۆکاری ئازاردان و هێنانە خوارەوەی پرێستیژ و ڕەفای دەروونی مرۆڤەکان.

بەکورتی و لە ڕوانگەی خۆمەوە دەمەوێت بڵێم کە کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تێکڕا بە تایبەتی کچان و کوڕانی تێگەیشتوو و ڕەوشت بەرزی نەتەوەکەمان ئەمڕۆکە لەو پارچەی کوردستاندا میراتگری ئەم شیکردنەوەی منن و ئەوانن کە دەتوانن بە هەڵاوەسینەوە و بە هێزکردنی بەها ڕەوشتییەکان ئاڵوگۆڕی ئەرێنی پێکبێنن و هۆکارەکانی بناخەدانانی کۆمەڵگایەکی باش بۆ جیلی (نەوە) داهاتوو دابین بکەن.
بەداخەوە ئێمەیان وا ڕا هێناوە کە زۆر جار بڵێین جا من چیم لە دەست دێت و دەتوانم چی بکەم، بەڵام بەپێچەوانە تۆ دەتوانی زۆر کارێک بکەی، یانی ئەگەر هەستی من ناتوانم و تۆ هەوڵ بدە یان نەمن هیچم لە دەست دێت نە تۆ لە خۆمان دورخەینەوە و باوەڕ و لێبوردوویمان هەبێت و بڵێین من هەم و تۆش هەیت، کاتێک کە وەها بیرمانکردەوە یانی من + تۆ = ئێمە، کاتێک کە بووین بە ئێمە یانی بووین بەهێز، کاتێک کە بووین بە هێزێکی گەلی یانی ئاڵوگۆڕمان پێکهێناوە و ئەو سەردەمەیە کە وردەشیشەکان یەک ڕۆژە دەبنە ژینگەپارێز و ئێوەش لەو ڕوانگەوە کە هەڵە و گەشەیی فکری مافی هەموو تاکێکە ڕێز بۆ مافی شارۆمەندی و مرۆڤایەتی ئەوان دادەنێن و شانازی خوڵقانی مێژووی دانانی بەردی بناخەی کۆمەڵگایەکی باش بۆ هەمووان تۆمار دەکەن و...
بە پێی شیکردنەوە بەرخودان یان خەباتی نەتەوەکەمان لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا لە پێناو ئازادی، مافی نەتەوایەتی و دابین کردنی کۆمەڵگایەکی باش بۆ هەموانە، هەروەک لە سەرەوە

باسمکرد هێندێک بۆچوون یان هەڵسوکەوت لە بەرژەوەندی کۆمەڵ و کۆمەڵگادا نییە، بەڵام کورد لەم کاتەدا کە من وەک سەردەمی کێشەی داعش "حکومەتی بەناو ئیسلامی عێراق و شام" چاوی لێدەکەم کێشەیەکی دیکە بە کێشەکانی نەتەوەکەمان زیاد بووە کە بە شێوەی بۆچوونی جیاواز لە سەر ئیسلام خۆی پیشاندەدات و کارتێکردنی نەرێنی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، نەتەوەیی و تەنانەت ئایینی بۆ کورد بەدواوەیە، ئەم سەر هەڵدانە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بە شێوەی جۆراوجۆر بوونی هەیە بەڵام من لێرەدا سەرنجی خۆم دەدەمە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت جوانڕۆ و کێشە و بۆچوونی سەلەفییەتی جیهادی لەو مەڵبەندەدا.

جوانڕۆ و سەلەفییەت؟

لە ساڵی ٢٠١٤ ( ١٣٩٣) لە لایەن تەلەفزیۆنی نەورۆزەوە بانگهێشت کرام بۆ ئەنجام دانی وتوویژێک لە پێوەندی لەگەڵ سەلەفییەکانی جوانڕۆ، وێرای سوپاس و ڕێزی زۆر بۆ نەورۆز تێ وێ بەڵام کەمی کات فاکتەرێک بوو تا نەتوانم قسەکانم لەو ماوەیەدا خڕبکەمەوە و شیکاریی زۆر تۆکمە و هەمەلایەنەم بەو شێوەیە کە لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵاتیم دا هەیە لە سەر ئەو کێشەیە هەبێت. هەر بۆیە ئەو وتوویژە تەلەفزیۆنییەم بەکافی نەزانی و ڕووم لە نووسینی بابەتی خوارەوە کرد.

پێش لە هەموو باسێک وا بە چاک دەزانم کە ڕوونکردنەوەیەکم لە سەر نێوەڕۆکی بابەتەکەم هەبێت و ئەوە ڕوون بکەمەوە کە مەبەستی من لەم باسەدا ئەو دەستە سەلەفیانەیە کە ڕوانگەی جیهادییان هەیە و دەیانەوێت لە ڕیگای جیهاد و توندووتیژیەوە کۆمەڵ و کۆمەڵگا بگەڕێننەوە بۆ سێ سەد(٣٠٠) ساڵ دوای

پێغەمبەر، بەقەوڵی ئەوان بۆ دەورانی ئاڵتونی، (واتە چەرخی عەباسییەکان).

باسکردن لە سەر فکرێک یان ناتەباییەک لە شوێنکدا بەمانای باسکردن لە چۆنیەتی بارودۆخی ئەو شوێنەیە هەر بۆیە بەباشی دەزانم هەڵسەنگاندنێکمان لە سەر هێندێک تایبەتمەندی مێژوویی شوێنی جێگای باس هەبێت.

جوانڕۆ ناوچەیەکە سەر بە پارێزگای کرماشان و لە کوردستاندا ئایینی ئیسلام هەڵکەوتووە و زۆربەی خەڵکی کورد موسڵمانی شیعە یان سوونین، کاتێک باس لە ئایین و کورد دەکەین واباشە کە باسی ئەوەش بکەین کە ڕادەیەکی زۆر لە گەلی کورد لە کوردستاندا ئایینی یارییان هەیە کە وەک یادگارێک لە باوباپیرانی ئێمە ماوەتەوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش لە ئێستا.

وێرای ئەوەی کە گەلەکەمان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی قۆناخی پێشکەوتن لەگەڵ ڕەوتی مێژوو چەوساوەتەوە بەڵام ئایینی جیاوازی دیکە لە کوردستاندا هەبووە کە لە لایەن هەر سێ ئایینی جیکەوتوو لە کوردستاندا ڕێزیان لێ گیراوە و لەگەڵ هەڕەشەی جیدی نەمان و تواندنەوە بەشێوەی سیستەماتیک و لە ڕێگای زبرورزنگەوە ڕووبەڕوو نەبوونەتەوە و ئایین بۆ کورد زیاتر وەک بابەتێکی تایبەت بە تاکەکەس پێناسەکراوە.

دانیشتوانی جوانڕۆ و قەڵای جوانڕۆ کوردن و زۆربەیان سوونین و تا ئەو جێگایە کە من ئاگاربم لە مێژە کە مزگەوت، خانەقا و ناوەندی فێرکردن و بار هێنانی ئایینی لە جوانڕۆدا هەبوو و خەڵکیش خۆیان بە موسڵمان و خواپەرەست زانیوە و زۆربەیان لە ڕێ ورەسمە ئایینییەکاندا چالاکانە بەشداریان کردەوە.

ئەگەر چاو لە مێژووی جوانڕۆ یان جافانی جوانڕۆ بکەین ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە جوانڕۆیەکان وێڕای ئەوەیی کە زۆربەیان دیندار بوون هاوکات مەسەلەی نەتەوایەتی و پێشکەوتن بۆ ئەوان زۆر گرنگ و جێگای سەرنج بووە و توانیویانە بەڵانسێک لە نێوان دینداری، پێشکەوتن، ئەرکی نەتەوەیی و تاکەکەسی خۆیاندا بنیات نێن.

گومان لەوەدا نییە خەڵکێک کە بیر لە مافی نەتەوایەتی خۆی بکاتەوە یانی عەبدایەتی سیاسیی ڕەت دەکاتەوە، کەسێک کە حازر بە قبووڵی کۆیلەیی نەبێت پێشکەوتووە و هەموو لایەنەکانی ژیانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو جێگای سەرنج و وردبوونەوەیە، وێرای ئەوەی کە هەڵسوکەوتە نەتەوەیەکان لە جوانڕۆدا بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە بەشێوەی پێویست لە مێژووی کوردستاندا باسیان نییە و وەک مەهاباد بۆ هەموو گەلی کورد ناسراو نییە بەڵام ئەگەر بە شێوەی ناوچەگەری چاو لە مێژووی ئەو خەڵکەکە بکەین ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەو ناوچەیە زۆر شانازی تۆمار نەکراوی لە مێژووی کوردستاندا هەیە. جوانڕۆیەکان لە باری پێشکەتنی کۆمەڵایەتییەوە زۆر پێشکەوتوو بوون و ئافرەت لە جوانڕۆدا لە دێرزەمانەوە کە بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەهای کۆمەڵایەتی و ڕامیاری خۆی هەبووە، مێژووی جوانڕۆ یان بەشێوەیەکی دیکە جافی جوانڕۆ ئەوەمان بۆ دەردەخات کە جافەکانی جوانڕۆ لە کوردستاندا لە باری پێشکەتنەوە زۆر لە دوای سنە نەبوون، هەروەها لە باری هەستی نەتەوایەتییەوە ئەگەر پێش لە مەهاباد نەبوو بوون زۆر لە دوای ئەوانیش نین.

هێندێک ناتەبایی و تایبەتمەندی هۆکار بوون تا ماوەیەک لە نێوان جافی جوانڕۆ و بەشەکانی دیکە کوردستان لە سەردەمی شۆڕشی ١٣٥٧ ش (١٩٧٩) ڕاچاوکرێت بەڵام کاتێک کە شۆڕشی

گەلانی ئێران سەرکەوت هەستی نەتەوایەتی لە جوانڕۆدا زۆر بەهێز بوو، بۆ نموونە بەشداری هەراوی خەڵک لە شەڕ و پێکدادانە نەتەوەیەکان لە شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەروەها دیسان هێندێک تیڕووانین و بیرۆکە بوونە هۆکارێک تا ئەو مەڵبەندەی کوردستان نەتوانێ لەو سەردەمەدا بە گوێرەی دەستپێکردی سەرەتایی بەشێوەی لەبار بەردەوام بێت لە بەئەنجامگەیاندی ئەرکە نەتەوایەتییەکانی، لەم پێوەندییەدا وەک سەرچاوەیەک سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ بەرگی یەکەمی کتێبی کورتەیەک لە بیرەوەرییەکانی بەندە.

ڕاپەرین و خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایانە پیشانیدا کە جوانڕۆ نەمردووە و هەر زیندووە و هەرکات کە هەست بە ناتەبایی لە کوردستاندا بکات بێدەنگ نابێت و لێبراوانە لە گۆڕەپانی خەباتی نەتەوەیی دایە، دەمەوێت بڵێم کە خۆپیشاندانەکانی ئەم دووایانەی جوانڕۆ زەنگێکی ئاگاداری و هۆکارێک بوو تا ڕژیم بیر بکاتەوە، تا ئەوەی کە من ئاگادارىم کۆمەڵگای جوانڕۆ کۆمەلگایەکی تێگەیشتووە و توانای ئەوەیان هەیە کە چاک و خراپ لەیەک جیا بکەنەوە کەوابوو دەبێت هۆکارێک هەبێت کە هێندێک فکریەتی توندڕەویی و تێکدەرانە لە شوێنێکی ئەوتۆدا ئیمکانی سەرهەڵدانی هەیە و جوانڕۆی ناوەندی کوردایەتی، خۆشی، شایی و هەڵپەڕکێ وەک مەڵبەندی زیندوو کردنەوەوەی کێشەی سەردەمی سەفەوی و عوسمانییەکان یان هەزار ساڵی ڕابردوو چاوی لێ بکرێت.

بەداخەوە ماوەیەکە باس لە سەرهەڵدانی نائاسایی ئیسلامی توندڕەو لە چەشنی سەلەفییەتی جیهادی لە جوانڕۆدا هەڵدەدات کە بۆ زۆرکەس کە شارەزایی لە سەر مێژوو و خەڵکی جوانڕۆ هەیە جێگای داخە، ئەوەیان ئاساییە لە وڵاتێکدا کە ئایین دەسەڵاتە،

عەدالەتی ڕامیاری، ئابووری، ئایینی و کۆمەلایەتی ڕاچاو نەکرێت، لە ولاتێکدا کە ئایینێک بە سەر ئایینەکانی دیکەدا زالە و هەمووکات هەولدەدات تا باوەڕەکانی دیکە سەرکوت و لە نێویان بەرێت ناتەبایی زۆرە، لە ئێرانی ئەمرۆکەدا حکومەتێکی ئایینی لە چەشنی ئیسلامی شیعە دەسەلاتی بەدەستەوەیە و بۆ بەهێز کردنی باوەڕی خۆی هەولدەدات و بە سەدان میلیارد دۆلار لە سەروەت و سامانی ولات لە نێوخۆ و لە ولاتانی دیکە لە پێناو ئایینی دەسەلاتدا خەرج دەکات، ئەم خەرجکردن و هەولدانە هۆکارێک دەبێت تا کەس یان کەسانێک لە ئایین و باوەڕەکانی تر کە هەست بە ئاسیمیلە (تواندنەوە) بوون و بێعەدالەتی دەکەن کاردانەوەی جۆراوجۆریان هەبێت، ئاکامی ئەو بیرکردنەوە دەبێتە هۆی زیندوو کردنەوەی ناتەبایەکانی سەردەمی عوسمانی و سەفەوییەکان یان هەزار سال پێش ئێستاکە لە ئیسلامدا و سەرئەنجامەکەی ئەمرۆ یان بەیانی دەبێتە پێکدادانێکی کۆمەلایەتی یان پێکدادانێکی ئایینی لە نێوان ئایینەکانی پارێزگای کرماشاندا.

بەلام ئەمە هەموو لایەنێکی کێشەکە نییە، هەروەک ئێوەش بۆ خۆتان باش دەزانن مرۆڤ هەمووکات بەدوای شتی تازەدا دەگەرێت، لە کۆمەلگایەکدا کە ئازادییە سیاسییەکان سەرکوت دەکرێت، کۆڕ و کۆبوونەوەیی جۆراوجۆر قەدەغەیە، بار و مەیخانە بڤە و عەیبەیە، بێکاری لەوپەڕی خۆیدایە، مادده هۆشبەرەکان (مخەدرات) زۆرە، لە تلەفزیۆن و مزگەوتدا، لە بازار و کوچە و کۆلاندا باس هەر باسی ئایینە و تەنیا بیری ئازاد لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا ئایینە ڕوونە کە بەرهەمەکەی دەبێتە زۆری موعتاد و باوەڕی کۆن لە چەشنی سەلەفییەتی توندڕەو بەداهێنانی تازەیی دژی مرۆڤایەتییەوە.

هەروەکو لە سەرەوە باسم کردووە کۆمەڵگای جوانڕۆ مێژوویەکی تایبەت بە خۆی لە ناوچەکەدا هەیە بەڵام پێناسەکەی من لە سەر جوانڕۆ وەک مەڵبەندی کوردایەتی، پێشکەوتن، کولتووری و گۆڤەند و خۆشی و شایی لەگەڵ دەنگۆی ناوهێنانی جوانڕۆ وەک ناوەندی سەلەفییەت یەک ناگرێتەوە، لە ڕوانگەی منەوە وشەی ناوەندی توندڕەویی تێکدەرانە (سەلەفیەتی جیهادی) لەگەڵ مێژووی جوانڕۆ زۆر ناتەبایە و ئیمکانی بۆ ناڕوات کە جوانڕۆ لە ماوەی سی و شەش (٣٦) ساڵدا ٣٦٠ پلە گەڕابێتەوە بۆ دواوە و دەبێت هۆکارێک لە پشت ئەم پاشەوپاشەدا بوونی هەبێت.

بەگوێرەی لۆژیک و واقعیەت ئاساییە لەو شوێن و ناوچانە کە سوونی مەزهەب هەیە سەلەفی یان باوەڕی تێکدەرانەیی دیکە بوونی هەبێت چونکە ئەم بوونە و شێوەکەی لە زۆر بواردا لە بەرژەوەندی ڕژیم دایە و بەگوێرەی بەرژەوەندییەکان لەگەڵی مامەڵە دەکات.
بۆ نموونە ڕژیم لە هێندێک شوێن لە کوردستاندا بۆ جێبەجێکردنی یاسای ئەمر بە مەعروف و نەهی لە مونکر کێشەی هەبوو بەڵام ئێستاکە سەلەفییەکان ئەستۆداری ئەو ئەرکەی ئەوان بوون. لە ڕاستیدا دەبووا خەڵکی موسڵمان و نەتەوەیی جافی جوانڕۆ زۆر بە ڕاشکاوی ڕایانگەیاندبا سەلەفی جیهادی، ئیسلامی توندئاژاوە لە کوردستان بۆ دەرەوە یان بۆ دەرەوە لە جوانڕۆ.

بۆ ئەوەی کە بتوانم باشتر بیروبۆچوونەکەم بەگەیەنم دەبێت لێرەدا شیکردنەوەیەکم لە سەر شێوەی دابین بوونی بەرژەوەندی ڕژیم لە شوێنە جیاجیاکاندا بێنمەگۆڕێ، ڕژیم زۆر بەجیدی لەگەڵ بیرۆکەی سەلەفییەت لە سیستان و بلوچستان بەرخورد دەکات چونکە باری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی لەو مەڵبەندەدا جیاوازە لەگەڵ

کوردستان، گەلی کورد و بلوچ هەردووکیان چ لە سەردەمی دەسەڵاتی ستەم شایی و چ لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئایینی ئێستای ئێراندا چەوساونەتەوە بەڵام هێندێک هۆکار و ناتەبایی تایبەت لە کوردستاندا هەبوون کە بوونەتە ئامرازێک تا مەودایەکی تێگەیشتن لە نێوان هەردوو چەوساوەدا پێکبێنێت، لە کوردستاندا پتر لە سەد ساڵە کە مەسەلەی نەتەوایەتی باسی هەیە و بە شێوەی ڕوون لەگەڵ کۆیلایەتی ڕامیاری بەربەرەکانێ دەکرێت و باس لە دیموکراسی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، مافی جێنایەتی و تەنانەت سوسیالیزم دەکرێت، ئەم بەربەرەکانێ و باسکردنە توانیویانە ئایدیایی وڵاتێکی سکولاریسم لە زۆر مێشک لە کوردستاندا بچەسپێنن، بەڵام باری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئایینی لە بلوچستاندا تا ڕادەیەک جیاواز بووە لەگەڵ کوردستان، ئەم جیاوازیە هۆکارێک دەبن تا شێوەی هەڵسوکەتی ڕژیم لەگەڵ سەلەفییەت بەگوێرەی بیرکردنەوەی زۆرینەی خەڵکی ناوچەکان ڕووبدات.

ئاساییە لە شوێنێکدا کە ئایدیایەک بەهێزبێت ئایدیاکانی دیکە لاوازبن، ئاکامی خەباتی بێ پسانەوەی نەتەوەکەمان هۆکارێک بووە تا لە هەموو کوردستاندا هەستی نەتەوایەتی و بیرکردنەوە لە کۆمەڵگایەکی دادپەروەر بەهێز بێت، ئەمەش بۆخۆی هۆکارێکی گرنگی دیکەیە تا ڕژیم چاوپۆشی زیاتر لە مەسەلەی سەلەفییەتی توندڕەو بکات و لە هێندێک بواردا فاکتەرەکانی بەهێزکردن بێنێتەکایەوە تا کارتێکردنی لە سەر ئاستی نەتەوەیی هەبێت، لە مێژە کە پرۆژە و پلانی جۆراوجۆر لە کوردستاندا تاقی دەکرێتەوە بەڵام بەرهەمی ئەوتۆیان بۆ پیلانگێر نەبووە کە پێی دڵخۆشبن، ئێستاکە دەیانەوێت لە ڕێگای ئایدیایی سەلەفییەتی توندڕەووەوە هەر نەبێت بۆ ماوەیەک مەودایەک لە نێوان هەست و ئایدیایی

خەڵکدا دروست بکەن، ئەگەر بەگشتی چاو لە کوردستان بکەین ڕژیم بۆ ئەم مەبەستە دەبێت کونترۆڵی بارودۆخەکە لە دەست نەدات و بەلانسێک یان سنوورێک دانێت تا شیرازەی کاری لە دەستی دەرنەچێت، بەلانس لە هەموو ڕۆژهەلاتی کوردستاندا هەیە بەڵام لە جوانڕۆدا تا ڕادەیەکی زۆر چاوپۆشی لەو بەلانسە کراوە ئەوەش مەبەستی دیکە و تایبەتی لە پشتە و دەتوانێت لە یەک پارچە زەوی دوو بەرهەمی دەستکەوێت.
هەروەک چۆن سەردەمێک مهاباد بە سەری مارەکە دەناسرا جوانڕۆش هەر هەمان حسابی بۆ دەکەن چونکە زۆرشت لە پێوەندی لە گەڵ جافی جوانڕۆ هەن کە من و تۆ نازانین بەڵام ئەوان هەموو ئەرشیڤەکەیان لە بەردەستدایە و بۆچوونیان لە سەر جافی جوانڕۆ هەمانە کە لە سەر مهاباد هەیانە.
کاتێک کە دەڵێم زۆرشت هەن کە من و تۆ نازانین بەڵام ئەوان ئەرشیڤەکەیان لایە واقعێکی حاشا هەڵنەگەرە، بۆ نموونە کەم کەس لە ئێمە دەزانێت کە لەساڵی ١٣٥٠ش دا تیمێکی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات لە جوانڕۆدا هەڵسوڕانی هەبووە و کاک کەریم حەداد کاک لەتیف نەقشبەندی و کەسێک بە ناوی عەزیز بۆ ماوەیەک وەک پێوەندی نێوان جوانڕۆ و ڕابەرایەتی ئەو کاتی حیزب هاتووچۆیان کردووە.
کەوابوو دەبێت ئاستەم بۆ هەست و ئایدیایی خەڵک دروست بکەن، بەڵام ناتەبایەک لە نێوان ڕاگرتنی بەلانسی بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان و جوانڕۆدا هەیە کە مەبەستی تایبەتی لە پشتە و دەیانەوێت وەک ئامرازێک لە جوانڕۆ بۆ دابین کردنی پیلانی دژی گەلی خۆیان کەڵک وەرگرن.

هەروەکو دیارە جوانڕۆ سەر بە هەرێمی کرماشانە، کرماشان و هەرێمی ئیلام دەراوسێن، هەرێمی کرماشان یەکێک لە هەرێمە

هەرە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لەو هەرێمەدا وێرای بوونی ئاییینی دیکە سێ ئاییینی سەرەکی وەک شیعە، یارسانی و سوونی هەن کە لە ساڵانی کۆتایی دەسەڵاتی دوایین پادشای پەهلەویدا پێکەوە بە ئاشتی دەژیان و ناتەباییەکان هەردەم جێگای خۆیان دەدا بە برایەتی و هاوکاری یەکتر.
لەم سەردەمەدا کە فکری کۆمەڵانی خەڵک ڕوو لە ئاستێکی بەرز دەڕوات و تەکنۆلۆژیی پێشکەوتوو هۆکارێکە تا مرۆڤەکان باشتر سەر لە ڕازەکانی دونیایی گەشەکردوو دەربێنن و هۆکارەکانی تێگەیشتن و بیرکردنەوە زامن دەکەن، لەلایێکی دیکەوە یانی ڕژیم دەیەوێت لە ڕێگای بەهێزکردن یان ڕێگاپێدانی ئایدیایی سەلەفییەتی توندڕەووەوە پێکدادانێکی ئاییینی لە کرماشاندا دەستەبەر بکات و لەم ڕێچکەوە مەودایەک لە نێوان کوردەکانی هەرێمی کرماشاندا کە ئاییینی جیاوازیان هەیە دیسان ساز بکەنەوە! لۆژیک و ئەزموون وا دەڵێت کە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە جوانڕۆیان هەڵبژاردووە.
حکومەتی ئێران هەمووکات ئەوە دووپات دەکاتەوە کە حکومەتێکی بەتوانا و بڕیاردەرە، ئەگەر وایە چۆن سەلەفییەکان دەتوانن لە جوانڕۆدا بە ئاڵای ڕەش و شمشێرەوە ببنە هۆکاری ترساندنی کۆمەڵ و خەڵک سەرکوت بکەن، بڕیار بدەن، هاتووچۆیان هەبێت، بە شێوەی تیم و گرووپ بەچەکەوە بگەڕێن و بەڕاشکاوی دروشم دژی ئاییینەکانی دیکە سەربدەن، لێرەدا دوو پرسیارمان بۆ پێش دێت یان دەبێت ڕژیم ئەوندە بێ دەسەڵات و داماو بێ کە ئەوان بتوانن بڕیار بدەن یان دەبێت هۆکارێک لە پشت کارکردی سەلەفییەکان و بێدەنگی ڕژیمەوە هەبێت.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە من پێموایە کە ڕژیم وێرای تێبینیەکانی لەمەڕ سەلەفییەکان، مەبەستی نانەوەی دوو شێوە ناتەبایی،

یەکەم بەگوێرەی بەرژەوەندی کاتی تێدەکۆشێت تا ئەو کێشەیە وەک کێشەی خەڵکی جوانرۆ پێناسە بکات و بڵێت ئەوانە لە خۆتانن و دەبێت بۆ خۆتان بەرەنگارو رووبەڕوویان ببنەوە، دووهەم، سەلەفییەکان لە باکگراونددا (زەمینە) ئەوندە لە کوردستاندا بەهێز نین بەڵام ڕژیم بەمەبەستی پێکدادانێکی ئایینی لە بەرژەوەندی درێژخایان لە کرماشاندا ڕێگا بۆ ئایدیایی سەلەفییەتی تێکدەرانە خۆش دەکات و دوای ئەو پێکدادانە چاوەڕوانکراوە سەلەفییەت لە مێژووی ناوچەکەدا چاڵ دەکات، بەڵام ئەوکات درەنگ دەبێ و دەرئەنجامی نەرێنی زۆری لە سەر خەڵکی ناوچەکە و تەبایی ئایینی و کێشەی نەتەوایەتی دەبێت، لە ڕاستیدا هەوڵدانە بۆ زیندوو کردنەوەی ناتەبایی کە لە ناوچەکەدا میژووی هەیە.
ئەگەر کەسێک نەخۆش بێت و نەخۆشییەکەی پێوەندی بە هەڵاوسان و چرککردنەوە هەبێت ئیمکانی هەیە کە دکتۆر پنسلینی یان ئانتی بیۆتێکی بۆ بنووسێت بەڵام دکتۆرێکی بەئەزموون کە هەست بە بەرپرسایەتی بکات پێش لەوەی کە علاجەکە بنووسێت لە سەر ئاستی خۆڕاگری لەشی نەخۆشەکە لێکۆڵینەوە دەکات، مەبەستی من لێرە ئەوەیە داخۆ ئایدیایی سەلەفییەت بە بۆچوونی جیهادییەوە کە بۆ کۆمەڵ و کۆمەڵگا لە ژەهر خرابترە بەگوێرەی کام بنەما بۆ جوانڕۆ کۆپی کراوە، هۆکار هەرچی بێت کارتێکردنیان لە سەر جوانڕۆ زۆرە و بێ نرخ نابێت.
ئەوەی کە لێرەدا لە هەمووشتێک گرنگترە شێوەی بیرکردنەوەی زۆرینەی خەڵکی جوانڕۆیە، هەروەک لە سەرەتاوە باسکراوە جوانڕۆ زۆر تایبەتمەندی کۆمەڵگایەکی تێگەیشتووی هەبووە و لە گۆمەڵگایەکی تێگەیشتوودا خەڵک توانای پێناسەی چاک و خراپی هەیە و ئایدیایی تێکدەرانە نەک هەر یارمەتی بە گەشەی کۆمەڵگا ناکات بەڵکو کۆمەڵگا دەگەڕێنێتەوە بۆ هەزار ساڵ بۆ

دوواوە، لە ئایدیایی سەلەفییەتدا بیرۆکەی ئایین مەحوەری هەیە و باوەڕە کە بڕیاردەدات بەلام لە کۆمەلگایەکی مەدەنی یان لیبرال دا عەقلی خەلکە کە بەشێوەی تاک یان کۆمەل ڕێڕەوی ژیان دیاری دەکات، مرۆڤ دەتوانێت بە ئایینەوە یان بێ ئایین بژی بەلام مرۆڤی تێگەیشتوو لە نەبوونی ئازادیدا لەگەل زۆر کێشە ڕووبەڕوو دەبێتە و ناتوانێت ژیانێکی ئاسایی هەبێت، نەبوونی ئازادی تاکەکەسی و هەمووکات بیرکردنەوە و بەخوداچوونەوە سەرەکی ترین هۆکاری سەر هەلدانی کێشەی دەروونییە لە کۆمەلگادا.

لە کۆمەلگایەکی لیبرال یان مامناوەندیی دا مرۆڤەکان دوو جۆر مافیان هەیە یانی مافە ئەرێنییەکان و مافە نەرێنییەکان، ئەمڕۆکە خەلکی جوانڕۆ لە سایەیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا وێرای ئەوەی کە هیچ چەشنە مافێکی ڕامیاریان نییە و بێ بەشن لە مافە ئەرێنییەکان و تەنیا هێندێک لە مافە نەرێنییەکانیان بەشێوەی خۆی بوونی هەیە، چارەسەری کێشەی نەخۆشی و تیمارکاری لەگەل دابین کردنی هۆکارەکانی کار دوو خالن لە مافە ئەرێنییەکانی مرۆڤ لە کۆمەلگایەکی لیبرال یان سکولار و دیموکراتدا، بەلام لە ئێرانی ئەمڕۆکەدا ئەگەر پارەت (پول) نەبێت چارەسەری نەخۆشی زۆر لاوازە یان هەر ئیمکانی نییە و دەبێت بمریت و زۆربەیی گەنجانی ولاتیش بێکارن.

ئەمڕۆکە لە هێندێک بواردا هەندێک لە مافە نەرێنییەکان بەتایبەت بۆ ئافرەت لە گۆمەلگای ئیسلامی دا پێشێل دەکرێت، لە یاسای سەلەفییەتدا یان لە کۆمەلگایەکی چاودێری کراودا مرۆڤەکان تەنیا مافی هەبوونی هێندێک لە مافە نەرێنییەکانی وەک نمونە ئازادی کۆکردنەوەی سامان، ئازادی ڕۆیشتنە دەرەوە و پیاسە کردنیان هەیە بەمەرجێک کە چاویان دەروێش بکەن، لە

یاسای سەلەفییەتدا مرۆڤ ئازادە کە لە ژیان بەردەوام بێت بەو شەرتەی کە خیلافی شەرع یان کارێک کە دژی ئایین بێت نەیکەیت.
لە کۆمەڵگای ژێر چاودێریدا تاک بۆی هەیە بەرگری لە کوژرانی خۆی بکات و ئەم بەرگریە لە تاقمی مافی نەرێنی (مەنفی) تاکە، بەڵام بەشداری چالاک خەڵک بۆ دەستەبەر کردنی هۆکارەکان کە دەبنە هۆی نەکوژران و لە گرووپی مافە ئەرێنییەکانە (موسبت) لە زۆر وڵاتدا ئیمکانی دەستەبەر بوونی نییە بە تایبەتی لە دەسەڵاتی سەلەفییەتدا، وێرای ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەسەڵاتێکی داعشی لە چەشنی شیعەیە بەڵام لە هێندێک بواردا زۆر جیاوازی لەگەڵ باوەڕی سەلەفییەتی جیهادی هەیە یانی یاسای کۆماری ئیسلامی لەم قۆناغەدا باشترە، وێرای ئەوەی کە دەڵێن یاسای کۆماری ئیسلامی ئێران نەرمترە ئەگەر چاو لە ڕۆژژمێری ئێران بکەین لە پتر لە سەد (۱۰۰) شوێن باس لە شێوە ناتەباییەک وەک پەژارە یان کوشتار هاتووەتەگۆڕێ و نەورۆز وەک تاکە رۆژی خۆشی و شایی ئاسایی خەڵک جێگای سەرنج نییە و هەوڵدەدرێت تا ئەو چەند رۆژە وەک ڕۆژانی دووری لە خودا پێناسە بکەن جا بزانە سەردەمێک کە ئایدیایی سەلەفییەتی جیهادی یاسا بێت خەڵکی دەبێت چی بکات!

دەمەوێت بێژم من پێم وانییە کە جوانڕۆیەکان قبووڵ بکەن کە ڕژیم بیانکاتە ئامرازی دروستکردنی مەودای ئایینی و نەتەوایەتی و هۆکاری زیندوو کردنەوەی کێشەی ئایینی سەردەمی سەفەوی و عەسمانییەکان و سەلەفییەت لەو کۆماڵگادا بەگشتی جێگای نییە.
ئێمەی کورد وێرای ئەوەی کە لە زۆر بواردا چەوساوینەتەوە بەڵام ئەزموونمان لە چەوسانەوەیی خۆمان وەرگرتووە و نەتەوەیەکین کە لە باری ئایینیەوە دابەشکراوین بەسەر چەندەها ئایین و

بــاوەڕی وەک شــیعە، یارســانی و ســوونی، ئــێمە وێــرای جیــاوازی ئایینی هەموومان کورد و براین و ڕێزی تایبەتمان هەیە بۆ هەموو ئایینێک و بەمەبەستی دووریکردن لە چەوسانەوە و کێشەی ئایینی کۆمەڵگــــایەکی سکولاریســــم بــــۆ کوردســــتان یەکێــــک لە هەرە ئاواتەکانمانە، هەروەها بەگوێرەی بیرکردنەوەی خۆم واباشە پێش لە هەر ڕووداوێـک خەڵـک بەشـێوەی یاسـایی داواکـاربن کە ڕژیـم قـاپی ئەو دووکـانەی ببەسـتی و سـەلەفییەکانی بنێرێـت بـۆ ئەو وڵاتانە کە پێویستیان بەو شێوە بیرۆکە هەیە.
بـاری فکـری کـورد لە کوردسـتاندا زۆر جیـاوازی هەیە لەگەڵ بـاری فکری خەڵک لە هێندێک وڵاتدا و ئێمەی کورد ئیجازە بەسەلەفی جیهــادی و لە چەشــنی ئەوان نــادەین کە کوردســتان بــکەن بە ئەفغانسـتان و وەک هێنـدێک کەس لە پاکسـتان پێمـان وانیـیە کە تەلەفزیــۆن هۆکــاری هــاتنەخوارەوەی ئاســتی ئاکــارو ڕەوشــتی مرۆڤەکانە و دەبێت بسووتێندرێن.

## هەڤاڵی جەهەنمی (دۆژ).

وا بەبـاش دەزانـم کە لە سەرەتاوە ڕوونکـردنەوەیەکم لە سـەر ئەم بابەتە هەبێت کە وتووێژی نێوان دوو کەسە بەڵکو بتوانم پێشگیریم لە بە هەڵەدا چوونی بیری هێندێک ئازیز و بەڕێز کردبێت.
بەگـوێرەی توانـا و درکـی خـۆم ڕێـزم هەیە بـۆ هەمـوو ئایینەکـانی جیهـان کە ئیسـلامیش یەکێـک لەو ئایینـانەیە، ئەوەش کە لێـرەدا دەیخـوێنیەوە تەنیـا دەمەتەقەیەکەی لە نێـوان خـۆم دۆسـتێکدا کە ئێستاکە کە دانیشتووی قەڵایی جوانڕۆیە.
بەکورتی هۆکـاری ڕۆیشـتنی هـەڤاڵەکەم بـۆ جـەهەنم پێوەنـدی بە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگا ئایینییەکـانەوە هەبـوو و باسـەکە بـاس لە دەربڕینـی هەسـت و تێگەیشـتن لە ناتەبـایەک

دەکات کە کارتێکردنی ڕاستەوخۆی بە ژیان و گوزەرانی ئێمەوە هەیە، بە تەماشا کردنی فیلمێک کە پیشاندەری ژیانی هێندێک کەس لە ئێران لەساڵی ١٣٩٠ (٢٠١١) دابوو کە بەهۆی نەداری و هەژاریەوە گورچیلەی خۆیان دەفرۆشت زاکیرەم گەڕایەوە بۆ ئەو وتووێژە کۆنە و بڕیارم دا تا بە شێوەی نووسراو بەڵاوی بکەمەوە، هەروەها ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە وتووێژەکە زۆر کورت و لە چەند دێڕدا کۆتایی پێهات بەڵام بەتێگەیشتن لە نێوەڕۆک و هەستی هەڤاڵەکەم ئەو وتووێژەم بە شێوەی خوارەوە دەرهێنا.

پێم خۆشە ئەوەی پێ زیاد بکەم و بڵێم کەترسناکی فیلمی جێگای باس هۆکارێک نەبووە بۆ نووسینی ئەم بابەتە چونکەمن لە وڵاتێکدا گەورە بووم کە پڕ بووە لە چەوسانەوە و تۆقاندن و لە ژیانی خۆمدا بەهەزاران بی یاسایی، زۆرداری و ستەمم بەچاوانی خۆم بینیوە بەڵام پێموایە دەبێت هەموومان لە ئاست کێشەکۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگادا خۆمان بە بەرپرس بزانین و وەڵام دەرەوەبین، شەهید دکتۆر قاسملوو لە بارەی کێشەی نەتەوایەتییەوە دەڵێت ئەگەر نەسڵی پێش لە ئێمە بە ئەرکی خۆیان هاستابانەوە ئێستاکە ئێمە کێشەی ئەوتۆمان نەدەبوو یان دەگێڕنەوە کە ئەنەوشیروان شای فارس ڕۆژێک لە ڕێگادا چاوی بە پیاوێکی زۆر بە ساڵداچووی دەکەوێت کە دارگوێز دەچانێت، هەروەک دەزانن دارگوێز ماوەیەکی زۆری پێویستە تا بەرهەم بدات بەڵام پیاوەکە زۆر بەتەمەن دەبێت، لەو پێوەندییەدا شا پرسیار دەکات بەڵام پیرە مێردەکە لە وەڵامدا دەڵێت" شاهم جیلی ڕابرووی چاندیان و ئێمە خواردمان، ئێمەیش دەیچانین و نەوەی داهاتوو دەیخۆن" بەڕاستی هەر دوو خاڵی نموونە بەشێوەی ڕوون تیشک دە خەنە سەر ئەرکی ئێمە لە ئاست نەسڵی داهاتوومانندا، بێدەنگی

ئێمە لە ئاست ناتەباییەکان یانی چاوپۆشی لەویست و داوخوازییە کانی ئەوەی داهاتووە.
وێرای ڕێز بۆ ئەو کەسە بەڕێزە کە ئەو گرتەیە (فیلم) بۆ ناردم، بە بینینی ئەو گرتەیە کەوتمەوە فکری هەزاران ستەم کە هەر ڕۆژە لە وڵاتانی ئیسلامی بەتایبەت وڵاتی ئێراندا ڕوو دەدات.
نزیک بە ٣٠ساڵی پێش لەگەڵ هەڤاڵێکم لە بارودۆخێکی دژواردا پیاسەمان دەکرد، هاوکات لەگەڵ پیاسەکردن سەرقاڵی قسەکردن بووین کە بەشێوەی هەڵکەوت لە دەمم دەرچوو و لەوەڵامی خاڵێکی ئەودا وتم خودا لەبەهەشتدا قەرەبووی ئەو کردەوەت بەچاکی بۆ دەداتەوە، هەڤاڵەکەم بەبیستنی ئەم وشە کە لەزاری منەوە دەرپەڕی یەکسەر تێکچوو و بەتووڕەییەوە ڕووی لە من کرد و وتی، قەت چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد کە تۆ هیوای دوارۆژێکی پڕ لە نە هامەتیم بەئاوات بۆ بخوازی، چونکە تۆ بەچاوی خۆت ژیانی سە ردەمی زیندویم دەبینی.
بیرم لەوە کردەوە کە بەپێچەوانە قسەکەم کردبێت و پرسیارم کرد کە چ بووتەهۆی ئاڵوز بوونی، وەڵامی دایەوەو وتی تۆ دەتەوێت من بەڕێکەیت بۆ جێگایەک کە هیچ عەداڵەتێک لەوێدا دەست ناکەوێت و دەستی کرد بەشیکردنەوەی بۆچوونەکەی خۆی و وتی: من زۆر لە گەڵ مەلاکان (ئاخوندەکان) و هاوڕاکانیان باسمکردووەو لە سەر هە موو بۆچوون و وتەکانی ئەوان بەجوانی لێکوڵینەوەم هەبووە، ئە وانە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەڵێن بەهەشت شوێنی ئەوان و ئەو کە سانەیە کە لایەنگری لە بۆچوونەکانی ئەوان دەکەن، ئەگەر بۆچوونی ئەوان لەسەر ئاستی دانیشتوانی بەهەشت دروست بێت هەموو گەورە پاوان، زانایانی پێش لە ئیسلام، هەموو کەسایەتییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی دوای ئیسلام، هەموو هونەرمەندانی بەبەهرە و پێگەیشتوویی وڵاتەکەمان، هەروەسا ئازادیخوازان و

مرۆڤ دۆستەکانی سکولار یان غەیرە ئیسلام وەک ئەوروپاییەکان و هتدد... لە دۆزەخ دان.
بەڵام لەو بەهەشتەدا کە تۆ منی بۆ دەنێریت چەند ئایەتوڵاو ئاخوند لەگەڵ هاوبیرانیان کە بریتین لە بەسیجییەکان و کەسانی دیکە کە مەنتیقیان هێزی باسکیانە و حازرن هەموو جیهان لە ڕاستایی وتەیەکی ئاخوندێکدا (مەلایەک) بسووتێنن دەژین، بە جوانی چاو لە چواردەوری خۆت بکەو بزانە تاوان، جنایەت، تێرۆری کەسایەتی، تێرۆر بەشێوەی جەستەیی، کوشتار، نەداری، زلم و ستەم، بێ یاسایی تا چ ڕادەیەک لە وڵاتانی خۆماندا دە بینیت، لە وڵاتانی ئیسلامی دا هەزاران دۆنم زەوی بە ئەنواعی مێتالی (کانزا) گرانبەها دەڕازێننەوەو باشترین ئەندازیار بەکاردە گرن بۆ هەرچی زیاتر جوان دروستکردنی قەشەنگی گۆڕی مرۆڤێک، میلیۆنها دۆلار خەرجی مرۆڤێکی لە نازو نیعمەتدا مردوو دەکەین بەڵام هەر لە هەمان کاتدا دەبینین کە بە هەزاران مرۆڤی زیندوو و بێدەرەتان، نەخۆش و بێ دەسەڵات لە وێرانەکاندا لە ژیان بەردە وام دەبن و نەداری بە هەموو شێوەیەک هەڕەشەیان لێدەکات، هەر ساڵ بەدەیان مرۆڤی داماو و هەژار لەسەر شەقامەکاندو لە وێرانە کانی شارە گەورەکاندا گیانیان لە دەست دەدەن و دەبنە خۆراکی کەسۆکە تۆڕییەکان (سەگەوێڵگەرەکان)، مردنی ئەو لێقۆماوانە نە بەکێشەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتی چاوی لێدەکرێت نەجێگای سەرە نجێکی ئەوتۆیە، بەگشتی ئێمەوا ڕاهێنراوین کە بڵێین بەئێمەچی، تێڕووانینی ئێمە لە سەر کێشەکانی خۆمان بەپێچەوانەیە، یانی لە منداڵییەوە وا فێرکراوین کە تەنیا هێز و دەسەڵات ببینین یان ترسنۆک بژین، دەتوانین بڵێین دانیشتوانی وڵاتانی خۆمان هە مووان موسڵمانن و باس لە هەندێک کردارو کردەوەی چاک دەکەن، بەڵام زۆرداری و جنایەت بەچاوانی خۆمان دەبینین و توانای بەرە نگاربوونەوەمان نییە، ئەگەر ڕوون تر باس بکەم دەبێت بڵێم بە

داخەوە کە وتارمان لەگەڵ کردارمان یەک ناگرێتەوەو ئەگەر تاکێک بتوانێت هەڵوێست بگرێت و بڵێت چەوسانەوەو خەیانەت بە سە، دەسەڵات چ ئایینی بێت یا غەیرە ئایینی بە سەرمایەی خودی ئەو خەڵکەداماوەو لە ڕێگای خۆمانەوە سەرکوتی دەکەن و ناوی خائینی لە سەر دادەنێن یان بە خۆفرۆش و کافر و بە مرۆڤی خراپ دەیناسێنن، بەگشتی ماف پێشێلکردن لەولاتانی خۆماندا کارێکی ئاساییە.

ئێمە خۆمان بەدەستی خۆمان بۆ جیلی داهاتوو ژێرخانی ستە مکاری بەهێزتر دەکەین، ئێمە بۆ خۆمان ڕابەرانی ولاتەکانمان فێر دەکەین تا هەرچی زیاتر و زووتر ستەمکار و چەپاوچی بن.

بەگوێرەی بۆچوون و شیکردنەوەی مەلاکان لە دوارۆژ (دوای مردن) دا هەموو ئەوانەی کە لەم جیهانەدا داهێنەری دادمەندی کۆمەلایە تی بوون، لە پێناو بەرژەوەندی خەڵکدا هەنگاویان هەڵگرتووە، لە گەڵ ستەمکار و زۆرداری دژایەتیان کردووە، مرۆڤێکی سیکولار، واقعبین یان بڕوایان بە فەلسەفەی عەقلانی بووە و حکومەتی دژی ئازادی ئاخوندەکانیان قبووڵ نەبووەو نییە ئەوانە دۆزەخین.

هەموو ئەوروپاییەکان بەکافر دەزانین بەلام ئەوانە نەتەوەیەکن کە نەستەم لە سەر خۆیان قبووڵ دەکەن نە زوڵم لە کەس دەکەن، ئەوانە نەتەوەیەکن کە لە هیچدا عالەمێکیان بۆ خۆیان و داهاتوویان دابین کردووە بەلام ئێمە بە زۆر شتەوە خۆمان بەبێ داهاتوو دەزانین و لە ترس داماویی ئابووری، سیاسیی و کۆمەلایە تی هەڵهاتن و ڕووکردنە ئەوروپا بەتەنیا ڕێگا چارە لە جەهەنمی خۆ سازکردوو دەزانین، بەکورتی ئەوروپا بووە بە قیبلەگای لێقۆماوانی ولاتانی موسڵمان.

رۆژێک گوێبیسی دەنگوباسی خارجی بووم، هەواڵەکە لە سەر مووناسەلین سەرۆک وەزیران و سکرتێری پێشوویی سۆسیال دیموکراتەکانی ولاتی سوێد بوو، سەرۆکی جێگای باس لە سەفە

ڕێکدا بۆ ئەرکی دەرەکی بۆ وڵاتێکی دیکە بەگوێرە هەڵکەوت کارتی تایبەتی بانکی خۆی لە ماڵدا لە بیر دەکات و بەناچاری بۆ کڕینی هێندێک پێداویستی تایبەتی لە کارتی بانکی دەوڵەتی کەڵک وە ردەگرێت و کاتی گەڕانەوە هەر زوو بەگورجی ئەو بڕە پارەیە کە زۆر کەمیش بووە دەخاتەوە حیسابی حکومەت بەڵام ڕاگەیاندراوە گشتییەکان پێی دەزانن و هەڵا دروست دەبێت بەجۆرێک کە چەند جار لە ڕاگەیاندنە گشتییەکانەوە داوای لێبوردن دەکات و دەڵێت هەڵەم کردووە بمبەخشن.

بەڵام لە وڵاتانی خۆماندا لە سەردەمی ئێستاکەدا زۆر لە دەسە ڵاتدارانی وڵات بەخۆیان و کەس وکاریانەوە لەگەڵ زۆرێک لە دە ست و پێوەندەکانیان لە بەهەشتدا دەژین و وابیر دەکەنەوە کە خە ڵک کۆیلەیە و وڵاتەکەیان بەپوولی کرێکاری کڕیووە، بەکۆمەڵانی خەڵک کە زۆربەیان لە ژیانێکی جەهەنمی دا بەسەر دەبەن دەڵێن سەبرتان هەبێت و شوکری خودا بکەن و بەدانی مژدەی ئەو بەهە شتە کە هێندێک دژی گەلی بۆ خۆیان و لایەنگرانیان لەوێش دەسە ڵاتدارن خەڵک بەسەر پێوە ڕادەگرن، وا فێر کراوین کە بێ کاردانەوە بین و هیچ هەڵوێستێکی لەباری سیاسیی و کۆمەڵایە تیمان نەبێت.

مەلاکان پتر لە ١٣٠٠ ساڵەکە بەسیاسەت بە سەر ئێمەدا حوکەمە ت دەکەن، پتر لە ١٣٠٠ ساڵە کە ئێمەیان لە چاوەڕوانی حکومەتی عەدلی ئیلاهی دا ڕاگرتووە، ئێکۆسیستمی جیهانی مەوجود لە گۆڕاندایە بەڵام ئێمە هێشتاکە بە تاقەتەوە بە ئۆمێدی بەدێهاتنی بەڵێنەکانی ڕابەرانمان دەژین، سەرۆکێک سۆزی بەهەشت دەدات، ئەوی دیکە بەدانی بەڵێنی هاتنی دادمەندی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی تا ئەم سەردەمە کە سەردەمی گۆڕانی ژینگەکەمانە ئێمەی خۆڕاگریان ڕاگرتووە، هەواڵەکەم تۆ دەتەوێت من بنێریت بۆ

لای ئەو خەڵکە لەڕادەبەدەر بەتەحەمولەو ئەو سەرۆکە ستەمکار و ماددی (پوول) پەرستانەو لایەنگرانیان؟

من لە سەر ئەو باوەڕەم کە دوای چەند هەزار ساڵ بەهەشتییەکان شێوەی بەڕێوەبردنی بەهەشت دەگۆڕن و دەیکەن بەجەهەنم، بەڵام جەهەنمییەکان بەبیری ئازادیخوازی و لێبوردوویەوە کە هەیانە سیستمی بەڕێوەبرایەتی دۆژ دەگۆڕن و دیکەن بەبەهەشت و بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی بەهەشت وەک پەنابەر ڕوو لەو جەهەنمە دەکەن کە من چاوەڕوانی دەکەم. دەرۆم بۆ جەهەنم و لە گەڵ دۆزەخیەکان بەئازادی و دوور لە چەوسانەوە بۆخۆم لە ئاگری دۆزەخ دا گڕدەگرم و دەسووتێم و دوور لە عەزابی ویژدان لە جێگایی مەی و شەربەت ژەهری مار نۆشی گیان دەکەم. هەرکات مرد ڕۆحی شاد و جەحەنم مەئوای بێت.

### ئایا ئاغای ئاریل شارون دوای مردنی دەبێتە پەپوولەی ئاشتی؟

زۆرجار ئێمە کە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین وارا هاتووین کاتێک کە زۆردارێکی نادادمەند کۆچی دوایی دەکات دەیکەین بە پەپوولەی ئاشتی و سینبوولی مرۆڤایەتی ئێستاکە ئاغای ئاریل شارون بەهۆی جەڵدەی مێشکەوە لە کۆمادایە بەڵام نازانم دوای مردن ئەویش دەکەن بە کەسێکی دابین کاری ئاشتی و هێمنی بۆ نەتەوەی یەهود؟ تێبینی: چەند ساڵێکە مردووە، پێش لە مردنی ئەم وتارم نووسیووە.

پێش لەهەمووشتێک وا بەباش دەزانم ئەوە ڕوون بکەمەوە کە یە هودییەکان نەتەوەیەک بوون کە لە زۆر وڵاتانی ئەم دونیای بە

رینەدا دەچەوسانەوەو تەنانەت بیری تاواندەنەوەو لەنیو بردنیان لەزۆر مێشکی دژی مرۆڤیی و بۆچوونی دواکەوتووانەدا هەبووە و ئێستاش هەر ئاسەواری وەک خەیاڵی خاو ماوەتەوە و دەبیسترێت.
نەتەوەیەکی وەک نەتەوەی یەهود کە بەملیونەها لە کۆرەو تەنوورەکانی مرۆڤ سوتێنەری نازیسم دا دەسووتان و لە زۆر ولاتی دیکەدا وەک مرۆڤی پیس (چەپەڵ) چاویان لێدەکرا، نەتەوەیەک کە بەم شێوەیە بژی دەبێت ولاتێکیان هەبێت تا لە چەوسانەوەو چارە ڕەشی ڕزگاریان بێت، چارەڕەشی و نەهامەتی هۆکارێک بووە تا یەهودییەکان بیر بکەنەوە و لە یەکەمین کونگرەی سەهیونیزم دا کە لە ساڵی ١٨٩٧ سازدرا، هەروەها لە دووایی دا لە کۆنگرەکان[٧]، [٨] دا لە ڕووی هۆکاری مێژوویی یان حەشیمەتییەوە فەلەستین وەک ولاتی خۆیان هەڵبەژارین، بۆ زانیاری زیاتر پێموایە کە کتێبی **تئودۆر هرتزل** یان سەرچاوە مێژووییەکانی دیکە بتوانێت یارمە تیدەر بن.

لە ڕاستیدا مەسەڵەی کێشەی قەومی یەهود باسێکی زۆری پێویستە کە لە توانای من دا نییە بەلام ئەوەی وا سەرنجی منی ڕاکێشاوە کارتێکردن یان شێوەی بەرخورد و هەڵسوکەوتی ئاغای شارونە لەگەڵ ناتەباییەکان لە سەردەمی کێشەی عەرەب و ئیسرائیل دا.
وێرای ئەوەی کە قەومی یەهود قەومێکی چەوساوەو بێ واردو زێد بوون، بەلام نابێت لایەنی دیکە لە بەرچاو نەگرین و دەبێت بزانین ئەوان چۆن بوون و لە چ دۆخێکدا دەژیان!
لایەنی دیکە کە بەفەلەستینی دەناسرێن ئەوانیش هەر مێژوویەکی بێ چرمەسەری و داگیرکراوی و لێقۆماویان نییەو مێژووناسان ئەو مەڵبەندەیان بە یەکێک لە کۆنترین ولاتانی جیهان ناو بردووە کە مێژووەکەی دەگێڕنەوە بۆ چەرخی بەردین (عصرالحجرای) و دەڵێن دانیشتوانی قەومی کەنعان کە سامی نیژاد بوون لەم ولاتەدا ژیاون

و لە هەزارەی پێش لەدایک بوونی مەسیحەوە ناوی فەلەستینیان لە سەر بووە.
فەلەستینییەکان هەمیشە نادادمەندیان دەرحەق کراوە و دەسە لاتداران دەستدرێژیان کردووەتە سەریان، بۆ نمونە ١٥٠٠ ساڵ پێش لە میلاد لەلایەن فرعەونەونی میسرەوە، لەسەردەمی هەخامە نیشی و ساسانییەکانەوە (ئێران)، ئیمپراتوری ڕۆم وعوسمانییە کانەوە چەند جار داگیرکراوەو هەزاران کەسیان لێ کوژراوەو هە زاران کەسیان ئاوارەو وەک کۆیلە بەدیل گیراون و ئێستاکەش لە ٥،٥ میلیون فەلەستینی ڕادەی نەزیک بە ١،٥ میلیونیان لە وڵاتی خۆیاندا دەژین ئەوەش لە گێژاوەی شەڕ وماڵوێرانیداو بوون بە کارتی قوماری دونیایی دەرەوە، کە وابوو ئەمانیش نەتەوەیەکی بە ختەور نەبوون تا یەک لایەنە بڕیار بدەین.

ئاغای شارون وشێوەی چارەسەری کێشەکە.

ئاریل شارون بەناوی هێمنی بۆ قەومی یەهود زۆر کاری نالەبار و دژی مرۆڤایەتی کردووە، زۆر ماڵ وێرانی بۆ فەلەستینی و لوبنانییەکان بە دیاری هێناوە.
ئاغای شارون سەربازێک بوو بەبڕوایەکی زۆر قووڵ بەسەهیونیزم و لە سوپای" **هاگانا**" دا کارگێڕی سەرەکی بووە، بەشێکی هەرە زۆری نیگەرانییەکان کە لەلایەن هێندێک لە موسڵمانەکانەوە لە سەر یەهودییەکان (ئیسرائیل) دێتەگۆڕی دەگەڕێتەوە بۆ کردەوەکانی سوپای هاگانا و کردەوەو ڕەفتارەکانی دوایی شارون دژ بەفەلە ستینییەکان لەو کاتەدا کە بەرپرس بووە لە سوپای هاگانادا.
ئەگەر قەومی یەهود یان وڵاتی ئیسرائیل ئاغای شارون بەپەپوولە ی ئاشتی یان قارەمانی نەتەوەیی پێناسە بکەن پێموایە لە هەڵەدا بن، وەک مرۆڤێک کە لە وڵاتانی ئیسلامی و لە نێو کۆمە

لانی موسڵماندا ژیاوم، گوێم لە ترس و لەرز و باسی خەڵک لە سەر کردەوەکانی هاگانا و ئاریل شارون بووە کردەوەکانی ئاریل شارون بەپێچەوانەی یاسای مرۆڤایەتی هەڵدەسنگێنم و پێموایە کە بە کردەوەکانی خۆی زۆر یارمەتی بەپروپاگەندەی دژی ئیسرائیل و قەومی یەهود کردووە و زۆر زیانی بەحەیسیەتی ئیسرائیل و کێشەی قەومی ئەوان گەیاندوو و تا سالەهاش هەر ئاسەواری خەراپی لە مێشک و دڵی خەڵکی ناوچەکەدا دەمێنێتەوە.

ئاغای شارون مرۆڤێکە کە بۆ سەرکەوتنی خۆی تەنیا یەک ڕێگای وەک جێگرەوە (مکانیزم) هەڵبژارد بوو کە وەتوویەتی دەکوژم وێران دەکەم بۆ ئەوەی بیبەمەوە، بەو کردەوەیە ڕقوتوڕەیی بە دیاری بۆ قەومی یەهود هێناوە و ئەو نەتەوەیە بەستمکار لەزۆر مێشکدا جێگا کردووەتەوە.

کوشتاری بێ ڕەحمانەی خەڵکی گوندی دێریاسین و کوشتنی نە زیکەی ٣٥٠ کەس لە ژن، منداڵ و کەفتەکار بووتە خاڵێکی ڕەش بە نێوچاوانی سەهیونیزمەوە کە بۆ سڕینەوەی ئەو خاڵە ڕەشە پێویست بەتێکۆشان و لە خۆبوردوویی زۆر هەیە. هەروەها ئاغای شارون بەرپرسە لە ئاگر تیوەردانی گوندی قبیەیان کە بەتێکرا بووەتە هۆی سووتانی ٦٩ کەس لەو گوندەدا لە ساڵی ١٩٥٣دا، دەتوانین ئەو خاڵانە وەک نموونەیەک لە سەدان کردەوەی نالەباری ئاریل شارون ناوبەرین کە هێشتاکە لە مێشک و هەناوی خەڵکدا ماوەتەوە و چەکەرەی کردووە.

کردەوەکانی ئاغای شارون دوای کوشتنی ٣٨ سەربازی میسری لە ساڵی ١٩٥٥ دا و وەرگرتنی رتبەی سەرتیپی تا ڕادەیەک ئەوە دەسلمێنێت کە ئاغای شارون لەو چەشنە مرۆڤە بووە کە بۆ سەرکە وتن و دەسەڵات هیچ چەشنە یاسا و ڕێسایەکی ڕەوشتی مرۆڤی و یاسایی ڕاچاو نەکردەوە و دوای وەرگرتنی پلەی ژنراڵی (سەرتیپی)

و لە دوای شەڕی شەش ڕۆژەی عەرەبەکان و ئیسرائیل و سەرکەوتنی ئەو قەومە بە سەر هێزی ولأتانی ئیسلامیدا (ولأتانی عەرەبی) ئەوندە توندوتیژی بەسەر دانیشتوانی چۆمی ئوردوون، لێواری غەزە، ڕۆژهەلأتی بەیتولمقەدەس لە خۆ پیشاندا کە ئیسرائیلی وەک قەستەری سەرەکی موسڵمانان ناساند و زۆر ڕقو نەفرەتی لە دڵی کۆمەلأنی خەڵکی ئەو ناوچانەو خەڵکی ولأتانی ئیسلامدا دروستکرد کە پێویسی بە کار و زەمانی لەبار هەیە بۆ سرینەوەی ئاسەوارە نەرێنییەکانی ئەم کارو کردەوانە.

من پێموایە ئاریل شارون ئەوندە قازانجی بۆ ولأتی ئیسرائیل هەبووە دوو ئەوندە ئاسەواری نەرێنی بۆ قەومی یەهود بە دیاری هێناوە و قەومێکی مەزڵومی بە زالم لە هێندێک دڵ و مێشکدا جێگا کردوەتەوە و هۆکارێکی باش بووە بۆ پروپاگەندەی نەیارانی ئیسرائیل و قەومی یەهود.
لە کۆتایی دا پێموایە کە نەموسڵمانان دەبێت کردەوەکانی ئاغای شارون بەفکریەتی یەهود دژ بە موسڵمانان چاوی لێ بکەن و نە خەڵکی ئیسرائیل ئاریل شارون بەپەپوولەی ئاشتی یا خود قارەمانی نەتەوایەتی خۆیان پێناسە بکەن، بەو هیوایەشە کە هەرچی خێراتر چارەسەریەکی تۆکمە بۆ کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل پەیدا بێت و هەر دوو لا بە برایەتی پێکەوە بژین و ڕابردووش لە ئارشیڤی مێژوودا زیندە بەچاڵ بکەن.

ئۆپۆرتۆنیست و شۆڕش؟

لە بنەڕەتەوە پێم خۆشە تیشک بخەمە سەر ئەوە کە مەبەست لە نووسینی ئەم بابەتە هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکان ناگرێتەوە، مەبەستی سەرەکی من مرۆڤی هەلپەرستە کە بەشێوەی دوور و

نزیک هاودەنگیان لەگەڵ هێزە سیاسیی و نەتەوەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبووە یان بەشێوەیەک لە خەبات دابوون یان لە دوورەوە لە خەباتدا بەشدار بوو بوون!

هەر بەوشێوە کە هەمووان ئاگادارن بەداخەوە کە مرۆڤی هەڵپەرست زۆرهەن و لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە بەگوێرەی سەردەم و لە شوین و کاتی تایبەتدا سەر هەڵدەدەن و خۆیان لەگەڵ هەل و مەرج بۆ بەرژەوەندی تایبەتی ڕێکدەخەن، ئۆپۆرتۆنیستی بەرژەوەندی خواز چونکە زۆربەیان لەباری ڕامیاریەوە کەموکوڕیان هەیە لە پێناو بەرژەوەندیدا زۆرشت خراپ دەکەن و دەبنە هۆکاری هاتنە خوارەوە یان بەرز بوونەوەی ئاستی کار لە هێندێک بواردا، بەکورتی هەڵپەرستەکان بەگوێرەی گەران بەدوای بەرژەوەندیدا دەتوانن ئاستی کار لە شوێنێک یان ڕێکخراوەیەدا بەرنە سەر بەڵام کاتێک بەو بڕوا گەیشتن کە ئەو ڕێبازە یان ڕێکخراوە چ دیکە ناتوانێت بەرژەوەندی تایبەتی ئەوانی تێدا دابین بێت ڕوو لە شوێنێکی دیکە وەک دەسەڵات دەکەن و هیچ شێوەیەک لە وەفاداریان بۆ ڕابردووی خۆیان نییە و ئەگەر بۆیان بکرێت هەمووشتێک لە دوای خۆیان تێکدەدەن.

ئەگەر نەمانەوێت لەگەڵ خۆمان گز بکەین دەبێت ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەین کە هێندێک کەس کە هەرکامە بەشێوەیەک و لە سەردەمێکدا بەچاوەڕوانییەوە بوون بە دۆست و لایەنگری ڕێکخراوە سیاسیی و نەتەوەییەکان بارودۆخێکی دیکەیان بۆ داهاتوویی نزیک بۆ ئەو ڕێکخراوانە لە بەرچاو دەگرت بەڵام ئەم چاوەڕوانییە لە سەردەمێکدا کە کێشەی ناووکی (ئەتۆمی) ئێران و زلهێزەکان لە چەند ساڵی ڕابردوودا سەری هەڵدا بەهێزتر بوو و هەڵپەرستەکانی زیاتر دڵگەرم و چالاک کرد چونکە پێیان وابوو کە ئەو کێشەیە

بەقازانجی هێزە ڕامیارییەکان دەشکێتەوە و ئەوانیش قازانجی خۆیان لە هاوکاری هێزە ڕامیارییەکان دەبینیەوە، دەتوانم بڵێیم کە ئەم چەشنە مرۆڤانە وەک کۆمپانیایی سەهمداری چاویان لە حیزب و ڕێکخراوەکان دەکرد، ئەم شێوە بیرکردنەوە لە زۆر بواردا بەزیانی خەباتی ئازادیخوازی تەواو دەبوو، نمونە زۆرە بەڵام من چەند نمونەێک لە دوو قۆناخی تایبەتدا دێنمەوە یەکەم کاتێک کە کێشەی ناووکی گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار بابەتی زۆرم خوێندەوە بەڵام چەند بابەت بۆ من لە هەمووان سەرنج ڕاکێش تر بوون، یەکەم کەسێک هەڕەشەی کردبوو کە ئەوا شۆڕش سەر دەکەوێت و ئەویش دەکەوێتە فکری تۆڵە ئەستاندەوە!، دووهەم نووسیبووی تا ئێستاکە بە موچەیەکی کەمەوە کاری حیزبی کردەوە بەڵام ئەوا شۆڕش سەردەکەوێت و ئەویش بۆ خۆی موچەی خۆی دیاردەکات!

سێهەمیان، کاتێک کە باس لە هەوڵدان بۆ دانووساندن بۆ چارەسەری کێشە ئێران و زلهێزەکان هاتە ئاراوە هێندێک کەس و تاک کە پێشتر لە هەمووان خۆیان بە خەباتکار و بناحەدانەری شۆڕش دەزانی یەکسەرە پەنایان بردە بەر قورعان و سوێندیان خوارد و وتیان کە تاکە فیشکەێکیان ڕوو لە ئێران نەتەقاندووە!

هەر سێ نموونە باس لەوە دەکەن کە زۆر کەس بە چاوەڕوانیەوە شۆڕش دەکات و هاوکاریەکەیان لە پێناو چاوەڕوانیدایە و ئەگەر چاوەڕوانی نازانستیانە نەبێت خەباتیش بۆ ئەوان مانایەک نادات و هتد ...

ئێستاکە شتەکە بەپێچەوانەیە، یانی کێشەی ناووکی بەشێوەی ئاشتی چارەسەر کراوە و پێموایە کە ئەم بەپێچەوانە بوونە ئاکاری لە سەر ئەو تاقمە خەڵکە کە بەگوێرەی بەرژەوەندی دوارۆژ

یان بە چاو و گوێ بابەتە ڕامیارییەکانیان شیدەکردەوە و بڕیاریان لە سەر دەدا دەبێت، لێرەدا دەمەوێت بەهەموو خەباتکارانی (شۆڕشگێڕان) ڕاستەقینەی ڕێگای ئازادی و سەربەستی بڵێم چاوەڕوان بن کە بۆ ماوەیەکی زۆر کورت ئاستی چەندی خەباتکاران یان خەباتکردن بێتەخوارەوە بەڵام بە دڵنیاییەوە ئاستی چوونایەتی خەبات دەڕواتە سەرەوە کە ئاکامی ئەم بەرزو نزمییە هۆکارێک دەبن بۆ بەرز بوونەوە هەر دوو ئاست کە دەتوانین وەک ساختار و چوونایەتی ناویان بەرین، ڕوانگەی من وا پیشبینی دەکات کە سەردەمێکی زێڕین چاوەڕوانتان دەکات و ئەو شێوە جیابوونەوە کە دەتوانین وەک هەڵکێشان و داکێشاننێکی (جەزرومەد) وشک کە سەرچاوەکەی شەپۆلێکی ڕامیارییە بەقازانجی خەباتی ئازادیخوازی بشکێتەوە، بەگوێرەیەکی تر وەک ئەوەی کە ئازوپ وتویەتی لە برسا لە ئازادیدا مردن باشترە لەوەی کە وەک کۆیلەیەکی قەڵەو بژیت.

هۆکاری گەشبینیەکەی من دەگەڕێتەوە بۆ زۆر فاکتەرێکی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی، سەردەمێک خەڵکی بەزاڵەهاتووی ئێران نەیاندەتوانی باس لە بابەتێک بکەن کە بۆنی سیاسەتی لێوە هاتبا چونکە بە گورجی بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ شەیتانی گەورە و بچوک تاوانبار دەکران، بە سەدان کەس بەو تاوانە شەهید و زیندانی کران یان بە ناچار هەڵهاتن بەڵام ئێستاکە بۆ هەمووان ڕوون بووەتەوە کە ئەمانە هەمووی دروشم بوون و شەیتانی گەورە و بچوک گۆڕان و بوون بە فرشتە، کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر کێشەو کەموکوڕی لە ژێر سێبەری ناتەبایی دا شاردووەتەوە بەڵام بە نەمانی ئەو سێبەرە ڕەش و دروستکراوانە یان دەبێت سێبەرێکی ڕەشی دیکە دروست بکەن یان دەبێت وەڵامی هەر کەموکوڕیەک بدەنەوە کە هەرکام نرخی تایبەت بەخۆی هەیە و

بێشک دەبێت نرخی بۆ بدەن، بێکاری و بێ سەرپەنایی هۆکاریک بوون کە هەزاران کەس نرخیان بۆ داوە، تەنانەت نرخی لە شێوەی لەش فرۆشی و فرۆشتنی ئەندامی جەستە و ناتوانن ئەو هەمووشتە لە بیری بکەن، کۆماری ئیسلامی ئێران هەرگیز ناتوانێت کێشەی بیکاری چارەسەر بکات، قاچاخی مادده هۆشبەرەکان لە لایەن وەزارەتی ئیتلاعات و دەست و پێوەندەکانییەوە هەموو کۆمەڵگای ئێرانی لەگەڵ کێشەیەکی مەترسیدار ڕووبەڕوو کردووەتەوە و هەنگاو هەڵگرتن بۆ چارەسەرەی یان چاوپۆشی لێکردنی هەرکامە نرخی تایبەت بەخۆی هەیە، بێکاری، هەژاری و تێکدانی باری کۆمەڵایەتی وڵات ئاکامی دەروونی نەرێنی بۆ خەڵک بەداوە بووە، خەڵکی ئێران بەتێکڕا پێویستیان بە نان، ئازادی، سەرپەنا، ئاسایشی سیاسیی، دادیی و کۆمەڵایەتی و بەدەیان بابەتی دیکەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی هەیە کە دەستەبەر کردنیان لە توانا و فکری ئاخوند و فەقێیەکاندا نییە.

وێرای ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی حاکم هەوڵیانداوە تا لە نێوان خەڵک و ڕاسیونالیسم دا بە قازانجی دەسەڵاتی نالەباری خۆیان کۆسپ دانێن بەڵام زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێران تێگەیشتوو و پێگەیشتوون و بە هەڵگرتنی سێبەری ڕەشی دروستکراو پرسیارەکانیش دەکەونە نێو کۆمەڵگا و ڕژیم دەبێت وەڵام بداتەوە، تا ئەو جێگایە کە من ئاگاداربم ئەو ساڵ زیاتر لە چەند ساڵی ڕابردوو بە بۆنەی ٢٢ی پوشپەڕ ساڵیادی تیرۆر کردنی دکتۆر قاسملووەوە خەڵک لە هێندێک ناوچە لە کوردستاندا چرای ماڵەکانیان کوژاندەوە، زۆرکەس و کەسایەتی هەبوون کە ساڵانی ڕابردوو دەترسان باس لە ٢٢ی پوشپەڕ یان بابەتی لەو چەشنە بکەن بەڵام ئەو ساڵ وێنەی دکتۆر قاسملوو و شەهیدانی دیکەی ڕێگای ئازادی نەتەوەکانی دیکە ئێرانی لە لایەن خەڵکەوە لە

ناوخۆوە بڵاو دەکرایەوە و ڕژیمیش ناتوانێت ئەو هەموو خەڵکە زیندانی بکات، کەوابوو هەرکام لە ئێوە ئەرکی تایبەت بە مێژووی خۆتان بە ئەستۆیە یانی ئێوەن کە وەک بەشێکی گرنگ لە بناخەی ئەستۆداری بە دێهاتنی ئامانجی شەهیدانی سوورخەڵاتی ڕێگای خەبات بۆ ئازادی دەمێننەوە و دڵنیابن کە وێرای ئەوەی کە کۆتایی تەمەنی ڕژیمی ئاخوندەکان زۆر نزیک بووتەوە لە ڕوانگەی منەوە ئێستاکە خەباتکردن خۆشتر، باشتر و بە چێژتره لە جاران، بەگوێرەیەکی تر وەک ئەوەی کە **سیمون ویەل** وتویەتی"جیاوازی نیوان کۆیلەیەک و هاووڵاتییەک ئەوەیە کە کۆیلەکە لە ژێر بڕیارەکانی ئاغەکەیدایە بەڵام هاووڵاتییەکە لە ژێر بڕیارەکانی یاسادا دەژیت، ئیمکانی هەیە کە ئاغەکە مرۆڤێکی زۆر ڕەحم لە دڵ و یاساکەش زۆر سەختگیر بێت بەڵام ئەمانە ناتوانن شتێک بگۆڕن چونکە جیاوازییەکە لە نیوان مەزاج و یاسا دایە" لە ڕوانگەی خۆمەوە نێوەڕۆکی خەبات و خەباتکاریش یانی دوور خستنەوەی بێ نێوەڕۆکی لە ناوەڕۆک ئەگەر قەراردادەکە بەگوێرەی شیکردنەوەکەی من بێت بەدڵنیاییەوە ڕاستی بە سەر ساختەکاریدا سەردەکەوێت.

هەروەها دەسەڵاتدارانی حاکم بەسەر کوردستاندا دەبێت ئەوە بزانن کە ئەگەر ماف و ئازادیی ڕامیاری، ئابووری و کولتوورییەکانی کورد لەو بەشەی کوردستاندا لە بەرچاو نەگرن نەک کێلەشین بەڵکو شاخەکانی وەک بەمۆ، داڵەهۆ، شێفیلێ، سارەوەن، بەنیگەز، دالانی، بالاخانی، شاهۆ، پەڕاو و بێستون و شوێنەکانی دیکە دیسان گیان دەگرنەوە و ئەو کاتەیە کە شۆڕشگێران و ئازادیخوازانیش لە شەقامەکانی هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەخولێنەوە.

لە سەرەتاوە کاتێک کە تورکیا و ئێران دەستیان دایە بەربەستکردنی سەرچاوە ئاویەکان بابەتی خوارەوەم نووسی چونکە پێم وابوو کە ئەو هەنگاوانە دەتوانێت ئاکامی نەرێنی لێ بکەوێتەوە هۆکارێکی یارمەتیدەر بێت بۆ زیاتر بوونی ناتەباییەکان لە ناوچەکەدا.

## گۆڕانی بزاڤی ڕەوتی سرووشت و کێشەکانی دواڕۆژ !

گەرم بوونی هەوا و کەمی بارینی بەرف و باران بەشێوەی پێویست بوونەتە هۆی کەمی یان وشک بوونی سەرچاوە سرووشتییەکانی ئاو لە زۆربەی ولاتانی دونیادا، هەروەها بووتە هۆکارێک بۆ دەست تێوەردانی بزاڤی سرووشتی سرووشت لە لایەن هێندێک حکومەتەوە.
بەلام هەروەک دەزانن ئەو ئالوگۆڕە سرووشتییە لە لایەکی دیکەوە بووەتە هۆی زیاد بوونی ئاوی هێندێک لە دەریا گەورەکان و داگیر کردنی زیاتر ڕووبەری ژینگە کە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ توانەوەی سەهۆڵەکانی چەمسەری باکوور (قوتبی شیمال) کە ئەو زیاد بوونەش بە نەرێنی شیکاری لە سەر دەکەن.
دۆخەکە وای لێهاتووە ئاو کەپێش تر بەهۆی زۆر بوونییەوە زۆر بەکەمی جێگای سەرنج بوو، ئێستاکە لە زۆر ولاتدا ببێتە شتێکی جێگای سەرنج و بیرکردنەوە.
بەلام داخۆ ئەم شتە بایخدار و گرنگە کە کەوتەوەتە نێو بیرۆکەی پلانی دەولەتانەوە ئاکامەکەی بەکوێ دەگات و سەرئەنجامەکەی لە چ ئاستێکدا کۆتایی پێدێت؟

داخۆ دەستکاری ڕەوتی ئاسایی هەرشتێک ناتوانێت پێکهێنەری شێوە ئاڵوگۆڕێک بێت و ئەو ئاڵوگۆڕە کە پێکدێت دەتوانێت تا چ ئاستێک کارتێکردنی لە سەر دۆخی گشتی هەبێت؟

لە ڕوانگە منەوە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە هەر شتێکدا بێ ئاکام نییە، ئاکام و کارتێکردنەکان بۆ خۆیان شێوەی جۆراوجۆریان هەیەو دە توانن لە داهاتوودا هەم بەقازانج و هەم بەزیبیان بن، لەم کاتەدا پێشبینی کردنی قازانج و زیبیانەکان کارێکی ساکار نییە و دەبێت چاوەڕوانی داهاتوو بین.

بۆ نموونە ئەگەر ساحێبماڵێک بیەوێت دەروازەی خانوەکەی خۆی کە ڕوو لە ڕۆژهەڵاتە بیگۆڕێ و ڕووی لە ڕۆژئاوا بکات ئەم گۆڕینە دەبێت بەشێوەیەک ئاکام و کارتێکردنێکی لە سەر دەڕاوسێکانی کە شێوەی ژیان و بوونی خۆیان لە سەر بناخەو بارودۆخی پێش لە ئاڵوگۆڕ دامەرزاندەوە هەبێت، هەر گۆڕانکاریەک دەتوانێت بەرهەمێکی خاس یان خراپ بە دەستبێنێ.

ئەگەر ئەو بارودۆخەی ئاو وەها پێش بڕوات دەولەتانی زیاتر دەکەونە فکری هێندێک چارەسەری یان شێوە خۆسازکردنێک و داهاتوویەکی پرلە کێشە و گرفتاری دەستپێدەکات.

خودی ئەم بیرکردنەوە و خۆسازکردنە بێجگە لە گۆڕین و تێکدانی سیستمی سرووشتی سەردەم کە بە گوێرەی بیرکردنەوەی من کارێکی نەرێنییە دەتوانێت پڕ لە مەترسی بێت و داهاتوو و مرۆڤایەتی لەگەڵ زۆر کێشەو تەنانەت شەڕی ماڵ وێرانکەر ڕووبەڕوو بکاتەوە.

بێشک هەروەک دەزانن پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ خەریکە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەست پێدەکات و پلانی بۆ دادەڕێژن و ئەمرۆکە وڵاتانی تورکیا و ئێران گەلاڵەی کاریان هەیەو لە قۆناغی بیرکردنەوە و پلاندان.

حکــومەتی ئێــران لە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتاندا دەســتی داوەتە پــرۆژەیەک بــۆ گەڕانەوەی ئەو ئــاو و ڕووبــارانە کە ڕوو لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان ئێران سنوور دەبەزێنن.

پرۆژەیەک کە بۆ من زۆرجێگای سەرنجە، پرۆژەی گەڕانەوەی ئــاوی و چــۆم و ڕووبــارەکــانی ناوچەکــانی، سەلاســی باوەجــانی، قــوایی، جــوانرۆ، ئێنــاخی و هەورامــانە کە گرنــگ ترینیــان بــریتییە لە ئــاوی زمکان، سیروان، کانی بڵ، لێڵە، هەروەها چۆم و ڕووبارەکانی دیکە تا دەڕواتە ناوچەی هەجێج.

ئەم پرۆژەیە کە گرنگترین بەشی بریتیە لە تونێڵێکی ژێر زەوی لە نــاوچەی ئەزگــلە"ی" ســەلاس دەستی پێکــردووە و هەنــووکە لە ژێــر ئاوای زالەکۆسە"ی" ئەزگلە دایە و دەڕووات تــا هەمــوو ئەو ئــاوانە کە لە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتانەوە ڕوو لە کوردســتانی ئــازادن (باشووری کوردستان) بگێڕێتەوە بۆ ناوخۆی ئێران.

ئەمەش خــۆی لە خــۆی دا پیلانێکــی دژی خەڵــک و بە زیــانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

ئەو دەســتکاری کــردنەی سرووشــت کە ئێســتاکە لە دەســت جێبەجێکردندایە، هەموو ئەو چۆم و ڕووبارو ئاوانە دەگێڕێتەوە ڕوو لە ناوچەکــانی زەهــاو، ســەرپێل و دوایــش ڕوو لە لورســتان و خوزستان دەکاتەوە.

بێشک پێکهێنــانی ئەو شێوە ئــاڵوگۆڕە لە زۆر بــواردا بەقــازانج ئەو وڵاتە تەواو دەبێــت و ئــاوەدانکردنەوەی زۆر دەڤەری بەدواوەیە، بەتایبەتی لەباری کشت و کاڵیەوە زۆر جێگای سەرنج و بەکەڵکە.

بە دڵنیــایەوە ئەو دەستکاریی بــاری ئاســایی سرووشت بەزیــانی شۆێن یان کە سانی دیکە کۆتــایی پێدێت بەڵام ئێمە زۆر زیــاتر لە ســەری نــاڕۆین و چــاوڕوان دەمێنینــەوە تــا بــزانین لە داهــاتوودا چ باس و کردەوەیەک وەک دەستکەوت بۆ نــاوچەکە بەدیاری دێنێت و دێتە ئاراوە.

<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<

لە کۆتایی ئەم کتێبەدا دەمەوێت عەرزتان بکەم کە زۆر بەباشی دەزانم ئەگەر هەموومان باس لە ناتەبایی و ڕووداوەکان کە پێوەندی بە ژیانی خەڵک و کۆمەڵگاکەمانەوە هەیە بکەین چونکە بەو کارە یارمەتی یەکتر دەدەین و دەتوانین هۆکاریک بین بۆ کردنەوەی دۆخێکی نالەبار و بستراوە، مرۆڤ کاتێک باشتر لە نێوەڕۆکی ژیان دەگات کە نادادپەروەری و ئازادیی تاقیکردبێتەوە.

وێرای ئەوەی کە خۆم زۆر لەوە بەبچوکتر دەزانم کە داکۆکیکاری مافی خەڵک بم بەڵام کاتێک خۆت دەرفەتت هەبوو نابێت بیر لە بێ دەرفەتی کەسانی دیکە نەکیتەوە لەو ڕوانگەوە وێرای زۆر کەسی دیکە لە تاراوگەش دا، خاک و ئاو، نەتەوەو بنەماڵە، بەگشتی ئەرکی مرۆڤایەتیی و هاوولاتیم لە بیر نەکردووە و بەگوێرەی توانای خۆمەوە هەوڵمداوە بەشێوەی جۆراوجۆر کارتێکردنم لە سەر ئاستی باشتر کردنی بیرو کردار، ژیان و گوزەران لە وڵاتەکەمانداو لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەبێت کە دەتوانم تیشک بخەمە سەر نێوەڕۆکی نووسراوەکانی ئەم کتێبە وەک بەشێکی زۆر کەم لەو هەولانە.



لەگەڵ مامۆستا ئەبوبەکر هەولێر، چایخانەی شەعب ٢٠١٦/٩/١٢

هەروەها پێم خۆشە لە کۆتایدا زۆر سوپاسی ڕۆناکبر و نووسەری بەتوانای نەتەوەکەمان ڕێزدار مامۆستا ئەبوبەکر شوان بکەم کە زحمەتی پێداچوونەوەی کتێبەکەی بەئەستۆگرت. دیسان سوپاس بۆ مامۆستا ئەبوبەکر.

بۆ زانیاری زیاتر لە سەر هەمەوەندەکان یان باسەکەی من دەتوانن چاو لەم بەڵگەو سەرچاوانەی خوارەوەبکەن:

١- بەڵگەی ژمارە: ٧٢، بابەت بۆ دورخستنەوەی جوانمیرخان، ڕێکەوت ١١ ربیع الثانی ١٣٠٤ هجری، ق، هەڵبژێراو لەبەڵگەسیاسییەکانی ئێران و عوسمانی، خ ٢، ٦٩٧

٢- بەڵگەی ژمارە: ٧٣، بابەت بۆ دورخستنەوەی جوانمیرهەمەوەندی، ڕێکەوت ١٣ی ربیع الثانی ١٣٠٤ هجری، ق، هەڵبژێراو لە بەڵگەسیاسییەکانی ئێران و عوسمانی، ج ٢، ٧٠٠، نامە ی سەفارەتی عوسمانی لەتاران بۆ وەزارەتی دەرەوە.....

٣- بەڵگەی ژمارە: ٧٤، بابەت تظلم هەمەوەند، (ڕێکەوت ئیمکانی بۆ دەڕوات کە) ١٣٠٤ی هجری،ق. هەڵبژێراو لە بەڵگەسیاسییەکانی ئێران و عوسمانی ج ٢، ٧٠٣، نامەی صدراعظم ئەمین سولتان بۆ حاکمی کرماشان، هو، وەڵامی تلگراف نهینی حسام الملک نهینی بکرێت، تلگرافی بەڕێزتان گەیشت و بەهومایونی/.......

- ٤زۆر بەڵگەی و یاداشتی دیکە لە نووسراوەکانی سەفارەتی ئینگلیس. یاداشتەکانی **نیکیتین**.

سەرچاوەکان.

١-- تاریخ مفصل کرماشان "محمەد عەلی سولتانی جلدی، ١،٢،٣.

٢- پەرتۆکی مێژووی سلێمانیەو وڵات نووسەر ئەمین زەکی.

٣- پەرتۆکی فاتح عبدالکریم؟

٤- ئایەتولا مەردۆخ.

٥- مامۆستا فؤاد جمیل "رحلەمتکرالی بلاد مابین النهرین و کردستان بەرهەمی **سون**" و وە رگیردراوەتەوەبەعەرەبی.

٦- سەفەرنامەی حاج سیاح معروف " سفروسیاحت"

٧- علاء الدین سجادی.

فەرهەنگۆ

| وشە | ماناکەی |
| --- | --- |
| ئەیاز | ڕابەر |
| ئاماژ | مەبەست |
| ئاخوند | مەلا |
| ئایینزا | مەزهەب |
| ئەگەری | ئیمکانی |
| بزاڤ | حەرەکە، بزوتەنەوە |
| بێشم | بتوانم |
| پێوەر | معیار |
| چاووک | سەرچاوە، ژێدەر |
| فشار | زەخت |
| کتارۆ | زەعیف |
| کسۆک | سەگ، سە |
| قەستەر | دوژمن |
| غەنیم | دوژمن |
| مفا | سوود، قازانج |
| ژێرپێ | پێشێل |
| رەفا | خۆشگوزەرانی |
| نەها | هاتووکە، ئێستا |
| غەوارە | غەریب، نامۆ |
| رەها | متلەق، مطلق |
| لۆژیک | مەنتیق، منطق |
| لۆقانتا | چێشتخانە |
| لوا | تواندرا، کرا |
| بەسیج | جۆرە چەکدارێک |

| | |
|---|---|
| داخۆ | ئایا، ئاخۆ |
| دۆژ | دۆزەخ، جەهەنەم |
| نغرۆ | نقووم |
| دەمەتەقێ | گفتوگۆ، وتووێژ |
| تەوح | حەز |
| تەن | جسم، شتیک |
| تراجیدیا | کارەسات |
| دوماهی | کۆتایی |
| وەسا | وەکو |
| هەنگێنێ | ئەوکات |
| هەپە | فیێڵ، حیلە |
| هەرگیز | قەت |
| هاوبەر، هاوکێش | معادلە |
| هەروەسا | هەروەکو |
| وەیشوومە | کارەسات |
| مێتود | شێوە، پرۆگرام |
| هەژک | کەیف پێ نەهاتن |
| ڕئیالیست | واقعگەرا |
| بەرخودان | بەرنگار بوونەوە |